حکومەتی هەرێمی کوردستان

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی_کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان

بەشی مێژوو

# ڕۆڵی سیاسی و ڕۆشنبیریی ژن لە شاری سلێمانی

## (١٩٩١-٢٠٠٣)

### توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسی و ڕۆشنبیرییە

**نامەیەکە**

**( ئاڤان ئەحمەد عەبدوڵا)**

**پێشکەشی (بەشی مێژووی ئەنجوومەنی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی) کردووە، وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی (ماستەر) لە مێژووی نوێ و هاوچەرخدا**

**سەرپەرشتیار**

**پ.ی.د.ئامانج حەسەن ئەحمەد**

**١٤٤٤ کۆچی ٢٧٢٣ کوردی ٢٠٢٣ زاینی**

## ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیەی خوێندکار (**ئاڤان ئەحمەد عەبدوڵلا**) بە ناونیشانی (**ڕۆڵی سیاسی و ڕۆشنبیریی ژن لە شاری سلێمانی (١٩٩١-٢٠٠٣)، توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسی ڕۆشنبیرییە**) بە چاودێری ئێمە لە کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی مێژوو لە پسپۆڕیی مێژووی نوێ و هاوچەرخدا، پێشنیار دەکەین پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژۆ:

**سەرپەرشتیار: د. ئامانج حەسەن ئەحمەد**

**پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر**

ڕێکەوت: ٩/ ١ / ٢٠٢٣

**بەپێی ئەم پێشنیارە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.**

واژۆ:

**ناو: پ.د. پشکۆ حەمەتاهیر عەبدولڕەحمان**

**سەرۆکی بەشی مێژوو**

ڕێکەوت: ٩/ ١/ ٢٠٢٣

# ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەک ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم نامەی خوێندکار (ئاڤان ئەحمەد عەبدوڵلا)مان بە ناونیشانی (ڕۆڵی سیاسی و ڕۆشنبیریی ژن لە شاری سلێمانی (١٩٩١_٢٠٠٣)، توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسی ڕۆشنبیرییە) خوێندەوە. گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی دیکەی کردووە، بڕیارمان دا بە پلەی (         ) بڕوانامەی (ماستەر)ی لە (زانستی مێژوو) پێ بدرێت.

واژۆ:
ناو: د.ئاکۆ عەبدولکەریم مەحمود
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
سەرۆکی لیژنە
ڕێکەوت: ١٧/٤/٢٠٢٣

واژۆ:
ناو:ئەحمەد محەمەد ئەمین قادر
پلەی زانستی:پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام:
ڕێکەوت: ٧ / ٣ / ٢٠٢٣

واژۆ:
ناو: ڕەسول محەمەد ڕەسول
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام:
ڕێکەوت: ٧ / ٣ /٢٠٢٣

واژۆ:
ناو: ئامانج حەسەن ئەحمەد
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام و سەرپەرشتیار
ڕێکەوت: ٧/ ٢/ ٢٠٢٣

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی-پەسەند کرا.

واژۆ:
**ناو: پ. ی. د . پاڤێ جەمیل ئەحمەد**
**ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان**
ڕێکەوت: ٢٧/ ٤/ ٢٠٢٣

# پێشکەشە بە:

*سۆمای چاوم( عمر و ئانا)

*دایک و باوکم

* تەواوی ئەو ژنانەی لە کاروانی خەباتی ئازادیخوازانەدا بوونەتە قوربانی

# سوپاس و پێزانین بۆ:

*بەڕێز (پ.ی.د. ئامانج حەسەن ئەحمەد)، کە سەرپەرشتی توێژینەوەکەی کرد و دەستگرۆیی و هاوکاری زۆری کردم.

* راگرایەتی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان و سەرۆکایەتی بەشی مێژوو، بە تایبەت بەڕێز ( پ.د. پشکۆ حەمەتاهیر عەبدولڕەحمان).

* کتێبخانەی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان و هەموو ئەو کتێبخانانەی دی کە هاوکار بوون.

* تەواوی ئەو کەسایەتی و لایەنانەی هاوکاربوون بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئەم ماستەر نامەیە.

# لیستی هێما و ناوە کورتکراوەکان

| هێما کوردییەکان | |
|---|---|
| یەکێتی ئافرەتانی کوردستان | ی.ئا.ک |
| یەکێتی ژنانی کوردسستان | ی.ژ.ک |
| یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ی.ن.ک |
| لاپەڕە | ل |
| چاپ | چ |
| بەرگ | ب |
| ژمارە | ژ |
| وەرگێران | و |
| هەمان سەرچاوە | ه.س |
| بێ نووسەر | ب.چ |
| بێ ساڵ | ب.س |
| **هێما عەرەبییەکان** | |
| الطبعة | **ط** |
| الترجمة | **ت** |
| الجزء+مجلد | ج +م |
| الصفحة | ص |
| **هێما ئینگلیزیەکان** | |
| Page-**لاپەڕە** | P. |
| Translation | Tra. |
| Volume | Vol. |

## ناوەڕۆک:


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ١-٤ | **پێشەکی:** |
| ٦-٧١ | **بەشی یەکەم: ڕۆڵی سیاسی و رۆشنبیری ژن لە سلێمانی سالآنی (١٩٧٥_١٩٩٠).** |
| ٢-٦ | **باسی یەکەم: چەمکە بەکارهاتووەکان و پێگەی ژن لە مێژوودا.** |
| ٦-١٢ | تەوەری یەکەم/ ناساندنی چەمکەکان. |
| ١٢-٢١ | تەوەری دووەم/ پێگە و ڕۆڵی ژن لە مێژوودا. |
| ٢٢-٤٨ | **باسی دووەم: ڕۆڵی سیاسی ژن لە سلێمانی سالآنی (١٩٧٥-١٩٩١).** |
| ٢٢-٢٤ | تەوەری یەکەم/ بارودۆخی سیاسی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان سالی (١٩٧٥-١٩٩٠). |
| ٢٤-٤٢ | تەوەری دووەم: رۆڵی سیاسی و بەشداری ژن لە هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشدا (١٩٧٥-١٩٩٠). |
| ٤٩-٧١ | **باسی سێیەم/رۆڵی رۆشنبیری ژن لە شاری سلێمانی سالآنی (١٩٧٥-١٩٩٠).** |
| ٤٩-٥٣ | تەوەری یەکەم/ ڕۆڵی ژن لە کایەی هونەری گۆرانی و مۆسیقادا لەنێوان سالآنی (١٩٧٥-١٩٩٠). |
| ٥٣-٦١ | تەوەری دووەم: ڕۆڵی ژن لە شانۆ و دراما لهشاری سلێمانی سالآنی (١٩٧٥-١٩٩٠). |
| ٦١-٦٣ | تەوەری سێیەم:ڕۆڵی ژن لە هونەری شێوەکاری لە شاری سلێمانی سالآنی (١٩٧٥-١٩٩٠) |
| ٦٤-٦٨ | تەوەری چوارەم:ڕۆڵی ژن لە ئەدەبیات و نووسین لە شاری سلێمانی سالآنی (١٩٧٥-١٩٩٠) |
| ٦٨-٧٠ | تەوەر پێنجەم:ڕۆڵی ژن لە راگەیاندن لە شاری سلێمانی سالآنی (١٩٧٥-١٩٩٠). |
| ٧٠-٧١ | تەوەر شەشەم:ئاستەنگەکانی بەردەم کاری ژن لە بواری رۆشنبیری لە شاری سلێمانی سالآنی (١٩٧٥-١٩٩٠). |

| | |
|---|---|
| ٧٣_١٢٢ | **بەشی دووەم: رۆڵی سیاسی ژن لە شاری سلێمانی سالآنی (١٩٩١-٢٠٠٣).** |
| ٧٣-٨٢ | **باسی یەکەم: ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١) و ڕۆڵی ژن لەو ڕاپەڕیندا.** |
| ٨٢-٩٤ | **باسی دووەم: ڕۆڵی ژنانی سلێمانی لە پێشهات وپەرەسەندنە سیاسیەکانی دوای ڕاپەڕین (١٩٩١-٢٠٠٣)** |
| ٨٢-٨٦ | تەوەری یەکەم:ـ ڕۆڵی ژنان لە هەڵبژاردن و پەرلەمانی کوردستاندا. |
| ٨٦-٨٨ | تەوەری دووەم/ ڕۆڵی ئاشتیانەی ژنانی سلێمانی لە شەڕی ناوخۆد.ا |
| ٨٨-٩١ | تەوەری سێیەم/ ڕووداوی ٣١/ئاب و کاریگەرییەکانی لەسەر ڕەوشی ژن. |

| | |
|---|---|
| تەوەری چوارەم/ ڕۆڵی سەربازی وئەمنی ژن لە شاری سلێمانی سالآنی (١٩٩١-٢٠٠٣) | ٩١-٩٤ |
| **باسی سێیەم/ ڕۆڵی ژنانی شاری سلێمانی لە ناوەندی بڕیاردا سالآنی (١٩٩١-٢٠٠٣).** | ٩٤-١٠٢ |
| تەوەری یەکەم:بەشداری سیاسی ژن لە پەرلەمان و پارتە سیاسییەکاندا. | ٩٤-١٠٠ |
| تەوەری دووەم/ ئاستەنگەکانی بەردەم ڕۆڵی سیاسی ژن لە سلێمانیدا سالآنی (١٩٩١ – ٢٠٠٣) | ١٠٠-١٠٢ |
| **باسی چوارەم: ڕۆڵی ڕێکخراوەکان لە برەودان بە تواناکان و هاوکاری ژن لە شاری سلێمانی سالآنی (١٩٩١-٢٠٠٣).** | ١٠٢-١٢٨ |
| تەوەری یەکەم/ دامەزراندنی ڕێکخراوەکانی ژنان و سەرهەڵدانیان (یەکێتی ئافرەتانی کوردستان_ کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان_یەکێتی ژنانی کوردستان_یەکگرتووی خوشکانی کوردستان)، وەک نموونە. | ١٠٢-١٢٢ |
| تەوەری دووەم/ دەستکەوت وڕۆڵی ڕێکخراوەکانی ژنان لە دەرخستنی توانای ژندا لە سلێمانی (١٩٩١-٢٠٠٣). | ١٢٢-١٢٨ |
| **بەشی سێیەم:ڕۆڵی ڕۆشنبیری ژن لە شاری سلێمانی سالآنی (١٩٩١-٢٠٠٣).** | ١٣٠-١٧٥ |
| **باسی یەکەم:ڕۆڵی ژن لە بواری ئەدەب و نووسین لە شاری سلێمانی سالآنی ( ١٩٩١-٢٠٠٣).** | ١٣١-١٣٧ |
| **باسی دووەم :ڕۆڵی هونەری ژن لە شاری سلێمانی سالآنی (١٩٩١-٢٠٠٣)** | ١٣٧-١٥٨ |
| **تەوەری یەکەم:** ڕۆڵی ژن لە هونەری شێوەکاریدا سالآنی(١٩٩١-٢٠٠٣). | ١٣٧-١٤٤ |
| **تەوەری دووەم:** ڕۆڵی ژن لە شانۆ و درامادا سالآنی (١٩٩١-٢٠٠٣). | ١٤٤-١٥٠ |
| **تەوەری سێیەم:** ڕۆڵی ژن لە هونەری سینەما لە سالآنی (١٩٩١-٢٠٠٣). | ١٥٠-١٥٢ |
| **تەوەری چوارەم:** ڕۆڵی ژن لە هونەری مۆسیقا و گۆرانیدا (١٩٩١-٢٠٠٣). | ١٥٢-١٥٨ |
| **باسی سێیەم: ڕۆڵی ژن لە بواری ڕاگەیاندن لە شاری سلێمانی سالآنی (١٩٩١-٢٠٠٣)** | ١٥٨-١٧٠ |
| **تەوەری یەکەم:**ڕۆڵی ژن لە تەلەفزیۆندا سالآنی (١٩٩١-٢٠٠٣). | ١٦٠-١٦٤ |
| **تەوەری دووەم:** ڕۆڵی ژن لە بواری ڕۆژنامەگەریدا سالآنی (١٩٩١-٢٠٠٣) | ١٦٥-١٦٩ |
| **تەوەری سێیەم:** ئاستەنگەکانی بەردەم ژن لە بورای ڕاگەیاندندا. | ١٦٩-١٧٠ |
| **باسی چورامە: کاریگەری ڕووداوە سیاسیەکان لەسەر ڕەوتی ڕۆشنبیری سالآنی(١٩٩١-٢٠٠٣).** | ١٧٠-١٧٥ |
| **ئەنجام** | ١٧٧-١٧٩ |
| **لیستی سەرچاوەکان** | ١٨١-٢٠٠ |
| **پاشکۆ** | ٢٠٢-٢١٩ |
| **الملخص** | أ_ب |

# پێشەکی

**گرنگی توێژینەوەکە:**

ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی دەربارەی ژن، بە تایبەت ژنی سلێمانی لە قۆناغی دوای ڕاپەڕین و تا ڕادەیەک پێش ئەو قۆناغەش گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، چونکە لەو ماوەدا چەندین گۆڕانی سیاسی و وەچەرخانی ڕۆشنبیریی و ئابووری سەریان هەڵدا، کاریگەرییان لەسەر بزاڤی ژنان و مێژووی کورد بە گشتی هەبوو. جیالەوەش گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە، کە سەرجەم چالاکی و ڕۆڵ و پێگەی ژن لە کایەی ڕۆشنبیریی و سیاسی لەو ماوەیەدا دەردەخات، کەواتە باس لە چینێکی گرنگی کۆمەڵگە دەکات کە ژنە. هاوکات ئەم توێژینەوە دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی بۆ کتێبخانەی کوردی و توێژەرانی ئەم بوارە سوودی لێوەردەگرن، چونکە بایەخدانی ئەکادیمی بە ژن دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە لە ڕێگەی ئەم توێژینەوانەوە مێژوویەکی پڕ لە خەبات و تێکۆشانی ژن بە کۆمەڵگە و نەوەی ئێستاو داهاتوو، ئاشنا دەکات. شاری سلێمانی جیاواز لە شارەکانی تر، هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە سیمایەکی کوردەواریی پێوە دیاربووە و شارێکی ڕەسەن و خۆماڵی بووە، هەربۆیە تاوەکو ئێستا ژن ئەو توێژە چالاکە بووە، کە شان بەشانی پیاوان ڕۆڵی لە کۆمەڵگە و سەرجەم کایە سیاسی و ڕۆشنبیریی و کەلتوورییەکاندا هەبووە و بوونی خۆی سەلماندووە. ئەمەش لایەنێکی تری گرنگی ئەم توێژینەوەیە چونکە زیندویەتی شاری سلێمانی و بایەخدانی بە ڕەوتی رۆشنبیری، هەوێنی سەرهەڵدانی چەندین ژنە نووسەر و رۆشنبیر و خەباتگێڕ بووە. توێژینەوەکە باس لە ڕۆڵی ژنان لە لایەنێکی گرنگی سیاسی و ڕۆشنبیریدا دەکات، هەربۆیە دەتوانرێت بوترێت ئەم توێژینەوە مێژووی زارەکی و بایەخ پێنەدراوی ژنانی کورد دەخاتە چوارچێوەیەکی ئەکادیمی و گەنگەشەی گرفت و کۆسپەکانی بەردەم کاری ڕێکخراوەیی و سیاسی و ڕۆشنبیری ژن لەو قۆناغەدا دەکات.

**ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانە بۆ تیشکخستنە سەر ئەو قۆناغە لە مێژووی ژنانی کوردستان لە سالانی (١٩٧٥_١٩٩٠)دا، وەکو دەروازەیەک بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵی ژن لە قۆناغەکانی دواتردا، جگە لەوەش خستنەڕووی ڕۆڵی سیاسی و ڕۆشنبیریی ژنە لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١) تاکو ڕووخانی دەسەڵاتی سەدام حسین لە ساڵی( ٢٠٠٣)، چونکە ئەو قۆناغە لە مێژووی ژنی کورددا، چ لە ڕووی کۆمەڵایەتی و چ لەڕووی سیاسییەوە کەمترین بایەخی پێدراوە، هاوکات فشارێکی زۆریش لەسەر هەر جوڵانەوەیەکی ژنانی کورد هەبووە، کە ویستویانە بە پێچەوانەی بۆچوونی باوی کۆمەڵگە بۆ مافەکانی خۆیان تێبکۆشن، زیاترلەمە توێژینەوەکە هەوڵدانە بۆ شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی گرنگترین ئەو ڕۆڵە ڕۆشنبیرییانەی ژنان لە کایە جۆر بە جۆرەکانی ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیریدا هەیانبووە، هەروەها دەرخستنی واقیعی مێژوویی و ڕۆڵی ژنە لەناو کۆمەڵگە و بزوتنەوەی ڕۆشنبیری و سییاسیدا، دواتر پێشکەشکردنی ئەنجامێکی شیکاریی بابەتیانەیە

**هۆکارەکانی هەڵبژاردنی بابەتەکە:**

پرسی ژن و دەرخستنی ڕۆڵی سیاسی و ڕۆشنبیرییان لە سەردەمی ئێستادا، پانتاییەکی فراوانی لەنێو بایەخپێدانی نێودەوڵەتی و ناوخۆیدا داگیرکردووە، بە تایبەت لەلایەن چالاک و ڕێکخراو و نووسەرانەوە، گەرچی ئەم بایەخ پێدانە زۆرە، بەڵام لە ڕووی ئەکادیمییەوە و لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا، بایەخەکە بە ئەندازەی پێویست نەبووە. هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە زۆربەی زانستە مرۆڤایەتیەکانی وەک کۆمەڵناسی و ڕاگەیاندن و دەروونناسی کار لەسەر پرس و ڕەوشی ژن کراوە، بەڵام لە چوارچێوەی کاری مێژوییدا هەوڵەکان لە پەنجەکانی دەست تێنەپەڕیون. پێویستی ئاوڕدانەوە لە مێژووی پڕ خەبات و قوربانیدان و بەرخودانی ژنانێک لەو قۆناغە مێژووییەدا، هۆکارێکی تری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بوو.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدێکی مێژوویی شیکاری پەیڕەو کراوە، بۆ خستنەڕووی ڕۆڵ و چالاکی سیاسی و رۆشنبیری ژن لە سلێمانی لە ماوەی سالانی (١٩٩١-٢٠٠٣)، هەروەک لەو قۆناغەدا بە شێوەیەکی کرۆنۆلۆجی ڕەوتی گەشەکردنی رۆڵی ژن لە کایەی سیاسی ڕۆشنبیریی سلێمانی بە پشتبەستن بە سەرچاوەی جیاجیا باسکراوە.

**گرفتەکانی توێژینەوەکە:**

ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی لەسەر هەستیارترین قۆناغ لە مێژووی سلێمانی کە قۆناغی ڕاپەڕین و نارێکی دەزگا دەوڵەتیەکان و پاشەکشەی حکومەتی عێراقی و گەمارۆی ئابوری بووە، هەڵبەتە بێ گرفت و ئاستەنگ نابێت. لەم توێژینەوەدا توشی چەندین ئاستەنگ بووینەوە، چونکە بەردەستخستنی سەرچاوە لەم بوارەدا کارێکی قورس و گران بوو، دواتر دۆزینەوەی ئەو ژنانەی لەو دەمەدا ڕۆڵیان هەبووە و ڕێکخستنی چاوپێکەوتن لەگەڵیاندا گرفت بوو، ئەمەش بە هۆکاری ئەوەی بەشێکیان لە هەندەران و بەشێکیشیان کۆچی دواییان کردووە. هەروەها ئەم بابەتە لە پێشووتردا بەکەمی کاری لەسەر کراوە، دواجار هەندێک لەو ژنانەی کە رۆڵیان هەبوو خۆیان بەگوێرەی پێویست هاوکارمان نەبوون لە کۆکردنەوەی زانیاری و بەڵگەنامەکان. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکیشیان هاوکاربوون و جێگەی پێزانیننە.

**سنوری توێژینەوەکە:**

سنووری توێژینەوەکە تەنها ناوەندی شاری سلێمانی دەگرێتەوە لە ڕاپەڕینی(١٩٩١ )تاوەکو کۆتایهاتنی دەسەڵاتی حیزبی بەعسە لە عێراقدا لە(٢٠٠٣)دا، بەڵام پێشینەی پەیوەست بە خەباتی ڕۆشنبیریی و سیاسیی ژنانی شاری سلێمانی واپێویستی کرد کە لە ریشە ڕۆشنبیریی و سیاسییەکەی ژنان لە پاش نسکۆی( ١٩٧٥ )بکۆڵینەوە، ئەو ماوە لە مێژووی عێراق و کوردستاندا ماوەیەکی پڕ لە کێشمەکێش و ململانێی سیاسیی بووە، چەندین گۆڕانکاریی گەورەی وەک جەنگ

و دانوستان و کیمیابارانکردن و ئەنفال و پاکتاوی ڕەگەزی و جیاکاری ئەتنیکی بەخۆوەیەوە بینیوە، هەر بۆیە لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە ئەو قۆناغە ماوەیەکی زیندوو بووە بۆ بزاوتە ڕۆشنبیریی و چالاکییە سیاسییەکانی ژنانی کورد و بەتایبەتی ژنانی چالاک لە شاری سلێمانی. لەم توێژینەوەدا تەنها ڕۆڵی ئەو ژنانە باسکراوە کەلە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی لە ڕووی سیاسیەوە بەشدار بوون، ئەوانەی سەر بە حیزبی بەعس بوون نایانگریتەوە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و سێ بەش و یانزە باس پێکهاتووە، لەگەڵ ئەنجام و پاشکۆکان، **لە پێشەکیدا** ناساندنێک بۆ توێژینەوەکە لە ڕووی (گرنگی، ئامانج، هۆکاری هەڵبژاردنی بابەت، گرفتی توێژینەوە، پێکهاتەی توێژینەوە)، کراوە. **بەشی یەکەم:** بە ناونیشانی (**ڕۆڵی سیاسی و ڕۆشنبیریی ژن لەشاری سلێمانی سالانی ١٩٧٥-١٩٩٠)دا**، دابەشکراوە بۆ سێ باس: **باسی یەکەم:** بە ناونیشانی ( **چەمکە بەکارهاتووەکان و پێگەی ژن لەمێژوودا)، کە تێدا باس لە** چەمکەکان کراوە، دواتر ڕۆڵ و پێگەی ژن لە مێژوودا خراوەتەڕوو . **باسی دووەم:** لە ژێر ناونیشانی ( **ڕۆڵی سیاسی ژن لەشاری سلێمانی سالانی ١٩٧٥-١٩٩٠)دا**، تیایدا باس لە ڕۆڵی سیاسیی ژن لە سالانی (١٩٧٥_١٩٩٠)، باسکراوە و شرۆڤەی بەشداریی سیاسی و خەباتی چەکداریی ژنی سلێمانی کراوە، جیالەوەش ئەو هۆکار و ئاستەنگانە خراوەتەڕوو، کە ژن لەو دەمەدا چ لە ڕووی کۆمەڵایەتی یان لە ڕووی سیاسیەوە هەیبووە. **باسی سێیەم:** بە ناونیشانی (**ڕۆڵی ڕۆشنبیریی ژن لەشاری سلێمانی لە سالانی ١٩٧٥_١٩٩٠)**، تیایدا باس لە ڕۆڵی ڕۆشنبیریی کراوە کە ژن تێدا ژیاوە لەو قۆناغەدا و چالاکیەکانیان خراوەتە ڕوو، هاوکات باس لە ئاستەنگەکانی بەردەمیان کراوە، دواتر بوێری و هەوڵ و چالاکی ژن بە شێوەیەکی بابەتییانە خراوەتە ڕوو. **بەشی دووەم:** بە ناونیشانی (**ڕۆڵی سیاسیی ژن لە شاری سلێمانی ١٩٩١_٢٠٠٣)**، دابەشکراوە بۆسێ باس: **باسی یەکەم:** بەناونیشانی (**ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ و ڕۆڵی ژن لەو ڕاپەڕینەدا)** تیایدا باس لە ڕاپەڕینی سلێمانی و ڕۆڵی ژن لە ڕاپەڕیندا کراوە، لێرەدا بابەتییانە قورسایی ژن و بەشداریی لەم دەسکەوتە مێژووییەدا شیکار کراوە، **باسی دووەم:** بەناونیشانی ( **ڕۆڵی ژنانی سلێمانی لە پێشهات و پەرەسەندنە سیاسییەکانی دوای ڕاپەڕین ١٩٩١-٢٠٠٣** )، لە ڕووی ڕۆڵی باش و خراپیان لە شەڕی ناوخۆ و کاریگەریی ڕووداوی ( ٣١ ئابی ١٩٩٦ ) لە سەر ژنان، شرۆڤەی بۆ کراوە . **باسی سێیەم:** بەناونیشانی: (**ڕۆڵی ژنانی سلێمانی لە ناوەندی بڕیاردا سالانی ١٩٩١-٢٠٠٣)**. تیایدا باس لە ڕۆڵیان لە ناوەندەکانی بڕیار و هۆکاری کەمی بەشدارییان لە ناوەندەکانی بڕیاردا لە سالانی( ١٩٩١- ٢٠٠٣ ) کراوە. **باسی چوارەم:** بەناونیشانی (**ڕۆڵی ڕێکخراوەکان لە برەودان بە تواناکان وهاوکاری ژن لەشاری سلێمانی لە سالانی ١٩٩١-٢٠٠٣)**. تیایدا باس لە مێژووی دامەزراندی ڕێکخراوەکانی (**یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان، یەکێتی ژنانی کوردستان، ڕێکخراوی خوشکانی ئیسلامی)** کراوە. جیالەوەش دەستکەوتەکانی ڕێکخراوەکان و ئاستەنگییەکانیان خراوەتە

ڕوو، هەروەها هەوڵدراوە شرۆڤەیەکی بابەتییانە بۆ چالاکییەکانیان بکرێت. **بەشی سێەم:** بە ناونیشانی (**ڕۆڵی ڕۆشنبیری ژن لەشاری سلێمانی ١٩٩١-٢٠٠٣**). دابەشکراوە بۆ چوار باس : **باسی یەکەم:** بەناونیشانی (**ڕۆڵی ژن لە بواری ئەدەب و نووسین لەشاری سلێمانی لە ساڵانی(١٩٩١-٢٠٠٣)** . **باسی دووەم:** **بەناونیشانی ( ڕۆڵی هونەری لە شاری سلێمانی ساڵانی ١٩٩١-٢٠٠٣)**. تیایدا ڕۆڵی ژن لە بوارەکانی مۆسیقا و گۆرانی و سینەما و شانۆ و شێوەکاری خراوەتە ڕوو. **باسی سێیەم:** بە ناونیشانی **( ڕۆڵی ژن لە بواری ڕاگەیاندا لە ساڵانی (١٩٩١-٢٠٠٣)** . **باسی چوارەم:** بە ناونیشانی(**کاریگەریی ڕووداوە سیاسیەکان لەسەر ڕەوتی ڕۆشنبیری ١٩٩١-٢٠٠٣)** خراوتەڕوو.

**شیکردنەوەی سەرچاوەکانی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا ئەو سەرچاوانەی سوودی لێوەرگیراوە، کۆمەڵێک سەرچاوەن بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی، لەگەڵ ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و نامەی ماستەرنامە و توێژینەوەی گۆڤارە زانستییەکان. بەجۆرێک توانراوە لە ڕێگەی ئەم سەرچاوانەوە باسەکانمان دەوڵەمەند بکەین و لە ڕاستی ڕووداوەکان تێبگەین و شیکردنەوە بۆ دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و رۆشنبیریی ژن بکەین، هەر ئەم سەرچاوانە یارمەتیدەربوون بۆ ناساندنی ژن و پێگە و ڕۆڵییان لە مێژوودا. ئەو سەرچاوانەی بەکارهاتوون کۆمەڵێک زانیارییان لەخۆ گرتووە، کە لە سەرچاوەکانی تردا فەرامۆش کراون و دەسخستنیان کاریگی گران بووە.

ئەو سەرچاوانەی بە زمانی کوردی سوودییان لێوەرگیراوە، وەکو کتێبی ( **ئافرەتیزم)** لە نووسینی (**مەهاباد قەرەداغی)**، ئەم کتێبە زۆر باسی لە ڕێکخراوەکانی ژنان کردووە و مێژووی بزاڤی ژنان و کارو ئەرکەکانییان خستۆتە ڕوو، زیاد لەمەش ئەم کتێبە پێگەی ژنی لە خولی یەکەمی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا باس کردووە، بەڵام تەنها باسی لە ژمارە کردووە و شیکاری بارودۆخی کۆمەڵایەتی و دەروونی کۆمەڵگەی کوردی بۆ کەمی بەشداریی ژن لە پرۆسەی سیاسیدا نەکردووە، کە ئەمە لایەنی کەموکوڕی ئەم کتێبەیە. هاوکات لایەنی ئەرێنی ئەم کتێبە شیکارکردنێکی زانستیانە و بابەتیانەیە بۆ ڕەشەکوژی ژنان لە شەڕی ناوخۆدا، بەبڕوای ئەو بڵاوبوونەوەی دیاردەی چەکداری  هۆکاری ئەم ژنکوژییە بووە، ئەویش بە بیانوی شەرەف یان بەبیانوی بەعسیبوون و لەشفرۆشی هەربۆیە ئەم ڕووداوە بوتە دیاردە و دواتر ناڕەزای ژنان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەدوای خۆیدا هێناوە.

نووسەرێکی تر کە سوود لە سەرچاوەکانی بە زمانی کوردی وەرگیراوە، کتێبەکانی (**ڕووخۆش عەلی)**یە، کە لە توێژینەوەکەدا سوودێکی زۆرمان لێبینیوە، بە تایبەت کتێبی (**بیرەوەرییەکانی ژنانی شاخ)**، لە بەشی یەکەمی توێژینە وەکەدا وەکو سەرچاوەیەکی ڕەسەن لێی سوودمەند بووین، ئەم کتێبە چاوپێکەوتنێکی بەبڕشتە کە لەگەڵ ئەو ژنانەی لەبزاڤی کوردیدا کاریان کردووە و لە بارودۆخی سیاسی ژنی کوردی لەو قۆناغەدا کۆڵیوەتەوە. جیالەوەش

سوودمان له کتێبێکی تری نووسەر بینییوه به ناونیشانی ( **مێژووی تێکۆشانی مێینەی کورد لە مەلەکیەتەوە تا دوای ڕاپەڕین**)، بەهەمان شێوەی کتێبی پێشوو، ئەم کتێبەش ئەنجامدانی چاوپێکەوتنە لەگەڵ ژنانی تێکۆشەر و ئەو ژنانەی بەشدارییان له ڕاپەڕینی ئازاری(١٩٩١ )کردووه، ئێمه بۆ بەشی دووەمی توێژینەوەکەمان لێی سوودمەند بووین، سەرەڕای ئەمانەی پێشوو لایەنی ئەرێنی کتێبەکانی ناوبراو لەوەدایە کە لێوانلێون لە زانیاری دەربارەی ئەو ژنانە ی لەبزاڤی ڕزگاریخوازی  کوردستان کاریان کردووه، هەروەها نووسینەوەی مێژووی زارەکییه، بەڵام لایەنی کەموکوڕی ئەم کتێبانە لەوەدایە، کە نووسەر شیکاری بابەتیانەی بۆ پێگە و ڕۆڵ و بەشداریی ژنان لە پرۆسەی سیاسی  قۆناغەدا نەکردووە. یەکێکی تر لەو سەرچاوەنەی سوودمان لیوەرگرتووه، کتێبی (**گوڵدانی ژن**) له نووسینی ( **نەرمین عوسمان**)، کە نووسەر بۆ ماوەی زیاتر له ( ١٥ ) ساڵ لەناو پۆست و بەرپرسیاریەتی و ناوەندی بڕیاردا بووە، جگە لەوەی خۆی لەو ژنانە بووەکە لەبزاڤی ڕزگاریخوازی لە شاخ بەشداریی کردەیی هەبووه. نووسەر لەم کتێبەیدا چاوپێکەوتنی لەگەڵ ڕۆشنبیر و سیاسیه ژنەکاندا کردووە و ئێمە بۆ زۆربەی بەش و باسەکان سوودمان لێوەرگرتووە. به هەمان شێوەی کتێبەکانی پێشوو، کتێبێکی تر به ناونیشانی (**ژنانی ڕێی کاروانی خەبات**) لە نووسینی (**نەسرین کوردە**) سوودمان لێوەرگرتووە، ئەم کتێبەش وەکو کتێبەکانی تر چاوپێکەوتنی لەگەڵ ژنە تێکۆشەرەکاندا ئەنجامداوە، ئێمەش بۆ بەشی دووەمی توێژینەوەکەمان و لایەنی سیاسی سوودمان لێوەرگرتووە. بۆ لایەنی رۆشنبیریی توێژینەوەکەمان ئەم کتێبانە زۆر سوودیان لێوەرگیراوە وەکو: کتێبی (**ئافرەت لە شانۆی کوردیدا**) لە نووسینی (**مەغدید حاجی**) و (**بزوتنەوەی کچانی کورد لە سلێمانی**) لە نووسینی (**زەکیە ڕەشید محمد امین**) و کتێبی ( **ئافرەت لە مۆسیقا و گۆرانی کوردیدا**) لە نووسینی (**سەردار خدر حسێن**)... زیاد لەمانەش لەسوودمان لە چەندین رۆژنامە و گۆڤار بینیوە، وەکو رۆژنامەی ( **کوردستانی نوێ_ژیانەوە_ڕێوان_ گۆڤاری تەوار_سلێمانی....تد**)، دواتر سوود لە چەندین ماستەرنامە و ماڵپەڕی ئەلکترۆنی وەرگیراوە، هەروەها لەم توێژینەوەدا چاوپێکەوتن لەگەڵ زۆربەی ئەو کەسانەی ناویان هاتووە لە لیستی سەرچاوەکاندا ئەنجام دراوە.

# بەشی یەکەم

## ڕۆڵی سیاسی و ڕۆشنبیریی ژن لەشاری سلێمانی ساڵانی(١٩٧٥-١٩٩٠)

## باسی یەکەم

## چەمکەکان و پێگەی ژن لە مێژوودا:

لێرەدا هەر چەمکێک لە ناونیشانی توێژینەوەکەدا بەکارهاتووە پێناسە دەکەین، تاوەکو لە تێگەیشتن لە چوارچێوەی گشتی و زەمینەی تیۆری توێژینەوەکەمان بەرچاومان ڕوون بێت، بەوپێیەی ناساندنی چەمکەکان لە توێژینەوەی زانستیدا هەنگاوێکی زانستی و پێویستە. لەم تەوەرەدا هەریەک لە چەمکی ( رۆڵی سیاسی، ژن، رۆشنبیری، سلێمانی) ناسێنراون.

**١.چەمکی ڕۆڵ:**

ڕۆڵ بریتییە لە کۆمەڵێک ڕەفتاری کۆمەڵایەتی چاوەڕوانکراو، پەیوەستە بە ئەرکێکی دیاریکراوەوە. جگە لەوەش دەتوانرێت بوترێت رۆڵ بریتییە لە کۆمەڵێک ئەرک و کار و فەرمانی هەندێک لە ئەندامی کۆمەڵگە لەماوەی دیاریکردنی هەندێک رەفتاری دیاریکراودا، کە ئەنجامی دەدەن و ئەندامانی کۆمەڵگەش لە ڕۆڵگێڕەکانی چاوەڕێ دەکەن[1]. هەروەها بریتییە لەو پێگە و پلەوپایە کۆمەڵایەتییەی تاک بەدەستی دەهێنێت، کە ئەرک و مافە کۆمەڵایەتییەکانی دیاری دەکات[٢].

**٢. چەمکی رۆڵی سیاسی:**

ڕۆڵی سیاسی ژن: بریتییە لەو چالاکییەی ژن بە ئەنجامی دەگەیەنێت، کە پیادەکردنی مافی سیاسی و مەدەنی خۆیەتی، وەک مافی دەنگدان لە هەڵبژاردندا، خۆکاندیدکردن بۆ ئەنجومەنی خۆجێی، بەشداریکردن لە سەندیکا، ڕێکخستن، رێکخراوەکانی ژنان. هەروەها لە کاری ئەهلی و کۆمەڵگەی مەدەنی و ئازادی ڕادەربڕین و یەکسانی لە بەرانبەر یاسادا، ئەندامییەتی لە پارتی سیاسیدا و ڕۆڵی گشتی لە پێگەیاندنی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی خێزاندا دەگرێتەوە[٣].

**٣.چەمکی ڕۆشنبیریی:**

ئەم چەمکە لە زمانی کوردیدا، ڕیشەیەکی دێرینی نییە، جیالەوەش لە زمانی عەرەبی و ئینگلیزیدا چەمکێکی ئاڵۆزە، هەرچی زمانی کوردییە ڕەنگە ئەم زاراوە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لەگەڵ بزاڤی رۆژنامەوانی کوردی و دروستبوونی دەستەی ڕووناکبیری کوردیدا هاتبێتە ناو فەرهەنگی زمانی کوردییەوە. ئەم وشەیە لە زمانی کوردیدا وشەیەکی لێکدراوە لە (ڕۆشن+بیر)

---

(1) علي بن سليمان بن سعيد الدرمكي: التنمية السياسية ودورها في الاستقرار السياسي في سلطنة عمان (١٩٨١_٢٠١٢)، رسالة الماجستير في العلوم السياسية، جامعة شرق الاوسط، كلية الاداب والعلوم، قسم العلوم السياسية، الاردن، ٢٠١٢، ص ٨ ( غير منشور).

(2) احسان محمد الحسن: موسوعة علم الاجتماع، ط١، دار العربية للموسوعات، بيروت، ١٩٩٩، ص٢٨٩.

(3) أسامة رأفت سليم: تغير الدور السياسي للمرأة الريفية بعد ثورة ٢٥ يناير دراسة ميدانية في قرية مصرية، مجلة بحوث الشرق الأوسط، العدد الخامس والأربعون، مصر، ٢٠١٧، ص٣٢٨- ٣٢٩.

پێکهاتووه، ڕۆشن بەرانبەر تاریکییە و بریتییە لە دیار و زانراو، ڕۆشنبیر: زانا و تێگەیشتووی ڕۆژگاری خۆی، پێگەیشتوو، ڕۆشنفکر، بیر، هزر و فکر دەگرێتەوە، یان دەتوانرێت بوترێت ڕۆشنبیریی کار و ئاکار و بەرهەمی مرۆڤی ڕۆشنبیرە و بە هەموو کاروچالاکییەکانی ڕۆشنبیر دەوترێت ڕۆشنبیریی. بەڵام لە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزیدا بە واتای کێڵانی زەوی و سەرپەرشتیکردنی کشتوکاڵیی دێت، هەروەها بە واتای ئاین و خواپەرستی هاتووە، چونکە لە کۆندا تەنها سەرچاوەی ڕۆشنبیریی ئاین بووە[1].

٤. **پێناسەی ژن**: لە فەرهەنگی کوردیدا ئافرەت بریتییە لە ژن، مێینەی مرۆڤە، زەعیفەیە هەروەها ژن: بە واتای بنیادەمی مێچکە، جوتی پیاو، ژاندن، داخستن و پێوەدانی دەرک و پەنجەرە و قفڵ هاتووە، هەروەها بە مانای جنسی لطیف دێت..ڕوانگەی هەژار و ئەم فەرهەنگەی ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی و نەریتی کۆمەڵگەی کوردییە دەرهەق بە ژن، کاتێک بە زەعیفە ناوی دێنێت لەو تێڕوانینە نێرسالارەوە هاتووە کە ژن توانای کەمترە لە پیاو[2].

٥. **شاری سلێمانی**:

شاری سلێمانی یەکێکە لەوشارانەی کە لەلایەن کورد خۆیەوە بونیادنراوە، مێژووی دامەزراندنی ئەم شارە بە بەراورد بە شارەکانی دیکەی باشوری کوردستان نوێیە، کە لە سەردەمی میرنشینی بابان و لەلایەن (ئیبراهیم پاشای بابانەوە) لەساڵی (١٧٨٤)دا، لە نزیک گوندی مەڵکەندی بونیادنراوە. لە بارەی ناوی (سلێمانی) بیروڕای جیاواز هەیە، ئاماژە بەوە کراوە، کە (ئیبراهیم پاشا) بەناوی باپیریەوە ناوی ناوە، یاخود بەناوی سلێمان پاشای والی بەغداد ناونراوە[3].

شوێنی جوگرافی شاری سلێمانی، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی باشوری کوردستان و باکوری ڕۆژهەڵاتی عێراق، زنجیرە چیاکانی لە باکوری ڕۆژئاوا بۆ باشوری ڕۆژهەڵات درێژ دەبنەوە کە بەناوبانگترینیان بەرزاییەکانی (ئەزمەڕ) و(چیای گۆیژە)یە لە باکورەوە و بەرزییەکەی (١٢٧٣م) لەسەر ئاستی ڕووی دەریاوە. بەرزی شاری سلێمانی لە ئاستی ڕووی دەریاوە (٨٥٠م)، بەشێوەیەکی گشتی لێژاییەکی زۆر لەنێوان باکور و باشوری شاردا هەیە، لە ڕۆژهەڵاتییەوە بۆ

---

(1) ئاراس محەمەد سالح: هۆیەکانی گەشەکردنی بزافی رۆشنبیری لە شاری سلێمانیدا (١٧٨٤_١٩٥٨)، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٥، ل١١-١٢.

(2) عبدالرحمن شرفکندی (هەژار): هەنبانە بۆرینە فرهنگ کردی_فارسی،چ٨، چاپخانە سروش، تهران ، ١٣٩١، ل٨_٣٩٩.

(3) هەوراز جەوهەر مەجید: شاری سلێمانی (١٤ تەموزی ١٩٥٨_١٧ تەموزی ١٩٦٨)، چ١، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢، ل ١٩.

ڕۆژئاوا بەرزایی و گرد و شیو و دۆڵی زۆر تێدایە[١].شاری سلێمانی مەڵبەندی بەڕێوەبردنی پارێزگای سلێمانییە، کە یەکێکە لە پارێزگا گرنگەکانی کوردستانی گەورە بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، ئەم شارە بەسەر دەشتی شارەزووردا دەڕوانێت کە لە ڕووی کارگێڕییەوە ناوەندی لیواکەیە[٢].شاری سلێمانی چەندین شانازی مێژوویی بۆ خۆی تۆمار کردووە، لەوانە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە باشووری کوردستاندا دەرچووبێت لە شاری سلێمانی بووە، یەکەم سرودی کوردی لە شاری سلێمانییەوە وتراوە[٣]. هاوکات لە سلێمانیدا چەندین کۆمەڵەی سیاسی و ڕۆشنبیریی دامەزران، گرنگترینیان کۆمەڵەی (لاوانی کورد) لە ساڵی (١٩٢٣) لەلایەن (شاکر فتاح، مستەفا سائیب) دامەزرا.کۆمەڵەی (بەرگری نیشتیمانی)بوو کە ساڵی( ١٩٢٤ ) لەلایەن ئەدیبی کورد جەمیل سائیب دامەزرا[٤]، دواتر کۆمەڵەی( زانستی کورد) لە ساڵی (١٩٢٦) لەلایەن کۆمەڵێک ڕۆشنبیرەوە دامەزرا، لەوانە (ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ، ڕەفیق حیلمی). پاشان کۆمەڵەی (زەردەشت) لەلایەن چەند گەنجێکی ڕۆشنبیریی سلێمانییەوە لە ساڵی (١٩٢٦) دامەزرا [٥].

لەلایەکی ترەوە سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەریی وەک یەکێک لە گرنگترین سیماکانی فەرهەنگ و شارستانی نوێی هەر نەتەوەیەک، بایەخێکی گرنگی لە ژیانی ڕۆشنبیریی و سیاسیدا هەیە، چونکە ئاوێنەی واقعی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاینی کۆمەڵگەکەیە. ئەزموونی ڕۆژنامەگەریی لە شاری سلێمانیدا دەگەڕێتەوە بۆ دووای جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤_١٩١٨)، واتە لە دوای هەرەسهێنانی یەکەمین حکومەتداریی شێخ مەحموودی حەفید لە ساڵی (١٩١٩)دا ئەزموونی ڕۆژنامەگەریی سەرهەڵدەدا، یەکەمین ڕۆژنامەیش دەرچواندنی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) بوو لەلایەن ئینگلیزەکانەوە، [٦]. یەکەم گۆڤاری هونەری کە لە سلێمانی دەرچووبێت گۆڤاری (هونەر)بوو، ئەم گۆڤارە لە ساڵی (١٩٥٩) لەلایەن قوتابخانەی ناوەندی هونەری ناوماڵەوە بەشێوەیەکی وێنەدار

---

(1) مەسعود مەحمود حەسەن: شاری سلێمانی(١٩٨٨_٢٠٠٣) توێژینەوەیەکی مێژووی سیاسییە، ، نامەی ماستەرە پێشکەشی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان زانکۆی سلێمانی کراوە، سلێمانی، ٢٠١٨،ل٧. (بڵاونەکراوە).

(2) ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی : شاری سلێمانی (١٩١٨_١٩٣٢ )،چ١، چاپخانەی زانست، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل١٥.

(3) ئاراز علی عەبدولرەحمان: ڕەوشی ڕۆشنبیری شاری سلێمانی (١٩٧٠_١٩٩١)، نامەی ماستەرە پێشکەشی کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکانی زانکۆی ڕاپەرینی کراوە، ڕاپەرین، ٢٠١٦، ل١٩.(بڵاونەکراوە).

(4) ماجد خەلیل فەتاح: مێژووی ململانێکانی کورد و حکومەتەکانی عێراق سەبارەت بەناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، تێزی دکتۆرایە پێشکەشی بەشی مێژوو کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە ،سلێمانی، ٢٠٢٢، ل٥٤.(بڵاونەکراوە).

(5) ئاراز علی عەبدولرەحمان: ڕەوشی ڕۆشنبیری شاری سلێمانی (١٩٧٠_١٩٩١)، ل١٩.

(6) توانا ڕەشید کەریم: سلێمانی لەنێوان ساڵانی (١٩٤٥_١٩٥٨ ) لێکۆڵینەوەیە لە بارودۆخی ڕامیاری و ڕۆشنبیری، نامەی ماستەرە پێشکەشی بەشی مێژووی کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین کراوە، هەولێر، ٢٠١٠، ل١١٠.(بڵاوکراوە).

ژماره (١)ی چاپ و بڵاوبووەتەوە، دەستەی نوسەرانی بریتی بوون لە (نەسرین محەمەد، گێلاس رەئوف)، لەلایەن (لویزەی کاکە حەمە ئەمینی عەتار) سەرپەرشتی کراوە.

سلێمانی هەر لە سەرەتای بونیادنانیدا نەتەوە و کولتوور و ئاینی جیاوازی تێدا بووە، ئەمەش هۆکارێکی ئەرێنی بوو بۆ برەودان بە کاری ڕۆشنبیریی و فەرهەنگی لە داهاتووی شارەکەدا. هاوکات هەر لە سەرەتاوە هەوڵدراوە تەواوی خوێندنگە و کتێبخانەکانی قەڵاچوڵان بگوازرێنەوە بۆ سلێمانی و لەم نێوەندە کتێبخانەیەکی دەوڵەمەند لە مزگەوتی گەورە بەناوی کتێبخانەی (بابان) کراوەتەوە، کە بە گویرەی سەرچاوەکان تاوەکو ساڵی (١٩١٩) نزیکەی(٦٠٠٠) کتێبی تیدابووە، بەڵام لە دوای دەستگیرکردنی (شیخ مەحموود حەفید) لەلایەن ئینگلیزەکانەوە لە دەربەندی بازیان و کۆنترۆڵکردنی سلێمانی، هەرچی کتێب بوو لەم کتێبخانەدا هێنایانە حەوشە و ئاگریان تێبەردا، تەنها (٤٠٠) کتێب پارێزراو مایەوە[1].لەمەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەم هەموو ئاڕاستە ڕۆشنبیرییەی لە سلێمانی سەریهەڵداوە یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو پاشخانە مەعریفیی و ڕۆشنبیریی و هزرییە بووە کە میرانی بابان گواستویانەتەوە بۆ سلێمانی، چ لە ڕێگەی کتێب و کتێبخانەوە بوبێت یا لە ڕێگەی گواستەنەوەی حوجرە و خانەقا و خوێندن و نووسراوە ئەدەبییەکانی بابانەکانەوە بوو بێت.

لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابورییەوە ڕیکخستنی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا، لەسەر بنەمای عەشیرەت و خێڵ و ئاغا و دەرەبەگ درووست بووە، بەڵام شاری سلێمانی ڕۆڵی هەبووە لە تێکشکاندنی نەخشەی خێڵەکی ناوچەکە، ئەمەش دەرفەتێکی باشی بۆ پەیوەندی جەماوەری ڕەخساند. بێگومان جگە لە دابونەریت و ئاین کە کاریگەرییان لەسەر ڕەوشی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا نابێت ئەو ڕاستییەمان لەبیر بچێت کە رەوشی کۆمەڵایەتی تا ئەندازەیەکی بەرچاو ڕەنگدانەوەی باری ئابوری و گوزەرانی خەڵکە، بۆیە ئەگەر سەیری دابەشبوونی چینەکانی شار بکەین بە ئاشکرا کاریگەری ئابوری لەسەر ئەو دابەشبونە بەدیدەکەین و چینەکانی شار بەگوێرەی باری ئابوری پیشەکەیان جیاکراونەتەوە، گرنگترین چینەکانی شار بریتی بوون لە: ( دەرەبەگە موڵکدارەکان، جووتیارەکان، بۆرژواکان و کریکاران)، هەریەک لەو چینانە بەپێی پێشکەوتنی شار و گۆڕانکاری ئابوری و پیشەسازی گۆڕانیان بەسەردا هاتووە[2].

لەرووی ئاینییەوە تەریقەتەکانی قادری و نەقشبەندی ڕۆڵ و کاریگەرییان لەسەر شاری سلێمانی هەبووە. خەڵکانێکی زۆری ناوچەکە شوێنکەوتەی ئەو تەریقەتانەبوون، سەرباری ئەمە لەم شارەدا چەندین دەزگای کارگێڕی و کۆمەڵایەتی و فێرکاری تێدا بووە، بواری خوێندن و خوێندەواری لە ئاستی پێویستدا نەبووە، جیالەوەش رەوشی خوێندن لە ساڵانی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی

---

[1] .مارف ناسراو: مێژووی کتێبخانەکانی سلێمانی (١٩٠٠-١٩٧٠)، بەڕیوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٨.

[2]. مەسعود مەحمود حەسەن، شاری سلێمانی (١٩٨٨-٢٠٠٣ ) ،ل١٦.

بیستەم بەرەو باشی ڕۆشتووە، لە ساڵی (١٩٧٧) لەسەر ئاستی پارێزگا (١٠) باخچەی منداڵان هەبووە. لە ڕووی تەندروستییەوە، شاری سلێمانی دواکەوتوو بووە، سەرباری جێگیرنەبوونی ڕەوشی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسەتی دوژمنکارانەی حکومەت بواری تەندروستی وێران کردبوو[١]. لە ڕووی ئابورییەوە شاری سلێمانی گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەبووە، چونکە هەڵکەوتەی شوێنەکەی وایکردووە کە ناوەندێکی گرنگی چالاکی بازرگانی و سەرەڕێی قافڵە بازرگانیەکان بێت لە کۆن و ئێستادا، ئەمەش بەهۆی نزیکی لە وڵاتی ئێران، لەلایەکی دیکەوە بەهۆی بوونی سەرچاوەی ئاوی زۆر و خاکی بەپیت و دەرامەتی سروشتی مەڵبەندی گرنگی چالاکییە ئابورییەکان بووە[٢]. چالاکی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری لەناوچەی سلێمانی بە پلەی یەکەم دێت بە گوێرەی ئاماری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری ساڵی (١٩٥٨-١٩٥٩) ڕووبەری زەوی کشتوکاڵی نزیکەی (١٣٣٧٨٧٩) دۆنم بووە، لەم ڕووبەرەش (٨٨٥٦٥١) دۆنم زەوی لێچێنراوە، هاوکات بەروبوومەکانی (دانەوێڵە، میوە، سەوزە، توتن، ....تد)بەرهەمهێناوە[٣].

**تەوەری دووەم: پێگە و ڕۆڵی ژن لە مێژوودا:** لەم تەوەرەدا باس لە ژن و ئەو پێگە کۆمەڵایەتی و سیاسیە دەکەین لە قۆناغ و کۆمەڵگە جیاوازەکاندا هەیبووە. ناتوانرێت باس لە بایەخی سروشتی ژن بکرێت لە چوارچێوەی مێژوودا نەبێت، چونکە هەریەک لە کەلتوور و نەریت و فەزای گشتی لە مێژوودا چێ بوون. لەبەرئەوە گرنگە بگەڕێینەوە بۆ مێژووی ژن و پێگە و مافەکانی، پاشان باس لە قۆناغە مێژووییەکانی ئەو ڕەوشە بکەین کە ژنی پێدا ڕۆیشتووە. (لوسیان میلسۆن) پێیوایە مرۆڤ (سروشت)ی نییە، بەڵکو(مێژووی) هەیە، چونکە سروشتی مرۆڤایەتی لە کۆمەڵێک لێهاتووی و توانا و ئامادەگی پێکهاتووە و ناتوانرێت جێبەجێبکرێت و بەکردەی بوونی هەبێت، تەنها لە ڕێگەی کەلتووری و فەزای گشتییەوە نەبێت وەک پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و فێرکردن، هەموو ئەمانەش لە مێژوودا پیادە دەکرێن[٤].

لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا ژن لەم قۆناغەدا پیرۆز بوو، ژن کۆیلەنەبوو، زۆربەی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان لە پرۆسەی وەچەخستنەوەدا گرنگییان بە ڕۆڵی باوک نەدەدا و فەرامۆشیان کردبوو، منداڵەکان ڕۆحی باوانیان بوو، کە دەچووە جەستەی ژنەوە، بەڵام ژن لە پرۆسەی منداڵ

---

[١]. ڕێبوار خالید مصطفی: پارێزگای سلێمانی (١٩٦٨-١٩٨٨)، توێژینەوەیەکی مێژوویی ئابورییە، نامەی ماستەرە پێشکەشی کۆلێژی ئەدەبیات لە زانکۆی سەلاحەدین کراوە، هەولێر،٢٠١٤، ل١٨-١٩. (بڵاونەکراوە).

[2]. مەسعود مەحمود حەسەن، شاری سلێمانی (١٩٨٨-٢٠٠٣)، توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، ل١٠.

[٣]. ڕێبوار خالید مصطفي،پارێزگای سلێمانی (١٩٦٨-١٩٨٨)، توێژینەوەیەکی مێژوویی ئابورییە، ل٢٢-٢٣.

[4]. ميسون وائل يوسف العتوم: مفهوم المرأة في خطاب التقليدي والحداثي في مجتمع مدينة عمان دراسة في علم الاجتماع الثقافي، اطروحة دكتوراه تقديمه الى مجليس كلية دراسات العليا، جامعة الاردنية، عمان، ٢٠١٠، ص١٦-١٥.(غير المنشوره).

بووندا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕا، زۆربەی منداڵەکان خۆیان بە خێڵی دایکیان دەزانی و موڵکداری کۆمەڵیی لە ڕێگەی دایکەوە دەگوازرایەوە، چونکە ژنیان بە زەوی دەچواند و پێیان وابوو بنەمای ژیانە، لەم قۆناغەدا پیاو هەستی بە بەهێزی خۆی نەدەکرد و نەریێنیانە تەماشای خۆی دەکرد، کە پەیوەستە بە سروشتەوە و تاوەکو ئێستاش نمونەی ئەم کۆمەڵانە ماون(١). جگەلەوەش لە یاساکانی بابلدا ژن وەکو مەڕومالآت تەماشای کراوە و مولکی پیاو بووە، پیاو بۆی هەبووە کە مامەڵەیان پێوە بکات. هاوکات لە یاسای ئاشورییەکاندا ژنێک پیاوەکەی بمردایە دەبوو شوو بکاتەوە بە برای پیاوەکە، باوکەکان مافی بە شودانی کچەکانیان نەبوو، بەڵکو پیاوانی ئاینی و کاهینەکان لە بازاڕ و لە خستنەڕوویەکی ئاشکرادا فرۆشتونیان. گەر تێبینی بکەین لە شارستانییەتی فارسەکاندا ژن بە تەواوەتی مولکی پیاوەکان بووە، وەکو مالآیات و شمەک و کالآ مامەڵەی پێوەکراوە، تەنانەت لە هەندێک بارودۆخدا مافی کوشتنیشی هەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا ژن مافی خوێندنی نەبووە و بۆی نەبووە لە ماڵەوە دەربچێت. جیالەمەش لە چینی کۆندا ڕەوشی ژن لە وڵاتەکانی دیکە باشتر نەبووە، وەکو شوم و نەنگی تەماشای کراوە و مافی وەرگرتنی میراتی نەبووە، لەبەرەی باوان و ماڵە مێردەوە کڕین و فرۆشتنی پێوەکراوە(٢) ، هەروەها لە کۆمەڵگەی هندیدی کۆندا لە ڕێسا و یاساکانی مانۆدا ژن مافی سەربەخۆبوونی نەبوو لە باوک و مێرد و کوڕ، کاتێ ئەوان مردبانایە دەبوو کە ئەو منداڵە بچوایەتە لای کەسێکی خزمی باوکی، ژن لەدوای ئەوەی مێردەکەی مردبایە مافی ژیانی نەبوو(3).

بە بەراورد بەو کۆمەڵگەیانەی باسمان کرد، گەر تێبینی بکەین لە کۆمەڵگەی میسری کۆندا لە سەردەمی فیرعەونەکانی میسر، ژن هەندێک مافی هەبوو کە لە شوێنەکانی تر لەو کاتەدا نەیبووە، تاوەکو ئاستی فەرمانڕەوایی ڕۆشتووە، ژنی میسری دەسەڵاتێکی بەهێزی هەبووە لە بەڕێوەبردنی کێڵگە و ماڵدا، تەنانەت خۆی مێردی هەڵبژاردووە، هەرچەندە زۆرجار فیرعەونەکان باشترین و جوانترین ژنیان کردۆتە قوربانی بۆ ڕازیکردنی خواوەند و نیل(٤). سەرەڕای ئەمەش ژن لەڕووی یاساییەوە پێگەیەکی باشی هەبوو، هیچ بڕگەیەکی یاسایی نەبوو باس لەوە بکات کە دەبێت ژن

---

(١) .سیمون دی بوفوار: الجنس الاخر، ت: ندى حداد، الاهلية للنشر والتوزيع، الاردن، ٢٠٠٨، ص٣٤-٣٥.

(2) .نوال بورحلة: مكانة المرأة في الحضارات، مجلة العلوم الانسانية والاجتماعية، العدد.(٣١)، فلسطين, ٢٠١٧، ص ٩٧_ ٩٨.

(3) .عبد المنعم جبري: المرأة عبر التأريخ البشري، صفحات للدراسات والنشر، دمشق، ٢٠٠٩، ص٣٢.

(4) .مريم ابراهيم أبو كشوة: مكانة المرأة وواقعها قبل الإسلام مقارنة مع واقعها ومكانتها بعد الإسلام، جامعه الافريقا العالمية، كلية الشريعة والدراسات الاسلامية، المؤتمر الدولي الاول للسيرة النبوية، الخرطوم، ٢٠١٣، ص١١٩.

ملکەچ بێت [١]. هەروەها لە یۆنان و بەتایبەت لە گوتاری سیاسیدا، نە ژن نە کۆیلە بۆیان نەبووە توخنی ئەم باسانە بکەون، بەڵکو ئەم کارە تەنها بۆ هاونیشتیمانییە نێرەکان بووە [٢].

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئەوروپا کۆمەڵگەیەکی باوکسالاری بوو، لە بنەڕەتدا، ژن لە ڕووی سامان و دەسەڵات و پێگەوە شوێنکەوتوی پیاو بوو، لە هەمان چینی کۆمەڵایەتی ژن پلەنزم بوو، لە چاو پلەوپیایەی کۆمەڵایەتی پیاودا جیاوازی ڕەگەزی ئێجگار زەق بوو، بەتایبەتی لە گەشەی دانیشتواندا، گەر گەشەکردنێک لە بواری مافەکانی ژندا ڕوویدابێت ئەوە دوای تاعونی ڕەش بوو، کە گەشەسەندنێکی گەورە ڕوویدا لە ڕۆڵی ژن و سەربەخۆبوونی ئابوری [٣] ، ژن لەهەر چینێکی کۆمەڵایەتی بایە دەبوو ژنیماڵەوە بێت چ وەک خانمێکی دەرەبەگ بێت یا ژنی بۆرجوازێک یا جوتیارێک [٤].

دواتر ژن لە سەردەمی ڕێنیسانسدا لە دیارترین تایبەتمەندییەکانی سەدەی بوژانەوە لە ئەوروپا، گەشەکردنی زانست و مەعریفە بوو، بڵاوبوونەوەی بۆرجوازیەت و بچووکبوونەوەی دەسەڵاتی کڵێسا بوو، سەرەڕای ئەمانەش هێشتا ژن مافی وەرنەگرت، بۆ نموونە لە ساڵی (١٥٤٧)، لە بەریتانیا فەرمانێک دەرچوو بە یاساغ کردنی کۆبوونەوەی ژنانە بە پاساوی ئەوەی پیاوەکانیان فەرمانیان کردووە ژنەکان لە ماڵەوە بمێننەوە [٥]. زیاد لەمەش لە سەردەمی  شۆڕشی پیشەسازیدا پیاو راپێچی نێو کارگەکان کران و ژنەکانی برانەوە ماڵەوە. شۆڕشی پیشەسازی بە تەنها شۆڕشێکی ئابوری نەبوو، بەڵکو گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی بوو لە سەرجەم لایەنەکانی ژیانی تاک و گرووپەکاندا، پێشتر بەرهەمهێنەرەکان خۆیان بەکاربەرەکان بوون، لەم شۆڕشەدا جیاوازییەکی گەورە دروستبوو لەنێوان بەرهەمهێنەر و بەکاربەرەکان، ئیتر بەرهەهێنەرەکان کە پیاوبوون و ژنەکان بە کاربەربوون [٦].

---

(1) مريم ابراهيم أبو كشوة: مكانة المرأة وواقعها قبل الإسلام مقارنة مع واقعها ومكانتها بعد الإسلام ،ص ٩٤-٩٧.

(2) .ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام: ئەفلاتون و ژن، و: هاوار محەمەد، چ١، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە ، هەولێر، ٢٠١٣، ل٢١.

(3) .مواهب عدنان احمد و عمار شاكر محمود الدوري: المرأة الاوروبية في العصور الوسطى نساء الطبقة العامة إنموذجا، مجلة الملوية للدراسات الآثارية والتاريخية، المجلد(٦)، العدد. (١٧ )،السنة السادسة، سامراء، ٢٠١٩، ص١٥٤- ١٥٦.

(4) .مواهب عدنان احمد و عمار شاكر محمود الدوري: المرأة الاوروبية في العصور...، ص ١٥٧-١٦١-١٦٣.

(5) نرجس رودگر: فيمينزم(الحركة النسوية (مفهومها، أصولها النظرية وتياراتها الاجتماعية، تعريب: هبة ضافر، دار العتبه العباسيه المقدسه، بيروت، ٢٠١٩، ص٢٨.

(6) .المصدر نفسه: ص ٢٨-٣١.

## باسی دووەم

## ڕۆڵی سیاسی ژن لەشاری سلێمانی سالآنی (١٩٧٥-١٩٩٠).

### تەوەری یەکەم/ بارودۆخی سیاسی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان (١٩٧٥-١٩٩٠).

دوای بەستنی ڕێککەوتننامەی جەزائیر[١] لە(٦)ی ئازاری (١٩٧٥) و دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول، بارودۆخی باشوری کوردستان پێینایە قۆناغێکی نوێوە، دەسەلآتدارانی عێراق بۆ کپکردنەوەی دەنگی کورد و نەهێشتنی دەستپێکردنەوەی شۆڕشێکی سەرتاسەریی، کە کار بۆ بەدەستهێنانەوەی مافەکانی گەلی کورد بکات، هەموو هەنگاوێکیان گرتەبەر[٢]. ئەم شکستە هەلی بۆ بۆ حکومەتی عێراقی ڕەخساند، تاوەکو شکستی سەربازی، سیاسی و سایکۆلۆژی بە نەتەوەی کورد بهێنێت. لەو قۆناغەدا پێشمەرگە و خەڵکی مەدەنی لە هەڵوێستی سیاسیان سەرپشک کرابوون چ بۆ مانەوە لە ئێران و چ گەڕانەوەیان بۆ عێراق[٣]. لە بارودۆخێکی ئاوادا، حکومەتی عێراقی سەرهەڵدانەوەی شۆڕشیان بەمەحاڵ دەزانی، دەبوو شۆڕشگێرانی کوردستان ئەوە بسەلمێنن کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی کۆتایی نەهاتووە، بۆیە بڕیاری دەستپێکردنەوەی شۆڕش درا، لەم پێناوەشدا (جەلال تاڵەبانی)[٤] و هاوڕێکانی پارتێکیان بەناوی

---

[1]. ڕێککەوتننامەی جەزائیر: لە نێوان هەر یەک لە وڵاتانی (عێراق_ئێران)دا، بە ناوبژیوانی وڵاتی جەزائیر و لەلایەن شای ئێران و سەدام حسین واژووکرا، بەپێی بەندەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە، عێراق بەشێکی شەتولعەرەبی بە ئێران بەخشی، لە بەرانبەر بڕینی هاوکارییەکانی بۆ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە کوردستانی عێراقدا. بڕوانە (بڵند شاڵی: کاروانی ٣٨ شۆڕشگێڕەکە، و: بورهان حاجی سلێمان، چ١، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٢١، ل١٣ . ؛ شەریف هەژاری: جوڵانەوەی نەتەوەی باشوری کوردستان ١٩٦١-١٩٧٧، لە بەڵگە نهێنیەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، و: پاسار شێرکۆ، چ١، چاپخانەی پەنجەرە، سلێمانی، ٢٠١٦، ل١٨٩).

[2] ئەحمەد حەمەدئەمین: بارودۆخی سیاسی باشوری کوردستان (لە ماوەی دانوستانەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و ڕژێمی بەعسدا ١٩٨٣_١٩٨٥)، چاپخانەی تاران، هەولێر، ٢٠٢١، ل٩.

[3] مەلابەختیار: شۆڕشی کوردستان و گۆرانکارییەکانی سەردەم (خەباتی شاخەکان، یان ڕاپەرینی شارەکان)، چ٤، چاپخانەی دلێر، سلێمانی، ٢٠١٥، ل٣٠٠.

[4]. جەلال تاڵەبانی: ناوی جەلال حوسامەدین نوری تاڵەبانیە لەساڵی ١٩٣٣ لەگوندی کەلکانی سەربەشارۆچکەی کۆیە لەدایکبووە،ئەندامی (دووەم وسێەم)کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە،لەساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ ژمارەیەک لەهاوڕێکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیان دامەزراند و خۆی بوو بەسەرۆکی پارتەکەلەساڵی ٢٠٠٤ بەسەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتیمانی عێراق هەڵبژێرا لە ساڵی ٢٠٠٦بە سەرۆک کۆماری عێراق هەڵبژێرالەو پۆستەدا بەردەوام بوو تاوەکو ساڵی ٢٠١٤،لەساڵی ٢٠١٧کۆچی دوای کرد. بڕوانە (ئاوات عبدالله عبدالقادر:سیاسەتی حکومەتی سوریا بەرامبەر بەپرسی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان(١٩٧٠-٢٠٠٤)نامەی ماستەرە پێشکەشی بەشی مێژووی کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکان زانکۆی سلێمانی کراوە،سلێمانی،٢٠٢٢، ل ٢٠.(بڵاونەکراوە). ؛سەلاح ڕەشید: مام جەلال دیداری تەمەن لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆمار، ب١، چ٤، ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان، سلێمانی، ٢٠١٩، ل٢١، ٢٣).

(یەکێتی نیشتیمانی کوردستان)[1] لە سوریا دامەزراند. هاوکات لەو هەلومەرجە نوێیەدا بە بیروڕای جیاواز چەندین ڕێکخراو و پارتی سیاسی هاتنە مەیدان و جارێکی دیکە شۆڕش لە کوردستانی عێراق لەسەردەستی هێزی پێشمەرگە هەڵگیرسایەوە[2]. زۆری نەخایاند لە سەرتاپای کوردستان لە مانگی شەشی (١٩٧٦)ەوە، بە مەفرەزەی پارتیزانی و هێزی گەورەتری خێڵەکانەوە، لە ناوچە خێڵەکییەکاندا، پێشمەرگە و چەکداری هەموو لایەنەکانی لە ئامێزگرتەوە[3]. لەگەڵ پەیدابوونەوەی هێزی پێشمەرگە لە ناوچە شاخاوییەکان، سەدان جوتیاری دێهاتەکانی کوردستان و ڕۆشنبیرانی شارنشین، کەدژی حکومەتی بەعس و سیاسەتەکەی بوون، هاتنە ناو شۆڕشەوە و بوون بە پێشمەرگە[4]. ژنی کورد لەهیچ قۆناغ و سەردەمێکی خەباتی گەلەکەیدا کەسێکی دوورەپەرێز و دابڕاو نەبووە. ئەگەر ژنان وەک پاڵەوانێکی شەڕکەر و سەرکردە، دەگمەن بووبن، ئەوا وەک کەسێکی پشتیوان و هاندەر ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە. بەتایبەتیش لەناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا لە باشووری کوردستاندا ژمارەی بەشداری ژنان لە ڕێکخستنە سیاسییە نهێنییەکان و شۆڕشی چەکداری لە زیادبووندا بووە[5].ڕۆڵی ژنانی کورد کەمتر نەبووە لە ڕۆڵی پیاوان، بەتایبەتیش کە قورسایی ڕەنجکێشانی خێزانداریی و قوربانیدان لە ئەستۆی ژناندا بووە [6].

ئەرکی ژنانی کورد لەوسەردەمەدا زۆرسەخت و دژوار بووە،نەوەیەکی تەواوی ژنان لەدەربەدەری و برسێتی و ماندوێتی ژیانیان بەسەربردووە. لەشارەکاندا ژنان بەجۆرێکی تر بەرەنگاری دوژمن دەبوونەوە، بەشداربوون لەچالاکیە نهێنیەکانی ناو ماڵ و قوتابخانە و زانکۆکاندا[7]. لەڕێکخستنەکانی ناو شاریشدا لە بواری ئەو خەباتەی ناوی نرابوو (خەباتی ژێر زەمینی) وەک تەتەری نێوان شاخ و شار کاریان دەکرد[8].

---

[1] .یەکێتی نیشتیمانی کوردستان: لە (٢٢ مایسی١٩٧٥) لە دیمەشق لەسەردەستی جەلال تاڵەبانی، فوئاد مەعسوم، عادل موراد، عەبدولڕەزاق فەیلی) یەکەمین بەیاننامەی دامەزراندنی ڕاگەیەندرا، بەڵام دوای ئەوە جەلال تاڵەبانی دەچێتە ئەوروپا و پەیوەندی بە هەریەکە لە (نەوشیروان مستەفا و کەمال فوئاد)وە دەکات و هەمواری بەیاننامە دەکرێت، جارێکی دیکە لە ( ١ حوزەیرانی ١٩٧٥) بەیاننامەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بڵاودەکرێتەوە. بڕوانە: (سەروەر عەبدولرەحمان عومەر، مێژووی یەکێتی نیشتیمان کوردستان١٩٧٥-١٩٧٦، دامەزراندن و دەست پێکردنەوەی شۆڕش ب١، چ٢، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١١، ل١١٢-١١٦).

[2] .ئەحمەد حەمەد ئەمین: بارودۆخی سیاسی باشوری کوردستان ...، ل٩.

[3] .مەلابەختیار: شۆڕشی کوردستان و گۆرانکارییەکانی سەردەم ...، ل٣٠٣.

[4] ئەحمەد حەمەدئەمین: بارودۆخی سیاسی باشوری کوردستان ... ، ل١١.

[5] .ڕووخۆش علی: بیرەوەریەکانی ژنانی شاخ، چاپخانەی تەوار، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٥.

[6] سەفەر کەریم هاوار: ڕۆڵی ئافرەت لەقۆناغی پێشمەرگایەتیدا، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١١، ل٣-٤.

[7] فاطیمە مراد ملا: گۆڕانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بەپێگەی ژن لەخێزانی کوردیدا (توێژینەوەیەکی مەیدانیە لەشاری هەولێر)، نامەی ماستەرە پێشکەشی کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحدین کراوە ، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٦٤.(بڵاونەکراوە).

[8] مهاباد قەرەداغی: شەرەفنامە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٧٨.

## تەوەری دووەم

## ڕۆڵی سیاسی و بەشداری ژن لە هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشدا (١٩٧٥-١٩٩٠)

لە پاش نسكۆی شۆڕشی ئەیلول و دەسپێكی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش لە كوردستان، بە شێوەیەكی سنووردار ژنانیش بەشدارییان كرد، بۆنموونە لە ساڵی (١٩٧٧)دا هەریەك لە (پورەحەلیمە: ناسراو بە ملازم پورە حەلیمە لە تیپی(٧٤) باڵەكایەتی، مەریەم برایمی عەزیز بەگ: ناسراو بە مەریەم خان لە بەگزادەكانی سنووری پشدەر، بەسێی مامە سورە ناسراو بە هاوڕێ بسك لە قەڵادزێ) و چەندین ژنی دیكە لە ناوچە جیاوازەكانی كوردستان پەیوەندییان بە ڕیزەكانی پێشمەرگەوە كرد و توانیان ڕۆڵێكی بەرچاو ببینن لە سەرخستنی خەباتی نەتەوایەتی كورددا، بە شێوەیەك ئەمانە بوونە ڕەچەشكێن و ڕێگەخۆشكەر بۆ چەندین ژنی تر تاوەكو پەیوەندی بە ڕیزەكانی پێشمەرگەوە بكەن[1]. لە و ژنانەی كە لەو قۆناغەدا بە شێوەیەكی كرداریی ئەركی پێشمەرگایەتی بەجێدەهینا (هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد)[2] بوو، ناوبراو لە ساڵی (١٩٧٨) لە شامەوە دەگەڕێتەوە كوردستان و جارێكیتر پەیوەندی دەكات بەڕیزەكانی شۆڕشەوە و دەبێتەوە بە پێشمەرگە و سەرەتا وەك پەیامنێر و ڕۆژنامەنوسێكی پێشمەرگە، وەك فۆتۆگرافەرێك بەسەر هەموو بنكە و بارەگاكانی شۆڕشدا دەگەڕێت و لە هەموو ناوچەكانی كوردستاندا تۆماری شەڕەكانی پێشمەرگە دەكات و زۆرێك لە بەڵگە گرنگەكانی ڕووداوە هەستیارەكانی ناو شۆڕش تۆماردەكات، كە تاوەكو ئێستاش بە باشترین سەرچاوەی ئەرشیفی سەردەمی شاخ ماونەتەوە.[3]

سەرباری ئەم كارانە هێرۆ ئیبراهیم لە (ناوزەنگ و توژەڵە) كۆبوونەوەی بە ژن و پیاوان دەكرد و هاوكاری چارەسەركردنی هەندێك لە گرفتە كۆمەڵایەتییەكانی گوندنشینەكانی دەكرد، جیا لەوەیش سەرپەرشتی ژنە پێشمەرگەكانی دەكرد كە پەیتا پەیتا دەهاتنە خوارەوە و بەرنامە و

---

(1) چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ مەلابەختیار، سلێمانی، ٢٠٢٢/٣/٢٧، ناوی تەواوی (حیكمەت محەمەدكەریم)ە، ساڵی (١٩٥٤ ) لە خانەقین لەدایكبووە، لە شەستەكانی سەدەی ڕابردوو پەیوەندی بە ڕیزەكانی یەكێتی قوتابیانی كوردستان كردووە، ساڵی (١٩٧٠ ) پەیوەندی بە كۆمەڵەی( ماركسی_لینینی) كردووە، یەكێكە لە كادیرە سەرەتاییەكان، لە خانەقینەوە لە دوای دەستپێكردنەوەی شۆڕش ڕۆڵی كارای لەناو كۆمەڵە و دواتریش یەكێتیدا هەبووە، كاری بۆ دامەزراندنی ڕێكخراوی ئاڵای شۆڕش كردووە و لە یەكێتی جیابۆتەوە تا ساڵی (١٩٩٣ )، دواتر گەڕاوەتەوە ناو یەكێتی. بڕوانە: (ئەحمەد حەمەئەمین: بارودۆخی سیاسی باشوری كوردستان، ل٤٦).

(2) . هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد: ڕێكەوتی( ١٩٤٨/٦/١٢ ) لە سلێمانی لەدایكبووە، دەرچووی بەشی دەروونناسییە لە زانكۆی موستەنسەریە لە بەغداد، ژنێكی خەباتگێڕ و ماندوونەناسی كوردایەتی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی كوردە، هاوژین و هاوڕێی مام جەلالە، خاوەنی دوو كوڕە بە ناوەكانی (بافڵ و قوباد)، لەكاتی خوێندنیدا ئەندامی یەكێتی قوتابیانی كوردستان و پارتی دیموكراتی كوردستان بووە بڕوانە (محمد سابیر: هێرۆخان لوتكەی خەبات و تێكۆشان، ل١٥_١٦) ؛ ژنێك لە ترۆپكی میهرەبانی و خۆنەویستیدا، ٢٠٢٢/١/١٢، بێ ناوی نووسەر، لە بڵاوكراوەكانی ماڵپەڕی خاك، لە ڕێكەوتی ٢٠٢٢/٢/١٢ وەرگیراوە لە ماڵپەڕی https://bit.ly/409pA96.

(3) .محمد سابیر: هێرۆخان لە لوتكەی خەبات و تێكۆشان، ل ١٨- ١٩.

پەیڕە و پڕۆگرامی (یەکێتی نیشتیمانی کوردستانی) لە ناویاندا بڵاودەکردەوە.[1] ناوبراو رۆڵی لە دیاریکردنی هەندێک بابەتی هونەری و دانانی دروشم و دنیابینی شۆڕشگێڕانە هەبوو لەناو ریزەکانی شۆڕشدا، بۆنموونە یەکێکی تر لە کارەکانی لە شاخ جل وبەرگێکی تایبەتی پێشمەرگایەتی بۆ ژنان داهێنا، کە قاتێکی کوردیی بێ پشتوێنی تایبەت بوو بە ژنان و جیاوازبوو لە جلی کوردی پیاوانە [٢].

بەشداری ژنان لە ناو ڕیزەکانی شۆڕشدا بەرەبەرە فراوانتر دەبوو، بۆوێنە لە تشرینی دووەمی(١٩٧٩)دا هەریەکە لە (نەرمین عوسمان[٣]، ڕووناک شێخ جەناب، پاکیزە مستەفا زیاد)[٤] روویان لە خرِی (ناوزەنگ) کرد، لێرەوە وردە وردە ئەو ڕێچکە شکاو ژنان و کچان پەیوەندیان بە شۆڕشەوە دەکرد. سەبارەت بە بارودۆخی ئەو ژنانەی کە لە شاخ بوون ، پێویستە بوترێت کە ڕەوشی ژیانیان دژوار و ئاسان نەبوو، چونکە ئەوان زۆربەیان کەسوکار و خانەوادەکانیان جێهشتبوو، بۆیە زۆرجار لە بارودۆخێکی دەروونی ناجێگیردا بوون، سەر باری ئەمانەش لە چالاکی خۆیان بەردەوام دەبوون و بە ئەرکی سیاسی و ڕۆشنبیریی و پەروەردەیی خۆیان هەڵدەستان، بۆ نموونە لە لادێیەکانی (توژەڵە و شێنێ) بەرنامەیەکیان دەست پێ کرد بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواریی، هەروەها کاتەکانی تر ، جگە لەوەی نامە و پەیامیان لەنێوان شاخ و شار وەک تەتەریک دەهیناو دەبرد، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین جار تووشی کێشەو گرفت دەبوونەوە[٥].

زۆرجار ژن گەر هەستی نیشتمانپەروەریشی هەبوایە بۆ پاراستنی ناوبانگی خانەوادەکەی و دەمکوتکردنی خەڵک سەبارەت بە توانجە کۆمەڵایەتییەکان ئاسان نەبوو پەیوەندی بە شاخەوە

---

(1). چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شەوبۆ عسکری)،سلێمانی، ٢٠٢٢/٢/٧: ناوی تەواوی شەوبۆ مستەفا عەسکەرییە، لەبنەماڵەیەکی نیشتمان پەروەر و ناسراو بە قوربانیدان و بەشداری کردن لە شۆڕشەکانی کورد لەدایکبووە. دوای تەواوکردنی کۆلێژی کشتوکاڵ(١٩٨٠)، وەک ئەندازیارێکی کشتوکاڵ لە بەشی بەرهەمهێنان لە کۆمپانیای شەکری سلێمانی ئەوکات کاری کردووە . لە ساڵی (١٩٨١) پەیوەندی بە شۆڕشی نوێی گەلی کوردستانەوە کردووە.

(2). نەرمین عوسمان: لەبەر تریفەی مانگ (خەونەکانی نیشتمانمان دەچنی)، چ١، چاپخانەی کارۆ، لە بڵاوکراوەی ئینستیتیوتی نارین، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل٢٢٣- ٢٢٤.

(3). چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (نەرمین عوسمان)، سلێمانی، ٢٠٢٢/٢/٦. لە ساڵی (١٩٥٠) لەشاری کۆیە لەنێو خێزانێکی سیاسی لە دایکبووە. ، لە ساڵی (١٩٦٨) لەبەشی ماتماتیک لە بەغداد وەرگیراوە و پاشان لەگەڵ (دارۆی شێخ نوری) هاوسەرگیری کردووە. لە ژیانی سیاسیشیدا سەرەتا ئەندامی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووە تا ساڵی (١٩٧٠)، دواتر پەیوەندی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. بڕوانە: (خەڵەف غەفور: لەڕێگای گەیشتن بە ئاسۆ، کۆ دیدارێک لەگەڵ نەرمین عوسمان، چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٣، ل١٧- ٣٢).

(4). پاکیزە مستەفا زیاد: لە باوکێکی کۆی و دایکێکی سلێمانی لە دایکبووە، هەر لە منداڵییەوە باوکی کۆچی دوایی دەکات و دایکی هاتۆتەوە بۆ سلێمانی، لەوێ لە ماڵی نەنکی گەورە بووە، لەگەڵ فەرەیدون عەبدولقادر یەکێک لە سەرکردەکانی یەکێتیدا ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوە و خاوەنی (٤)منداڵە. بڕوانە: (مەریوان علی: پاکیزە مستەفا منداڵەکانم ناخۆشی زۆریان بینیوە لە ماڵی خەڵکیدا ژیاون، پشوی کوردستانی نوێ، ژ (٣٧)، سلێمانی، کانونی یەکەمی ٢٠٠٢، ل٣- ٦).

(5) خەڵەف غەفوور: لەسەر ریگای گەیشتن بە ئاسۆ، ل٣٨.

بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا ژنانێک گوێیان بەو هەڕەشەو توانجە کۆمەڵایەتییانە نەدەدا، هەربۆیە پۆلێک ژنی ئەکتیڤ و ڕۆشنبیر پەیوەندیان بە شاخەوە کرد و گەیشتنە ناوزەنگ، لەوانە (پەخشان حەفید خێزانی ئەرسەلان بایز، ، شوعلە خێزانی نەوشیروان مستەفا) [1].

هەرچەندە زۆربەی ژنان وەک کەسوکاری پێشمەرگە ڕوویان لەشاخ کردووە، بەڵام هەریەک لە (نازەنین عوسمان حەسەن[2] و بەیانی هاوڕێ) وەک یەکەمین کچی شۆڕشی نوێ لە(١٦/ ئازاری/ ١٩٨١)دا گەیشتوونەتە خڕی( ناوزەنگ) و پەیوەندیان بە شۆڕشەوە کردووە، ئەمەش بۆ ئەو کاتە ڕچەشکێنی و ئازایەتییەکی زۆربووە بۆ دوو ژن وەک هەستی نیشتیمانپەروەری چەکی شۆڕش لە شان بکەن و بۆ هەمووانی بسەلمێنن کە ژنیش وەک پیاو دەتوانێت شۆڕشگێڕ بێت. لە ژیانی پێشمەرگایەتیاندا وەک کادێری نەخۆشخانەی شۆڕش کاریان کردووە، لە هەمان کاتدا ئەرکی بەڕێوەبردنی شانەیەکی مەکتەبی ڕاگەیاندنیان بە نازەنین سپاردووە لەگەڵ چەند کەسیتر خوێندنگایەکی بۆ ژن و منداڵی نەخوێندەواری ناوچەکە کردۆتەوە[3].

لە (٢٠/ تشرینی یەکەمی/١٩٨٠)دا، شەڕی مامەندە دەستی پێ کرد، بۆیەکەمجار بوو کە ژنان بەشداری شەڕ لە شۆڕشی نوێدا بکەن. هەریەک لە (نازەنین عوسمان و بەیانی هاوڕێ) بە هۆی ئەوەی هەردوو ناوبراو لەمەکتەبی عەسکەری بوون کاری پزیشکیان دەکرد لە شەڕەکەدا بەشداربوون، هەرچەندە لەلایەن هەندێک لە بەرپرسانەوە ڕێگریان لێکرا، بەڵام سووربوون کە بەشداری ئەو شەڕەبکەن و دەرمان و پێداویستی پزیشکییان لەگەڵ خۆیان برد و دوو چەکی کلاشینکۆفیان پێدرا، کە هێزە سەربازییەکەی حکومەت تێیدا شکا و لایەنی پێشمەرگەش ژمارەیەک بریندار و دوو شەهیدیان هەبوو، لە ئەنجامدا نازەنین و هاوڕێیەکی توانیان بریندارەکان چارەسەربکەن و لەگەڵ هێزەکانی پیشمەرگە هاتنەوە بۆ ناوزەنگ[4].بەهۆی ڕێوشوێنی ئاسایشی توندەوە لە گرتن و ڕاوەدوونانی ئەندامانی ڕێکخستنەکان لە سلێمانی، ژنان توشی مەترسی و ڕاوەدوونان دەبوونەوە، هەربۆیە بە شێکی تر لە ژنانی ناو ڕێکخستنەکانی ناو شار ناچاردەکران

---

(1) نەرمین عوسمان: لەبەر تریفەی مانگ خەونەکانی نیشتیمانمان دەچنی، ل٢٢٦- ٢٢٧.

(2). چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ نازەنین عوسمان حەسەن، سلێمانی، ٢٠٢٢/٢/٦، لەساڵی (١٩٥٦) لە شاری کۆیە لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتای و ناوەندی و دواناوەندی لە ساڵی ١٩٧٧ لە شاری هەولێردا تەواوکردووە، دواتر لە کۆلێجی ڤێتنەری زانکۆی موسڵ وەرگیراوە و هەر ئەو ساڵە بە نهێنی پەیوەندی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانەوە کردووە و لە ساڵی (١٩٧٧ ) لێپرساوی ڕێکخراوی خوێندکارانی کچان بووە . بڕوانە: (فەرید ئەسەسەد: ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان،ب٢، چ٣، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٦، ل١١٣١).

(3).فەرید ئەسەسەد: ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، ل١١٣١.

(4) نەرمین عوسمان: گوڵدانی ژن، ل٢٦٤ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (نازەنین عوسمان حەسەن)، سلێمانی، ٢٠٢٢/٢/٦.

کە بچنە دەرەوە و ببنە پێشمەرگە، بۆنموونە (نەزیرە حارس عەبدوڵا)[1] و (مهاباد شیخ حمە ئەمین[2]) لەو قۆناغەدا ناچارکران پەیوەندی بە شۆڕشەوە بکەن. دیارە یەکێک لەو گرفتانەی ڕێکخستنە نهێنییەکانی شۆڕش هەیبوو لە شارەکاندا، گرتنی ئەندامێک و ئاشکرابوونی زۆرێک لە ئەندامەکانی دیکە بوو. دوای ئاشکرابوونی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی کۆمیتەی یەکی ڕێکخستنی سلێمانی، ئەندامەکانی تری ئەوکۆمیتەیە کەوتنە بەر شاڵاوی گرتن و ڕاوەدوونان لەلایەن دەزگای ئەمنی سلێمانییەوە، هەروەها بەهۆی ئاشکرابوونی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی ڕێکخراوی سلێمانی و گرتنی (شێخ سدیق و مامۆستا محەمەد و عومەری شەکرەکە) لەلایەن ئاسایشی سلێمانییەوە، بووە هۆی ئەوەی کە نەزیرە حارس لە ساڵی (١٩٨١) فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەربچێت، بەڵام توانی خۆی دەربازبکات و چووە دەرەوە و بوو بە پێشمەرگە لە ناوزەنگ[3].

ژنانی پێشمەرگە لە ناوزەنگدا کاتەکانی خۆیان بە بابەتەکانی بواری خوێندن و خۆڕۆشنبیرکرنەوە دەبردە سەر، بەتایبەتی لەوێدا کتێبخانەیەکی گەورەی لێبوو، کتێبخانەی (کۆمەڵەی ڕەنجدرانی کوردستان[4]بوو، ، پڕ بوو لە کتێب و هەر لەناو ئەو کتێبخانەیەدا کاغەزی تەزکیەی هەموو ئەوانەی کە لەناو شارەوە هاتبوونە دەرەوە بۆ پێشمەرگایەتی دانرابوو و بەردەست بوو، هەموو کەسێک دەیتوانی بیانبینێ و بیانخوێنێتەوە لە کاتێکدا نووسراوی زۆر

---

[1]. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ نەزیرە حارس عبدالله، سلێمانی، ٢٠٢٢/٢/٣؛ لە ساڵی (١٩٥٦) لە ڕانیە لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتای لە قوتابخانەی خانزاد تە واوکردووە لە سلێمانی، دواناوەندی لە ئامادەی سلێمانی کچان بووە، بەکالۆریۆسی هەیە لە ئەندازیاری شارستانی، جگە لە زمانی دایک، زمانی ئینگلیزی وعەرەبیش بەباشی دەزانێت، ناوبراو لە ڕێگەی (حەمە عەلی حارس)ی برایەوە لە ساڵی (١٩٧٥ ) پەیوەندی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. بڕوانە: (نەسرین کوردە: ژنانی ڕێی کاروانی خەبات، چ١، چاپخانەی حەمدی، ٢٠٢١، سلێمانی، ل٩١ ).

[2]. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ مهابادی شێخ حەمە ئەمین، سلێمانی، ٢٠٢٢/١/٣٠، خەڵکی دەڤەری هەڵەبجەیە، لە گوندی هاوار لە خێزانێکی سیاسەتمدار و کوردپەروەر هاتۆتە دنیاوە، خوێندنی سەرەتای لە ژیانی ئاوارەیی لە دیوانیە و پاشان لە بەغداد تەواو کردووە، دواتر گەڕاونەتەوە و چوونە تە ناو شۆڕش. ساڵی (١٩٧٤) دوای شکستی شۆڕش دیسان ئاوارە بوون، پاشان ماوەیەک چوونەتە هەڵەبجە و دواتریش قۆناغی دواناوەندی لە سلێمانی تەواوکردووە، پاشان بووە بە مامۆستا،دواتر دریژەی بەخویندن داوەو بەشی زانستە سیاسییەکانی لە زانکۆی بەغداد خوێندووە.

[3] نەسرین کوردە: ژنانی ڕێی کاروانی خەبات، ل١٠٠.

[4]. کۆمەڵەی ڕەنجەرانی کوردستان لە (١٠) حوزەیرانی ساڵی (١٩٧٠ ) لە ژێر ناوی (کۆمەڵەی مارکسی لینی کوردستان) هاتۆتە دامەزراندن، دواتر لە ساڵی (١٩٧٩) ناوەکەی دەگۆڕێت بۆ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بەمەش لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تا هەڵوەشاندنەوەی لە ساڵی (١٩٩٢) لە خەباتی سیاسی و چەکداری لە باشوری کوردستاندا ڕۆڵی دیار و بەرچاوی گێراوە. ئەم ریکخستنە شێوەی کارکردنی وەک شێوەی شانەی هۆشیارکردنەوە وابووە، لە هەر شوێنێکدا شانەیەکی هۆشیارکردنەوەی تایبەتی هەبووە، لەناو ئەو خەڵکانەی لە شانەی هۆشیاریدان بوون، بۆ ئەو کەسانەی کە ئامادەییان تیدا بووە بۆ کاری ڕێکخستن کاریان کردووەو و ورده ورده کردویانن بە پاڵێوراو و پاشان بە ئەندام. بڕوانە (ئەحمەد حەمەد ئەمین: بارودۆخی سیاسی باشوری کوردستان، ل٤٣. ؛ سەلاح ڕەشید: مام جەلال دیداری تەمەن، ب١،ل٤٢٤).

گرنگ و نهێنی تیدا بوو. ئەمەش نیشانەی بێ باکی و نەبوونی هەستی بەرپرسیارییەتی و بێ ئەزموونییە لە بواری ئەرشیف کردن و هەڵگرتنی بەڵگەنامە. بەڵام بەچوونە دەرەوەی ژنان توانیان ئەم کتێبخانە رێکبخەوەنەوە و ناوەکانیان کرد بە ئاماژە و کۆد [1].

لەگەڵ ئەوەشدا بەشداری ژنان لە ئاستێکی پێویستدا نەبوو، چونکە ئەو ژنانەی ڕوویان لە شاخ دەکرد و ژیانی پێشمەرگایەتیان هەڵدەبژارد ژمارەیان زۆر کەم و سنووردار بوو. لەم بارەیەوە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان زۆر ڕێگربوون، بۆنموونە ژنانێک هەبوون هیچ پاڵنەرێکی کۆمەڵایەتی وەک هەبوونی هاوسەر نەبوو تاوەکو بتوانن بچنە شاخ، چونکە بەشێکیان هاوسەرگیرییان نەکردبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بڕیاریان دەدا بچنە شاخ و دژی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس بجەنگن. بۆنموونە یەکێک لەو ژنانە ئەویش (مهاباد شیخ حمه ئەمین)ە، لە ساڵی (١٩٨٤) وەک کچی بڕیاریدا بچێتە شاخ و پەیوەندی بە دەرەوە بکات، چونکە لە شاردا هێزە هەواڵگیرییەکانی ڕژێم بەردەوام چاودێرییان دەکرد، بۆیە بڕیاری چوونە دەرەوە دەدا. هەرچەند لەو کاتەدا بۆ کچێک قورس بووە کە بەبێ هاوسەر و بە تەنها بچێتە دەرەوە، چونکە دەبوایە بیریان بکردایەتەوە چۆن تێکەڵی بارەگاکانیان دەکەن و چۆن تێکەڵی ئەو هەموو پیاوە ببێت، زۆربەی ئەوانەی لە شاخ بوون هاوسەریان لەگەڵ بووە. بەڵام مەهاباد ئارەزوومەندانە ژیانی پێشمەرگایەتی هەڵبژارد، لەوێ دوای ماوەیەک لەگەڵ فایەق گوڵپی بەڕێوەبەری خەستەخانەی شۆڕش هاوسەرگیری دەکات، سەبارەت بە ئەرکەکانی لەناو شۆڕشدا مهاباد وەک پەرستار ڕۆڵی دەبینی، ئەو لەکاتی ڕەوشی (منداڵ بوون و ڕەوشی لەناکاودا)، یارمەتی هاوسەرەکەی داوە و لە کاتی برینپێچی و نەشتەرگەریدا هاوکاریکردووە، جگە لەمانە کە گەڕاوەتەوە بۆ شار بەنهێنی کتێب و دەرمان و چەکی هێناوەتەوە بۆ شاخ، بەم شێوەیە بەردەوام بووە لە چالاکی تا ڕاپەڕینی ئازاری (١٩٩١).. دیوویکی تری شۆڕش ئەوەبوو کە ژنەکان قوربانی بوون لەبەرامبەر بوونی پێشمەرگەی(براو وباوک وکەسوکاریان) [2]. ئاڵۆزی بارودۆخی سیاسی لە ساڵی (١٩٨٢) گەیشتە ئەوپەڕی و خۆپیشاندان و ڕاپەڕین شاری سلێمانی و هەولێر و کەرکوک و دەوروبەری گرتەوە..نارەزایەتییەکان نەوەستان و کۆڵان و شوینە گشتییەکانی سلێمانی ببوونە جێگەی کۆبوونەوە و خۆپیشاندانی بەردەوام [3].بێگومان ژنانیش ڕۆڵیان هەبووە لە خۆپیشاندانەکان و بەشداریان کردووە، لە فولکەی دەستارەکەوە بەپێ چوون بۆ لای مزگەوتی بێخود لە گەڕەکی خەبات، هەروەها بەشەو کاری هەڵواسینی پۆستەر و بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیان دەکرد. بڵاوکراوەکانی ڕێکخستن کە لەلایەن کۆمەڵەوە دەگەیشتنە دەستی (فاتیمە محمد قادر)ی

---

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (نەزیرە حارس عەبدوڵا)، سلێمانی، ٢٠٢٢/٢/٣.

[2] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (مهاباد شێخ حمه امین)، سلێمانی، ٢٠٢٢/١/٣٠.

[3] نەوشیروان مستەفا: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق، ١٩٧٩-١٩٨٣، بێ دەزگای چاپ، ١٩٩٧،ل ٢٥٦- ٢٥٧.

لێپرسـراوی ڕێکخسـتنە نهێنییـەکانی ناوشـار، ئـەویش دەیگەیانـدە دەسـتی ژنـەکانی تـر، بـەمجۆرە بەشەوان لەناو گەڕەکەکاندا هەڵیاندەدایە ناو ماڵان و بە دیواری مەکتەب و مزگەوتەکاندا دروشمی نیشتمانی لەوانە بژی پێشمەرگە و بژی کوردستانیان دەنووسی، لـە دیارترین ئـەو ژنانـە (پـەیمان عوسـمان سـەعید) [1] هەنـدێک لـەو ژنانـەی ڕێکخسـتن لـە سـاڵی (١٩٨٤)دا بـە فـەرمانی ڕێکخسـتن چوونـە دەرەوە بـۆ هـەرێمی(٣)ی شـارباژێڕ، چونکـە لەناوشـاردا ئاشـکرابوون[٢]. ژنـانی کـورد هاوشـانی و پیـاوان و براکانیـان لـە ڕێکخسـتنە نهێنیـەکانی ناوشـار کارییـان دەکـرد و زانیـاری و ڕاپۆرتیان دەگەیاندە پێشمەرگە، بەشێک لەو زانیاریانە لە چوارچێوەی بەیاننامە نهێنییەکان بوون، کە چاپ دەکران و ڕێنمایی یان لە پێشمەرگەوە وەردەگرت و بڵاوییان دەکردنەوە، یەکێک لەو ژنە چالاکانـە (نەسـرین محمـوود) بـوو، لـە ڕێکخسـتنە نهێنیـەکانی شـار بـوو، نـاوبراو لـە (١٩٨٧/٥/٢) دا بەپریاسکەیەک نهێنی پڕەوە لەلایەن ئاسایشەکانی عێراقەوە دەستگیرکرا، بەڵام ئەشکەنجە و سزای ناو زیندان هیچیان پێ نەدرکاند، بۆیە پاش سێ مانگ ئازادیان کرد [٣]. هەندێک ژن لەشـار و شـاخ ڕۆڵێکـی بـەرچاوییان بینیـوە، وەک گواسـتنەوەی نوسـراو و بەیاننامـە و ئـاڵوگۆڕی نامـەکان، هاوکات ڕێبەری کردنی ئەو مەفرەزانەی کە دەهاتنە ناوشار، لەکاتی خۆپیشاندانەکاندا، بریندارەکان و هەڵهاتووکانیان دەپاراست و دەیانگەیاندنە شوێنی خۆیان، لەوێنەی ئەو ژنانە کە ڕۆڵیان بینیوە (ژیان عوسمان ساڵح)[٤] [٥]. ڕۆڵێکی تری ژن، نامەبردن بووە بۆ بەغداد و شارەکانی تری عێراق، هاوکـات داڵـدەدانی پێشـمەرگەی برینـدار و بردنـی نامـەی پێشـمەرگە بـووە بـۆ کەسـوکارەکانیان، هــەروەها خــواردن و خواردنــەوە و جـل وبــەرگ و پــێڵاو و پێداویسـتییەکانی ڕۆژانــەیان بـۆ پێشمەرگە ناردووە و بەشداریان لـە خۆپیشـاندانەکاندا کردووە، زۆرجـارن کچ و منداڵەکانیشـیان لەگەڵ خۆیاندا کارییان کردووە و لەم نێوەندەدا توشی گرتن و ڕاوەدونـان بونـەتوە، ماڵەکانیشـیان وەک بارەگایەکی پێشمەرگەی ناوشار بەکارهێناوە... نموونەی ئەو ژنانە هەریەک لە (نەعیمە عەلی

---

[1]. پەیمان عوسمان سەعید: لەساڵی (١٩٧٢)، لەسلێمانی لەدایکبووە، لەڕێگەی (هەڵۆی ئەحمەد کوردەوە) پەیوەندی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، لەکەرتی وارماوە بەناوی سۆلاف ناسراوە. (نەسرین کوردە: ژنانی ڕێی کاروانی خەبات، ل٢٥٥).

[2].نەسرین کوردە: ژنانی ڕێی کاروانی خەبات، ل٢٥٦.

[3] نزار: بەسەرکردنەوەی ژنە تێکۆشەرێکی ڕێکخستنە نهێنیەکانی شار، کوردستانی نوێ، ژ. (٥٥٦)، ١٢/٨/ ١٩٩٢، ل٦.

[4]. ژیان عوسمان ساڵح: لەساڵی (١٩٦٣ ) لە شاری سلێمانی لەدایک بووە، ئامادەیی سلێمانی تەواوکردوو، لە ساڵی (١٩٨١) پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ک) و کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە لە ڕێگەی (حەمزە علی ساڵح)وە کردووە ، لە ساڵی (١٩٨٢ ) پلەی ئەندامێتی پێ بەخشراوە. بڕوانە: (نەسرین کوردە: ژنانی ڕێی کاروانی خەبات، ل١٨٨).

[5]نەسرین کوردە: ژنانی ڕێی کاروانی خەبات، ل١٨٩.

ئەیمەن[1]و شەهێنی کچی بوون [٢]. (شەمام شەوقی [٣]، یەکێکێکی تر لەو ژنە شۆڕشگێرانە بووە، ناوبراو لە ساڵی (١٩٨٥) بە دواوە ئەرکی بەڕێوەبردنی ڕێکخراوی سلێمانی و لە ساڵی (١٩٨٧)یشدا لەپاڵ بەڕێوەبردنی ڕێکخراوی سلێمانی ئەرکی بەڕێوەبردنی ڕێکخراوی کەرکوکیشی گرتووەتە ئەستۆ، لەم سۆنگەیەوە شەمام لەو ماوەیەدا لە زۆربەی چالاکییەکانی ڕێکخراوی سلێمانیدا بەشدار بووە و ئاگای لە هەموو نهێنییەکانی ڕێکخستن بووە [٤].هەندێکجار ژنان ئەو ڕێبازەیان دەگرتەبەر کە براکانیان قوربانییان بۆ دابوو، هەروەک (چرا عومەر سابیر[٥]) ساڵێک پاش لەدەستدانی براکەی( حەسیب عومەر سابیر)، ناسراو بە ئاسۆی دەلاک، لە ساڵی (١٩٨٠)دا، پەیوەندی کردووە بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە کەرتی لەیلاقاسم. لەوماوەیەدا وەک هەڵسوڕاوێکی چالاکی ڕێکخستن کاری کردووە و ڕۆڵێکی گەورەی لە دابەشکردنی بەیاننامەکانی شۆڕشدا بەسەر ماڵاندا گێڕاوە [٦]. لەناو تەواوی پارتە سیاسییەکاندا، ژنی خەباتگێڕ بوونیان هەبووە وەک هەریەک لە پەخشان زەنگەنە[٧]، ئاشتی مەحمود[٨]،خانم

---

[1] . نەعیمە عەلی ئەیمەن: لەدایکبووی ساڵی (١٩٤٠)ی شاری سلێمانییە، لە گەڕەکی سابوونکەران، خێزانی ئەحمەد ڕەشید محەمەدە، دایکی پێنج کوڕ و کچە، وەک خۆی ئاماژەی پێداوە هەر لە تەمەنی لاوێتیەوە پەیوەندی کردووە بە ڕێکخستنی شەهید لەیلا قاسمەوە. بڕوانە: (عەلی خەزنەدار: ئافرەتە ناودارەکانی کورد (هێزێکی بەتوانا لەبەرگریکردن لەنیشتیمانەکەیان)، چاپخانەی کارۆخ، سلێمانی ، ل٢٦٨).

[2] علی خەزنەدار: ئافرەتە ناودارەکانی کورد ، ل ٢٦٨.

[٣] شەمام شەوقی: ناوی تەواوەتی (پەریخان محەمەد شەوقی) ساڵی( ١٩٥٦) لە سلێمانی لەدایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی لە هەمان شار تەواوکردووە و لە ساڵی (١٩٧٨) بەکالۆریۆسی ئابووری لە زانکۆی سلێمانی بەدەستهێناوە. دواتر لە ساڵی( ١٩٧٣- ١٩٧٤ ) دەبێتە بەرپرسی ڕێکخستنەکانی ئامادەیی کچانی سلێمانی یەکێتی قوتابیان، ساڵی (١٩٧٦) هاوسەرگیریی لەگەڵ (جەباری حاجی ڕەشید) کردووە. بڕوانە :(فەرید ئەسەسەرد: ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، چ٤، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سەروەری، سلێمانی، ٢٠٢١، ل١٣٤٠).

[4] فەرید ئەسەسەرد: ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان ،ل١٣٤٠.

[5] چرا عومەر سابیر: لە دایکبووی ساڵی ( ١٩٦٣)ی گەڕەکی دەرگەزێنی شاری سلێمانییە، ساڵی (١٩٧٠) خراوەتە خراوەتە بەر خوێندن و تاوەکو پۆلی سێهەمی ناوەندی خوێندووە. بڕوانە : (فەرید ئەسەسەرد: ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان ، ل٦٣٠).

[6] هەمان سەرچاوە ، ل٦٣٠-٦٣١.

[7] چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ پەخشان عەبدولا زەنگەنە، هەولێر، ٢٠٢٢/١/٢٥؛ پەخشان عەبدولا زەنگەنە ساڵی (١٩٤٧ ) لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، لە تەمەنی پانزە ساڵیەوە لەژێر کاریگەریی باوکیدا پەیوەندی کردووە بە حزبی شیوعییەوە، لە ڕێگەی خوێندنەوە و وەگرتنی زانیاری لە باوکی دەربارەی کۆمەڵگەی چینایەتی و چەوسانەوەی مرۆڤەکان ئایدیایەکی چەپی بۆ کاری سیاسیی لا گەڵاڵە بووە، دەرچووی زانکۆی بەغداد بەشی فیزیایە و ماستەر و (دبلۆمی باڵا_لەدەرەوە) لە زانستی کۆمەڵایەتی بەدەستهێناوە، لە ساڵی ( ١٩٧١-١٩٧٢ )بە ئەندامی لیژنەی ناوخۆی پارێزگای سلێمانی هەڵبژێراوە . بڕوانە (نەرمین عوسمان: گوڵدانی ژن، ل١٧٢-١٨٢).

[8] ئاشتی محمود: یەکێکە لەو ژنانەی کە لە تەمەنی لاوێتییەوە پەیوەندی بە (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانەوە) کردووە، بەنهێنی لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیست کاریان دەکرد، پاش ئاگربەستی ساڵی (١٩٨٤ ) لەنێوان یەکێتی و حکومەتی عیراقی شانەکانی ئەم ڕێکخراوە بەهۆی ڕەفتاری توندی حکومەتی بەعسەوە زۆربەیان کەوتنە بەرشاڵاوی گیران و

سەبریە ڕەشید[1] ،لە حیزبی شیوعی عێراقی بوون.ئەمانە لەنیوان شار و شاخ نامەیان دەبرد و دەهێنا، جگە لە کۆکردنەوەی ئابوونە و ئازوقە و پێداویستی پزیشکی، هاوکات شاردنەوەی کادیرانی عەرەبی بەرهەڵستکاری حکومەت، کە لە دەست حکومەتی بەعس هەڵدەهاتن، پاشان گواستنەوەیان بۆ شاخ و قەزا و ناحییەکانی نزیک بە دەسەڵاتی شۆڕش. پەخشان عەبدوڵا حسێن زەنگەنە لە ساڵی (١٩٧٥)دا کە ڕۆژی جیهانی ژنان بوو، چووەتە لیژنەی هەرێمی کوردستانی حزبی شیوعی عێراق کە سەرکردایەتی ڕێکخستنەکانی حزبی دەکرد، لە پارێزگاکانی (موسڵ، هەولیر، کەرکوک، سلێمانی ،دهۆک) لە لیژنەی (ڕێکخستن و چاودێری) و (لیژنەی کاری جەماوەر)یی کاری دەکرد، لەساڵی (١٩٨٠) چووەتە شاخ وەک پێشمەرگە ئەرکی وەرگرت لە ڕێکخستن بەتایبەتی لە ڕاگەیاندن، سەرەرای کاری خزمەتگوزاریی ڕۆژانەی بنکە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیان هەندێ کاری تایبەتی دەرکردنەوەی ڕۆژنامەی (ڕێگای کوردستان) لە شاخی پێسپێردرا، لە کۆتایی (١٩٨٧) کە شەڕی ئێران و عێراق نزیک بووەوە لە ناوچەکەیان ڕێکخستنەوەیەکی نوێ لەکاری سەرکردایەتی کرا، لیژنەی سەرکردایەتی لە ژمارەیەک لە مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی حیزب، ناوبراو بووە ئەندامی ئەو لیژنە سەرکردایەتییە کە سەرکردایەتی کاری پێشمەرگایەتی و ڕێکخستنەکانی زۆربەی شارەکانی عێراقی بەگشت وردەکارییەکانەوە دەکرد[2].

پەخشان زەنگەنە گەلێک ئیشی لە ئەستۆ بوو، یەکێک لە کارەکانی ڕێکخستنی بەریدی سەرکردایەتی حزب بوو لەناوەوە بۆ دەرەوە، بە پێچەوانەشەوە پۆستەی لەڕێگەی ئەو بنکە و وێستگانەوە ئاڵوگۆڕ دەکران، هەمیشە بروسکەی مەفرەزەکانی لە سەرکردایەتییەوە پێ دەگەیشت.[3]ژنەکان لەناو حیزبی شیوعی لەکاتی چالاکی سەربازیدا، لە گواستنەوەی چەک هاوکاری پێشمەرگەیان دەکرد، بۆنموونە یەکێک لەو ژنانە (ئاشتی محمود) بوو، زۆرجاریش کۆمەک و ئابوونە و پێداویستی پزیشکییان کۆدەکردەوە، دواجار لە ئەنجامی ئەم چالاکییانەی

---

هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخستنەکانیان، بۆیە ئەمیش وەک ڕێکخراوەکەیان پەرتەوازەبوون و هەریەکە و بەلایەکدا ڕۆشتن. دوواتر لە ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعی خۆی دۆزییەوە و لە ساڵی (١٩٨٥ ) بووە ئەندامی کارای حزبی شیوعی. بڕوانە (رووخۆش علی: لە مێژووی تێکۆشانی مێینە لە مەلەکییەوە تا دوای ڕاپەرین، چ١، سلێمانی، ٢٠١٥، ل٥٨٥).

[1] خانم سەبریە ڕەشید: خێزانی (علی مستەفا قادر)کە ئەندامی حزبی شیوعی بوو، خۆشی لە ساڵی ( ١٩٥٧ )وە لەو ڕێکخراوەدا کاری کردووە .( رووخۆش علی: لە مێژووی تێکۆشانی مێینە ...، ل٥٢٠

[2] نەرمین عوسمان : گوڵدانی ژن، ل١٧٢-١٩٢.

[3] هەمان سەرچاوە، ل١٩٢-١٩٥.

ئاشتی مەحمود لە ساڵی (١٩٨٩ ) بوویە هۆی دەستگیرکردنی ناوبراو، دواجار لە کۆتایی(١٩٩١)دا لەگەڵ کۆمەڵێک ژنانیتر ئازادکران[١].

لێرەوە دەردەکەوێت کاری ڕێکخستنە نهێنییەکانی ژنان لە قۆناغەکانی شۆڕشدا ئازایانە بووە و دڵسۆزانە بە بێگویدانە ئەو پێشهاتانەی کە ڕووبەڕوویان دەبووەوە بەردەوام بوون لە خەبات، چونکە هێنان و بردنی چەک و تەقەمەنی کارێکی ئەستەم و دژوار بوو، لەو کاتەدا (وەسفیە بەنی وەیس[٢])، لە ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ک)دا، کاری بردنی دوو نارنجۆک و دەمانچەیەکی بوو بۆ بەغداد ، دواتر بە سەرکەوتوویی گەڕایەوە سلێمانی. جگە لەوە توانیویەتی ڕۆڵی هەبێت لە بڵاوکردنەوەی بەیاننامە و بڵاوکراوەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە هەردوو زمانەکانی کوردی و عەرەبی، لەگە ڵ ژمارەیەکی زۆر لە بەیاننامەی دامەزراندنی خوێندکارانی کوردستانی گەیاندە ماڵی ئازاد هەورامی لە گەڕەکی (ئیمام قاسم) لە کەرکوک، بەشێکیتری بڵاوکراوەکانی دەگەیاندە شوێنی مەبەست لە بەغداد. هاوکات لە ساڵی (١٩٧٧)دا سەرکردایەتی بڕیاریدا ڕێکخراوێکی ژنان دروست بکات بۆ ئەوەی ببێت بە بناغە یەک بۆ پاشەڕۆژی جوڵانەوە کوردییەکە و لەم پێناوەدا ژنان نوێنەری خۆیان لە کارو چالاکی و خەباتدا هەبێت، هەربۆیە ئەوڕێکخراوە ناونرا ڕێکخراوی(لەیلا قاسم[٣])، ئەمەش لەبەر لەیلا قاسم بوو کە لە ساڵی (١٩٧٤)دا لەگەڵ سێ هاوڕێی لە بەغداد لە سێدارە درابوون. ئەوەبوو ڕێکخراوەکە کرا بە دوو بەشی سەرەکییەوە، بەشێکیان بە (وەسفیە بەنی وەیس) سپارد و بەشەکەی تری لەلایەن (شەونم محەمەد غەریب)وە سەرپەرشتی دەکران، هەردووکیان لەناو شاردا خەریکی کاری ڕێکخستنی مامۆستا و فەرمانبەر و خوێندکار و ژنانی ناوچە جیاجیاکان بوون، سەر ئەنجام لە (١٩٨٦)

(1) ڕوخۆش علی: مێژووی تێکۆشانی مێینە...، ل٥٨٥-٥٩٢.

(2). وەسفیە بەنی وەیس: لە ساڵی (١٩٥٢) لە گەڕەکی مەزرەعە لە خانەقین لە دایکبووە، لە ساڵی ( ١٩٧٢-)لە کۆلێجی ئاداب لە بەشی زمانی کوردی لە زانکۆی سلێمانی وەرگیراوە، ساڵی (١٩٧٤ ) پاش ئەوەی سێ لە براکانی بوون بە پێشمەرگە، خانەوادەکەیان دەست بەسەرکران و ڕاپێچی زیندانەکانی خوارووی عێراق کران. بۆ یەکەم جار لە کەلار بە ناونیشانی مامۆستا دامەزرا، بەڵام لەسەر بڕیاری ڕێکخستنی حزبەکەی گواسترایەوە بۆ تاسلوجە، لەوێ هەم کاری پەروەردەی دەکرد و هەم چالاکییەکانی ڕێکخستنی حزبەکەی رادەپەڕاند. ناوی نهێنی لە ڕیزەکانی کۆمەڵەدا (کوێستان) بوو، لەناو ڕێکخستنی یەکێتی مامۆستایانیشدا بە (لیلۆز) ناسراو بوو. بڕوانە : ( عەبدوڵڵا کەریم محمود: وەسفیە بەنی وەیس، گۆڤاری k21، ژ.(٥-٦)، ٢٠٠٩، هەولێر، ل٤١٧).

(3). ڕێکخراوی لەیلاقاسم: ڕێکخراوێکی ژنان بوو، لە ئابی( ١٩٧٧ ) لەلایەن کۆمیتەی سەرکردایەتی ڕێکخستنی ناوخۆ لە شاری سلێمانی بەناوی (لەیلا قاسم) دامەزرا، نزیکەی (٦٠-٧٠) ژن لەناو ئەم ڕێکخراوە کاریاندەکرد (وەسفیەبەنی وەیس و شەونم محەمەد غەریب) لێپرسراوی ڕێکخراوەکە بوون. داوایان لە هەموو ژنانی شۆڕشگێڕی کوردستان کردبوو لەژێر ئاڵای ئەم ڕێکخراوەدا خۆیان ڕێکبخەن بۆ بەدیهێنانی مافی گەلی کورد و یەکسانی ژن و پیاو. بڕوانە:(بەختیار خدر عەبدوڵا: شاری سلێمانی ١٩٦٨_١٩٧٩، توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە،نامەی ماستەرە پێشکەشی بەشی مێژووی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە،سلێمانی ، ٢٠١٦، ل١٢٤).

لەلایەن ئاسایشی سلێمانییەوە فەرمانی گرتن بۆ وەسفییە بەنی وەیس بۆ دەرچوو، بۆیە ڕووی کردە شاخ و بوو بە پێشمەرگە و دواتر لە دوای ڕاپەڕینەوە گەڕایەوە گەرمیان[١].

ئەو ڕۆڵە سیاسی و ڕێکخراوەییەی ژنان لەو کاتەدا لە ناو پارتە سیاسییە کوردیەکاندا هەیان بوو، تەواوی پارتە کوردییەکانی گرتبووەوە، لەو ژنانەش (شەونم نەجمەدین علی بەرزنجی[٢])، (چیمەن حەسەن شابان) لەنێو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کاریان کردووە و ئەندام مەکتەب بوون لە لقی چوار و هاوکار و هەڵسوڕێنەری کارەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بوون[٣].لە دوای نسکۆی (١٩٧٥)دا جارێکیتر لە ساڵی( ١٩٧٦ )پەیوەندییان کردەوە بەڕیزەکانی شۆڕشەوە، ئەوەبوو لە ئەنجامی ئاشکرابوونیان شەونم و براکەی و یانزە کەسی تری دەستگیرکران، پاش ئەوەی خرانە زیندانەوە شەونم دانیبەخۆیدا گرت و هیچ نهێنییەکی نەدرکاند، هەربۆیە ئازادکرا[٤]. یەکێک لەو تایبەتمەندییە باشانەی ژن هەیبووە لەو کاتەدا دڵفراوانی و بیرفراوانی بووە، بۆ نموونە هەرچەندە شەونم خۆی کاری بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان دەکرد بەڵام هەر کات پێشمەرگەکانی یەکێتی لە دەرگایان بدایە ئەویشی تیماری دەکرد، ئەم بیرکردنەوە فراوانە و گرنگینەدان بە ئایدۆلۆجیای بەرتەسکی حیزبایەتی سیفەتی جوانی ژنانی شۆڕشگێر بوون[٥].

یەکێک لەوکارە بچووکانەی کە لە ناواخنیدا زۆر گەورەبوون کارەکانی (چیمەن حەسەن شابان) بوون، بۆ نموونە لە ژووری (بیان الولادة)دا هەرچی منداڵی پێشمەرگە بوو، چیمەن کاری پێویستی دەرهێنانی بۆ دەکردن، بۆئەوەی بتوانن بچنە خوێندنگە و خوێندیان لە کیس نەچێت. هاوکات لە ساڵی (١٩٨٦)دا لە کاتی پێکهێنانی بەرەی کوردستانیدا، لەگەڵ ژنانی ناو ڕێکخستنی پارتەکانی تردا دژی حکومەتی عێراقی کاری کردووە، بۆنموونە ئەوان وەک ژنانی ناو یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بەنهێنی کاریان کردووە و دەچوون بۆ شاخ و پێشمەرگەیان دەبینی، کە دەگەڕانەوە ڕاسپاردەکانیان دەبرد بۆ کەسوکاری پێشمەرگە، ئەگەریش خێزانەکانیان نەخۆش بونایە دەیانبرد_

---

(1) عەبدوڵلا کەریم محمود: وەسفیە بەنی وەیس، ل٤١٨-٤٢٣.

(2). چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ شەونم نەجمەدین عەلی، سلێمانی، ٢/١٣/ ٢٠٢٢؛ لە ساڵی (١٩٤٦)دا لە سلێمانی لەدایکبووە، پلەکانی حزبی لە بەرپرسی ناوچە و لق و کارگێڕی مەکتەبی سکرتاریەت بڕیوە، دوو خول لێپرسراوی لقی ئافرەتانی کوردستان بووە، ساڵی (١٩٧٤) چۆتە دەرەوە بۆ چۆمان و ناوپردان، کە ناوچەی سکرتاریەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون.

(3) ڕووخۆش عەلی: مێژووی تێکۆشانی مێینە ...، ل٢٨-٣٠.

(4) هەمان سەرچاوە.

(5) چاوپێکەوتنی توێژە لەگەڵ ( شەونم نەجمەدین عەلی)، سلێمانی، ٢٠٢٢/٢/١٣.

بۆ نەخۆشخانە و چارەسەری پێویستیان بۆ وەردەگرتن. ناوبراو لە پێناو ئەرکەکانی شۆڕشدا لە ژیانی تایبەتی خۆی بوارد و نەیتوانی هاوسەرگیریی ئەنجامبدات[١].

سەبارەت بە پارتەکانی تر دەتوانین نموونەی هەریەک لە (سوعادەت عەبدولمەجید سوڵتان)، (سۆزان محمد محمد ئەمین)[٢] ،لەناو بزوتنەوەی سۆشیالیست دەست بەکاربوون و کاری ڕێکخستنیان لەناو شار ئەنجامداوە، سوعادەت ڕێکخراوەکەی پێکهاتبوولە (سوزان حەمە تاتە، جوانەی کچی و کەژاڵی حاجی حسین)، لە ساڵی (١٩٧٩) لە شاخەوە هەواڵیان بۆ نارد کە بووە بە بەرپرسی لقی ئافرەتانی سلێمانی بەشی ڕێکخستن و بەشی پیشەیی، پێنج شانەی هەبووە سیانیان ژن بوون و دوانیان پیاو بوون هەموو هەفتەیەک کۆبوونەوەیان پێ دەکردن ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژگارەیان تاوتوێکرد، کارەکان بریتی بوو لە بڵاوکردنەوەی پۆستەر و بەیاننامە و نووسینی سەر دیوارەکان و گەیاندن و کۆکردنەوەی کۆمەکی و دەرمان و کەلوپەل و وشیارکردنەوەی خەڵک بە گیانی شۆڕشگێڕیی. چالاکییەکی تری بەردەوام خەریکی پارە کۆکردنەوە و جل کۆکردنەوە بوون و دەیانبردن بۆ مەزاتخانەکەی شاری سلێمانی و دەیانفرۆشت و دەیانکرد بە پارە بۆ پێشمەرگە، ناوبراو ناوە نهێنیەکەی (گۆیژە) بوو، جیا لە چالاکیەکانی ناوشار، دواتر کاری دەرەوە شیان پێ سپارد، چونکە کەسێکی وریا و چالاک بوو. بۆنموونە لە ناوشاردا جۆرەکانی چەکیان لەناو شاردا پێدەبردنە دەرەوە، لە سلێمانییەوە بە ئۆتۆمبێل دەچوون بۆ چوارتا و لەوێوە سواری ئوتومبێلێکی تر دەبوون، بەردەوام کاری گەیاندنی نامە و هەڵواسینی لافیتە و نوسینی بڵاوکراوە و ڕاگەیەنراوەکان بووە و لەسەر دیوار و شوێنە گشتییەکان بە نهێنی خۆیو هاورێکانی تا کاتی ڕاپەڕین هەڵیاندەواسین[٣]. سۆزان حەمە تاتە ئەو کارانەی پێی سپێردرا بوون بریتی بوون لە نوسینی دروشم لەسەر دیوارەکان، ئەو پەیامانەی کە دەیاننوسین، تیکڕا پەیامی پێشمەرگە بوون، بۆنموونە دەیانوسی: بڕوخێ ڕژێمی فاشی بەغداد، کەم ژیان و کەڵ ژیان، یاخود دروشمگەلی پەیوەست بە پیاهەڵدان بە باڵای شەهیدان و دروشمی کوردستان یان نەمان نموونەی ئەو نوسراوانە بوون کە دەیاننوسین. ئەم خاتوونە بە هۆی ئەوەی لە بنەماڵەیەکی خاوەن شەهید

---

(1)ڕووخۆش عەلی: مێژووی تێکۆشانی مێینە ، ل١١٥_١٢٦.

(2). سۆزان محمد محمدئەمین: لەساڵی (١٩٦٧ ) لە گەڕەکی سابوونکەران لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە خوێندنگەی گوێژە بووە، خاوەنی پێنچ قوربانییە، لە گیانی شۆڕشگێڕیدا کاریگەری کاوەی برای بە سەریەوە بووە، کاوە فێری خوێندنەوەی کردووە، هەروەها فێری خۆڕاگری و بەرگەی ئاڵۆزییە سیاسییەکانی گرتووە، دوای لەدەستدانی باوک و براکانی لە ماڵی مامی ماوەتەوە، لە ( ١٩٨٨)دا هاوسەرگیری کردووە، لە ( ٧ی حوزەیرانی ١٩٨٣ ) ئەندامێتی سۆشیالیستی پێ بەخشراوە و کاری کردووە.بڕوانە: (نەرمین عوسمان: چاوپێکەوتنی لەگەڵ سۆزان حەمە تاتە، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٢/٨ بڵاوکراوەتەوە لە ڕێکەوتی ١٠/٦/ ٢٠٢٢ وەرگیراوە لە وێبسایتی https://bit.ly/3wCQE31.

(3) ڕووخۆش عەلی: مێژووی تێکۆشانی مێینە ...، ل٢٥٠_٢٦٨.

بوو، له خوێندنگاکەیدا بەردەوام چاوی سیخورەکانی لەسەر بووە، ئەمەش وای کردووە ماوەیەکی کاتی واز له خوێندن بهێنێ، بەڵام به هاوکاری مامۆستاکانی توانی بگەڕێتەوە بەر خوێندن. ناوی نهێنی لەڕێکخستندا به (زێیار)ناسرا بوو، هەر لە سەرکردایەتی حزبی سۆشیالیستدا ئەو ناوەیان لێ نابوو، ئەو ماوەیه له ڕێکخستنی ناوشار کار و چالاکییەکانی بەردەوام بووە، تا ساڵی (١٩٨٨-١٩٨٩)، ئەو کاتانه کەلێنێکی گەورە کەوتە ناو ڕێکخستنەکانیان هەندێ له هاوڕێیانیان گیرا، لەلایەن خاتوو سەعادەت پێیان ڕاگەیاند کە شوێن بگۆڕن و کاروچالاکییەکانیان بوەستێنێت[1]. لێرەوە ڕووندەبێتەوە کە ژنان گەلێک لە ئەرکە هەستیار و بە بایەخەکانی ناو شۆڕشیان لەناو پارت و ڕێکخستنه جیاوازەکاندا لە ئەستۆگرتووە، هاوکات ئەوەش سەلمێنراوە کە ڕێکخستنی ناوخۆی پارتە سیاسییەکان بە بێ سەرچڵییەتی و ئازایەتی ژنان نەتوانراوە بە سەرکەوتوویی بە ئەنجام بگەیەنرێن. یەکێکی تر لەو ژنانەی ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە ئەویش (گوڵێ دەروێش[2])، گوڵێ هەر له سەرەتای ئاشنابوونی بە کاری ڕێکخستنی ناو شار بڕیار دەدات دەست بە تێکۆشان بکات، گرنگترین کارو چالاکییەکانی ناوبراو بریتی بوو لە شاردنەوەی ئەو بڵاوکراوانەی کە نەدەبوو دە ست حکومەت بکەون. لە ڕاستیدا ئیشی سەرەکی خۆی پیشەی چنین و ڕستن بوو، بۆنموونە لفکەی دروست دەکرد و بڵاوکراوەکانی تیا ئەشاردەوە، کە وەختێکیش خۆپیشاندان دەکرا، هەوڵی پاراستن و پەنادانی ئەو لاوانەی دەدا کە کەوتبوونە بەرچاوی دەزگا هەواڵگیرییەکان، چونکە بە هۆی نزیکی ماڵیان لە زانکۆی سلێمانی، هەرکات خۆپیشاندانی خوێندکاران بکرایە، جل و بەرگی ژنانەی ئامادە دەکرد، هەر خوێندکارێک هەڵبهاتایە و هاوکارییانی دەکرد و پەنای دەدان. دواجار لە (٢٤ /١٠/١٩٨٧)دا کەمالی کوڕی و چوار هاوڕێی لەپێشچاوی کەس و کارەکەیاندا گوللەباران دەکرین ، لە کاردانەوەی ئەوەدا گوڵێ هیچ سارد نابێتەوە، بەڵکو وەک دایکێکی بەرپرسیار، دوو نامە دەنێرێت بۆ منداڵەکانی تری کە ئەوانیش دەستگیرکراون، داوایان لێدەکات بەردەوام بن لە خوێندن و پشت بە خۆیان ببەستن لە ژیاندا، دواتر دەیانگوێزنەوە لە ئەمنەسورەکەوە بۆ ئەمنی گشتی بەغداد، ئەوەبوو بۆ ماوەی دوو ڕۆژ ئەوانیش گوازرانەوە بۆدادگا و ئیتر نەگەڕانەوە[3].سەرەڕای نرخاندنی ئەو خەباتە نهێنییەی ژنان لەناو ڕێکخستنی پارتە سیاسیەکانی

---

[1] نەرمین عوسمان: چاوپێکەوتنی لەگەڵ سۆزان حمه تاته، له ڕێکەوتی ٢٠٢١/٢/٨ بڵاوکراوەتەوە لە ڕێکەوتی ٦/١٠/ ٢٠٢٢ وەرگیراوە ویبسایتی https://bit.ly/3XJdSAd.

[2] . گوڵێ دەروێش: له ساڵی (١٩٤٤) له گوندی مرانێ له شارباژێر سەر به شاری سلێمانی لەدایکبووە، هەشت خوشک و سێ بران، بێ بەشبووە له خوێندن، له تەمەنی حەڤدە ساڵی لە ( ١٩٦١ )دا ژیانی هاوسەرگیریی لەگەڵ (مەحمود فەرەج) پێکهێناوە، دێته سلێمانی و له گەڕەکی (مەجید بەگ) نیشتەجێ دەبن. بڕوانه: (گوڵێ دەروێش ئەو ژنەی خۆی دەخستە بەردەم قامچی ملازم موحسین، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١/٣٠ بڵاوکراوەتەوە لە ماڵپەڕی https://bit.ly/3wD6Y3O.

[3] گوڵێ دەروێش ئەو ژنەی خۆی دەخستە بەردەم قامچی ملازم موحسین، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١/٣٠ بڵاوکراوەتەوە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٢/٩ وەرگیراوە لە ماڵپەڕی https://bit.ly/3wD6Y3O.

کوردستاندا، ئەوان توایبوویان لە قۆناغیکی هەستیاردا هێزبدەن بە ڕێکخستنەکانی ناوشار، لەگەڵ ئەوەشدا رۆڵی ژنان بە بەراورد بە دووای ڕاپەڕین خەڵکی کوردستان، تارادەیەکی زۆر سنووردار بوو، دیارە ئەوەش پەیوەندیدارە بە گەلێ هۆکاری دیاریکراوەوە کە لەتەوەری سێهەمدا رونیدەکەینەوە.

**بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵێک بەربەست لەبەردەم بەشداری سیاسی و ڕۆڵی سیاسی ژندا هەبوو وەک:**

١ . کاریگەریی ئەو چەمکانەی دژی مافی ژنن و ئەو داب و نەریتانەی لە کۆمەڵگەدا باون و دژی کاری سیاسی ژنانن.

٢ . نەبوونی هۆشیاری پێویست لای ژنان، سەبارەت بە گرنگی بەشداری و ڕۆڵیان لە کاری سیاسی و هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی مافە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیان.

٣ . نەخوێندەواری یان لاوازی ئاستی خوێندن سیمایەکی زەقی کۆمەڵگە دواکەوتووەکانە و هەمیشە ژنان بازنە بەرفراوانەکەی نەخوێندەواریی پێکدەهێنن.

٤ . بەربەستی کولتووری پەیوەستە بەکۆی تێگەیشتنی کۆمەڵگە دەربارەی پرسی ژنان، ئەمەش تاوەکو ئاستێکی زۆر لە ئاینەوە سەرچاوەی گرتووە، لەگەڵ داب ونەریت و سیستەمی پەروەردە و نەریت کە ئاینیش ڕۆڵی کارای تێدا هەبووە.

٥ . سیاسەت لە کۆمەڵگەی کوردیدا رەنگیکی پیاوانەی بەسەردا زاڵبوو، بە دەربڕینیکی تر بەشێک لە سیاسەت بە ئەزموونەکانی کوردیش هە لگری هەمان ئەو بۆچوونەن کە پێیوایە سیاسەت کاری پیاوانەیە[1].

سەرەڕای هەموو بەربەستەکان و داخرانی کولتووری و دیدی نێرانەی سەرکردایەتی شۆڕش و ڕەخنەی کۆمەڵگە بۆ ڕۆڵی سیاسی ژن، کەچی هیشتایش لەم پرۆسە مێژووییەدا، ژن توانیویەتی بەربەستەکان بشکێنێت و زۆرێک لە ئاڵنگارییەکان تێپەڕێنیت و ڕۆڵی بەرچاوی خۆی لە کایەی سیاسیدا ببینێ. بە هەمان ئەو دیدەوە بەشداری کایەی ڕۆشنبیری و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان بکات و رۆڵی بەرچاوی هەبێت لە پرۆسەی گەشپێدانی کۆمەڵگە لەو دەمەدا و بە تایبەت دوای ڕاپەڕینی بەهاری (١٩٩١) کە ئازایانە هاتە مەیدان و بەربەستەکانی نەریتپارێزەکانی تێپەڕاند.

[1] ئاڤان فارس جاف: هاندانی بەشداری سیاسی ژن لە گوتاری ڕاگەیاندندا، شەشەمین کۆنفراسی نێودەوڵەتی پلاتفۆری دابڕان و چوارەمین کۆنفراسی فیمنیزمی ڕۆشنگەری، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٢١، ل٦٩-٧١.

## باسی سێیەم: ڕۆڵی ڕۆشنبیریی ژن لە شاری سلێمانی ساڵانی (١٩٧٥-١٩٩٠)

### تەوەری یەکەم: ڕۆڵی ژن لە کایەی هونەری گۆرانی و مۆسیقا لە شاری سلێمانی ساڵانی(١٩٧٥-١٩٩٠).

هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردی وەک هەموو هونەرێکی نەتەوەکانی تری جیهان سەرەتایەکی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام لەگەڵ دامەزراندنی (تیپی مۆسیقای مەولەوی[1]) قەڵەمبازێکی گەورە بەسەر هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردیدا هات، لێرەوە وردە وردە هونەری مۆسیقا گەشەی کردوو بەرەو پێش چوو، تاوەکو وای لێهات کۆمەڵێ مۆسیقار و هونەرمەندی گۆرانیبێژی لە خۆگرت، کە زۆر سەرکەوتووانە ئاهەنگەکانی ئەو قۆناغەی شاری سلێمانی و ناوچەکانی دەوروپشتیان بە ئەنجام دەگەیاند. پاشان لە ساڵی (١٩٦٩)دا تیپی مۆسیقای سلێمای مۆڵەتی فەرمییان پێدرا، ئەو هەنگاوەش تاڕادەیەکی باش خزمەتی هونەری مۆسیقای کوردی کرد، ئەم تیپە هەر لەسەرەتای دروست بوونییەوە ژنییشی لەخۆ گرتووە وەک (سەمیرە نادر) وەک گۆرانی بێژ بەشدار بووە، هاوکات بەشێکیشیان لە کۆرسە مۆسیقی و هونەرییەکانی گۆرانیدا بەشدارییان پێدەکرا، ئەمەش بووە سەرەتایەکی باشتر بۆ بەشداری چالاکانە و ڕەچەشکێنانەی ژنان لەکاری مۆسیقادا[2].

لەساڵی (١٩٧٥)دا، (تیپی مۆسقای ئامادەیی سلێمانی کچان) بە هەوڵ و هاندانی بەڕێوەبەری ئەوکاتەی ئامادەیی سلێمانی کچان مامۆستا (گوزیدە ساڵەح عەبدولرەحمان قەفتان[3]) و بەهاوکاری مامۆستایان (خالد سەرکار و فەریدوون دارتاش) دامەزرا[4]. هەر بەشداری ئەو مامۆستایانەش بوو لەو تیپەدا، کە بووە هاندەرێکی گرنگ بۆ خوێندکاران تاوەکو لەگەڵ مامۆستاکانیاندا بتوانن بەشداری چالاکییە هونەرییەکان بکەن، ئەوەیش فاکتەرێکی تری نهێنی

---

[1] تیپی مۆسیقای مەولەوی یەکەمی تیپی مۆسیقایە لەسەرتاسەری کوردستاندا بۆ یەکەمجار لە ساڵی (١٩٥٣) دامەزرا، تا کۆتای حەفتاکان بەردەوام خزمەتی بە بواری هونەری و مۆسیقا کردووە، بە دەیان ئاواز و گۆرانی فۆلکلۆری لە فەوتان پاراستووە، ئەم تیپە لەسەر ئاستی عێراق ناسرابوو, چەندین ئاهەنگی نەورۆز لە بەغدا زۆر لە شارەکانی تری عێراق سازکردووە و چەندین خەڵاتی ڕێزلێنانی وەرگرتووە. بڕوانە: (سیروان محمد، تیپی مۆسسیقای مەولەوی چۆن دامەزرا، گۆڤاری سلێمانی، ژ. (٤٠)، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٣١).

[2] سەردارخدر حسین، ئافرەت مۆسیقا و گۆرانی کوردی، چ١، چاپخانەی هەواڵ، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٥.

[3] گوزیدە قەفتان: لەدایکبووی (١٩٣٧)لەگەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی, لەبنەماڵەیەکی ڕۆشنبیر و دیاری کوردبووە، کچی مێژوونووس (سالح قەفتانە) ، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی سدیقەی سەرەتای و ناوەندنی سلێمانی لەئامادەی سلێمانی تەواوکردووە، ساڵی (١٩٥٩ ) بەمەبەستی خوێندن چۆتە بەغداد، لەساڵی (١٩٦٢)دا, لەئامادەی سلێمانی کچان دەبێتە مامۆستا، ساڵی (١٩٧٢ ) بە (بەڕێوەبەری ئامادەی سلێمانی) هەڵدەبژێرێت و تاوەکو ساڵی( ١٩٧٩ )بەردەوام دەبێت. بڕوانە: (زەکیەڕەشید محمدامین: بزوتنەوەی کچانی کورد لەسلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٥٦).

[4] ڕووخۆش علی: یادەوەریی تەمەنێک لەئەزمون، چاپخانەی سەردەم،سلێمانی،٢٠١٨، ل٩٥.

سەرکەوتنی کارەکانیان بوو[١].بەجۆرێک ئەو تیپە سەرجەم ئەندامەکانی ژن بوون، ئەوەبوو توانیان تەنها لە ماوەی دوو ساڵدا، چەندین بەرهەمی خۆیان لە سروود و گۆرانی و مۆسیقا لە شارەکانی سلێمانی، هەولێر، موسڵ و بەغداد پێشکەش بکەن، هاوکات چەندین کۆنسێرتیان لەو ڤیستیڤاڵانەی لەسەر ئاستی عێراق ئەنجامدەدران پێشکەشکرد. هەر هەمان تیپ لە ڤیستیڤاڵی پەروەردە لە شاری بەغداد توانیان پلەی نایاب بەدەستبهێنن[٢].

سەبارەت بە پێکهاتە و ڕێژەی ئەندامانی تیپەکە دەتوانرێت بوترێت کە لەساڵی یەکەمدا (١٤)ئەندامی سەرەکی هاوڕێ لەگەڵ (٢٠) کچیش بۆ کاری بەشداری کۆرسەکان بوونیان هەبوو بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١)، هاوکات سەبارەت بە چالاکییەکانیش بریتی بوون لە: ڕێکخستنی ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقا لە هۆڵی چالاکی قوتابخانەکان لە ڕێکەوتی(٩_١٢/کانوونی دووەم/١٩٧٥)، بەشداریکردن لە ئاهەنگی ڕۆژی جیهانی ژن لە (٣٠/کانونی دووەم/١٩٧٦)دا، هەروەها لە ڕێکەوتی (٢٣/ئازار/١٩٧٦)دا لە هاوینەهەواری شارۆچکەی دوکاندا بەشدارییان لە ڕێکخستنی ئاهەنگی نەورۆز و سەری ساڵی نوێی کوردیدا کرد، دواترلە ڕێکەوتی (١٩٧٦/٣/٢)دا بەشداری ئاهەنگی (گوڵ) لە قوتابخانەی ئامادەیی سلێمانی کچانیان کرد جێگەی ئاماژە پێکردنە کە لە ساڵی دووەمی چالاکییەکانیاندا تیپەکە گەشەسەندنی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، بەجۆرێک ژمارەی ئەندامەکانیان ببووە (١٦) ئەندامی سەرەکی، جگە لەوەش لەڕووی چەندێتییەوە چالاکییەکانییان گەشەی کرد، لە گرنگترین ئەو چالاکییانەشدا، کە لە خولی دووەمدا بە ئەنجامیان گەیاندن، بریتی بوون لە: ئاهەنگی قوتابخانەی ئامادەیی سلێمانی کچان لە ڕۆژانی ٤_٥/نیسان/١٩٧٧) بەشدار بوون، پاشان لە ڤیستیڤاڵی پەروەردەیی لە بەغدا کە لە ڕێککەوتی(١٣/نیسان/١٩٧٧) دا ڕێکخرابوو توانییان جارێکیتر پلەی نایاب لەسەر ئاستی عێراق بەدەستبهێنن، بەشداریکردن لە ئاهەنگی پەروەردەیی لە هەولێر کە لە ڕێکەوتی(٢٢/ئەیلول/١٩٧٧) دا ئەنجامدرا[٣].

بەگشتی لەپاش ئەنجامدانی کۆمەڵێک کار و چالاکی کە ڕۆڵی هونەرییانەی ژنیان لەو دەمەدا نیشاندەدا، دواجار پرسی هەندێک هۆکاری ناکۆکی خێزانی و کۆمەڵایەتی لەناو بەشێکیاندا و وەرگیرانی بەشێکیتریان لە زانکۆ و پەیمانگاکانی عێراقدا، بوونە هۆکاری لەبەریەک هەڵوەشانی تیپەکە[٤].

---

(1) کوێستان محمد: لاپەڕەکی پرشنگداری ژنانی سلێمانی لەبواری ئاواز و مۆسیقادا، گۆڤاری تەوار، ژ.(٦)، چاپخانەی کوردستان، سلێمانی١٩٩٣، ل٤٠.

(2) دالیا جەزا: تیپی مۆسیقای ئامادەی سلێمانی کچان سمبولێکی ترە بۆ شکۆداری کچانی شار، گۆڤاری سلێمانی ژ.(٥٨)، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٣١.

(3) سەردارخدر حسین: ئافرەت مۆسیقا و گۆرانی کوردی، ل١٢.

(4) هەمان سەرچاوە ، ل٩-١٢.

بیروباوەڕی مامۆستا گوزیدە ڕۆڵیکی بەرچاوی بینی لەسەر ڕێکخستنی پرسی ڕۆشنبیریی ژن و بەشداری و ڕۆڵی لەو کایەیەدا، ناوبراو لەم بارەوە دەڵێت: " هەبوونی کچی کورد لەبواری مۆسیقادا کاریگەرییەکی باشی دەبێت، چونکە هەموو لایەنێکی ژیان ئەگەر ڕەگەزی ژنی تیا نەبێت، ئەولایەنە بەناتەواویی ئەمێنێتەوە، کچ و کوڕ هەردووکیان دەتوانن وڵات بەرەو پێشەوە بەرن و تەواوکەری یەکترن، بەتایبەتی هونەری گۆانی و مۆسیقا بەشێکی گرنگی ژیانە[١].

قۆناغێکی دیکەی ڕۆڵی ڕۆشنبیریی و ڕەوەنقی هونەرییانەی ژنانی سلێمانی، بۆ دەسپێکی هەشتاکان دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی کاتێک لە ساڵی (١٩٨٠) لەشاری سلێمانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان دەکرێتەوە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٢). ئەم هەنگاوە وەک وەرچەرخانێکی دەگمەن لە ژیانی هونەری ژنانی سلێمانیدا ڕەنگدەداتەوە، چونکە بۆ یەکەمینجار ژن لە شاری سلێمانی بەشێوەیەکی زانستی هونەریان خوێندو کاروچالاکی هونەرییان بە شێوەیەکی ئەکادیمی ئەنجامدا[٢]، ئەوەیش بووە هۆکاری دەرکەوتنی چەندین ژنی سەرمەشق لە بواری هونەردا، لە دیارترین ئەو ژنانەی ڕۆڵیان هەبوو لە پێشخستنی کاری مۆسیقا و گۆرانی لە شاری سلێمانیدا، کە توانیان لە چەندین کاری هونەریدا جێدەستیان دیاربێت، یەکێک لەوانە هونەرمەند (ناسک حەسەن مەحمود[٣])بوو. کە لە ساڵانی(١٩٨٤_١٩٨٥)دا لە بەشی مۆسیقا بووەتە خوێندکار لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان، ئەو لەماوەی خوێندنیدا فێری ژەنینی ئامێری ئۆکۆردیۆن بووە[٤]. بەگشتی پێنج ساڵی خوێندنی لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان، بە ئاوازدانان و ژەنینی ئۆکۆردیۆن و چەند پارچە میوزیکێک لەژێر ناوی (کانی) و (ساوێن) و (تارا)دا بەسەر بردووە، هەروەها بەشداری ڤیستیڤاڵ و چالاکی ساڵانەکانی کردووە. ناوبراو بە هاوکاری هەریەک لە هونەرمەندان (مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی و لارک لەتیف) کارەکانی ئەنجامداوە و دواجار بووەتە ئەندامی سەرەکی لە تیپی مۆسیقای سلێمانیدا [٥].

ناوبراو ڕۆڵیکی بەرچاوی هە بووە لە کایەی هونەری و ڕۆشنبیریی لە شاری سلێمانی، هەبوونی ژنە مۆسیقارێک و بەتایبەت ئامرازی ئۆکۆردیۆن بۆ ئەو قۆناغە سەرەتایەکی درەوشاوەبوو.کردنەوەی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی سەرەڕای ئەوەی ڕەوتی هونەریی

---

(1) سەردارخدر حسین: ئافرەت مۆسیقا و گۆرانی کوردی ،ل٢٥- ٢٤.

(2) مەغدید حاجی: ئافرەت لەشانۆی کوردی، چاپخانەی الجاحظ، بەغداد، ١٩٨٩، ل١٤٦- ١٤٧.

(٣) ناسک حەسەن محمود: لەساڵی( ١٩٦٨ ) لەگەڕەکی کارەبا لەقەڵادزێی سەر بە پارێزگای سلێمانی لەدایکبووە، لەخێزانێکی کوردپەروەر و خوێندەوار ژیاوە، قۆناغی خوێندنی سەرەتای و ناوەندی لە قوتابخانەی (شیرین) لەسلێمانی تەواوکردووە، دەرچووی بەشی مۆسیقای پەیمانگای هونەرەجوانەکانە لە سلێمانی. بڕوانە : (زەکیەڕەشید محمدامین: بزوتنەوەی کچانی کورد لەسلێمانی، ل١٤٦- ١٤٥).

(٤) گوڵنیشان: مامۆستای موزیک ناسک حەسەن، لە ساڵی ٢٠٢٠ یوتوب بڵاوکراوتەوە،لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٢/١٠ وەرگیراوە لەسایتیhttps://bit.ly/3Y84OVF.

(5) زەکیەڕەشید محمدامین: بزوتنەوەی کچانی کورد لەسلێمانی، ل١٤٦.

له شارەکەدا پێشخست، لەهەمانکاتدا پاڵنەرێکیش بوو بۆ برەودان بە تواناکانی ژنان. بەجۆرێک لەوقۆناغەدا ئەم پەیمانگایە هانی چەندین ژنیداوە تاوەکو فێری کاری هونەریی ببن و لە کاروانی مۆسیقا و هونەری گۆرانی کوردیدا شوێن دەستیان دیاربێت. بۆ نموونە (چیمەن حەسەن محمود[١])، لە گۆرانی (لۆلۆ) لەگەڵ هونەرمەند (کەریم کابان) وەک گۆرانیبێژ ڕۆڵی بینیوە، کە بۆ ئەو قۆناغەی کۆمەڵگەی کوردی ئاڵنگارییەکی گەورەبووە، جگەلەوەش لە ساڵی (١٩٧٩)دا لە گۆرانی (غەزاڵێ بلێ غەزالێ)دا، وەک کۆرس لە ڤیستیڤاڵی ساڵی پێنجەمی مۆسیقادا لە بەغداد بەشداری کردووە. هاوکات وەکو ژەنیارێک لە هەموو بەرهەمەکانی(تیپی مۆسقای نەورۆزیشدا[٢])، بەشداربووە، کە گرنگترینیان بریتی بووە لە کاسێتی بەرهەمی گۆرانی مۆسیقای منداڵان، بەم کارەشی خزمەتیکی گەورەی پێشکەش بە جیهانی منداڵانی کورد کردووە. هەوەرها لەچەند چالاکییەکی تردا ڕۆڵی کارای وەک مۆسیقارێک هەبووە، وەک چالاکییەکانی (میهرەجانی ساڵانەی سلێمانی(١٩٨٢_١٩٨٣)، ئاهەنگەکانی تیپی مۆسیقای سلێمانی)[٣].

ساڵانی(١٩٧٥_-١٩٩٠) هونەری گۆرانی لە سلێمانیدا پێی ناوەتە قۆناغیکی نوێوە، ئەوەش زیاتر لە چوارچێوەی هەستی نیشتیمانپەروەری و سیاسیدا خۆیدەبینییەوە، چونکە بەهۆی ئەو بارودۆخە دژوارە سیاسییەی لەو کاتە هاتبووە ئاراوە، ڕووداوە سیاسییەکان ڕاستەوخۆ کاردانەوەیان هەبوو لەسەر کاری هونەری، هەربۆیە ژنانی هونەرمەندی شاری سلێمانیش هەوڵیانداوە لە ڕێگەی گۆرانیەکانیانەوە گوزارشت لە بارودۆخە ناهەموارەکەی نەتەوەکەیان بکەن. یەکێک لەو ژنانە هونەرمەند (پەیمان عومەر[٤]) بوو، کە لە ڕێگەی چرینی گۆرانی (چرا هەڵکەن) لە ئاوازی (ئەنوەر قەرەداغی)، لە ساڵی (١٩٨٧)دا توانی ناڕاستەوخۆ باس لە زوڵم و زۆرداری دەسەڵاتی ئەوکاتی ڕژێمی عێراق بکات[٥].

---

[١] چیمەن حەسەن محمود: لەساڵی( ١٩٦٤) لە قەڵادزێ لەدایک بووە, دەرچووی کۆلێژی پزیشکییە لە( زانکۆی موسڵ). لە ساڵی ( ١٩٧٧-١٩٧٨ )دەستی کردووە بە فێربوونی مۆسیقا لەسەر ئامێری کەمانچە (سەردار خدر حسین: ئافرەت مۆسیقا و گۆرانی کوردی، ل٣٤).

[٢] تیپی مۆسیقای نەورۆز: گروپێکی مۆسیقی کوردی سەربە چالاکی قوتابخانەکان بوون لەلایەن (عوسمان محمد) دامەزرا، دواتر لەگەڵ هەردوو تیپی مۆسیقای بێخود و (تیپی مۆسیقای شێخ محمود)دا ( تیپی مۆسقای منالانی سلێمانیان) دروست کرد، بە بێ ریکەوت بڵاوکراوەتەوە،لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٩/١٠ وەرگیراوە لە وێبسایتی https://bit.ly/3HEiL8f.

[3] سەردار خدر حسێن: ئافرەت مۆسیقا و گۆرانی کوردی، ل٣٤.

[٤] پەیمان عومەر بەهرام: لە ساڵی (١٩٦٤)، لەگەڕەکی شێخان لەشاری سلێمانی لە بنەماڵەیەکی هونەر دۆستدا لە دایکبووە، هەرلە پۆلی سێی سەرەتاییەوە جێی متمانە بووە بۆ بەشداری کردنی لەچالاکی قوتابخانەدا هەرلە ڕێگەی چالاکی قوتابخانەوە بەشداری لە ڤیستیڤاڵی میوزیکی جیهانی لە بەغداد کردووە، یەکەم کچە کوردبووە گۆرانی بە هەردوو شێوەزاری بادینی وهەورامی لە ساڵی١٩٨٠ وتووە بڕوانە: (زەکیە ڕەشید محمدامین: بزوتنەوەی کچانی کورد لەسلێمانی، ل١٥٠).

[5] پەیمان عومەر و گۆرانییە سیاسیەکانی: ڕۆژنامەی ژیانەوە ژ.(١٢ )ساڵی یەکەم ١٩٩٨/٣/٨، ل١٠.

لەهەمان ساڵدا و لە ڤیستیڤاڵی ساڵانەی پەیمانگای هونەرە جوانەکاندا، بە هاوکاری بەشی مۆسیقا، گۆرانی (شانزە ساڵ چاوەڕوانی) و گۆرانی (ئازیز)ی وتووە.پاشان لە ساڵی (١٩٨٤)دا بە هاوکاری ئەنوەر قەرەداغی شەش گۆرانی بۆ ڕادیۆی بەغداد تۆمارکردووە، وەک گۆرانی (باخی دڵ، ڕەوشی شەوانم، مناڵینە، ئازیزەکەم، چاوەڕوانی، لێڵ ولاوە، سۆز)، جگە لەوەیش هەندێ بەستە و مەقام و گۆرانی تریشی تۆمارکردوون، دواتریش کاری لەگەڵ هەردوو تیپی مۆسیقای پیرەمێرد و نەورۆزدا کردووە[1]. هەڵبەتە هەوڵە هونەریەکانی ژنانی سلێمانی لەو قۆناغەدا تەنها لە کایە سیاسی و نیشتمانییەکاندا نەدەخولایەوە، بەڵکو شۆڕبوونەوە بۆنیو دونیای منداڵ و پەروەردەی تەندروستانەی منداڵی کوردیش. بۆ نموونە لە ساڵانی (١٩٧٥_١٩٨٠)دا، لە ڕێگەی وتنی گۆرانی منداڵان و بەتایبەت بەهۆی هەبوونی (تیپی مۆسیقای منداڵانی پیرەمێرد[٢]) لەو کاتەدا، یەکێک لەو ژنە هونەرمەندانە (ئالا عمر ابراهیم[٣])، چەندین گۆرانی بۆ منداڵان چڕیوە و جگە لەوەیش سەردانی شارەکانی عێراقیان کردووە، بەتایبەتی لەگەڵ تیپی مۆسیقای منداڵانی پیرەمێردا. ژنانی هونەرمەندی سلێمانی ڕۆڵی کاریگەریان هەبوو، بۆنموونە لە دیارترینی ئەو چالاکییانەدا وەک گۆرانیبێژ و ژنانی ژەنیاری فلوت بەشدار بوون. بەگشتی گۆرانییە تۆمارکراوەکانی ئەو دەمەش بریتی بوون لە: گۆرانییەکانی (بەفر بارین، جریوە، چۆلەکە، بەبە، ئەی نیشتمانم، دڵی سپی، ئەی تۆپەکە، دوا بڕیار). هەروەها لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانیشدا بەشداربوون لە گۆرانی (خاکی شیرین، زەماوەند، قاعەی خولد)، هاوکات وەکو کۆرسیش کچانی سلێمانی ڕۆڵی بەرچاویان لە گۆرانییەکاندا گێڕاوە[٤].

دەتوانرێت بوترێت ڕۆڵی ژنانی هونەرمەندی سلێمانی لەو قۆناغە دیاریکراوەدا، تەنها ئاوڕدانەوە لە هونەری گۆرانی و مۆسیقا نەبووە، بەڵکو لەپاڵ هونەرەکەدا پەیامی پێکەوەیی و نیشتمانی و هەڵوێست وەرگرتنیان لە هەمبەر نەیارێتی ستەم و نادادی و پەروەردەی نەوەیەکی هۆشیار نیشانداوە.

---

(1) زەکیەڕەشید محمدامین: بزوتنەوەی کچانی کورد لەسلێمانی، ل١٥١.

(٢) تیپی مۆسیقای پیرەمێرد: گروپێکی مۆسیقی کوردیە، سەربەچالاکی قوتابخانەکان بوو، ساڵی (١٩٧٧) لەسەردەستی سەلاح ڕەئوف دامەزرا، تیپەکە نزیکەی (٦٠) ئەندامی هەبووکە لەدوو قوتابخانەی کچان وسێ قوتابخانەی کوڕان هەڵبژێرابوون، ئەم تیپە لەسەرەتادا هەرمنداڵی فێری مۆسیقا دەکرد تا ساڵی( ١٩٩١ )چالاک بوو، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٦/٤ بلاوکراوەتەوە ،لەڕێکەوتی ٢٠٢٢/٩/٥ وەرگیراوە لە وێبسایتی https://bit.ly/3X0ouKd.

(٣) ئالاعومەر ابراهیم: لەساڵی( ١٩٦٣) لە سلێمانی لەدایک بووە، پەیمانگای تەکنەلۆجیای لەشاری کەرکوک تەواوکردووە، سەرەتای کاری هونەری دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی( ١٩٧٤ ) کە بەشداری کردووە لەچالاکی قوتابخانەکان بە گۆرانی منداڵان لە سلێمانی و هەولێر و بەغداد. هەرلە وسەردەمەوە تائێستا (٤٠ )گۆرانی جۆراوجۆری هەیە (سەبرییە مەحمود؛ دالیا عەلی: کاری کۆمیدیا باشە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دیاردە دزێوەکان، پشوی کوردستانی نوێ، ژ. (١٢)، ٢٠٠٠، ل٢٨).

(4) سەردارخدر حسین: ئافرەت مۆسیقا و گۆرانی کوردی، ل٣٧.

**تەوەری دووەم: ڕۆڵی ژن لە شانۆ و دراما لە شاری سلێمانی  ساڵانی (١٩٧٥_١٩٩٠).**

لە شاری سلێمانیدا کردنەوەی (کۆمەڵەی زانستی کوردی)  لە ساڵی (١٩٢٦) ، هانی چالاکی شانۆیی داوە، چونکە وایدەبینی شانۆ لە ژیانی کۆمەڵ و چاوکردنەوەی خەڵکیدا ڕۆڵی گرنگی هەیە[1]. کردنەوەی پەیمانگای هونەرەجوانەکان بەشی شانۆیی و پێشکەشکردنی شانۆنامە ناسراوە هونەرییەکانی دونیا هۆکاری پێشکەوتنی شانۆ بووە لەم شارەدا[2]. دەبێ ئە ڕاستیە لەبەرچاو بگرین، کە بۆ یەکەمجار هەوڵدان بۆ نواندن و کاری شانۆیی لە شاری سلێمانی لە چوارچێوەی قوتابخانەکاندا سەریهەڵدا و پەرەیسەند[3]. لەدەستپێکردنی بزوتنەوەی شانۆی کوردیدا ژنان ئامادەییان نەبووە، بەهۆی ئەوخونەریتە کۆمەڵایەتیانەی ڕێگربوون لەبەردەم بەشداری کردنی ژنان لە بوارەکانی هونەر و ڕۆشنبیری و تەنانەت خوێندندا، پیاوان سەرەتا ڕۆڵی ژنانیان دەبینی و بەرگی ژنانیان لەبەردەکرد و دەنگیان ناسک کردۆتەوە و ماکیاژی ژنانەیان کردووە، بەڵام هێدی هێدی شانۆ دەبێتە دیاردەیەکی کولتووری و ژنان دێنە بوارەکە[4].

لە ناوەڕاستی ساڵی (١٩٧٥) چەندین بەرهەمی شانۆ و شانۆگەریی پێشکەش کران، لەم نێوەندەشدا ژنانی شاری سلێمانی بەتوانا و تێڕامانێکی هونەریانەوە هاتنەوە سەرشانۆ، بە جۆرێک ڕۆڵی ژنان بە بەراورد بە هونەرمەندانی شانۆکاری پیاوان زۆر زیاتر دەرکەوت، هۆکارێکی دیکە کە بووە هۆی پێشکەوتنی هونەری شانۆگەریی لەو قۆناغەدا، تەرخانکردنی بودجەیەکی تایبەت بوو لەلایەن میرییەوە بۆ تیپە هونەرییە مۆڵەتپێدراوەکان[5]. ئەوەبوو چەندین دەقی شانۆیی و شانۆگەریی کاریگەر نمایشکران، بۆنموونە هەر لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، شانۆگەری (گوڵە مێخەک) لە دواناوەندی گەلاوێژی کچان ڕۆڵیان تێدا بینی، یەکەمجاریش بوو لەم شانۆگەریەدا ژن بتوانێت ڕۆڵی پیاو ببینێت بە پێچەوانەی پێشوترەوە کە پیاو ڕۆڵی ژنی دەبینی. لە ساڵی (١٩٨٣)دا لە پارێزگای سلێمانی لە ڤیستڤاڵی ساڵانەی شانۆییدا، دوو بەرهەمی شانۆ بە ناوەکانی (وێرانە) لە نووسینی (یوسف ئەلعانی) و دەرهێنانی (زاهیر مەحمود) نمایشکران، لەشانۆیەدا قوتابیانی ئامادەیی سلێمانی و خانزادی کچان لەگەڵ چەند خوێندکارێکی پەیمانگای هونەرە جوانەکان هاوبەشیان تێدا کرد و لەسەر تەختی شانۆی ئامادەیی سلێمانی تاوەکو ڕۆژی(١٤/نیسان/١٩٨٣) نمایش کران. هەریەک لە (شەهلا ساڵەح حسێن)، (میدیا ڕەئوف)، (ڕوناک حەمە ڕەزا)، (شەونم مەحموود) ڕۆڵیان تێدا بینی. هەروەها شانۆگەریی (ئەنتیگۆنا)ی (ژان

---

(1) یاسین قادر بەرزنجی: شانۆی کوردی، چ٢، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٣٧.

(2) یاسین قادر بەرزنجی: شانۆی کوردی، ل٣٧.

(3) کاوە ئەحمەد میرزا: شانۆی کوردی سلێمانی لە دامەزراندنیەوە تا ڕاپەڕینی ١٩٩١، چاپخانەی کارۆ سلێمانی، ٢٠١٨، ل١١.

(4) بورهان قەرەداغی: شاروشانۆ، چ١، لەبڵاوکراوەی فیستیڤاڵی شانۆی نێودەوڵەتی، هەولێر، ل٦٨.

(5) ئاراز علی عەبدولرەحمان: ڕەوشی ڕۆشنبیری شاری سلێمانی(١٩٧٠-١٩٩١)، ل٩١.

کۆکتۆ)یش نمایشکرا، لەم شانۆگەریەدا قوتابیانی ئامادەی کوڕان و کچان ڕۆڵی سەرەکییان بینی[١]. بەگشتی ئەم چالاکییانە دەرخەری ئەو ڕاستیەن کە ژنان لەڕێگەی چالاکی قوتابخانەکانەوە چوونەتە سەر تەختی شانۆ و کاری نواندنیان ئەنجامداوە، لەو میانەدا چەند ژنێکیش ناوبانگی هونەری خۆیان پێشخستووە، بۆنموونە لەو ژنانەی کە ڕۆڵیان بینیوە لە پێشخستنی شانۆ لە قوتابخانەکاندا (بەدیعەدارتاش[٢]) دیارترینیان بووە، ئەو توانیویەتی لە ساڵی (١٩٧٥)دا کاری دەرهێنان بۆ ئۆپەریەتی (کۆتا زۆردار) لەنوسینی (عەبدوڵا گۆران)، بکات و بتوانێت پلەی یەکەم لەسەر ئاستی هەموو عێراق بەدەست بهێنێت[٣]. هەروەها لەو ماوەیەدا لە قوتابخانەکاندا ئامادەیی هونەری هەبووە، هەربۆیە لە ڕێگەی ئامادەکردنی قوتابیانی کوڕ و کچی کوردەوە کۆمەڵێک چالاکی سەرکەوتوویان لە بۆنە و ئاهەنگەکان لە سلێمانی و بەغداد پێشکەشکردووە[٤]. هەر لەم ساڵەدا و لە ڤیستڤاڵی ساڵانەی قوتابخانەکاندا شانۆی (فیتروک) لە نووسینی (میکانت فێری) لە دەرهێنانی بەدیعە دارتاش نمایشکردنی دەنگدانەوەی زۆری هەبوو(٥). جگە لەوەیش بەدیعە دارتاش یەکێک بووە لە دەستەی دامەزرێنەری پەیمانگەی هونەرە جوانەکان کە لە (٣ تشرینی ١٩٨٠)دا، لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی عێراق و ئێراندا کارەکانی خۆی دەسپێکردووە، بەمجۆرە بۆماوەی(١٤) ساڵ وەک مامۆستا و سەرۆک بەشی شانۆ مایەوە[٦]. شانبەشانی کاری بەڕێوەبەرایەتی بەش لەو ساڵانەدا، لەم بەرهەمە شانۆییانەدا بەشداریکی سەرەکی بوو، لەوانە: شانۆگەرییەکانی (هاوڕێیان، نەخشەی خوێناوی، بزەیەکی تۆراو، ئاهەنگی زەوی، پەیکەر، ئۆپەریتی گوڵی خوێناوی، لە خۆبایی بوون، نێرگز بووکی کوردستان، شەڕی بەردەکی سەرا، سەرکەوتن)[٧].
سەرکەوتن)[٧].

---

(1) عەلی خەزنەدار: ئافرەتە ناودارەکانی کورد، ل٢٠٠.

(٢) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەدیعەدارتاش،سلێمانی، ٢٠٢٢/١٠/١١؛ بەدیعە عەبدوڵا حەسەن: لەساڵی( ١٩٤٦ ) لەگەڕەکی مەڵکەندی شاری سلێمانی لەدایکبووە، لەخوێندنگای (صدیقە) لەلای ماڵی حاجی قادر جەباری دەستی کردووە بە خوێندن، دوای قۆناغی ئامادەی لەساڵی( ١٩٦٨) چۆتە بەغداد، لە کۆلێجی هونەرەجوانەکان بەشی شانۆ وەرگیراوە. وەک یەکەم کچی کورد توانی ئەوبەشە تەواوبکات، لەساڵی( ١٩٧٢_١٩٧٣ ) بڕوانامەی کۆلێجی هونەرە جوانەکانی بەغداد بەشی شانۆی بەدەست هێنا.بڕوانە: ( بەدیعەدارتاش: بەدیعدارتاش دایکی سینەما وشانۆی کوردی (بیرەوەرییەکانی ژیان وئەندێشەی هونەر)، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل٩-٤٤).

(3) بەدیعەدارتاش: بەدیعەدارتاش دایکی سینەماوشانۆی کوردی، ل٧١. ؛ بەدیعەداتاش: یادەوەرییکانم لەڕۆژسەختەکانا، چاپخانەی تەژنە، سلێمانی، ٢٠٢٢، ل٧٨).

(4) نەهرۆ ساڵح: یەکەم ئافرەتی کورد لە کۆلێژی هونەر وەرگیرا (خاتوو بەدیعەدارتاش)ە، گۆڤاری ڕەنگین،ژ.(١٤٤)، دارالثقافة و النشرالكردية، ٢٠٠١، ل٣٧.

(5) ئاراز علی عەبدولرەحمان: ڕەوشی ڕۆشنبیری شاری سلێمانی(١٩٧٠-١٩٩١)، ل٩٢.

(٦) بەدیعەدارتاش: یادەوەرییەکانم لەڕۆژە سەختەکاندا، ل٩٣_ ٩٤.

(7) زەکیەڕەشید محمدامین: بزوتنەوەی کچانی کورد لەسلێمانی، ل ١١١_ ١١٢.

لێرەدا ئەوەی جێگەی سەرنجە ناوەرۆکی شانۆگەرییە کوردییەکانە کە مۆرکی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ڕۆشنبیریی و پەروەردەییان وەرگرتبوو، هاوکات زۆر بەسەرهات و ڕووداوی دڵتەزێن و کارە ستەمکارییەکانی داگیرکەرانی کوردستان، لەوانە پرسەکانی (تاڵانی، ئەنفال، بەندیخانە، داپڵۆسین، خۆڕاگری، نەبەردی، بەرخودانی خەڵکی کورد) کراونەتە شانۆ و کاری نواندن[١].

هەر لەو ماوەیەدا شانۆ ئەرکێکی کۆمەڵایەتی وسیاسی هەبوو، لە ڕێگەی شانۆوە هەرچی لە ناخیاندا هەبوو دەریاندەبڕی، بۆ نموونە یەکێک لەو ژنە چالاکانەی توانی لە ڕێگەی کارە شانۆییەکانییەوە لە ناخی ژن بدوێت و هەست بە ئازاری ئەو دایکانە بکات کە لە ڕێگەی ڕژێمی بەعسەوە منداڵەکانیان ببوونە قوربانی، هونەرمەند (گەزیزە عومەر[٢])بوو. ناوبراو بواری شانۆی بە یەکێک لە بوارەکانی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و سیاسی وێنادەکرد، لەم بارەیەوە دەڵێ:" شانۆ ئەو جیهانە فراوانەیە خەونەکانم تێدا دێتە دی و پیرۆزترین پەیامە بۆ شانۆکاران".[٣]

هەربۆیە گەزیزە عومەر دەیویست لە ڕێگەی شانۆگەری (دارتووەکە)ساڵی (١٩٨٩)دا، لە ناخی ژن بدوێت، چونکە دایکی جەرگ سووتاوبوو، هاوکات (ئاوات)ی برای گیانی بەخت کرد بوو، بۆیە لەژێرکاریگەری ئەم ڕووداوە دەقی شانۆکە خۆی نووسی، ئەوەبوو لە ناوەڕۆکەکەیدا ڕەنگدانەوەی ئەو ڕووداوە تراژیدیانەی لێکەوتەوە و بینەرێکی زۆری هەبوو، هەربۆیە لە بەڕێوبەرایەتی ئاسایشی سلێمانییەوە (مديرية الامن فی السليمانية )، هەڕەشەی توندی لێکرا، دواجار برایە (ئەمنەسورەکە)، لەوێ (بەرێوەبەری ئاسایش) بەڕاشکاوی پێی وتبوو" تۆ باس لە براکەت دەکەیت، دەتەوێت لەڕێگەی شانۆوە خەڵک چەواشەبکەیت" [٤].

دیارە بارودۆخی سیاسی لەو قۆناغەدا تاڕادەیەک ببووە ئاستەنگ لەبەردەم بەرەو پێشچوونی زیاتری کارە هونەرییەکان و ڕۆڵبینینی ژنانی شارەکەدا، بۆنموونە گەر گرفتێک بەسەر خانەوادە و

---

(1) فوئاد تاهیر: ڕۆشنبیریمان، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٨. ل٢١٦.

(2)چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ گەزیزەعومەر، سلێمانی،٢٠٢٢/٩/١١؛ لە ساڵی( ١٩٦١ ) لەشاری سلێمانی لە خێزانێکی هونەردۆست لە دایکبووە، کچی نوسەر و ئەکتەر و دەرهێنەر (عومەر علی)یە، خێزانی شێوەکار (ئیسماعیل خەیاتە)، خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریوسی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدایە، لە منداڵیەوە کەسێتی تایبەتی تیادا بەدی دەکرا، ئازا و بوێرە لەسەر شانۆ پێشڕەو وهانداری ڕەگەزی مێینەیە، لەژیانی فەرمانبەریدا مامۆستا و سەرپەرشتیار بووە. بڕوانە: ( زەکیەڕەشید محمدامین: بزوتنەوەی کچانی کورد لەسلێمانی، ل ١٢٠_١٢١؛ غەفورعەبدوڵا: بیلۆگرافیای یۆبیلی زێڕینی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی، چاپخانەی کارۆ، ٢٠١٩، ل١٠٣).

(3) مەریوان علی: خاتووگەزیزەی هونەرمەند نیگەرانە لەو تەمومژەی سیمای شانۆی کوردی داگرتووە، کوردستانی نوێ، ژ.(١٧٧٧)، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٨.

(4) کامەران سوبحان: لەڕقەوە....تاخۆشەویستی، دیدارێکی بەرفراوان لەگەڵ گەزیزە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٤٦.

کەسوکاری هونەرمەندێک بهاتایە، راستەوخۆ ڕەنگدانەوەی لەسەر کارە هونەرییەکانیش جێدەهێلا، لەم بارەیەوە هونەرمەند لە (١/تشرینی یەکەم/١٩٨٤)دا، لە ماوەی چوارساڵی خوێندنی لەئەکادیمیای هونەرەجوانەکان (٣) کاری شانۆی بە زمانی عەرەبی کردووە، کەبریتی بوون لە (الضفادع)ی ئەرستوفاینس کەدەرهێنەری د.عقیل مهدی بوو، هەروەها (فتاة فی سن الزواج) و (الحارس)[1]. کاری مۆنۆدراما کارێکی ئاسان نەبووە بەڵام گەزیزە یەکەم هونەرمەندی کورد بووە، مۆنۆدرامای دەرهێناوە، لەنواندنی خۆشی بووە، ئەویش لەدوو ئەزمووندا: یەکەمیان لەساڵی (١٩٧٨) (سرودی خۆشەویستی) لەوەرگێران ودەرهێنان ونواندنی خۆی بووە، لەبەغداد و سلێمانی وهەولێر نمایشکراوە، دووەمیان شانۆیی (دارتووەکە) لەساڵی ١٩٨٩ ئەویش لەنوسین و دەرهێنان و نواندنی خۆی بووە. دەستبردن بۆ کارێکی لەم جۆرە ڕۆڵی ژنی لەبواری شانۆدا چەندین هەنگاوی بردە پێشەوە[2].

لە بواری نواندنی تەلەفزیۆنی وەک ئەکتەر لەبەرهەمەکانی (خوا لە سوڵتان محمود گەورەترە، گەزی چی وجاوی چی، خەوەکەی مامەلی، گۆڕهەڵکەن، خانمی مەکرباز، بووکە بەبارانێ، پژمین، پێڵاوی سوور) ڕۆڵی گێراوە. لەهەموو ئەو ڕۆڵانەدا سەرکەوتوو بووەو توانیویەتی ڕۆڵێکی کاریگەری لەسەر شانۆ لە سلێمانی و بەتایبەت شانۆی ژن هەبێت چونکە ئەم رەچە شکاندنە قوربانی دەویست لەو دەمەدا. بەم کارەشەوە نەوەستاوە لە ڕادیۆیی کوردی کاری لەسەر تۆمارکردنی زیاتر لە (١١) چیرۆک و ئەڵقەی درامای کردووە[3].

سەبارەت بە دراما دەتوانین بڵێین ئەو کارە ئەدەبییەیە یان هونەرییەیە کە ڕووداوێک لەشێوەی چیرۆکێکی درامایدا بەشێوەی دایالۆگ دادەڕێژێت، نمایندەی دۆزێکی هزری و مرۆڤانە و بارێکی کۆمەلایەتی دەکات[4]. لە کۆمەڵگەی کوردیدا، مەسەلە کۆمەلایەتیەکان هەمیشە هەوێنی کاری تەلەفزیۆنی بوون، بەو پێیەی تەلەفزیۆن میوانی ماڵی هەریەک لە تاکەکانی کۆمەڵگەیە و بایەخی گەورەی هەیە بۆ هۆشیاری و چاکسازی کۆمەلایەتی، بۆیە دەکرێت دراماکان ببنە سەرچاوەیەکی گەش بۆ گۆڕانکاری کۆمەلایەتی کە درەنگتر دەسەلات و پارتە سیاسیەکان پێدەگەن[5]. سەرباری ئەمانەش سەبارەت بەو مێژووە و لە ساڵی (١٩٧٥)بەدواوە مۆڵەتدان بە کاری دراما زۆر گران بوو چونکە تەلەفزیۆنی کەرکوک ڕێگری زۆری بۆ هونەرمەندان دروست دەکرد و چەندین

---

(1) کامەران سوبحان: لەڕقەوە....تاخۆشەویستی، دیدارێکی بەرفراوان لەگەڵ گەزیزە، ل٣٨_ ٣٩؛ یاسین قادر بەرزنجی: ئەکتە رەکوردەکان، چ١، ب١، چاپخانەی ڕوون، ٢٠٠١، ل٧٠).

(2) چاوپێکەوتن شیرین کاف: هەوڵێک بۆتیرۆرکردنی خەونەکانمان، پاشکۆی کوردستانی نوێ، ژ.(١٤٢٨)، سلێمانی، ١٩٩٧، ل٧.

(3) مەغدید حاجی، ئافرەت لە شانۆی کوردیدا، چاپخانەی الجاحظ، بغداد، ١٩٨٩، ل١٥٨.

(4) حەمە کەریم هەورامی: درامای کوردی لەناو درامای جیهاندا، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١، ل٢٩٢.

(5) یاسین قادر بەرزنجی: هونەری دراما، رامانێک لە درامای کوردی، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٦٣.

بەرهەمی درامی و بیرۆکەی جوانی بە بیانوی نابەجێ ڕەتدەکردەوە چونکە دەیانویست نووسەر و روناکبیران تەنها دەربارەی سەدام و بەعس بنووسن[١].

هەر بەزووی ژن هەوڵیدا لە کاری دراما و نواندنا بەشداری بکات و ڕۆڵ ببینێت، هونەرمەند (عەتیە محمدئەمین[٢]) توانی ڕۆڵێکی دیار و بەرچاو ببینێت و نازناوی خاتوونی شاشەی کوردی وەرگرت، چونکە لەچەندین بەرهەمی درامای تەلەفزیۆنی کاری نواندنی کردووە. لەساڵی (١٩٧٠)دا لە بەغداد وەک ئەکتەر لەگەڵ تیپی قوتابیانی هونەر، تیپی هاوڕێیانی گەزیزە، تیپی هونەری ئەحمەد دەنگ گەورە بەشداری کردووە[٣]. بۆپێشکەش کردن و تۆمارکردنی (گەزی چی وجاوی چی)، (خوا لە سوڵتان مەحمود گەورەترە)، (نەفرەت لێکراو)، (کاوەی ئاسنگەر).لەبەرهەمەکانی تری کە بەشداری تێدا کردووە (نەفرەت لێکراو ١٩٧٦، ڕێزانی نوسەر درامایەکی تەلەفزیۆنی بوو ١٩٧٧، ئیتر تورەنابم ١٩٨٠، شانزە زنجیرە بۆ ڕەمەزان ١٩٨٢، بوکی ژێردەواری ڕەش ، بەنرخترین دیاری ١٩٨٤، چیرۆکی مام فەتاح ، من لەپێشترا مردم ،دڵنیایی ١٩٨٥، خەو خۆش ١٩٨٩،)[٤].

گەرچی زۆر کاتیش دەسەڵاتی سیاسی حکومڕان و کولتووری کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی ئاینی ئەو مافەیان لە ژن سەندۆتەوە و دەریان هێناوە و دووریان خستۆتەوە لە بەشداری کردنی لە هونەری شانۆ و نواندنا. بەڵام ژن توانیویەتی ڕۆڵی کارای خۆی لەوهونەرە مەزنەدا دەربخات و بخاتە ڕوو[٥]. دەبینین ئازارەکانی ژن و بەربەستەکانی بەردەم کاری نواندن و هونەر و ڕۆشنبیریی بۆ ژن هێجگار زۆربوون. هەروەک هونەرمەند (بەیان زەریفی[٦]) ئاماژەی بۆ دەکات و و دەڵێت" ژنان نەیاندەتوانی لەماڵەوە بێنەدەرەوە و زۆربەی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگە پیاوان

---

[1] توانا رەشید کەریم، سلێمانی لەنێوان ساڵانی( ١٩٤٥_١٩٥٨ )....، ل٩٣.

[2]عەتیە محمدئەمین: ساڵی(١٩٥٠ ) لەشارۆچکەی پێنجوێن سەر بە پارێزگای سلێمانی لەدایکبووە، دواتر چوونەتە گەرەکی مەڵکەندی لەسلێمانی لەوێ گەورە بووە، لەگەڵ ئەوەی لەتەمەنێکی کەمی منداڵیدا ژیانی هاوسەرگیری پێکدەهێنێت . توانیویەتی قۆناغی خوێندن تەواو بکات لەساڵی شەستەکان بەهۆی گواستنەوەی فەرمانبەران لەگەڵ خێزانەکەی دەچنە بەغداد و نزیکەی بیست ساڵ لەوێ دەمێننەوە. بڕوانە (نیو سەدەیە دایکی ئاریان خەریکی کاری نواندنە، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٢/٢٥ بلاوکراوەتەوە لەڕێکەوتی ٢٠٢٢/٥/٣ وەرگیراوە لە وێبسایتی https://bit.ly/3DqE8az.

[3] مەغدید حاجی: ئافرەت لە شانۆی کوردیدا، ل١٥٥.

[4] زەکیەڕەشید محمدامین: بزوتنەوەی کچانی کورد لەسلێمانی ، ل١١٨.

[5] بورهان قەرەداغی: شانۆی منداڵ(مێژوو، بیلۆگرافیا، تیۆر، پراکتیک)، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١١. ، ل٤.

[6]بەیان زەریفی: ساڵی( ١٩٦٣ )لەشاری سلێمانی لەدایک بووە، قۆناغەکانی خوێندنی لەسلێمانی تەواوکردووە، لەساڵی( ١٩٨٦ ) پەیمانگای هونەرەجوانەکانی بەشی شانۆی تەواوکردووە، هەرلەوساڵەدا بووەتە مامۆستا لەشارۆچکەی دوکان و پاشان گوازراوەتەوە بۆناوچەی ئەڵڵایی لەشارۆچکەی بازیان.. بڕوانە: ( هاوژین زیبا: ئەو ژنەی لە دنیای منداڵانەوە ئاشنای هونەر بوو زیاترلە ٣٠ ساڵە بەردەوامە، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٥/١١بڵاوکراوەتەوە لەڕێکەوتی ٢٠٢٢/٦/٤ وەرگیراوە لە وێبسایتی https://bit.ly/3Y7FoYi.

بەڕێوەیان دەبرد، تەنانەت هونەریش، بەڵام من بەربەست و ڕێگریەکانم شکاندو ئەو کارەم کرد"[١].

لە دیارترین ئەو کارانەی (بەیان زەریفی) ئەنجامیداوە لەو شانۆگەریانە بەشداری تیاکردووە و ڕۆڵی بینیووە بریتییە لە شانۆی (ئەفجینا لە ئۆلیس١٩٨٢، ویرانە، سەلەی نان ١٩٨٣، میراتی١٩٨٤، یولیوسی قەیسەر، لەڕێگای گشتیدا١٩٨٤، گۆرانی چایکا، تەڕوادەیەکی تر، بەرەوخۆر١٩٨٥، داستانی بەختیاری١٩٨٦، شانۆی شار ١٩٨٧، حەمەدۆک ساڵی١٩٨٨). هەروەها کاری تەلەفزیون و دراما (زنجیرەی ڕادیۆیی داستانی مەم و زین لەساڵی ١٩٨٤_١٩٨٥، چیرۆکی تەمسیلی (مام فەتاح١٩٨٥، چیرۆکی تەمسیلی من لەپێشتردا مردم ساڵی ١٩٨٥)ئەنجام داوە[٢]. هەروەک باسمان کرد نواندن بۆ ژن کارێکی ئاسان نەبووە، لەو بارەوە هونەرمەند (بەیان مەحموود عەلی) کە ناسراوە بە (بەیان بۆمبا[٣]) لەو باوەڕەدایە، نواندن بۆ بۆمبا کارێکی هەروا ئاسان نەبووە، بەڵکو وەک هەر ژنێکیتر ڕووبەڕووی ئاستەنگیەکانی کۆمەڵگە بووەتەوە، وەک خۆی دەڵێت" بۆگەیشتن بە ئێستا شۆڕشی کردووە". ئەو پێوایە کۆمەڵگە دانی نەناوە بە توناکانی ژندا و هەڕەشەی لێکراوە، هەروەها پێوایە کە بینەری شانۆ لەسەردەمی ڕژێمی پێشوو زیاتر بووە، چونکە هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی زاڵبووە بەسەر خەڵکدا[٤]. هۆکاری ئەمەش بە تەنها هەبوونی هەستی نیشتمانی نییە، بەڵکو سەرچاوەکانی میدیای بینراو کەم بووە لەو کاتەدا، چونکە بە تەنها دوو تەلەفزیۆن و کەناڵی تەلەفزیۆن و چەند ڕۆژنامەیەک و گۆڤارێک هەبوون، بەڵام لە ئێستادا چەندین ئامرازی تەکنەلۆژی وەک مۆبایل و سەتەلایت...هتد هەن. بەیان بەگشتی لە (٨٥) کاری شانۆی و دراما و فیلم بەشداری کردووە، بۆ وێنە (گەڕان بەدوای دەستگیرانداری، مێوژی بەرخۆر، هێشتا

---

(1) هاوژین زیبا: ئەو ژنەی لە دنیای منداڵانەوە ئاشنای هونەر بوو زیاترلە ٣٠ ساڵە بەردەوامە، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٥/١١بڵاوکراوەتەوە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٦/٤ وەرگیراوە لە ویبسایتی https://bit.ly/3Y7FoYi.

(2) ژیان نامەی هونەرمەندو ئەکتەری دیاروخۆشەویستی کورد خاتوو بەیان زەریفی،لەڕێکەوتی ٢٠٢٢/٦/٤وەرگیراوە لە سایتی https://bit.ly/3jb4XZp .

(3) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەیان بۆمبا، سلێمانی، ٢٠٢٢/٨/٢٣؛ لەدایکبووی ساڵی(١٩٦٣ ) گەڕەکی کانێسکانی شاری سلێمانیە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتای لە قوتابخانەی ڕووناکی و نیشتیمان تەواوکردووە، ناوەندیشی لە شیرین و ژین لە سلێمانی تەواوکردووە. هەرلەسەرەتای ژیانیەوە خولیای گۆرانی و ئارەزووی نواندن وشانۆ وهونەر بووە. بڕوانە: (زەکیە ڕەشیدمحمدئەمین: بزوتنەوەی کچانی کورد لە سلێمانی، ل ١٣٧). بۆمبا: ئەم نازناوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکەوتی (١٩٢٣/٣/٤ ) کە یەکەم بۆمب دەدا بە سلێمانیدا لە سەردەمی شێخ محمودی نەمردا باوکی لەدایک دەبێت مامانەکەی دەڵێت خولە بۆمبا لەدایک بوو.

(4) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەیان بۆمبا، سلێمانی، ٢٠٢٢/٨/٢٣.

قسەکانمان تەواونەکردووە، میراتی، موختارو ژنانی گەڕەک، قەرەج... تد). ناوبراو زۆربەی ژیان و چالاکییە هونەرییەکانی خۆی تەرخانکردوون بۆ خزمەتی شانۆی کوردی[١].

لەو دەمەدا فۆرمێک لە شانۆ پێشکەش دەکرا کە دژی چینی دەرەبەگ بوو، پشتگیری چینی چەوساوە و جوتیاری دەکرد لەم نێوەندەدا (ئەحمەد سالار) لە شانۆگەری (تەنەکە) و لە نوسینی (یەشارکەمال) ڕۆڵی داپیرە زەینەبی بە (نەرمین قادر)دا، کە دژی دەرەبەگ دەوەستایەوە. سەرکەوتنی بەدە ستهێنا لە سلێمانی و بە نەرمینی تەنەکە ناسرا. (نەرمین قادر[٢])، ئارەزووی گۆرانی و کاری نواندن هەبووە، لە فیستیڤاڵەکان و بۆنەی نەورۆز و لە بۆنەی قوتابخانەکاندا بەشداری کردووە، یەکەمین کاری ساڵی ١٩٧٥ (شانۆی قوتابی دواکەوتوو)، دایکی قوتابی دواکەوتوو بوو[٣]. ئەم بوێری و دەسپێشخەرییەی ژن لە سلێمانیدا، ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ بەشداری ژمارەیەکی تر لە ژن لە بواری نواندندا، تا دەهات ڕێژەی ژن لە بواری هونەری و ڕۆشنبیرییدا ڕوو لە زیادبوون بوو، دەتوانین نموونەی چەند ژنێک باس بکەین و کارەکانیان بخەینە روو وەک: (ژیان ئیبراهیم خەیات[٤]) لە ماوەی تەمەنی هونەری تا ئێستا بەشداری لە چەندین شانۆ و دراما و کورتە فیلمدا کردووە، لەوانەش زیاتر لە( ٣٠ ) شانۆ و( ٢٠ ) دراما. دەربارەی گرنگی بەشداری ژنان لە بواری هونەردا دەڵێت" چۆن پیاو و ژن لە هەموو بوارێکدا تەواوکەری یەکترن، بەهەمان شێوەش هونەر بێ بەشداری ژنان ئەنجامێکی بەهێز و کاریگەری لێ بەرهەم نایەت و جوانییەکەی لەوە دایە جێدەستی ژنان لە هونەریشدا ڕەنگدانەوەی هەبێت[٥].

---

(1) فریشتە محمود: بەیان بۆمبا گەوهەرێک لە ناو هونەری کوردیدا،لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٢/٢٤،بڵاوکراوەتەوە لەڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/٧لە ویبسایتی: https://bit.ly/3Y10dEu

(2) نەرمین قادر: لە ساڵی( ١٩٦٢ ) لەسلێمانی، لەدایک بووە. بە هەوڵی خۆی چۆتە قوتابخانە و درێژەی بەخوێندندا لە بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرە جوانەکان. بڕوانە: (چاوپێکەوتنی نەرمین قادر، لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٧/٣٠ بڵاوکراوەتەوە لەڕێکەوتی ٢٠٢٢/٩/٢٨ وەرگیراوەلە ویبسایتی (https://bit.ly/3XMFSmD).

(3) یاسین قادر بەرزنجی: ئەکتەرە کوردەکان، ل٨٥) ؛ غەفورعەبدوڵا: بیلۆگرافیای یۆبیلی زێرینی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد ١٩٦٩_٢٠١٩، چ١، چاپخانەی کارۆ، ٢٠١٩. ل٩٧ ؛ فایەق عومەر توفیق: شانۆنامەکانی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد ١٩٧٩_١٩٨٤، چاپخانەی نەورەس، سلێمانی ،١٩٨٥، ل٧).

(4) ژیان ئیبراهیم خەیات: کچی هونەرمەندی گۆرانیبێژ و ناسراو ئیبراهیم خەیاتە، لە ساڵی ١٩٦٣ لە بنەماڵەیەکی هونەر دۆستی شاری سلێمانی چاوی بەدنیا هەڵهێناوە. لە ساڵی ١٩٨٧پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی تەواوکردووە. بڕوانە: (ژیان ابراهیم خەیات: تەمەنێک لە خزمەتکردنی هونەری کوردیدا ٢٠١٦/٢/٢٨ بلاوکراوەتەوە لەڕێکەوتی ٢٠٢٢/١/٢٩وەرگیراوە لە https://bit.ly/3kQbx8a )

(5) هەمان سەرچاوە.

له (ئابی ١٩٨٨) له پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی(گوڵەکان بۆکێ)ی (محێدین زەنگەنە )نمایش کرا ڕۆڵی دایکی ئەگێڕا، هەمووجارێ هەوڵیداوە کەسایەتی ئاشنای نێو سینەمادا بۆتە دایک هەوڵیداوە لەڕێگەی ڕۆڵەکانیەوەجوانی ومەزنی دایک بخاتە بەرچاو.[١]

هەر لەو دەمەدا هونەرمەند (پەروین محمد) دەرکەوت، لە ساڵی (١٩٨٩) دەستی بەکاری نواندن کردووە، لە سەردەمێکدا کاری کردووە کە دەرکەوتنی ژن کەم بووە. لەبەر خۆشەویستی بۆ هونەر گوێ بە قسەی خەڵک نەداوە و هاوسەرەکەی بۆ کاری هونەری هاوکاری کردووە، لە (بلوێرەکەی وەیسە شوان، زاخاوی ڕەش، لەدایک بوونێکی نوێ، سەروەتەکەی فەیزە)بەشداری کردووە[٢].

یەکێکی تر لەو هونەرمەندانەی کە ڕۆڵیان هەبووە (شادان فوئاد)ی هونەرمەندە، ناوبراو یەکێک بوو لەو خوێندکارانەی کە دەرچووی ئەکادیمیای هونەرەجوانەکان بەشی شانۆ بوو، هۆگری مامۆستا و دەرهێنەر(بەدیعەدارتاش)بوو. شادان بووە ئەکتەر و بەشداری شاکارەکەی شکستپیر (بازرگانی ڤینسیا)کرد، دواتر کارە شانۆییەکانی بریتی بوون لە: (ژیانی گالیلۆ ١٩٨٧، گەلەگورگ ١٩٨٨، کۆشک ، فاوست ، باڵندەی دەریا ١٩٨٩، شالیر١٩٩٠. لە هەردوو زنجیرە درامای (گوڵاڵە) و (خاتووکڵاو زەڕ)، پاڵەوان و ئەکتەر بووە، ساڵی ١٩٩٠ لە فلیمی (نێرگزبوکی کوردستان)دا، دەرهێنەری (مامۆستا جەعفەر عەلی) ڕۆڵی بینیوە[٣].

---

(1) یاسین قادر بەرزنجی: ئەکتەرە کوردەکان، ل٩٠.

(2) تەلار نادر: با کارە هونەریەکانمان لە خزمەت کێشە کۆمەڵایەتیەکاندا بێت، ڕۆژنامەی ژیانەوە، ژ.(٣٦)، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٨.

(3) یاسین قادر بەرزنجی: ئەکتەرە کوردەکان شادان فوئاد، رۆژنامەی بەدرخان، ژ.(٣٩)، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٧.

## تەوەری سێیەم

## ڕۆڵی ژن لە هونەری شێوەکاری لە شاری سلێمانی سالآنی (١٩٧٥_١٩٩٠).

هونەری شێوەکاری لە باشووی کوردستاندا تەمەنێکی هێندە دێرینی نییە، تاکو بتوانرێت قۆناغەکانی و ستایل و جۆری ئەو ماترپالآنەی کە بەکارهێناوە بەپێی قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنی کارکردنی ژنە شێوەکاران دیاری بکرێت، بەڵام لە ڕابردوودا ژنان هاوکاری هەموو ئەوکارە سیرامیکیانە بوون، کە پیاوان بۆ پێداویستی ژیان، یاخود بۆجوانی ئەنجامیانداوە، هەروەها هۆکاربوون بۆ جوانکردنی ماڵ و نەخشاندنی چەندین کلێشە و هێمای تایبەت لە جلوبەرگ و پێداویستیەکانی تری ژیانیان کە هەموویان هەڵقولآوی هزری ژنەکان خۆیان بوون. باشوری کوردستان خاوەنی چەندین ژنە شێوەکاری دەست ڕەنگینە لەسەر ئاستی جیاواز کە بەشێکیان لەوشێوەکارانە خۆرسکانە کاری شێوەکاریان کردووە بەشێکی تریشیان بە شێوەیەکی ئەکادیمی هونەری شێوەکاریان خوێندووە. شاری سلێمانی یەکێکە لەو شارە سەرەکییانەی باشوری کوردستان کە زۆرترین ژنە شێوەکاری لە خۆگرتووە[1].ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە سالآنی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لە شاری سلێمانی خوێندنگەیەک هەبوو بە ناوی (فنون البیتیة) ئەم خوێندنگەیە لە ساڵی (١٩٦٢)دا، دامەزرا. بەشەکانی لە سەرەتادا بریتیبوون لە بەرگدروون و پەروەردەی منداڵ. بەڵام لە ساڵی( ١٩٦٨)دا بەشی شێوەکاری تێدا کرایەوە، دوای سێ ساڵ یەکەم خولی دەرچوونیان بە ئاکام گەیشت. مامۆستا عەلی جۆلا یەکێک بوو لە مامۆستاکانی ئەو خوێندنگەیە، وانەکانی مێژووی هونەر، سیرامیک، نیگار کێشانی تێدا وتووەتەوە، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە کۆمەڵێک لە هونەرمەندانی شاری سلێمانی لە بەغداد پەیمانگا و کۆلێژی هونەرییان تەواو کرد و بوونەتە پێشڕەوی هونەری شێوەکاری[2].

لەو هونەرمەندانە (گۆڵنار لاوە) لە ساڵی (١٩٧٧)دا، یەکەمین پێشانگای تایبەتی لە هۆڵی ئامادەی کوردستانی کچان کردۆتەوە، لە ساڵی (١٩٧٨)دا، لە (١٩٧٩)دا، بەشداری پێشانگەی هاوبەشی هونەرمەندانی کردووە، دووەمین پێشانگای تایبەتی لە هۆڵی ڕۆشنبیری زانکۆی سلێمانی لە (١٩٨٤) سێیەمین پێشانگای لە ڤیەننا و چوارەم پێشانگای هەر لە ڤیەننا کردۆتەوە. ژمارە و ستایلی کاری ژنە شێوەکارەکانی شاری سلێمانی وادەکات کە وەک تەوژمێک ببینرێت، ئەمەیش بەدەرکەوتنی کارەکانی (بێگەرد نوری، شەمسە فەقێ، ناجیە تۆفیق) دەستی پێکرد، بەتایبەت لە دوای کردنەوەی پێشانگای شێوەکارانی کورد لە هۆڵی کۆمەڵەی هونەرمەندانی عێراقی لە ساڵی (١٩٧٤)دا، ئەم شێوەکارانە خۆڕسکانە کاریانکردووە و مامۆستای هونەربوون و بۆماوەیەکی دیاریکراو درێژەیان بەکاری هونەری خۆیاندا، بەڵام تەنها ژنێک لەم گروپەدا کە تا

---

[1] بەختیار سەعید: ژنانی شێوەکار لە باشوری کوردستان، چاپخانەی تەوار، چ١، سلێمانی، ٢٠١١، ل٨.

[2] بەختیار سەعید: ٢٣٥ ساڵ لەداهێنانی هونەری شێوەکاری، کوردستانی نوێ، ژ.(٨٠١٠)، سلێمانی، ٢٠١٩، ل٢٢.

ئەمڕۆ بەردەوامە لەکاری هونەری خاتوو(ناجیە تۆفیق)ە. ناوبراو تا ئێستا کاری سیرامیکی سارد دەکات و دنیایەکی تایبەتی لە کەسایەتی و ڕەنگ نیشاندانەکانیدا هەیە، هەرچەندە تا ئێستا پێشانگایەکی تایبەتی نەبووە، بەڵام زیاتر لە ٣٠ پێشانگای هاوبەشدا لە شارەکانی (سلێمانی، ناسریە، هەولێر، دهۆک، بەغداد) بەشداریکردووە. [١].

لە ساڵی (١٩٨٠)دا، پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی دەکرێتەوە و دەبێتە گۆڕەپانی هونەری شێوەکاری. نەک بە تەنها لەشاری سلێمانی بەڵکو کاریگەری لەسەر شارەکانی (هەولێر، دهۆک، کەرکوک) بەجێ هێشتووە، ئەم پەیمانگایە لەو شێوەکارانە پێک هاتبوو، کە پەیمانگە و ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدادیان تەواوکردبوو، مەودای فێربوون و ئاشنابوونی کوڕان و کچانی ئارەزوومەندانەی هونەری شێوەکاری کوردی زیاتر کردبوو، خوێندکارانی خولی یەکەمی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی (٧٣)خوێندکاربوو، (٣١) لە خوێندکارەکان کچ بوون[٢]بۆ زیاتر بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٢).هەر لەم ساڵەدا هونەرمەندی شێوەکار زیاتر فۆرمی کارەکانیان بەهێما دەکێشا، بابەتەکانیشیان شۆڕشگێڕی و سیاسی بوو[٣].

لەو ژنانە هونەرمەند (بێگەرد عوسمان حەسەن[٤]) کە لە فیستیڤاڵی هەرپێنج ساڵەی پەیمانگە (١٩٨٢_١٩٨٧)دا، بەشداربووە، دواتر لە پێشانگایەکی شیعر و ڕەنگ لە گەلەری سلێمانی (١٥/کانونی یەکەم/١٩٨٧)، دواتر پێشانگای هاوبەشی هەر سێ هونەرمەند بێگەرد ،مەریوان، وەهبی سلێمانی (٦/تشرینی دووەم/١٩٨٩) دا ڕۆڵی هەبووە[٥].

کاروانی هونەری و ڕۆڵی ژنە هونەرمەندەکان لەو ساڵانەدا بەردەوام بوو، هەربۆیە کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد مەڵبەندی گشتی ڕۆژانی(١٥_٢١/کانونی یەکەم/ ١٩٨٩) لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی پێشەنگایەکی تایبەتی بۆ هونەرمەند (کوێستان جەمال) کردەوە، کەتیادا کۆمەڵێک تابلۆ و کاری تازە پیشاندا، لەلایەکی ترەوە سەندیکای هونەرمەندانی سلێمانی بەبۆنەی ڕۆژی هونەرەوە پێشەنگایەکی فراوانی بۆ هونەرمەندانی سلێمانی کردەوە، لەم پێشانگایەدا کە لە ڕۆژی(٩/کانونی دووەم/ ١٩٩٠)لەهۆڵی (سورکێو) کرایەوە، ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندان

---

(1) بەختیار سەعید، ژنانی شێوەکار لە باکوری کوردستاندا، گۆڤاری سەردەمی ژن، چاپخانەی ڕەنج، ژ.(١)، سلێمانی، ٢٠٢١، ل١٣٠-١٣٣.

(2) بەختیار سەعید: ٢٣٥ ساڵ لەداهێنانی هونەری شێوەکاری، ل٢٣.

(3) ئاڤان عمر، هونەر لە بازنەدا، لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٢/٥ بلاوکراوەتەوە لە ڕێکەوتی٢٠٢٢/٨/٣٠وەرگیراوە لە وێبسایتی https://bit.ly/3jd6TAF.

(4)بێگەرد عوسمان حەسەن: لە ڕێکەوتی (١٩٦٤/٧/١ ) لەسلێمانی لەدایکبووە، بڕوانامەی خوێندی دبلۆم (١٩٩٥_١٩٩٦ ) بەکالۆریوس( ٢٠٠٢ ) بەدەستهێناوە و پسپۆڕی تایبەتی شێوەکارییە. بڕوانە : (عەلی خەزنەدار: ئافرەتە ناودارەکانی کورد، ل٣٠٨).

(5)عەلی خەزنەدار: ئافرەتە ناودارەکانی کورد، ل٣٠٨.

بەشداربوون کە بریتی بوون لە (عەلی لەتیف، عەلی جۆلا، کوێستان جەمال)[١]. لە باسکردنی ڕۆڵی ژن لە هونەری شێوەکاریدا، ناکرێت ڕۆڵی هونەرمەند (نەعیمە محمد عەبدوڵا) کە لە سیرامیکدا کاری دەکرد پشتگوێ بخەین، ناوبراو بەشداری لە بەشێک لە پێشانگای هاوبەشەکانی (ڕۆژی هونەرلەبەغداد، پێشانگای حەوتەمی هونەرمەندانی سلێمانی، پێشانگای هەمیشەی گەلەری زاموا، پێشانگای هەشتەمی هونەرمەندانی سلێمانی)دا، کردووە[٢].ئەو هونەرمەندەی تریش کە ناکرێت ڕۆڵی فەرامۆش بکرێت، هونەرمەند (چیمەن ئسماعیل ڕەشا[٣])، لەساڵی (١٩٨٨)دا ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدادی تەواو کردووە و بەردەوامە لە کاری شێوەکاری. لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی بەشداری ڤیستڤاڵی ساڵانەی ئەکادیمیای کردووە، بێجگە لە شاری بەغداد و سلێمانی و هەولێر تابلۆ ڕەنگینەکانی لە (ئەڵمانیا، پاریس، نیۆیۆرک، لەندەن، کەنەدا، ڤیەننا، هۆڵندا)، پیشاندراون[٤].

---

[1] ئاراز علی عەبدولرەحمان: ڕەوشی ڕۆشنبیری شاری سلێمانی ١٩٧٠_-١٩٩١، ل١٣٣.

[2] سەردار خدر حسین: ئافرەت مۆسیقا و گۆرانی کوردی، ل١٣٨. ; چاوپێکەتنی توێژە ر لەگەڵ نەعیمە محمد، ١٧/تەموز/٢٠٢٢).

[3] چیمەن ئیسماعیل: لەساڵی( ١٩٦٦ ) لەسلێمانی لەدایکبووە، هەر لەمنداڵیەوە خەریکی وێنەکێشان بووە، زیاتریش لەتەمەنی یانزە ساڵیەوە کە لەپۆلی یەکەمی ناوەندی بووە, هەمووکاتەکانی دابەش کردبوو لە نێوان خوێندن و وێنەکێشاندا، سەرباری ئەوەی زۆر سەرکەوتوو بووە لە خوێندن (حسین میسری) هاوسەری زۆر هاوکاری دەکات. بڕوانە: (ئا: ڕێزان حسین: خوایە وەتەن ئاواکەیت )، ژیانەوە، ژ.(٢)، ١٩٩٧/٧/١٩، ل٤ ؛ بێ نوسەر: خوایە وەتەن ئاواکەیت، گەلاوێژی نوێ، ژ.(١٠)، تشرینی یەکەمی، ١٩٩٨، ل١٣٩).

[4] ڕێزان حسین: خوایە وەتەن ئاواکەیت، س.پ، ل٤ ; سەردارخدر حسین: ئافرەت مۆسیقا و گۆرانی کوردی، ل١٣٨.).

## تەوەری چوارەم

## ڕۆڵی ژن لە ئەدەبیات و نووسین لەشاری سلێمانی سالآنی (١٩٧٥-١٩٩٠)

نووسین و ئەدەب لای ژن جگەلەوەی هەوڵێکە بۆ نوسینەوەی خود بەگشتی، ئەوا گوزارشتێکیشە بۆ ئازارەکانی، نووسینی ژنانە والآکردنی پەنجەرەکەیە بۆ هەناسەدان ئەمەش وای لەبزوتنەوەکانی ژنان کرد، کە نوسین بکەنە ئەوهۆکارەی گوزارشت لە ئازادییەکانیان بکات، چونکە ئەوە ڕوون و ئاشکراشە کەپیاوان ناتوانن دەربڕی گشت ئازارو خواستە ژنانەکان بن، هیچ وێنایەکی ئازاری ڕاستەقینەی ژنانیان پێناکرێت، بۆیە پێویست بوو ژن خۆی لە ڕێگەی نووسین و ئەدەبەوە گوزارشت لە ئازارەکانی خۆی بکات نەک پیاوێک لەبری ژنێک باس لە ئازارەکانیان بکات[1].

لەو هەولآنەی ژن داویەتی دەتوانین نموونەی (دایکی سۆلاڤ[2]) بهێنینەوە بەهۆی هەستی نیشتیمانی وخۆشەویستی بۆ پێشمەرگە، هەوڵدان بۆ پشتگیری لە دۆزی ڕەوای کورد و برەودان بە بەرخوودان لە نووسینی ژنە نووسەرەکاندا رەنگیداوەتەوە، شاعیر و ژنە نووسەرەکان بەشیعر و نووسین و ئەدەبی بەرگری خۆیان سەلماندووە، لەم نێوەندەدا ئەم کارەش لەشیعرەکانی دایکی سۆلاڤ ڕەنگی داوەتەوە. بۆ نمونە ژیلەمۆ: یەکێکە لەشیعرە ناسک وقوڵەکانی لەبەر ڕژێم ناڕاستەوخۆ باسی پێشمەرگە و بزوتنەوەی نەتەوەی دەکات، شیعرەکە دەڵێ:

پریشکی ئاگرێکی گەش
بەدەم (با)وە ئەخولایەوە
دای بەدارا کڵپەیان کرد
دای بەئاوا نەکوژایەوە[3].

---

(1) بەیان ئیبراهیم: ژن وشیعر، لە ڕێکەوتی ٦/١٠/ ٢٠٢١ بلاوکراوەتەوە لە٢٠٢٢/٦/١٨وەرگیراوە لە وێبسایتی .https://bit.ly/3jgt60

(2) دایکی سۆلاف: ناوی تەواوی سەبریە نوری قادر، لەساڵی( ١٩٢٨ ) لەشاری سلێمانی لەدایکبووە، ئاستی خوێندنی قۆناغی سەرەتای تەواوکردووە، هەرلە منداڵیەوە هۆگری خوێندنەوەی شیعر و وێنەکێشان بووە، هەر لەمنداڵیەوە چەند شعرێکی سادەی بۆ جوانی بەهار و شاخەکانی گویژە و ئەزمەڕ نوسیوە،ناوبراو لەساڵی (١٩٥٦)دا، بۆیەکەمین جار لەڕۆژنامەی (ژین) بابەتێکی بەناونیشانی (ئافرەت وژن و ماڵ) بڵاوکردەوە، کەتێدا داکۆکی لەسەربەستی ژنان کردووە.. دایکی سۆلاڤ لەوسەردەمەدا داوای لەژنانی کورد کردووە کەواز لە ڕووپۆشی (عەبا و پەچە)بهێنن، بەجلی ڕەسەن و جوانی کوردییەوە دەرکەون، چەند شیعر و بابەتێکیشی بەناوی خوازراوی (خوشکە کوردێک)ەوە، بڵاوکردونەتەوە، لەساڵی( ١٩٩٦ ) لەسوید دەژی و شەش کچ وکوڕێکی هەیە.بڕوانە: (ڕەزا شوان: شاعیری ناوداری منداڵان ( دایکی سۆلاڤ)،لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٨/٤ بڵاوکراوەتەوە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١١/١٣ وەرگیراوەلە وێبسایتی https://bit.ly/3HEb55R.

(3) نەرمین عوسمان: گوڵدانی ژن، ل٤٣- ٤٢.

بەهەمانشێوە (شوکریە رەسول[١])، بۆیەکەمجار لەهۆڵی(ساطع الحصري)یەکەم شیعری خۆی لەچالاکیەکی زانکۆدا دەخوێنێتەوە، کەباسی پێشمەرگە دەکات و لەکۆپلەیەکیدا دەڵێت" خۆشە بتبەن بۆ پەتی سێدارە...سەرت ببڕن..بڵێی هەرکوردم...دڵم نالەرزێت هەرگیز لەمەرگم)[٢]. نووسینێکی شوکریە رەسول لەسێەم ساڵی زانکۆدا دەنگەدەنگێک بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بەپەرچدانەوەی نوسینێکی (عەلی شارەزووری) لەسەر پرسی ژنان بوو، شوکریەرسول بەیەکەم کچی کورد دەژمێرێت کەتوانی پلەی زانستی" پرۆفیسۆر" وەربگرێت. ئەو بەئەکادیمیەکی سەرکەوتوو ئەژمارئەکرێت لەوانەوتنەوە و سەرپەریشتکردنی نامەی ماستەر و دکتۆرا. نووسین و وەرگێرانی چەندان کتێبی لەبواری کەلەپوری کوردیدا بڵاوکردوونەتەوە. وەیەکێک بووە لەو ژنانەی لەبواری کۆمەڵایەتیدا بەدەم گرفتی کێشەی ژنان وکچانەوە بووە، دەستەی نوسەرانی گۆڤاری کاروان بووە لەساڵانی(١٩٨٦-١٩٩٠)دا[٣].

خاوەنی چەندین نووسینە بۆ نموونە نووسینێکی هەیە بەناونیشانی (فۆلکلۆر) دەربارەی گرنگی و بایەخی فۆلکلۆر و هونەری فۆلکلۆر خستوەتە ڕوو[٤]..هەروەها نوسینێکی بەناونیشانی وەرزو ساڵنامەی کوردی لەپەندو قسەی نەستەقی کوردیدا بڵاوکردۆتەوە. کە تێدا باسی لە دەستنیشانکردنی ڕۆژمێر و ساڵنامەی کوردی کردووە ڕیشەکەی لەناو پەند و قسەی نەستەقی کوردیدایە[٥] لە هەمان گۆڤاردا نوسنێکی بەناونیشانی ڕۆڵی فۆلکلۆری کوردی لەدیاریکردنی ڕووداوی مێژووی دا بڵاوکردۆتەوە و باسی لە کاریگەریەکانی فۆلکلۆر دەکات بۆ دەستنیشانکردنی چەندین ڕووداوی مێژووی[٦].

---

(1)شوکریە رەسول: لەساڵی( ١٩٥١ ) لەشاری سلێمانی لەدایکبووە، قۆناغی سەرەتای و دواناوەندی لەسلێمانی تەواوکردووە، بەداستانە شیعریەکان دەستی پێ کرد (شیرین وفەرهاد، لەیل ومەجنوون) لەگەڵ کۆمەڵی لەهاوڕێیان سەردانی کتێبخانەی گشتی سلێمانیان دەکرد زۆربەی ڕۆمانی نوسەرە عەرەبەکانیان وەردەگرت ودەیانخوێندەوە لە و سەردەمە گۆڤاری ڕۆژی نوێ وگەلاوێژ دەهێناو دەیانخوێندەوە، ئەمانە بانگگراوندی ڕۆشنبیری بوو بۆی وە باوکی هاندەر و یارمەتی دەری بووە. بڕوانە : (دکتۆرە شوکریەرسول،ڕادێوی سوشیالk24،16/3/2022،هەولێر،www.kurdistan k24.net)؛ (ڕووخۆش علی: یادەوەریی تەمەنێک لە ئەزموون، چ١، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٨، ل١٩٤).

(2) ڕووخۆش علی: یادەوەریی تەمەنێک لەئەزموون ، ل١٩٩.

(3) زەکیەڕەشید محەمەدئەمین، بزوتنەوەی کچانی کورد لەسلێمانی، ل٧٥- ٧٣.

(4) شوکریە رەسول: فۆلکلۆر، گۆڤاری کاروان ژ.(١٠)، دار الحرية للطبع، بغداد، ١٩٨٢، ل١٠.

(5) شوکریە رەسول: وەرز و ساڵنامەی کوردی لەپەندو قسەی نەستەقی کوردیدا، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ: ژ.(١١٧)، دار الثقافة والنشر الكردية، بغداد، ١٩٨٨، ل٢٣.

(6) شوکریە رەسول: ڕۆڵی فۆلکلۆری کوردی لەدیاریکردنی ڕووداوی مێژووی، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ: ژ.(٨٣) ، دار الثقافة والنشر الكردية، بغداد، ١٩٨١، ل١٢.

لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا، نووسەرێکی دی دەرکەوت کەپێگەیەکی گرنگی هەیە لەبزاڤی ڕۆشنبیری و زمان و ئەدەبدا، وەک مامۆستا و فیرکارێکی بە ئەزموون چەندین نەوە لەسەردەستی پەروەردە بوون و گۆشکراون و ڕۆڵی هەبووە وەک ژنێک لە بواری نووسین ورۆشنبیریی[١]. ئەویش (نەسرین فەخری عبدالعزیز سابونچی[٢])، نەسرین فەخری خاوەنی خەرمانێک بەرهەمی چاپکرا و دەستنوسە، خاوەنی چەندین کتێبە، بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی نوسیونی. (١١)کتێب بەزمانی کوردی و (١٢)کتێبی دەستنوسی کوردیشی لەدوا جێماوە. (١٠)کتێبی بەزمانی عەرەبی نوسیوە. بایەخی بەشیعر داوە وبەزمانی کوردی و عەرەبی شیعری نوسیوە و چوار دیوانی چاپکراوی هەیە، سەدان وتارو لێکۆڵینەوەی زانستی لەگۆڤار و ڕۆژنامە کوردی وعەرەبییەکاندا بڵاوکردۆتەوە[٣].کاتێک دێینە سەرباسی شیعر راستەوخۆ ڕۆڵ و بایەخی ژنە شاعیر (کەژاڵ ئەحمەد[٤]) وەبیرمان دێتەوە، سەرەتای کاری نوسین و شیعر لە ئەنجامی ئەو دەردەسەری و نەهامەتیەی بەسەر کورد و نیشتیمان داهاتووە، یەکەم شیعری (دەنگی تەقە بوو[٥]، شیعرێکی شۆرشگێری بوو لەسەرگۆڕی (شەهید کاکەبرا) لەشارباژێر خوێندەوە، دواتر نەیتوانیوە شیعرەکە بڵاوبکاتەوە بۆ هاوڕێ نزیکەکانی شانە نهێنیەکەی دەخوێندەوە. دواتر دەستی

---

(1)عەلی خەزنەدار: ئافرەتە ناودارەکانی کورد، ل٣٠٣.

(2) نەسرین محمدفەخری: لەساڵی( ١٩٣٧ ) لەسلێمانی لەدایکبووە،کەسێکی گەورەی بواری ئەدەب وشیعر و زانستە، گرنگیەکی زۆری بەبواری فۆلکلۆری کوردی داوە. لەساڵی ١٩٦٥ لەباکۆ لە یەکێتی سۆڤیەت دکتۆرای وەرگرتووە لەگەڵ د.کەمال مەزهەرود.عیزەدین مستەفا رەسول. نامەی دکتۆراکەی لەسەرزمانی کوردی یە، ساڵانێکی زۆرلەچەند ئیزگەیەک کاری کردووە، وەک ئێزگەی بەغداد بەشی کوردی و عەرەبی و ئیزگەی مۆسکۆ و ئیزگەی باکۆ. لەونێوەندەشدا ڕۆڵێکی بەرچاوی لە هۆشیاری ورۆشنبیریدا لەو ئێزگانەدا گێڕاوە.زمانی عەرەبی وتورکی وفارسی وئینگلیزی وکەمێکیش فەرەنسی دەزانی.لەگەڵ (گۆرانی شاعیر) و (شاکرفەتاح) بناغەی کۆڕی زانیاری کوردستانی داناوە ،لەڕێکەوتی ١١/تشرینی یەکەمی/٢٠١٨ لەگردی سەیوان لەسلێمانی بەخاک سپێراوە.( عەلی خەزنەدار: ئافرەتە ناودارەکانی کورد، ل ٣٠٣).

(3) دکتۆر نەسرین فەخری زانای زمانەوانی: لە ریکەوتی ٢٠١٨/١٠/١٣ بڵاوکراوەتەوە لەڕێکەوتی ٢٠٢٢/٥/١٥وەرگیراوە لە ویبسایتی https://bit.ly/3JqB9D2 ). ؛ (ڕووخۆش عەلی: یادەوەریی تەمەنێک لە ئەزمون، ل١٤٤_ ١٤٥).

(4) کەژاڵ ئەحمەد: لە ساڵی ١٩٦٧ لەکەرکوک لەدایکبووە، بە بنەچە خەڵکی سلێمانین، بەڵام بەهۆی کاری باوکیەوە لەشاری کەرکوک ژیاون تا تەمەتی چوار ساڵی لە کەرکوک بوون. دواتر گەڕاونەتەوە بۆشاری سلێمانی، هەر لەوێ قوناغەکانی خوێندنی بریوە. لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا چووتە ریزی کۆمەڵەی رەنجدەرانەوە، لەگەڵ هاورێیەکی قوتابخانەی کەناوی (چرۆمحمد)ە، بەیەکەوە چالاکی کارو چالاکی شانە نهێنیەکەیان راپەراندووە.(چاوپێکەوتنی نەرمین عوسمان، لە ریکەوتی ٢٠٢١/٢/٢٠ بڵاوکراوەتەوە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٢/١١وەرگیراوە لە وێبسایتی https://bit.ly/3wEcL98.

(5)محمد خاکی:دیداری ڕادێوی دیالۆگ لەگەڵ کەژاڵ ئەحمەد،سلێمانی،لە ساڵی ٢٠٢٢ لە یوتوب بڵاوکراوەتەوە لە٢٠٢٢/٨/٣٠وەرگیراوەلە https://bit.ly/3j8UIFc.

کردووە بەنوسینی شیعری ژنانە کەتوانی سەرنجی کۆمەڵگەی کوردی ڕاکێشێ وبتوانێ بڵاوی بکاتەوە، شیعرەکانی بەناوی (ئافرەتێ بە چرپە وتی) لەساڵی (١٩٨٧)دا، لەگۆڤاری کاروان بڵاو بویەوەو دەنگی دایەوە. دواتر لەلایەن مامۆستا (کەریم شارەزا) هەڵسەنگێنراو مژدەی دەنگێکی ژنانەی دا، ئەوشیعرە کرا بەفارسی وتورکی وئینگلیزی. لێرەوە کەژاڵ ئەحمەد وەک هەستێکی ژنانە ناسرا[١].لەساڵی (١٩٨٧)دا لەهۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی پانزە شیعری خوێندەوە و لەچەند بڵاوکراوەیەک شیعرەکانی بڵاودەکرایەوە، بەڵام هەندێک جار شیعرەکانی سانسۆر دەکران یان دەستکاری هەندێ ووشە دەکران. لەوشیعرانەی وێرای سانسۆریش جێگەی خۆیان لەدڵی خوێنەرەکانیدا کردەوە، بریتی بوون لە: (ئەی سەرچاوەی خەمی گەورە)، (خاڵی گومان)، (لەلای ئێمە)، (دەستت بێنە بابیگوشم) ژمارەی شیعرە بڵاوکراوەکانی بوون تا دوای ڕاپەڕین.[٢]

ئافرەتیک بە چرپەی ووتی

لەبیلبیلەی چاوی برینێکی کۆندا

ئازارێک بەچرپە ووتی:

من ئافرەتم[٣].

(شیرین کاف[٤])یەکێکە دیکەیە لەوژنانەی پەرەدەدات بەبواری ئەدەب وشیعرو وەرگێران ورۆژنامەنوسی. یەکەم کاری بەکورتە چیرۆک دەستی پێ کرد، یەکەم کتێبی چاپکراوی کۆمەڵێ چیرۆکە بەناوی (پێش ئەوەی تاریک دابێ) ،هەروەها کتێبەکانی تری (کۆمەڵێ چیرۆک وشیعر و وەرگێڕان)بوون. سەرەتا وەک چیرۆک نووس ناسراوە، لەژێر کاریگەری هزری چەپدا دەینوسی لەهەمووی زیاتر لای شیرین داکۆکی کردن بووە لەژن وەک تاک و توێژێکی بندەست و چەوسێنراوە. هەرلەسەرەتاوە درکی بەوە کرد کەژن سەر بە هەر چین وتوێژێک بێت هەر چەوسێنراوە و ژێردەستەیە[٥]

[1]لینا چاوپێکەوتنی لەگەڵ کەژاڵ ئەحمەد،بەرنامەی ئەزموونی من،خاک تیڤی،لە ساڵی ٢٠٢٠ لە یوتوب بڵاوکراوەتەوە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/٣٠وەرگیراوە لە https://bit.ly/3XWe2UO.

[2] نەرمین عوسمان: گوڵدانی ژن، ل١١.

[3] کەژاڵ ئەحمەد: ئافرەتێک بە چرپە وتی، گۆڤاری کاروان، ژ.(٦٠)، چاپخانەی دار الحریە للطبع، بغداد، ١٩٨٧، ل٥٧

[4] شیرین کەمال ئەحمەد: لەشاری سلێمانی لەگەڕەکی سەرشەقام لەدایکبووە، لە١٩٥٤ لەبنەماڵەیەکی ئاینی تەریقەتی نەقشبەندی ناسراون، قۆناغی سەرەتایی وناوەندی دواناوەندی لەسلێمانی تەواوکردووە، لەساڵی ١٩٧٣-_١٩٧٤چۆتە زانکۆی بەغداد لەبەشی کوردی.. بڕوانە :( شیرین.ک: سیاسەت و کوردایەتی، باکگراوند و مۆتیڤەگەورەکەی ژیانی ئێمە بوو،لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٤/١١بڵاوکراوەتەوە لەڕێکەوتی ٢٠٢٢/٩/٢٨وەرگیراوە لە https://bit.ly/3DKkOp9.

[5] چاوپێکەوتنی شیرین .ک، لە ساڵی ٢٠٢٠ لە یوتوب بلاوکراوەتەوەلەڕیکەوتی ٢٠٢٢/٧/١٠وەرگیراوەلە https://bit.ly/3XWe2UO.

## تەوەر شەشەم

## ئاستەنگەکانی بەردەم کاری ژن لە بواری ڕۆشنبیریی لەشاری سلێمانی سالآنی(١٩٧٥_١٩٩٠)

١.کەمتەرخەمی خودی ژنان خۆیان لەونێوەندی ڕاگەیاندن و بواری میدیادا[١].

٢.کارکردن لەبواری ڕاگەیاندن و سەرجەم هۆیەکانی ڕاگەیانددا، دەرفەتێک بوو تەنیا بەوکەسانە دەدرا، کەجێی بڕوا ومتمانەی حزبی بەعسی فەرمانڕەوا بوون و ئەندام بوون لەو حیزبەدا، ئەمەش بۆ ژنانی کورد بەختێکی خراپ بوو، لەبەرئەوەی ژنانی کورد بەگشتی خۆیان لەکارکردنی سیاسی لە ڕیزەکانی ئەوحیزبە دەپاراست، نەبوونی دەرفەتی خوێندنی بەرز بۆقوتابیانی کورد چ کوڕ یا کچ، ڕێگرێکی گەورە بوو لەپێش پەرەسەندنی ڕاگەیاندنی کوردی[٢].

٣.هۆکاری پەراوێزخستنی ژنان کۆمەلآیەتیە، چونکە هەمووکەسەکان لە چوارچێوەی ئەوسنور و یاسانەدا دەژین کەکۆمەڵگە دایدەمەزرێنێ، ژنانیش وەک هەرکەسێکی تر ناتوانن لەوداب ونەریتانە بەدەربن، کۆمەڵی کورد سەرەتا بە چاوێکی جیاوازسەیری ئەوکەسانەی دەکرد کە دەچوونە بواری هونەر[٣].

٤.تێروانین و دیدگای کۆمەڵگەی کوردی بۆ کاری میدیایی و بەتایبەت بۆ ژنی ڕۆژنامەنوسی باش نەبووە.[٤]

٥.نەبوونی هاندەر و بارودۆخی کۆمەلآیەتی لەبواری مۆسیقا و گۆرانی و نواندیشدا تارادەیەک بەکارێکی ناڕەوا بۆژنان دادەنرا[٥].

---

[1] ئەختەر گردعازەبانی: ئامادەگی ژنان لەبواری ڕۆژنامەگەری کوردیدا، دەنگی ژنان، ژ.(٣٠)، سالی سێەم، ٢٢ نیسانی ١٩٩٨، ل٢.

[2] نادیە عومەرکاکە سور: ڕۆڵی ئافرەتی کورد لەڕاگەیاندنی کوردیدا، نامەی ماستەرە پێشەکەش بە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین کراوە، هەولێر، ٢٠٠٤،ل٩١. (بلآونەکراوە).

[3] گەزیزە عومەر: هێشتا عەشقی شانۆ لای کچان نەبۆتە خەون و خولیایەکی گەورە، ژیانەوە، ژ.(٨٧) سالی پێنجەم، ٢٠٠٢/١/١٥، ل٣.

[4] نەزا کەت حسین:ژن لەڕاگەیاندنی کوردیدا، تەوار ژ.(٦٨)، چاپخانەی کوردستان، سلێمانی، ٢٠١٩.ل١٠٣.

[5] سەردار خدرحسێن: ئافرەت مۆسیقا و گۆرانی کوردیدا ، ل٢٥.

# بەشی دووەم

## ڕۆڵی سیاسیی ژن لە شاری سلێمانی ساڵانی ( ۱۹۹۱-۲۰۰۳ )

## باسی یەکەم

## رۆڵی ژن لە ڕاپەڕینی ئازاری (١٩٩١)

**یەکەم: هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی ڕاپەڕینی ئازاری (١٩٩١):**

ڕاپەڕین کردەیەکی جەماوەریی ڕاستەوخۆییە ، کە تایبەتمەندیی توندوتیژی هەیە، کاتێک سەرهەڵدەدات کە ناجێگیریی ئابوری و کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی لە کۆمەڵگەدا، دەگەنە لوتکەی نەسازان و دژبەریی[1].ڕاپەڕینی خەڵکی باشووری کوردستانیش قۆناغێکی نوێی هێنایە کایەوە، ئەویش قۆناغی کۆتایی داگیرکاریی بوو، لە بەرانبەردا زەمینەسازیی بۆ قۆناغی ئازادیی و دیموکراسی لە کوردستاندا هاتە کایەوە [٢].هەر ڕاپەڕینێک لە ئەنجامی هۆکارگەلێکی ناوخۆیی و دەرەکییەوە دێتە ئاراوە، ڕاپەڕینی کوردستانیش بەدەرنەبوو لە چەندین هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی [٣].

**بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێت بوترێت کە هۆکاری دەرەکییەکان بۆ بەرپابوونی ڕاپەڕینی ئازاری (١٩٩١)بریتیبوون لەم هۆکارانەی خوارەوە:**

١-تێوەگلانی عێراق لە جەنگی ئێران و پاشان داگیرکردنی کوێت.

٢- پەراوێزخستنی عێراق، بە هۆی گەمارۆی ئابووری و دیپلۆماسییەوە، بە هەوڵدان بۆ دابڕانی لە کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی.

٣- زۆربەی وڵاتانی عەرەبی و وڵاتە هاوپەیمانەکانی پشتیانتێکرد.

٤-بەردەوامی گەمارۆی ئابوری بۆسەر کەرتی نەوتیی عێراقیی.

٥- لە دەستدانی ژێرخانی سەربازی و لۆجستی و مرۆییەکانی سوپای عێراقی لە جەنگی یەکەمی کەنداودا.

٦- کەڵەکەبوونی زیاتری قەرزەکانی سەر عێراق.

٧-سەپاندنی (١٢) بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان بەسەر ڕژێمدا، کە مەرجی ڕاگرتنی شەڕی کەنداو بوون[٤].

---

[1] ئیبراهیم سالح قادر بەرزنجی: ڕەهەندە یاساییەکانی ڕووداوەکانی ئاداری (١٩٩١) لە باشوری کوردستان لەژێر ڕۆشنای هزری دەستوریدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین،10.26 /Vol9 ،ڕانیە، ل١٠٠.

[2] ئەحمەد میرە: کارتێکەری گروپ و بزووتنەوە ڕۆشنبیری و ئەدەبییە کوردییەکان لەسەر کۆمەڵگای کوردی کوردستانی باشوور، چ١، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٢٠٢.

[3] ئومێد خەتاب وەهاب: ڕاپەڕینی ناوچەی چەمچەماڵ (توێژینەوەیەکی مێژووییە)، ٧/٣-١٩٩١/٥/٤، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل٤٨.

[4] ئامادەکردنی عبدالرزاق مەرزنگ: ڕاپەڕین، ئاڵای ئازادی ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی سیاسییە، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دەریدەکا.، ژ .(٦٤)، ١٩٩٩/٣/٧، ل٣.

**هۆکـاره ناوخۆییەکـان بـۆ ڕەخسـاندنی زەمینـەی ڕاپـەڕینی ئـازاری (١٩٩١)ی باشـووری کوردستان:-**

١. دەوڵەتانی زلهێزی وەکو ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بە لە شکرێکی بە هێزەوە توانییان سوپا و هێـزی سـەربازیی عێـراق لەجـەنگی ڕزگـارکردنی کوێتـدا تێکبشـکێنن، دواتـر بـوونی هێـزی هاوپەیمانان لەسـەر سنوورکانی خـەڵکیان هاندەدا بۆ بەرهەڵستیکردنی حکومـەت، بۆیە ڕاپـەڕین بەرپابوو[(١)].

٢. خەڵک وا بیری کردووە کە دەوڵەتی عێراقی سەرئەنجامی شکستی لـە جـەنگی کوێتدا ، ئیتر توانای نەماوە بەرەنگاری ناڕەزایی و ڕاپەڕینی خەڵک ببێتەوە، بۆیە خەڵک بوێری ئـەوەی کرد، لـە دژی دامەزراوە سەرکوتکارەکانی ڕژێم هەڵویستوەرگرن.

٣. رک و کینەی خەڵک بەرانبەر سیاسەتی سەرکوتکارانەی دامەزراوەکانی حکومەتی عێراقی.

٤. قەیرانــە هەمەلایەنــەکانی وەک قــەیرانی ئــابووری، کۆمەڵایــەتی، سیاســی، ڕۆشــنبیری، سـایکۆلۆجی، نـادادی نەتـەوەیی، نـەبوونی دیموکراسـی و ئازادییـەکانی خـەڵکی عێـراق بەگشـتی و باشـووری کوردسـتان بەتایبـەتی هـۆی سـەرەکی بـوون بـۆ بـەرپابوونی ڕاپـەڕین و ڕزگـارکردنی کوردستان[(٢)].

٥. هاوکات سیاسەتی ئیتنی حکومەت دەرهەق بەنەتـەوەی کورد، بۆنموونـە بەعەرەب کردن، بە بەعسیکردن، جینۆساید، ڕوخاندنی گوندەکان و ڕاگواستنی دانیشتوان بۆ ئۆردوگا زۆرملێیەکان.

٦. ڕۆڵـی پارتـە سیاسـییە بەرهەڵسـتکارەکانی دژ بـە حکومـەتی عێراقـی و دامەزرانـدنی بەرەی کوردستانی لە نەخشە دانان بۆ ڕاپەڕین و هاندانی خەڵکی کوردستان.

٧. ڕۆڵی زانایانی ئاینی، ڕۆشنبیران و ئافرەتان لە هۆشیاری و هاندانی خە ڵکی بۆ ڕاپەڕین[(٣)].

دواجار لە ڕۆژی (٥ی مارتی ١٩٩١)دا، لە قەزای ڕانیەوە، ڕاپـەڕینێکی جەمـاوەری دژی سـوپا و دەزگـا ئەمنییەکـانی حکـومەتی عێـراق بەرپـا کـرا، تـاوەکو ٢١ی ئـازاری هــەمان سـاڵ، تـەواوی پارێزگاکانی سلێمانی، هەولێر، دهۆک و تەنانەت کەرکوکی گرتەوە و هێزەکانی حکومەتی عێراقی پاشەکشەیان پێکرا[(٤)]. بۆنموونە لە ڕۆژی (١٩٩١/٣/٧)دا لەناو شاری سلێمانیدا ڕاپـەڕین دەسـتی و

---

[(1)] ئـاراس عەبـدولرەحمان مسـتەفا: ڕاپـەڕینی ئـاداری (١٩٩١) لەباشـوری کوردسـتان ، چ١، چاپخانـەی حەمـدی، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٥٢.

[(2)] مەلابەختیار: دیموکراسـی دوای جـەنگی سـارد، زنجیرەکۆڕیکی فیکری_سیاسـی لەسـایەی ئازادی ١٩٩١_١٩٩٩، چ١، چاپخانەی داناز، سلیمانی، ١٩٩٩.ل٢٧.

[(3)] ئومێد خەتاب وەهاب، ڕاپەڕینی ناوچەی چەمچەماڵ (توێژینەوەیەکی مێژووییە)، ل٧٧.

[(4)] هێرش عەبدوڵلا حەمە کەریم: پەیوەندییە سیاسیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی دراوسـێ ئێران – تورکیا – سوریا (١٩٩١-٢٠٠٣) چاپ و بڵاوکراوەی ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٢٨.

پێشمەرگە گەیشتنە ناوشار و بەهاوکاری جەماوەر توانرا تەواوی شاری سلێمانی لە دەسەڵاتی حکومەتی عێراقی دەربهێنرێت [1].

ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) بە تەنها ڕاپەڕینێکی چەکداریی نەبوو، بارتەقای ئەوەی ڕاپەڕینێکی جەماوەری بوو، هەرچەندە پارتە سیاسییە نەیارەکانی حکومەت، ئامادەسازییان بۆ ڕاپەڕین کردبوو، بەڵام ڕق و تورەیی خەڵک لە ڕەفتارە توندوتیژەکانی حکومەتی عێراقی سنووری بەزاندبوو. ئەمەش وایکردبوو کە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە ستەمی بەعسیەکان لە کوردستان و ڕەفتارە فاشیستییەکانیان، کاردانەوەیەکی توندی جەماوەریی لێبکەوێتەوە، بە جۆرێک تا دەهات خەڵک سوورتر و ئازایانەتر بۆ بەرەنگاری و بەرخودان و ڕاپەڕین ئامادە دەبوون، بۆیە هاتنە پێشەوەی دەرفەتێکی لەم جۆرەیان قۆستەوە و توانیان شارەکە ئازاد بکەن.

**دووەم: ڕۆڵی ژنانی سلێمانی لە ڕاپەڕینی١٩٩١دا :**

لە چالاکییەکانی ڕۆژانی ڕاپەڕینی سلێمانیدا ژنان ڕۆڵێکی مەزنیان هەبوو، ئەوان پێشینەیەکیان لە هەماهەنگیکردن لەگەڵ ڕێکخستنەکانی ناوشار و هێزە کوردییەکاندا هەبوو، بەردەوام بەشێک لە گرنگترین ئەرکەکانی ئەو قۆناغەی شۆڕش و ڕاپەڕینیان گرتبووە ئەستۆ و ببوونە یارمەتیدەرێکی سەرەکی لە کۆی چالاکییەکانی دژ بە حکومەتی عێراقیدا [2]. چونکە بە شێوەیەکی گشتی لە باشوری کوردستاندا ژنان لە زۆرترینی بارودۆخە سەخت و دژوارەکاندا بەشدارییان لە خەبات و جوڵانەوەی رزگاریخوازیدا کردووە، هەروەک چۆن چوونەتە شاخ و لەوێوە ڕۆڵی سیاسیی و ریکخستنی ناوشاریان ئاراستەکردووە، لەناو شاریشدا زۆرینەیان بەنهێنی کارەکانیان ئەنجام داوە. ڕاپەڕینی ئازاری (١٩٩١) گەواهی ئەو ڕاستییەیە کە لەگەڵ نەخشەدانان و دەسپێکی ڕاپەڕیندا ژنان بەشێوەیەکی بەرفراوان هاتنە ناو ڕووداوەکانی ڕاپەڕینەوە[3].

لێرەوە دەتوانرێت بوترێت کە ژنان دەستێکی باڵایان لە ڕاپەڕینەکەدا هەبووە، چونکە ژمارەیەکی زۆری ژن لەم شارە شانبەشانی پیاوان بەشداربوون، واتە بەشداری ژنان لە پرۆسەی ڕاپەڕیندا، بەشدارییەکی لاوەکی نەبووە، بەڵکو ئاگاداری وردەکاریی بڕیارە نهێنییە پیشوەختەکانی ڕاپەڕینیش بوون. لەوبارەیەوە (دڵسۆز عوسمان، پەروین حەسەن جەلال[4]) کە یەکێک بوون لە ژنە

---

[1] مەحەمەد حاجی محموود: ڕۆژمێری پێشمەرگەیەک، ب٣، چ١، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٢٧٦.

[2] یاسین قادر بەرزنجی: ژنانی کورد و ڕاپەرین و چەند بیرەوەرییەک، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ. (٣٤٨) ساڵی دووەم، ١٩٩٣/٣/٢٨، دوا لاپەڕە.

[3] ئەختەر: ڕۆڵی ژنان لە ڕاپەریندا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ، ژ .(١٢٢٢) ساڵی پێنجەم، سلێمانی، ١٩٩٦/٢/٨، ل٥.

[4] پەروین حەسەن جەلال: ئەندامی ڕێکخستنی کەرتی شەهید ئارام بووە کە سەر بە ریکخراوی سلێمانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بووە بۆکاری نهێنی، ناوە نهێنیەکەی (سهام)بووە. (ئەختەر: ڕۆڵی ژنان لە ڕاپەریندا، ل٥).

بەشداربووەکانی ڕاپەڕین و لەنێو ڕێکخستنە نهێنییەکانی (ی.ن.ک)دا بوون، ئاماژە بەوەدەکەن، کە ڕاپەڕین ڕووداوێکی بێ پلان و بێ بەرنامە نەبووە، بەڵکو پێشتر لەلایەن سەرکردایەتی حزبەکانەوە بەرنامەی بۆدانراوە و (بەرەی کوردستانی) سەرپەرشتی کردووە. لەو بارەیەوە دڵسۆز عوسمان دەڵێت:" سێ هەفتە پێش ڕاپەڕینەکە ئاگادارکراینەوە کە ڕاپەڕین دەکەین و ئێوەش وەک ژنان بەشداردەبن"[١].

بۆنموونە لەلایەن حیزبەوە (ی.ن.ک) بڵاوکراوەیەک گەیشتە دەستی (پەروین حەسەن جەلال)، کە تیایدا ئاماژە بە ڕێنماییکردن و هەوڵدان بۆ پەیوەندیکردن بە جەماوەرەوە و هاندانیان و کۆکردنەوەیان وەک هێزی پاڵپشتی بۆ ڕاپەڕین کرابوو، هەروەها چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخەکە و ئامۆژگاری کردن لەسەر چۆنییەتی پاراستنی دامودەزگا و بانقەکان و شوێنە تایبەتەکان و چۆنییەتی هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەنامە نهێنییەکانی دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی حکومەت باسکرابوو. بۆ زیاتر سەلماندنی بەشداری ژنان لە وردەکارییەکانی ئامادەکاریی بۆ ڕاپەڕین، چەند نموونەیەکی زیندووی زەمینەسازییە پێشوەختییەکەی ژنان دەهێنینەوە. بۆ نموونە لە ڕۆژی (١٩٩١/٣/٦)دا لەلایەن حیزبەوە(ی.ن.ک) (پەروین حەسەن جەلال) ئاگادار کرایەوە، کە پێویستە بچێت چەکێکی (کلاشینکۆف) و هەندێک تەقەمەنی لە زەرگەتەوە بۆ ماڵی خۆیان لە سەرچنار بگوازێتەوە، تاوەکو لە دەسپێکی چالاکییەکانی ڕاپەڕینی سلێمانیدا کەڵکیان لێوەربگرن، هەروەها لە بەرەبەیانی (٣/٧/ ١٩٩١)دا، ناوبراو و چەند ژنێکی تری بازنەی ڕێکخستنەکانیان، کە پێشتر لە چەند شانەیەکدا خۆیان ڕێکخستبوو بۆ بەشداری کردن لە ڕاپەڕیندا، شانبەشانی هاوڕێ و هاوسەر و براکانیان خۆیان ڕێکخست و سەرئەنجام توانیان لەگەڵ ئاگادارکردنەوەیان بە دەسپێکی ڕاپەڕین، هەڵمەت بەرنە سەر یەکێک لە موڵگەکانی ڕژێمی بەعس، ئەوەبوو بە هەماهەنگی ئەمان و خەڵکە ڕاپەڕیوەکەی تر لەماوەیەکی کورتدا مۆڵگەکە کەوتە دەستیان[٢].پێش ڕاپەڕین ژن ڕۆڵی هەبووە لە ئامادەکارییەکانی ڕاپەڕیندا، بەتایبەتی لە گەیاندی نامە و هۆشداری بۆ سەرۆک بەش و دەست و پێوەندە نزیکەکانی حزبی بەعس لە شار و شارۆچکە کوردییەکاندا، بۆ ئەوەی لە ڕۆژانی ڕاپەڕیندا هاوکاریی پێشمەرگە بن و بێنە ریزەکانی جەماوەرەوە. نموونەیەکی تری ژنانەی کە بەم کارە گرنگانە هەستاون بریتییە لە (شەونم نەجمەدین عەلی بەرزنجی)، ناوبراو پێشتر ئاگادارکرابوویەوە کە ڕاپەڕین دەکرێت، ئەوکات بۆخۆی لە ڕیکخستنی ناوشاردا بوو، نامەیەکی بەدەست گەیشت و لە نامەکەدا ئەوە هاتبوو کە (ئاگاداریی هەموو ڕێکخستنەکان بکەن، بەوەی ڕاپەڕین بەڕێوەیە)، هەروەها چەند نامەیەکیان پێدا، کەنامەی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی

[1] ڕۆڵی ژنان لە راپەرینی سلێمانی، ڕووداو تیڤی، لە ریکەوتی ٢٠٢٠/٣/٧ بلاوکراوەتەوە لەرێکەوتی ٢٠٢٢/١١/١٣وەرگیراوە لە وێبسایتی https://bit.ly/3Jn1cL6.

[2]ئەختەر: ڕۆڵی ژنان لە ڕاپەریندا، کوردستانی نوێ، ژ.(١٢٢٢) ،ل٥.

دیموکراتی کوردستان بوو، بۆ ئەوەی بیانگەیەنێتە دەست چەند سەرۆک بەشێک، لەوانە (دارای حاجی حەمە خان) یەکیک بوو لەو سەرۆک بەشانەی  لە وەڵامی نامەکەدا ناوبراو وتبووی:" هاوکارتانم"، یەکێکیتریان بریتی بوو لە (شێخ مەحمودی سەید گوڵ)، ئەویش بەهەمان شێوە هاوکاری خۆی دەربڕی بوو. ئەوکات (شەونم نەجمەدین) لە کۆمەڵگەی برایەتی سەرۆکی پەرستارانی ئەو کۆمەڵگەیە بوو، کاتێک ڕاپەڕین بوو گەڕایەوە سلێمانی. ناوبراو ڕۆڵێکی باشی هەبوو لە نەخۆشخانەکان و ژنە بریندارەکانی چارەسەر دەکردن، هەروەها لە هەوڵدان بۆ گرتنی ئەمنە سورەکەشدا بەشدارییەکی چالاکی هەبوو[1].لەم نێوەندەدا حیزبی شیوعی بیری لە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەکی بە پەلە بۆ ئامادەکاریی بۆ ڕاپەڕین کردەوە، یەکێک لە ژنە چالاکەکانی حزبەکە بە ناوی (پەخشان زەنگەنە) بەشداربوو لە داڕشتنی ئەو بەیاننامەیە، لە مانگی (شوباتی ١٩٩١)دا لەگەڵ ژمارەیەک هاوڕێیانی بەیاننامەی سەرکردایەتی حزبیان سەبارەت بە بارودۆخەکە گەیاندە زۆربەی شارەکانی عێراق و گشت شارەکانی کوردستان. ئەوان ئاگاداری ڕاپەڕینی شارەکانی باشووری عێراق بوون لە کۆتایی مانگی (شوباتی ١٩٩١)دا، دابەش بوون بەسەر شارەکاندا، ناوبراو ئەرکی کارکردنی پێ سپێردرا لەگەڵ هاوڕێیانی لە سلێمانیدا، ئەوەبوو لە (٧- ١٩٩١/٣/٨)دا، کە ڕاپەڕینی لە سلێمانی بەرپا بوو بەشدارێکی کارای هەبوو، چونکە لەوکاتەدا لەگەڵ ژمارەیەک کادر و ئەندام و لایەنگرانی حزب (شیوعی) چوونە ناو خەڵک و دۆست و هەوادارانی خۆیانیان بەسەرکردەوە و کۆبوونەوەیان لە ماڵ و گەڕەکەکانی شار کرد و خەڵکییان هاندا بۆ ڕاپەرین[2].

پارتە کوردییەکان و  پارتی دیموکراتی کوردستان پێش ئەنجامدانی ڕاپەڕین نامەی بۆ سەرۆک بەشەکان ناردووە و داوای هاوکاری و سەنگەر گۆڕینی لێکردون، لەو باوەڕەدابوو کە گرنگییان پێبدرێت، چونکە هەم پێویستیان بەو چەکدارانەیە و هەم پێویستە دژایەتی بەرەی کوردستانی نەکەن ، هەر بۆیە چەند ڕۆژێک پێش ڕاپەڕین لە ڕێگەی کەسێک بەناوی (شۆڕش فاتیح)وە، هەندێ نامەیان گەیاندە دەستی ژنێک بەناوی (جەیران عەلی بایز)، نامەکان بۆ سەرۆک بەش و ئەو پیاوانەی سەر بە ڕژێم بوون، بۆیان نووسیبوون: " ڕاپەڕین دەبێت، ئێوەش هاوکاری هاوڵاتیان بن، نەکەونە هەڵەوە و نەچنە بەرەی دوژمنەوە"، هەندێکیان بەسوپاسەوە وەریان دەگرت و هەندێکیشیان باوەڕیان بە ڕاپەڕین نەبووە و گاڵتەیان پێهاتووە[3].

(پەخشان مەحمود حەمە ئەمین) فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی سلێمانی، لە ڕێگەی پارتیزانەکانەوە پەیوەندی بە (ی.ن.ک)وە هەبووە، هەر لە ڕێگەی ئەوانەوە ئاگاداری بارودۆخی

---

(1) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شەونم نەجمەدین عەلی بەرزنجی)، سلێمانی، ٢٠٢٢/٢/١٣.

(2) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ( پەخشان عەبدوڵا زەنگەنە) ،هەولێر، ٢٠٢٢/٢/٢٥،

(3) نەرمین عوسمان: گوڵدانی ژن، ل٢٨٩.

پێش ڕاپەڕین ببوو، ئەوان و چەند ماڵێک خەریکی شاردنەوەی پێشمەرگە پارتیزانەکان بوون کە دەهاتنەوە بۆ شاری سلێمانی و جێگەگۆڕکێیان پێدەکردن، تاوەکو لە شار دەریان دەکردن، ئەوانیش پەیامەکانی سەرەوەیان بۆ دەهێنان و بە خەڵکی ئاشناو و دڵسۆزیان ڕادەگەیاند، هەربۆیە توانیان لە ڕۆژی ڕاپەڕیندا خزمەتی ئەو بریندارانە بکەن، کە لە ڕاپەڕیندا بریندار ببوون، چونکە لەگەڵ فەرمانبەرانی نەخۆشخانەکاندا ئاگاداری کەلوپەلەکانیان دەکرد، تاوەکو نەکەونە بەر تالانکردن و بەتالانبردنی کەرەستەکانی نەخۆشخانەکان، بۆنموونە یەکێک لە بەفرگرەکانیان بردبوو کە (هی خوێن پاراستن) بوو، ئەوەبوو بەهۆی دڵسۆزێکەوە توانیان بیگەڕێننەوە بۆ شوێنی خۆی[1].سەرەڕای ئەوانەش ژنان تەنها وەک هاوکار و برینپێچ و ڕێکخستنی ناو شار بەشدارنەبوون، بەڵکو شانبەشانی پیاوان لە خەباتی چەکداریشدا بەشداربوون، لەوبارەوە هەریەکە لە (دڵسۆزی خێزانی وەهابە خڕە و شەونمی خێزانی دکتۆر نەبەز) بە شێوەیەکی کردارەکی چەکیان پێ بووە و لە هەڵمەتەکانی سەر بنکە و بارەگاکانی بەعس بەشداربوون. هەروەها (سروە حاجی جەلال)یش یەکێک بوو لەو کەسانەی کە لە (٣/٧/ ١٩٩١)دا بەشداریکی چالاکی ڕاپەڕینی سلێمانی بوو، شانەکەی ناوبراو لە (١٠) چەکدار پێکهاتبوو، پەیوەندییان کرد بە هێزەکانی پێشمەرگەی (قەرەداغ – بازیان)ەوە ، ئەوە بوو لەوێ خۆیان ئامادەکرد، تاوەکو شەوی ٣/٧ کە لە ڕادیۆی گەلی کوردستان بروسکە بۆ گشت شانەکان نێردرا، بۆ بەیانی ئەو شوێنەی ئێستا بە چوارڕیانی شەهید ئاسۆی دەلاک ناسراوە تاوەکو چوارڕیانی مامە ڕیشە کەوتە ژێر کۆنترۆڵی هێزە چەکدارەکانی پێشمەرگەوە. هەموو ئەو شوێنانەی کە ئاماژەیان پێدرا، ئەرکی پاراستنیان بە بەشانەکەیان سپێردرابوو. هەروەها لە کاتژمێر(٢-٣)ی شەو گەیشتنە سەربازگەکانی (کانی گۆمە) کە ژمارەیەکی زۆر چەک و تەقەمەنییان گەیاندە ناو شار و دابەشیان کرد بەسەر خەڵکی ڕاپەڕیودا [2].

یەکێکیتر لەو ژنانەی کە بەشداریکی کارای ڕۆژانی ڕاپەڕین بوو، ژنێک بوو بەناوی( بەهرە عوسمان موحەمەد[3])، ناوبراو بە مەبەستی شاردنەوەی کۆمەڵێک چەک و تەقەمەنی لەناو ئارایشتگاکەیدا، لەلایەن ژنانی ناو ڕێکخستنەکانی ناو شارەوە پەیوەندی پێوە کرا، چونکە شوێنی ئارایشگاکەی لە تەوارییەکەوە نزیک بوو، ئەمەش سەرکێشییەک بوو کە جێگەی مەترسی بوو، بەڵام لەپێناو ئازادی و ڕزگاربوون لە داگیرکاریی حکومەتی عێراقی چاونەترسانە کارەکەی کرد،

---

(1) تەلارناسر: ڕۆڵی ژنان لەڕاپەڕیندا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ.(١٢)، ساڵی یەکەم، سلێمانی ١٩٩٨/٣/٨، ل٥.

(2)تەلار ناسر: ڕۆڵی ژنان لە ڕاپەڕیندا، ل٥.

(3)بەهرە عوسمان محمەد ڕەشید: ساڵی (١٩٦١ ) لە گەڕەکی چوارباخی شاری سلێمانی لەدایکبووە، سەرەڕای بڕوانامەی ئامادەیی دبلۆمی لە بواری جوانکاری بەدەستهیناوە، ساڵی (١٩٨٢) چۆتە کایەی سیاسییەوە و پەیوەندی کردووە بەڕێکخستنەکانی ناو شاری سلێمانی. بڕوانە (نەرمین عوسمان: گوڵدانی ژن، ل١٤٠_١٤١).

پاشانیش لە ڕاپەڕین بەشداربوو.[1] هەروەها (پەیمان عوسمان سەعید[2]) لەلایەن دایە ئامینەی مام ڕەش و بێگەرد ی کچییەوە ئاگادارکرانەوە کە ئامادەسازی بکەن بۆ ڕاپەڕین و چاوەڕێ بکەن لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە تاوەکو ئاگاداری بڵاودەکرێتەوە، بۆ ئەوەی کاتی ڕاپەڕین دیاری بکرێت. هەموویان لە ماڵی (حاجی محەمەد عەلاف ) بۆ ماوەیەکی زۆر مانەوە، ماڵی ناوبراو وەک حەشارگەیەک وابوو بۆ پێشمەرگە و ڕێکخستنە نهێنییەکان. بەمجۆرە ژنان بە هەموو تەمەنە جیاوازەکانەوە بەشداری ڕاپەڕینیان کردووە و هانی پێشمەرگەکانیان داوە لەڕێگەی وتنەوەی (سرودی نیشتیمانی) و وتنەوەی هوتافی (بژی هێزی پێشمەرگە سەدام نزیکی مەرگە) هانی خەڵکی و یارمەتی پێشمەرگەکانیان داوە، بۆ نموونە ئاویان دەگێرا و وورەی پێشمەرگەیان بەرزدەکردەوە، لەو ژنانە (حەلاوە دەرویش کەریم، عەزیمە ساڵح، ئامینە ناسراو بە ئامەی ڕاپەڕین، هەوار، کوێستان، ژیان عوسمان ساڵح[3]، شیرین محمود ساڵح[4] ،نیشتیمان تاهر شاکر، درەخشان محەمەد عەلی، خونچە محەمەد، سەعدیە عەلی کاتب[5]، نەورۆز ئەحمەد سەعید[6]و چەندین ژنی تر بەشداربوون)[7].

[1] نەرمین عوسمان: گوڵدانی ژن، ل ١٤٥.

[2]پەیمان عوسمان سەعید: ساڵی (١٩٧٢ ) لە سلێمانی لەدایکبووە، پەیوەندی کردووە بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە. ناوی نهێنی (سۆلاڤ) بووە. بڕوانە( ژنانی ڕێی کاروانی خەبات، ل٢٤٥_٢٥٦).

[3]ژیان عوسمان ساڵح: ساڵی (١٩٦٣ ) لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، خوێندنی ئامادەیی بازرگانی تەواوکردووە، لە ساڵی (١٩٨١) پەیوەندی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کردووە، ساڵی (١٩٨٢ ) پلەی ئەندامێتی پێبەخشراوە. بڕوانە (نەسرین کوردە: ژنانی ڕێی کاروانی خەبات، ل١٨٨).

[4]شیرین مەحمود ساڵح: ساڵی (١٩٦٦) لە سلێمانی لەدایکبووە، ساڵی (١٩٨٥ ) پەیوەندی کردووە بە کەرتی شەهید مەلا عەلی، نازناوی (هاوناز) بووە .بڕوانە (نەسرین کوردە: ژنانی ڕێی کاروانی خەبات، ل٢١٥_٢١٨).

[5]سەعدیە عەلی کاتب: دانیشتوانی شاری سلێمانییە، لە ( ١٩٤٥ ) لە دایکبووە، لە گەڕەکی گۆیژەی سلێمانی قوتابخانەی سەرەتای و ناوەندی خوێندووە، خانەی مامۆستایانی تەواو کردووە، دەرچووی ساڵی (١٩٦٧)، هەر لە منداڵییەوە خولیای ڕێبازی نەتەوایەتی و ئازادکردنی کوردستان بووە. (ڕوخۆش عەلی: مێژووی تێکۆشانی مێینە...، ٤٣٥ل، ).

[6]نەورۆز ئەحمەد سەعید: خەڵکی پێنجوێنە هەر لە منداڵیەوە لەگەڵ باوکی تێکەڵی خەڵک دەبوو چاوکراوە بووە، سەر پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، لە ساڵی (١٩٨٠ ) لەگەڵ حیزبدا کاری کردووە، لە ساڵی (١٩٨١ ) ژیانی هاوسەری پێکهێناوە، لە ساڵی (١٩٨٧ )هاوسەری شەهید کرا، (هاوسەری پێشمەرگە) بوو. بڕوانە: (ڕوخۆش عەلی: مێژوویی تێکۆشانی مێینە ...، ل٦٥٨).

[7] ژنان لە ڕاپەڕینی سلێمانی، کەناڵی ئاسمانی ڕووداو، س.پ.)، (تەلارناسر: ڕۆڵی ژنان لە ڕاپەڕیندا، کوردستانی نوێ، ژ.(١٢)، ساڵی یەکەم، سلێمانی، ل٥؛ یاسین قادربەرزنجی: ژنانی کوردوڕاپەڕین وچەند بیرەوەرییەک، ل٦).

ئەو کاتەی کە پێشمەرگە هاتبوونە ناوشار بۆ پەیوەندی کردن بە خەڵکەوە تاوەکو بەشداری لە ڕاپەڕیندا بکەن، شەونم محەمەد غەریب[1]، ئاگاداری ئەم پلانەی پێشمەرگە بوو بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ ڕاپەڕین، ئەوەبوو پەیوەندی بە ئەندامیکی ڕێکخستنەکانەوە کرد بەناوی عەبدوڵاوە، ئەویش پەیمانی پێدا بە کۆکردنەوەی چەک و تەقەمەنی ئامادەکاریی کرد. لەم بارەوە شەونم محەمەد بەشێوەیەکی دراماتیکی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە و دەڵێ:" کلاشینکۆفەکەم کردە شانم و قاپوتێکمدا بەسەریدا و منداڵێکم کردە سەر قەڵادۆشکانم، بەرەو گەڕەکی ئازادی بەپێیان ڕۆیشتم. دواتر کاک حەمە سەعید کە فەرمانبەرێکی ژمێریار بوو لە فەرمانگەدا پێکەوە بووین، ئۆتۆمبێلێکی فەرمانگەکەمانی هێنا و پێکەوە بە مەبەستی ئاگاداربوون لە جموجوڵەکانی حکومەت، تەواوی ناو شارمان بەسەرکردەوە، جگە لە چەند چەکداریکی هێزە تایبەتییەکان (قوة الخاصة) کەسی تری لێ نەبوو، بەجۆرێک زۆر چۆڵ بوو، دوای ئەوە لە گەڕەکی توی مەلیکەوە خەڵکی ڕاپەڕیوو دەستیان پێکرد بەرەو خوارەوەی شار هاتن، لەوێ چەند ماڵێکی سەرۆک بەش لێبوو، کاتێک خەڵکەکە چوونە سەر ماڵی سەرۆک بەش، تەنها داوای چەکەکانیان کرد، بەمەش چەکێکی زۆر کەوتە دەستی خەڵکەکە، من و دایکم و خوشکەکانم تیکەڵ بە ڕاپەریوەکان بووین، خەڵکەکە کۆنترۆڵی ڕێکخراوی حیزبی کرد، دەرگای زیندانەکان کرایەوە و ئەوانیش تێکەڵ بەراپەڕیوەکان بوون، بەرە بەرە ژمارەی ڕاپەڕیو زیادی کرد. بەشداربووان بەهوتاف کێشان بەرەو بەردەرکی سەرا لەبەردەم بانقەکە کۆبوونەوە، یەکەم شت وێنەی سەدام کە زۆر گەورە بوو ڕاپەڕیوەکان شکاندیان و لەسەری هەڵدەپەڕین. لەماوەیەکی کەمدا خەستەخانە پڕبوو لە بریندار و کوژراو، بەرگری لە ئەمنە سورەکە دەستی پێکرد و دەنگی تەقە لە هەموو لایەکەوە دەبیسترا، دواتر ڕۆژێک دوای ڕاپەڕین کە ئەمنەکە ئازادکرا، دادگای شۆڕش لە قوتابخانەی ئاوات دانرا " [2]. ژنان بەشێوەیەکی گشتی لە ڕاپەڕین چ بە گەیاندنی بەیاننامە و ئاگادارکردنەوەی خەڵک بوو بێت یاخود لە گەیاندن و کۆکردنەوەی چەک و تەقەمەنی و ئامادەکاری بۆ ڕاپەڕین ڕۆڵیان هەبووە، جگە لەمانەش ژنان بە شێوەیەکی تایبەتی لە دامودەزگاکان و نەخۆشخانەکان هاوکاری هێزی پێشمەرگە و بریندارەکانیان کردووە بە نهێنی و زانیاریان لەسەر بارودۆخەکە پێداون، سەرەڕای هەموو ئەوانەش بە ئەرکێکی نیشتمانی و ئینسانیان زانیوە کە شانبەشانی پیاوان ڕۆڵیان هەبێت.

---

(1) شەونم محەمەد غەریب بەرزنجی لە شێخەکانی بەرزنجەیە، لە ساڵی (١٩٧٩ )زانکۆی سلێمانی بەشی ئەندازیاری کارەبای تەواو کردووە، پاشان لە بەڕێوەبەرایەتی کارەبای سلێمانی بەرپرسیارێتی وەرگرتووە ، پاشان بۆتە بەڕێوەبەری گشتی کارەبای سلێمانی و دواتر بۆتە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان (ڕۆڵی ژنان لە ڕاپەرینە مەزنەکەی گەلی کوردستاندا، ٢٠٢١/٣/٧، ڕێکخراوی ڕێوان https://www.facebook.com/watch/?v=134896231865832، (ڕووخۆش علی: مێژووی تێکۆشانی مێینە...، ل٤٥٦).

(2) ڕۆڵی ژنان لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلی کوردستاندا، ڕێکخراوی ڕاگەیاندن و روناکبیری ژنان .س.پ.

## باسی دووەم

## ڕۆڵی ژنانی سلێمانی لە پێشهات و پەرەسەندنە سیاسییەکانی دوای ڕاپەریندا ساڵانی (١٩٩١-٢٠٠٣)

### تەوەری یەکەم: ڕۆڵی ژنانی سلێمانی لە هەڵبژاردن و پەرلەمانی کوردستاندا:

لە ئەنجامی ئەو هەلومەرجە سیاسییە نوێیەی کە بەهۆی داگیرکردنی دەوڵەتی کوێت لە پاش (١٩٩٠/٨/٢) لە عێراق و ناوچەکە هاتە ئاراوە، بۆ یەکەمجار لە مێژووی خەباتی گەلی کوردستان لە عێراقدا بەرەی کوردستانی بە پشتیوانی و بەشداری جەماوەری کوردستان توانیان بەشێکی زۆر لە خاکی کوردستانی عێراق بە شاری کەرکویشەوە رزگار بکەن، بەڵام دواتر دەوڵەتی عێراقی بەشێکی زۆری شارە گەورەکانی کەرکوک و سلێمانی و هەولێر و دهۆکی داگیر کردەوە، بۆ دەربازبوون لە شاڵاوی کوشتن وراوەدونانی دڕندانەی ڕژێمی حزبی بەعس، گەلی کوردستان لە کۆڕەوێکی ملیۆنیدا بەرەو ناوچە سنورییەکانی ئێران و تورکیا کۆچیان کرد، هاوکات هێزی پێشمەرگە لە ناوچە شاخاوییەکان لە هەردوو ناوچەی کۆڕێ لە هەولێر و چیای ئەزمەڕ لە سلێمانی سەنگەری بەرگری و رووبەڕووبوونەوەیان هەلبژارد و ڕووبەرووی هێزی سەربازی حکومەتی عێراقی بوونەوە[١].

پاشان لەسەر پێشنیازی فەرەنسا و بە پشتیوانی ئەمەریکا و بەریتانیا، ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری (٦٨٨)ی دەرکرد[٢]. دەقی بریارەکە (سەرکوتکردنی خەڵکی مەدەنی لە زۆربەی ناوچەکانی عێراق، لەوانە شارەکانی کوردستانیشی دەگرتەوە، ئیدانەکرا)[٣]، بۆ دابینکردنی ناوچەیەکی ئارام و دوور لە هەڕەشەی دەسەڵات و سوپای عێراق بۆ سەر خەڵکە ئاوارەبووەکەی ناوچە سنورییەکان، ئەم ناوچانەش بە ناوچەی دژە فڕینی فڕۆکەکانی عێراق ناسرا و هەروەها بەهێڵی پانی (٣٦) دیاریکران، ئەمەش بۆ پاراستنی گەلی کوردستان بوو. دوای شکستی گفتوگۆکانی نێوان بەرەی کوردستانی و ڕژێمی عێراقیش، لە (١٩٩١/١٠/٢٦)، حکومەتی عێراق بۆ فشار خستنە سەر بەرەی کوردستانی دەستیکرد بە کشانەوەی سەرجەم دامودەزگا و بەڕیوەبەرایەتییەکان لە ناوچەکانی کوردستان وەک (هەولێر، دهۆک، سلێمانی)، ئەمەش بۆئەوەی بۆشایی بەڕێوەبەرایەتی و ئاسایشیی دروست بکات[٤].

---

(1) کنێر عەبدوڵا: بەشداری سیاسی ژنان باشووری کوردستان، (١٩٩١-٢٠١٦)، چ٢، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٧، ل ٥٠-٥١.

(2) محمەد حاجی مەحمود: ڕۆژمێری پێشمەرگەیەک ، ل٣٤٧.

(3) دیڤید ماکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد،وەرگێڕ ئەبوبکرخۆشناو،ب٢، بێ شوێن،دەزگای چاپ،١٩٩٥،ل٧٧٢.

(4) تابان گەرمیانی: دەستکەوتەکانی ژنانی باشووری کوردستان لەنێوان ساڵانی ١٩٩٢ – ٢٠١٤ز، چ١، ب١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی،٢٠١٥، ل١٠.

بەڵام بەرەی کوردستانی کە پێکهاتبوو لە بەرەیەکی بەرفراوان و لە حیزبی کوردستانیی پێکهاتبوو، لەوانە: پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بەهۆی زۆری ژمارە و دەسەڵاتییانەوە پشکی شێریان لە نوێنەرایەتی ئەو بەرەیەدا هەبوو، سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی لیژنەیەکی پانزە کەسی لە نوێنەرانی ئەو حیزبانە پێکهێنا کە گەڵاڵەی پڕۆژەیەک بکەن بۆ هەڵبژاردنێکی ئازاد و دیموکراسی بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی بەڕێوەبردنی دیموکراتی و پەرلەمانی. هەڵبەتە بەتەواوی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانیش لەسەرەتای دامەزراندنیانەوە تا ئەوکاتەش لە پیاو پێکهاتبوون، هەر حەوت حیزبەکە تا ئەوکاتە هیچ ئافرەتێک لە سەرکردایەتییاندا نەبووە و بە ڕێژەی (١٠٠%) لە پیاوان پێکهاتبوون[١].

لەدوای پێکهێنانی لیژنەیەک لە ماوەی نێوان (١٩٩١/١٢/٢٣) تاوەکو (١٩٩٢/١/٢٩) پڕۆژە یاسایەکیان پێشکەشی سەرکردایەتی سیاسیی بەرەی کوردستانی کرد، لە ڕۆژی (١٩٩٢/٤/٢٨) لە لایەن بەرەی کوردستانییەوە بڕیاری لەسەر دراو یاسای ژمارە (١) بۆ ساڵی (١٩٩٢) یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراقی پەسەند کرا[٢].

هەڵبژاردنی پەرلەمان، وەکو پرۆسەی هەڵبژاردن و پرینسیپی هەڵبژاردن، ئەزموونێکی نوێی دیموکراسی بوو لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا، یەکێکە لە دەستکەوتە سیاسییە دیموکراسییەکان، کەم نەتەوە هەیە بەو پەیام و پەرۆشییەوە بە پیر دیموکراسییەوە چوبێت، تایبەت لەناو نەتەوە دواکەوتووەکاندا[٣]. ڕۆژی (٥/١٩ / ١٩٩٢) سەرەتایەکی گرنگ بوو بۆ نەتەوەی کورد و ڕۆژێکی مێژوویی بوو بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد، چونکە بۆ یەکەم جار بەویستی خۆیان و بە تا رادەیەکی زۆر بە ئازادی خۆیان نوێنەری راستەقینەیان بۆ پەرلەمان هەڵبژێردرێت، چونکە لە ڕێگەی دەنگدانێکی تارادەیەکی زۆر ئازاد و دیموکراسییەوە هاتە ئاراوە، کە تاکو ئەوکاتە لەعێراقدا نموونەیەکی دە گمەنی ناو سیستەمە سیاسییەکە بوو [٤].

ژنیش بەشداری سیاسی هەبوو، بەتایبەتی لە دەنگدان و لە مافی بوونیان بە ئەندامی پەرلەمان، ئەوکات پەرلەمان پێکهاتبوو لە (١٠٥) ئەندام، (٩٩ پیاو)بوون و تەنها (٦) ئەندامیان ژن بوون، هاوکات وەزیری ژن (٥،٧%) ئەندامی کابینەکەیان پێکدەهینا، بەگشتی ڕێژەی ئامادەبوونی ژن لە ئەنجومەنی شارەوانییەکاندا (٣،٧%) بوو، واتە لە کۆی ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانییەکان (٥٦٤)

---

(1) مەهاباد قەرەداغی: ئافرەتیزم، ل١١١ _١١٢.

(2) تابان گەرمیانی: دەستکەوتەکانی ژنانی باشوری کوردستان، ل٢٥١.

(3) مەلابەختیار: شۆڕشی کوردستان وگۆرانکارییەکانی سەردەم، چ٤، چاپخانەی دلێر، ٢٠١٥، سلێمانی، ل٣٥٠.

(4) شەڕی ناوخۆی کوردستانی عێراق، چۆن دەستی پێ کردوکێ لێی بەرپرسیارە، ب١، چ١، دیراسەی ژ(٢٩)، پارتی دیموکراتی کوردستان مەکتەبی سیاسی، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندی دیراسات وتوێژینەوە، ١٩٩٧، ل٢٠.

ئەندام هەبوون، کە (٢١) ئەندامی ژنیان تێدا بوو، هاوکات بە گویرەی شارەکانیش، لە هەریەک لە شاری دهۆک، هەولێر و سلێمانیدا ڕێژەی ژن (٤،٥%) بوو[١].

لە کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەنێوان یەکێتی و پارتی بە یەکسانی وەزارەتەکان دابەشکران، لەم کابینەیەدا تەنها یەک وەزیری ژن هەبوو، لە کۆی هەموو وەزارەتەکان ئەویش (کافیە سلێمان[٢]) بوو، لە پشکی (ی.ن.ک) بوو، جێگەی ئاماژە بۆکردنە کە (پ.د.ک) لەم کابینەیەدا هیچ بەربژێر و وەزیری ژنی نەبوو، ئەمەیش بەگشتی بە گویرەی کەمی ئەندامانی ژن لە پێکهاتەی پەرلەمان و وەزارەتەکاندا کە نوینەری پارتە سیاسییەکان بن، پەیوەندیدار بوو بەوەی کە هێشتا گیانی راستڕەوی و خێڵەکیانە لە خەباتی مەدەنییاندا ماوەتەوە، بۆیە پێگە باڵاکانیان زیاتر بە پیاوان ڕەوابینیوە، بەڵام بەهۆی ناکۆکی ناوخۆیی ئەم کابینەیە، تەنها یەکساڵی خایاند و دەستیان لەکار کێشایەوە[٣].

لەگەل ئەوەشدا پارتەکان هەوڵیانداوە بوار و دەرفەتی گونجاو بۆ بەشداریی ژنان برەخسینن، هەرچەندە ئەو ریژەی کورسیانەی کە بۆ ژنان تەرخانکرابوون بە پێی پێویست نەبوون، بەڵام لەم ئەزموونە نوێیەی هەرێمی کوردستاندا بۆمان دەردەکەوێت کە باشتر لە زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە، ژنانی کورد لە باشوری کوردستان سانسۆر و نەریتی پەراویزخستنیان لەکاری سیاسیدا کەمترە، بۆنموونە بەپێی یاسای کۆتا ریژەی (٧%) تایبەتکرابوو بۆ ژنان، بۆیان هەبوو لەو سنوورە دیاریکراوەدا دەنگ بدەن و خۆشیان کاندید بکەن، ئەوە بوو لە خولی یەکەم، خولی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە ناو لیستی پارتی دیموکراتی کوردستاندا لە کۆی (٥٠) کورسی، (٥) یان بۆ ژنان و لەناو لیستی (ی.ن.ک) لە کۆی (٥٠) کورسی (٤) یان بۆ ژنان بوو، بەمەش لەیەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا (٩) ژن توانیان ببنە ئەندامی پەرلەمان، ئەوانیش (هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، پەریخان مەحمود عەبدولقادر (شەمام)، گەلاوێژ عەبدولجەبار، نەهلە محەمەد سەعدولا) لەسەر لیستی (ی.ن.ک)[٤]. هاوکات لەسەر لیستی (پ.د.ک) کۆمەڵێک ژن بوونە ئەندام پەرلەمان، کە پێکهاتبوون لە هەریەکە لە: (فەوزیە عیزەدین، شەفیقە فەقێ عەبدولا، نەسرین مستەفا مەزهەر، حەلیمە

---

(1) طاهر حسو مير الزيباري: دور المرأة الكردية فى المشاركة السياسية، دار ئاراس للطباعة والنشر، أربيل، ٢٠٠٦، ص٧٨.

(2) کافیە سلێمان: لە ساڵی (١٩٤٧ ) لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، دەرچووی کۆلێجی پەروەردە بەشی فیزیایە لە زانکۆی بەغداد، پەیوەندی بەرێزەکانی (ی.ن.ک) لەگەڵ هاوسەرەکەی (عومەر فەتاح) لەکۆتایی حەفتاکاندا کردووە، بڕوانە: (ابراهيم طاهر معروف الرباتي: المرأة الكردية ودورها في المجتمع الكردي، ط١، طبع والنشر التفسير، أربيل، ٢٠٠٤، ص٢٨٤).

(٣) گەلاوێژ خدر: پێگە و رۆڵی ژن لە کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان (١٩٩١-٢٠١٩)، لە ریکەوتی ٢٠١٩/٧/٢٥ بڵاوکراوەتەوە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١١/١٤ وەرگیراوەلە ماڵپەڕی https://bit.ly/3Rgb1g3.

(4) تابان گەرمیانی: دەستکەوتەکانی ژنانی باشووری کوردستان، ل١٢.

حوسێن بارزانی، زەهرا حاجی تەها رەسول)[١]. هەر لە خولی یەکەمی پەرلەماندا لیژنەیەک بەناوی لیژنەی پاراستنی مافەکانی ئافرەتان دانرا و فەوزیە عیزەدین لە لیستی (پ.د.ک) سەرۆکی ئەو لیژنەیە بوو[٢].

هەریەک لە (فەوزیە عیزەدین، نەهلە محەمەد سەعدولا، گەلاویژ عەبدولجەبار) ئاماژەیان بەوە داوە کە بوون بە ئەندام پەرلەمان ئەوە دەگەیەنێت کە ژنی کورد ڕۆڵی خۆی لە هەموو بزافێکدا بینیوە، چونکە لە سەرەتای دامەزراندنی پەرلەمانەوە ژنان کاری گرنگیان پێسپێردراوە و لە هەموو لیژنەکانی پەرلەماندا کاریان کردووە، هەڵوێستی مێژووییان لەهەمبەر پاراستنی ئەزموونەکەیان نواندووە، یەکێک لەو هەڵوێستانە مانگرتنیان بووە دژی شەڕی ناوخۆ بۆ ماوەی (١١) ڕۆژ، چونکە هەستیان بەوە کردووە کە شەڕ هەمیشە بارگرانییە بۆ سەرشانی ژنان، هەروەها خاوەنی راوبۆچوونی خۆیان بوون لەسەر ئەو پرۆژانەی کە پێشکەش بە پەرلەمان کراون[٣].

بۆ ئەزموونی هەرێمی کوردستان، پەرلەمان ئەزمونێکی نوێ بوو، وەک پرۆسەیەکی دیموکراسی خاڵی سەرەتابوو. بەڵام شتێکی تایبەت بە ئەندازەی پێویستییەکانی قۆناغەکە بۆ ژنان لە ئارادا نەبوو، ئەوەی دەیانکرد بۆ نەتەوەی کورد بوو بەشێوەیەکی گشتی بۆ سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بوو. گرنگترین بڕیاریش متمانەدان بوو بە پەرلەمان لە (١٩٩٢/٧/٤) هەروەها لە(١٩٩٢/١٠/٤) ڕاگەیاندنی فیدراڵی بوو بۆ کوردستان. دیارە( نەهلە محەمەد سەعدولا )وەک ژن بەشداری هەبووە، سەرۆکی لیژنەی پەرەپێدان بووە لە ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، ناوبراو پێیوایە چالاکترین لیژنە بووە و ژن لە ناو پەرلەمان ڕۆڵی چالاکی هەبووە، بەڵام شتێکی تایبەت بۆ ژن نەکراوە. پەرلەمانتارە ژنەکان لە فراکسیۆنی سەوز بەتایبەت لەگەڵ (شەمام شەوقی) داوای وەزارەتێکیان بۆ کاروباری ژنان کرد، بەڵام لەلایەن پەرلەمانەوە ڕەتکرایەوە، دواتر ڕێکخراوەکانی ژنان لە سلێمانییەوە زیاتر لە (٣٠٠٠) واژۆیان کۆکردەوە بۆ گۆڕانکاریی لە یاسای باری کەسێتی و هێنایانە پەرلەمانەوە، ئەوەبوو (گەلاوێژ و شەمام) پێشکەشی پەرلەمانیان کرد، ئەوکات ناوبراوان ئەندامی لیژنەی کۆمەڵایەتی بوون، لەو لیژنەیەدا گفتوگۆی زۆریان لەسەر پرۆژە یاساکە کرد، دوایی بەرزکرایەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، لەویش درایە دەست لیژنەی ئاینیی کە حەوت مەلا بوون، لیژنەکەپەرلامانتار (گەلاویژ)یان بانگکرد بۆ گفتوگۆ لەسەر ئەو گۆڕانکارییانەی کە داوا کرابوو بکرێن، دوای ئەوە درایەوە سەرۆکایەتی پەرلەمان و زۆریش هەوڵیاندا بخرێتە بەرنامەی

---

[1] مێژووی هەڵبژاردن خولی یەکەم ١٩٩٢: بێ ڕیکەوت بڵاوکراوەتەوە لەڕێکەوتی ٢٠٢٢/١١/١٧ وەرگیراوە لە وێبسایتی https://bit.ly/3XWgFGa.

[2] مهاباد قەرەداغی: ئافرەتیزم، ل١١٤.

[3] چاوپێکەوتنی تەلار نادر: ڕۆڵی ژنان لە پەرلەمان،ڕۆژنامەی ریوان، ژ. (٣٥)، سلێمانی، ٢٠٠٢/١٠/١٦، ، ل٥.

پەرلەمانەوە، بەڵام بەهۆی شەڕی ناوخۆوە رایانگرت [١]. (شەمام شەوقی) لەگەڵ ئامادەکاریی بۆ هەڵبژاردنەکانی ساڵی (١٩٩٢)، یەکێک بووە لەو پێنج ژنانەی کە هەڵبژێردرابوو لەسەر فراکسیۆنی سەوز، لەناویاندا لە چالاکترین ژنەکان و داکۆکیکارێکی سەر سەخت بووە لە جێگیرکردنی پێگەی ژن لە ناو پەرلەمان و لە دەرەوەی پەرلەمان، هەروەها داوای کردووە کە لیژنەیەکی تایبەت بە ژنان و مافی مرۆڤ لە ناو پەرلەمان دابنرێت. ناوبراو لە پەرلەمان جێگری سەرۆکی لیژنەی ئابوری بووە. هەروەک خۆی دەڵێ:" بوومە مایەی دامەزراندنی سەدان ژن و پیاو بە میکانیزمی تایبەت، بەهۆی خراپی باری ئابوری خێزانەکانیان" [٢]. بە گشتی دەتوانرێت بوترێت لە ئەزموونی هەرێمی کوردستاندا رێچکەیەکی کۆمەلایەتی و سیاسیی شکێنرا، چوون ژنان خزانە ناو پەرلەمان و لیژنە و کابینەکانی وەزارەتەوە، بەمەش هەنگاونان بۆ پرۆژەیاسای داکۆکی و هەڵمەتی هۆشیاری لەبەشداریی ژنان کاری بۆکرا، هەرچەند بە پێی پێویست نەتوانرا بوونی ژن لە دامەزراوەکاندا بە شێوەیەکی یەکسان شوێنبکەنەوە.

**تەوەری دووەم: رۆڵی ئاشتییانەی ژنانی سلێمانی لە شەڕی ناوخۆدا:**

بەشێوەیەکی گشتی لەدوای راپەڕین بەرەی کوردستانی و دەسەڵاتی سیاسی لە باشووری کوردستاندا نەیانتوانی نموونەیەکی جوان و تەندروست لە حکومڕانی و پێکەوە ژیانی سیاسی لە ناوچەکەدا پێشکەش بکەن. لەو چوارچێوەیەدا لەژێر کاریگەریی هۆکارە (مێژوویی، ئابوریی، کۆمەلایەتی، کەسی)یەکانەوە، لەپێناو بەدەستهێنانی (هێز، هەژمون، دەسەلات) حزبە سیاسییەکان بەگشتی و (ی.ن.ک)، (پ.د.ک) بەتایبەتی گەڕێکی نوێی شەڕی ناوخۆیان ئەنجامدا. بەجۆرێک لە (١٩٩٤/٥/١) ململانێ پەنگخواردووەکانی ئەم دوو حیزبە سیاسیی و چەکدارییە، لەسەر کێشەیەکی لاوەکی بەتایبەتیش لەسەرزەوی و زار و کۆمەڵێک دوکان گەیشتە ئاستی تەقینەوە و کارەساتی کۆمەلایەتی و سیاسی و ئابوری و مرۆیی گەورەی بەدوای خۆیداهێنا [٣].

بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ (برا کوژی) لەنێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک)، کە ساڵانی(١٩٩٤ تاوەکو ١٩٩٨)ی خایاند، کاروبارەکانی پەرلەمانیش هەڵپەسێردرا و حکومەتیش دابەشبوو بۆ دوو حکومەتی خۆجێیی، وەک دوو ئیدارەی جیاواز لە سلێمانی و هەولێر دابەش بوون و دابڕان لە یەکتر، پەرلەمان ئەگەرچی نەبوو بەدوو بەشەوە، بەڵام بەهۆی ئامادە نەبوونی نیوەی ئەندامەکانی

---

[1] چاوپێکەوتنی تەلار نادر: رۆڵی ژنان لە پەرلەمان، ل٥.

[2] چاوپێکەوتنی تەلار نادر: رۆڵی ژنان لە پەرلەمان، ل٥.

[3] شۆخان مەحمود حسێن: کاریگەری ململانێ ی سیاسییەکان لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورددا توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەشاری سلێمانی، تێزی دکتورایە پێشکەشی بەشی کۆمەڵناسی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، سلێمانی، ٢٠٢٢، ل١٢٧-١٢٦.

لە دانیشتنەکاندا، ماوەیەکی زۆر نەیدەتوانی کاروبارەکانی یاسادانان ڕایی بکات و نەشیدەتوانی چاودێر بێت بەسەر حکومەتەوە، لە ساڵانی(١٩٩٦ – ٢٠٠١) حکومەتێک بوو دەسەڵاتی تەنها لە چوارچێوەی دوو پارێزگادا هەبوو (هەولێر – دهۆک)، کە دەستەواژەیەکی سیاسی بۆ داتاشرا، پێی دەگوترا (زۆنی زەرد) و لە ٢٠٠١ لە سلێمانی حکومەتێکی تر پێکهێنرا کە دەسەڵاتی تەنها بەسەر ناوچەی (سلێمانی، ڕاپەڕین، هەڵەبجە و گەرمیان) هەبوو، دەستەواژەی (زۆنی سەوز)ی بۆ بەکارهات. بۆیە سەبارەت بەوەی کە پەرلەمان چ دەستکەوتێکی هەبووبێت بۆ ژن، دەبێت بڵێین بەهۆی شەڕەوە پەرلەمان بۆ هیچ چین و توێژێک نەیدەتوانی دەستکەوتێکی ئەوەندە بەرچاوی هەبێت[1].

لەبەر مەترسی لەبارچوونی ئەزمونی هەرێمی کوردستان و هەرەسهێنانی پەرلەمان و حکومەت و بۆ بنبڕکردنی شەڕی ناوخۆ پۆلێک لە ژنان کە ژمارەیان (٢٠٤) ژن بوو لە کەسوکاری شەهیدان و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ بەسەرپەرشتی (ی.ژ.ک) لە بەرەبەیانی(١٩٩٤/٥/٢٤)دا بە ڕێپێوانێک لە سلێمانییەوە بەرەو هەولێری پایتەخت، بەرە و پەرلەمان و حکومەت بەرەو سەرکردایەتی هەردوو لایەنی هاوبەش لە پەرلەماندا بە ڕێکەوتن، بەمەبەستی داکۆکیکردن لە پەرلەمان و حکومەت وەستاندنی شەڕی ناوخۆ، هەربۆیەش پەرلەمانیان کردە مەبەست و داواکارییان ئەوە بوو کە دەبێت کێشە نەتەوەییەکان لەناو پەرلەماندا چارەسەر بکرێت و حکومەت بڕیاری لەسەر بدات و شەڕ کۆتایی پێ بهێنرێت[2].

ژنان چەند داواکاریەکیان ئامادە کرد و لە ڕۆژی (٥/٢٤) دوای کۆبوونەوەکە دایکان و خوشکانی شەهیدان و ژنانی خێرخواز و بێلایەن بەبێ جیاوازیی بیروبۆچوونی گروپ و لایەنە سیاسییەکان کاتژمێر (٩:٣٠) بەیانی لەبەردەم باخی گشتییەوە کەوتنەڕێ، لەوێ لەلایەن جەماوەرێکی زۆری شاری سلێمانی و لایەنە سیاسییەکان تا دووڕیانەکەی سەرچنار بەڕێیان کردن، تا کاتژمێر (٨:٢٠) ئێوارە کۆمەڵ کۆمەڵ خۆیان کرد بە شارۆچکەی دوکاندا و لەسەر شەقام و ڕێگە گشتییەکاندا بەچەپکە گوڵ و ئاوی ساردەوە لە پێشوازی ژناندا بوون، ڕۆژی دواتر کاتژمێر (٧:٢٠ ) بەیانی بەرە و کۆیە بەڕێ کەوتن، دەستە دەستە ئەو ڕێگەیان بڕی هەر کەسێ تووشیان دەبوو پشتگیری و پشتیوانی خۆیان نیشان دەدان، کاتژمێر (٩:٢٥) خولەک گەیشتنە دێی خرۆشان، کاتژمێر (١١:٣٠) شەو دوا کۆمەڵێ ڕێپێوانەکەیان بە سرودی ئەی کوردینە ئەی مەردینە لە شاری کۆیەدا و لە باخچەی ساوایانی کۆیە مانەوە و جەماوەری کۆیە خواردن و پێخەفیان بۆ ئامادەکردن، بۆ ڕۆژی دواتر بەرەو پایتەخت بەڕێ کەوتن. کاتژمێر (١٢:٢٠) ی شەو لە دێگەڵەی

---

(1) مەهاباد قەرەداغی: ئافرەتیزم، ل١١٦– ١١٧.

(2) سەیوان: ڕێپێوانی ژنان ڕووداوێکی مێژوویی بوو، ڕۆژنامەی دەنگی ژنان، ژ. (١٩)، سلێمانی ،١٩٩٧/٦/١ ی.ژ.ک دەری دەکات، بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری مانگانەیە. ل٢ .

ناسراو بە نێوەندی سنووری هەردوو زۆنەکە، شەویان بەسەر برد، کاتژمێر (٢٠ :٧) بەرەو کەسنەزان رۆشتن، دواتر گەیشتنە هەولێر، بەڵام لەوێ هیچ شوێنێکیان بۆ دابین نەکرا و رێگریی کرا لە پشتیوانی و بەدەمەوە چونیان، ئەوەبوو ناچار ئاپۆرای رێپێوانەکە چوونە حەوشەی نەخۆشخانەی رزگاری و لەوێ پشوویان دا[١]. بۆ ماوەی چەند رۆژێ لە حەوشەی باڵەخانەی پەرلەمان مانەوە، بەڵام دەرگایان بۆ نەکرایەوە تا بچنە باڵەخانەی پەرلەمانەوە[٢]. دوواتر هەرچۆنێک بێت یاداشتی خۆیان دایە هەردوو لیستی سەوز و زەرد و داوایان کرد کە دەبێت دەستبەجێ پەرلەمان کۆبێتەوە و لەوێدا بڕیاری ئاشتی بدەن[٣].

زۆر لە حزب و رێکخراوە جەماوەرییەکانی کوردستان پشتگیری رێپێوان و مانگرتنەکەیان کرد، هەروەها ژمارەیەکی زۆری پەیامنێری رۆژنامە و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان رۆژانە پەیامی رێپێوانی ژنەکانیان بە کوردستان و جیهاندا بڵاودەکردەوە، واتە لە ناوخۆ و دەرەوەدا دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، زیاتر لەڕووی دەرەوە گرنگی پێدرا، بەتایبەت لە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی ئەوروپا و ئەمەریکادا، ئەم رێپێوانە بایەخی گرنگی پێدەدرا [٤].هەروەها بەیاننامەی تایبەتیان هەبوو بە ناوی کەسوکاری شەهیدانەوە*

هەڵبەتە شەڕی ناوخۆ پێشینەیەکی مێژوویی هەبوو، هەر لە ململانێی جەلالی و مەلاییەوە تا سەردەمی شار و دەسەڵاتی حوکمڕانی کوردیی دوای ڕاپەڕین بەردەوام بوو، ڕاستە شەڕەکە و پریشکی ئاگرەکە بەهۆی گرفتیکی ئەوتۆوە نەبوو، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە بیانوویەک بوو بۆ کێشەیەکی قوڵ و گەورەتر، کە خۆی لە شەڕی داهات و دەسەڵاتخوازی و ناکۆکییە مێژووییەکانەوە دەبینییەوە. بابەتی ئابوری و گومرگ و دەسەڵاتی خۆسەپێن و یەکتر قبوڵنەکردن و نەگونجاندنی سیاسی هۆکاری ئەم شەڕە نەگریسە بوون کەچەندین رۆڵەی ئەم نیشتمانەیان کردە قوربانی و جەرگی چەندین دایکیان سووتاند و چەندین منداڵیان بێلانە کردو لە نازی باوکیان بێبەشیان کردن، دواجار بووە هۆی دروستبوونیماڵوێرانی و کاولکاری.

---

[1] ئیدریس لاوە، چاوپێکەوتنی لەگەڵ (بەهیە مەعروف – سەیوان رۆستەم – نازەنین محەمەد - ئاسکۆڵ رەسول – منیرە ئەبوبەکر)، کوردستانی نوێ، ژ. (٦٩٧)ی ساڵی سێیەم، ١٩٩٤/٦/٢، ل٥.

[2] پەیامنێری کوردستانی نوێ: ژنانی سلێمانی لەبەردەمی پەرلەمان دەمێننەوە، کوردستانی نوێ، ژ. (٦٩٥)، ١٩٩٤/٥/٣١، ل٤.

[3] سەیوان: رێپێوانی ژنان رووداوێکی مێژوویی بوو، ل٢.

[4] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (سەیوان رۆستەم)، ٢٠٢٢/١/٢٦، سلێمانی.

* بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١٧).

## تەوەری سێیەم

## ڕووداوی ٣١/ئاب و کاریگەرییەکانی لەسەر ڕەوشی ژن:

ژنان هەروەکو چۆن لە شەڕی بەرگری و ڕاپەڕیندا نموونەی خۆڕاگری بوون، هەروەها لە هەموو جەنگە ناوخۆییەکانیشدا هەڵگری ئاڵای ئاشتی بوون، هەربۆیە چەندین ڕێپێوان و مانگرتنیان بەو بۆنەیەوە سازدا داوای دەستبەجێ وەستاندنی شەڕییان کرد، لەم بارەیەوە دەیان یاداشتنامەی نارەزاییان پێشکەش بە جیهان و نەتەوە یەکگرتووەکان کرد، بۆ ڕاگرتنی شەڕ و سنوردانان بۆ شەڕی دەسەلات و پاوانخوازیی [1].

٣١ی ئاب کاریگەریی لەسەر بزووتنەوەی ژنان و بزاڤی ئازادیخوازیی ژن هەبوو، چونکە بزووتنەوەی ژنان بەدرێژایی تەمەنی خۆیان دەیان هۆکاری خودی و بابەتی نەرێنیانەی وەک کۆسپ هاتۆتە بەردەم، بۆیە هەموو کات لە قۆناغەکانیدا تووشی هەڵوێستەی خۆنەکرد و نەویست بووە. لەم بارەیەوە (چرۆ سابر عەزیز) کە هەڵسوڕاوێکی بواری ژنانە، باس لەوە دەکات، کە (٣١)ی ئاب لەو هۆکارە بابەتییە نەرێنیانە بوو لەسەر ڕەوشی ژنان، کە هاوکێشەکەی هێندەی بوونی خۆی بەپێچەوانەوە گۆڕی، بە پلەی یەکەم هەستی نەتەوایەتی لای (دوو لەسەر سێ)ی ژنانی بەرە و کزی و نەمان برد[2]. هەروەها (لەیلان – نوێنەری یەکێتی ئازادی ژنانی کوردستان)، ڕووداوی ٣١ی ئاب و زەمینەسازی بۆ دەستێوەردانی حکومەتی عێراقی بۆ سەر ئەزموونی هەرێمی کوردستان، ئامانجی یەکەمی دوژمن بوو بۆ بێ باوەڕکردنی نەتەوە بەرامبەر بەهەر شتێک مۆرکی کوردی پێوە بێ و گەیاندنی نەتەوەی کورد بەو ئاستەی کە تیایدا نەفرەت لە کوردبوونی خۆی بکات، ئەوەی زەرەرمەندی یەکەم بووبێت لەم ڕووداوەدا ماف و ئازادییەکانی ژنان بوو، چونکە وێڕای ئەوەی کە شەڕ بارێکی دەروونی خراپ بەسەر کۆی کۆمەڵدا دەهێنێت، لە نەریتی ناوچەکەشدا، هەمیشە ژنان قوربانیدەری یەکەمی شەڕەکان بوون و لەم میانەدا چەندین ژن ڕووبەڕووی دەستدرێژی و ناوزڕاندن و تۆڵەی ململانێ سیاسییەکان بوونەتەوە[3].

هەمیشە ژن ڕۆڵی ئەرێنی و ئاشتەوایی نەگێڕاوە بەڵکو زۆر جاران بوونەتە بەشێک لە جەنگە ناوخۆییەکە و شان بەشانی پیاوەکان شەڕی براکوژییان پێکراوە و بەشداربوون لەو شەڕانەدا. لەم بارەوە (شیرین محەمەد ساڵح) ئەندامی مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی باس لەوە دەکات و دەڵێ: " لە چیاکانی دەوروبەری چۆمان ڕۆژی (١٩٩٦/٩/٣) تەقە دەستی پێکرد و شەڕ تا ئێوارە بەردەوام بوو، چەندین کوژرا و بریندار و دیلیان بەجێهێشت، وەک ژنان لە چۆماندا (٥) ژن بوون

---

[1] بێ ناوی نوسەر: ٣١ی ئاب، خیانەتی گەورە لە شەهیدان و دایکی شەهیدان، دەنگی ژنان، ژ. (٢٢) ساڵی سێیەم، ١٩٩٧/٩/١، بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری مانگانەیە، ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن (ی.ژ.ک) لقی سلێمانی دەریدەکات، ل١.

[2] خونچە: : کاریگەری ٣١ی ئاب لەسەر بزووتنەوەی ئافرەتان، ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی، ژ .(٢٧٩)، ١٩٩٨/٨/٣١، ل٤.

[3] خونچە: ئێمەش بۆ ٣١ی ئاب دەڵێین، ئاڵای ئازادی، ژ .(٢٤٤)، ١٩٩٧/٨/٢٥، ل٤.

که بەشداری شەڕەکەیان کرد، لەڕووی بەڕێوەبردنی بەرەکانی جەنگەوە و تەنانەت جار جار لەسەرکەوتن بۆ شاخ لەگەڵ پێشمەرگەکاندا بەشداری شەڕەکانیان دەکرد. ژنان ئەوکات ئەرکی ئیدارەکردنی ئەو هێزە زۆرەیان کەوتە ئەستۆ، ئەوە بوو زۆر بەڕێکوپێکی کارەکانیان ئەنجام دەدا، ئەو ژنانەی لە چۆمان لەگەڵ مەڵبەنددا بوون، بریتی بوون لە: (خەدیجە شەمسولا – گێلاس محێدین، کوێستان محەمەد عەبدوڵلا – نەسرین جەمال). کۆمەڵێ ژنی تر کە ناکرێت ڕۆڵیان لەبیر بکرێت، ئەوانیش خاوەن هەڵوێست بوون و کاریان لەسەر سنورەکان دەکرد و خەریکی ڕێکخستنەوە بوون لە کۆمیتەکاندا، هەروەها هەندێکیان لە ئیشوکاری پزیشکی و میدیاییدا ڕۆڵیان هەبوو، ئەوانیش (ئەمیرە محەمەد ئەمین لە باشماخ – بەهار محەمەد مستەفا، کەلسوم جەمال، شوکریە کەریم، پەروین کاکە حەمە) بوون، کە لە سەیران بەن بوون لەگەڵ کۆمەڵێک لەو ژنانەی کە لە کۆمیتەکاندا ئەندام بوون. هەروەها (مهاباد محەمەد ئەمین_ ئەندامی مەڵبەند) بەشێوەی نهێنی لەناو شار مابووەوە و خەریکی ڕێکخستنەوەی ئەندامەکان بوو تاوەکو لە دەسپێکی ناسراو بە (گەردەلولی تۆڵە) کە یەکێتی گەڕانەوە بۆ ناو شاری سلێمانی ڕۆڵی هەبوو لە دەستنیشانکردن و دەست بەسەرداگرتنی کۆمەڵێک چەک و تەقەمەنی و گەیاندبووی بە مەڵبەندەکان لە دەرەوە. هاوکات ژنان لە چۆمان مانەوە، چونکە کۆمەڵێک چەک و تەقەمەنی زۆریان لەئەستۆدا بوو تا ڕۆژی (١٩٩٦/١٠/١٣) کە بروسکەیان بۆ کرا بگەڕێنەوە بۆ سلێمانی و ئەوانیش گەڕانەوە، لەوێ هەرچی زانیاری و چەک و تەقەمەنی هەبوو، هەموویان لەگەڵ خۆیان گەیاندەوە مەڵبەند"[(١)].

(خەدیجە شەمسولا) ئەندامی بەشی یاسا لە مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی، لەگەڵ (کوێستان خان و گێلاس خان) دوا بەدوای ٣١ی ئاب، وەک کادرێکی (ی.ن.ک) بڕیاری مانەوەیاندا و پابەند بوون بە بڕیارەکانی حزبەوە و ئەو کارانەیان ڕاپەڕاند کە پێیان سپێردرا. لە (١٩٩٦/٩/٩)، لەوکاتەدا سەرکردایەتی سیاسی بڕیاری کشانەوەی کاتییەکەیدا بۆ چیا کانی سنوور، ئەوان لەگەڵ چەند ژنێکی تری هاوڕێیان لە کادیرانی مەڵبەندەکەیان بەرە و ماوەت کەوتنەڕێ، سەرەتا لە شاناخسێ بارەگایەکی کاتییان بۆ مەڵبەندی سلێمانی دروست کرد، دواتر لە(٩/١٢)دا چوونە چەمی چۆمان و لەوێ توشی شەڕ هاتن لەگەڵ (پ.د.ک)، دواتر بەڕێکەوتن بەرەو زەڵێ و لە (١٩٩٦/٩/١٤)دا گەیشتنە (زەڵێ)، لەبەرئەوەی زەڵێ زۆر قەرەباڵغ بوو، زۆربەی زۆری مەکتەبەکان و مەڵبەندەکان لەوێ کۆبوونەوە، نەیانتوانی لەوێ بمێننەوە، ئەوەبوو لەسەر بڕیاری مام جەلال چوونە نۆکان و لە ڕۆژی (١٩٩٦/٩/١٦) مەڵبەندیان داناو لەگەڵ هاوڕێکانیان یەکیان گرتەوە و

(1) شەنگ: شیرین مەحمود سالح ئەندامی مەڵبەند (١) ڕێکخستنی سلێمانی، گۆڤاری ٣١ئاب، . (٨)،سلێمانی،ئەیلولی ١٩٩٧ ، ل٣٥.

دەستیان کرد بە ڕێکخستنەوەی ڕێکخستنەکانی ژنان و ئەرکی ئیدارەی مەڵبەند و ئێشکگری بارەگاکان و پاککردنەوەی چەکەکان و چەند کارێکی تریان پێ سپێردرا [١].

(گەلاوێژ جەباری) ئەندام پەرلەمان و ئەندامی مەکتەبی مافی مرۆڤ، لەو ڕۆژانەدا ڕەوشی ژنان ئاماژە پێدەکات، کە ڕۆژی (٣١/ئاب) لەگەڵ ژمارەیەک لە پەرلەمانتارانی لیستی سەوز بەمەبەستی کۆبونەوە لەپێناو درێژکردنەوەی پەرلەمان لە ناو پەرلەماندا بوون ، لە پەنجەرەی پەرلەمان لوولەی دەبابەیان بەدی کردووە، ئەوە بوو یەکەم گوللە تۆپ لە مەیدانی ئازەلان دراوە، پاشان بەردەم پەرلەمانیش دراوەتە بەر بۆردومان و دواتر گوللە تۆپ نراوە بە ناو پەرلەمانەوە. هەربۆیە بەزوویی لە پەرلەمان دەرچوون و هەموویان دابڕاون لە یەکتر و ئاگایان لەیەک نەماوە، دواتر بەهەرجۆرێک بێت، بە چاوساغی چەند کەسێک لە هەولێرەوە خۆیان گەیاندۆتە سلێمانی[٢].

بۆ جارێکی دیکە ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان و خوشکان پێکەوە یەک دەنگ و بڕوا هەڵوێستیان خۆیان دژ بە دەستبەسەراگرتنی هەولێر دەربڕیوە. ئەوە بوو ڕۆژی (١٩٩٦/٩/٧) و کاتژمێر (٤) دوانیوەڕۆ بەدەستپێشخەری یەکێتی ژنانی کوردستان بەرێپێوانێکی مەزن بەرێ کەوتن بەرەو بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان – لەو ڕێپێوانەدا چەندین دروشمی جۆراوجۆری تایبەت بەو ڕووداوەکە بەرزکرابوونەوە، هەروەها ژنانی بەشداربووی ڕێپێوان یاداشت نامەیەکیان گەیاندە بارەگای (نەتەوە یەکگرتووەکان) و هەر ئەو دەمەش بڕیاردرا دەست بە مانگرتن بکەن تاوەکو داواکارییەکانیان جێبەجێ دەکرێ[٣]. بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵ و چالاکییانەی ژنان بۆ ڕاگرتنی براکوژی کردیان، هیچ لە بارودۆخەکەی نەگۆڕی، هەرچەندە توانیان دەنگی خۆیان بگەیەننە دەرەوە ، تاوەکو وڵاتانی دەرەوە ڕۆڵیان هەبێت لە وەستاندنی شەڕی ناوخۆیی. ڕێپێوانەکە دەرخستنی هێزی ژنان بوو کە دەتوانن لە پرسە چارەنووس سازەکاندا دەنگ و ڕەنگیان هەبێت و لە هیچ هێزێک سڵنەکەنەوە، ئەوەش لە پێناو پاراستنی نیشتماندا هەڵویستیکی دەگمەنی ژنان بوو لە باشووری کوردستان، هەروەها دەریخست کە ژنان هەوێنی ئاشتین و شەڕی ناوخۆیی دەدەنە دوواوە[٤].

---

(1) شەنگ: شێرە ژنەکانی ی.ن.ک لە یادی گەردەلولی تۆڵەدا، گۆڤاری ٣١ئاب، ژ .(٨)،سلێمانی، ١٩٩٧، ل٣٣.

(2) ئامادەکردنی (ئەختەر): ڕێپێوان و مانگرتنی ژنانی سلێمانی، دەنگی ژنان، ژ .(١٤)ی ساڵی دووەم، کانونی دووەمی ١٩٩٧، سلێمانی، ل٦.

(3) هەمان سەرچاوە،ل٦.

(4) تەوار پێنجوێنی: ڕێپێوانی ژنان بۆ وەستاندنی شەڕی ناوخۆو رونەدانی ٣١ی ئاب، ئاژانسی هەواڵی ژنان، لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٨/٣٠، بڵاوکراوەتەوە لەڕیکەوتی ٣/١٨ /٢٠٢٢وەرگیراوە لە وێبسایتی https://bit.ly/3X0tuOZ.

## تەوەری چوارەم

## ڕۆڵی سەربازیی وئەمنی ژن لە سلێمانیدا ساڵانی (١٩٩٦-٢٠٠٣).

لە کۆتـایی مـانگی ئۆکتۆبـەری ( ١٩٩٦)دا، لەوکاتـانەدا کە بـەرەکانی بەرگـری کـردن لە شـاری سلێمانی لە دوای ٣١/ئاب هەر بەرەیەک یەکێ لە پیاوە کارگێڕەکانی مەڵبەند سەرپەرشتی دەکردن، لەوکاتەدا ( کوێستان محەمـەد عەبدوڵا) لەو هەلومەرجەدا پرسیارێکی بابـەتی لـە (عیمـاد ئەحمەد) لێپرسـراوی مەڵبەنـدی یەکـی سـلێمانی دەکـات و دەڵـێ:" ئەی بـۆچی منتـان لە هـیچ بەرەیەکـدا دانەناوە؟". بەو نیازەی لە بـەرەی ئەزمڕ لەگەڵ کۆمیتەی ماوەت و شـارباژێڕ دەست بەکار بێت، عیماد ئەحەمەدیش پێشنیازی ئەوەی بۆ کوێستان محەمـەد کرد (٢٠) ژنـی دیکە هەڵبژێرێت و لـەو بەرەیەوە ببێتە لێپرسراویان، ئەویش پێشنیارەکەی پەسـەند کرد و لە (١٩٩٦/١١/١٠) دا ئەم (٢٠) ژنە دەستیان بـە ڕاهێنـان کرد، تـا لە ڕۆژی (١٩٩٦/١١/١٦)دا بـە بڕیـارێکی مـام جەلال پشـتیوانی و ئومێدێکی زیاتر بەو هەنگاوە سەرەتاییە بەخشرا. لێرەوە هێزی پێشـمەرگەی ژنـانی کوردسـتان لە (٥) تیپەوە بەرەو فراوان بوون ڕۆیشت، بۆ شوێنکردنەوەی زیاتری ژنان لەناو هێزەکـەدا، هەنـدێک مـەرج و میتۆدی بەشـداریی دیـاریکرا، بـۆ نموونـە بـۆ ئەوەی ژنێک لە هێزی پێشـمەرگەی ژنانـدا وەربگیرێت، پێویستی دەکرد کە تەمەنی لە (١٨)ساڵ کەمتر و لە (٤٠) ساڵ زیاتر نەبوایە[1].

هــەروەها لەســـەر پێشــنیاری (مــام جەلال) کـــاتژمێر (٥)ی بەیــانی ڕۆژی (١٩٩٧/٧/١) بە سەرپەرشتی لێپرسراوی هێزی پێشمەرگەی ژنان (کوێسـتان محـەمەد عەبدوڵلا) یەکەمین مـانۆڕی مەشقی سەربازی لەبەردەم بارەگای هێزی ژنان لە سلێمانییەوە بەرە و ناوچەی شارباژێڕ دەستی پێکرد، لە نیوەڕۆی یەکەمدا هێزەکە گەیشـتە قەڵاچـۆلان و مـام جەلال پێشـوازی لێکردن، پاشـان بەرێکەوتن بەرەو گوندەکانی ناوچەکە، دواتر تا ڕۆژی(٧/٤)گەیشتنە گونـدی گوێزڵە کە دوا بنکەی ڕاهێنانەکـەیان بـوو، پاشـان هێـزەکە گەڕایـەوە بەرەو مـاوەت و قەڵاچـۆلان، بڕیـاڕیش درا (٧/٨) هێزەکە بگاتەوە سلێمانی، شایانی باسە (١٩٠) پێشمەرگەی ژن بەشـدارییان لەو مـانۆڕەدا کرد، کە مەبەسـت لێـی دەرخسـتنی توانـای ژنـان و ڕاهینـان و ئامادەکارییـان بـوو بـۆ کـاری پێویسـت[2]. گەورەتـرین و دیـارترین بەشـداری هێـزی پێشـمەرگەی ژن لە ئۆپەراسـیۆنی سـوپاییدا لە تشـرینی یەکەمـی سـاڵی (١٩٩٧)دا هــاتە دی، کاتێـک( ٩٠ )پێشــمەرگەی ئەم هێـزە لە دۆڵـی هیـران نزیـک شـەقڵاوە بەشدارییان لە شـەڕەکانی گەردەلولی تۆڵەدا کرد و نزیکەی یەک مانگ لە شـەڕگەکان

---

[1] کەژاڵ ئەحمەد: هێزی پێشـمەرگەی ژنـانی کوردسـتان، هێـزی ئوڤەرتـایم نییە...!، ڕۆژنامـەی کوردسـتانی نـوێ، ژ.(١٣٧٩)، ١٩٩٧/١/١٦، ل٥.

[2] ڕێزان حسێن لە سـەنتەری ڕاگەیاندن ژنـان: مـانۆڕی مەشـقی سـەربازی ژنـان بەردەوامە، کوردسـتانی نـوێ، ژ. (١٤٢٢)، ١٩٩٧/٧/٦ ساڵی پێنجەم، ل٤.

مانەوە[١].جگە لە بەشداریی ڕاهێنانە سەربازییەکان ، ژنان لە ئەرکی پەروەردەیی و هۆشیاریشدا کاری گرنگیان ئەنجامدا، بۆنموونە لەڕووی چالاکی ڕۆشنبیرییەوە خولی یەکەمیان لە ساڵی (١٩٩٧) بۆ ماوەی(١٤)ڕۆژ لە هۆڵی مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی ئەنجام درا و چەند بابەتێکی سەربازی و ڕۆشنبیری و مێژوویی تێدا پێشکەشکران. هەروەها خولی دووەم لە (١٩٩٨/٤/١٥ تا ١٩٩٨/٤/٢٤) لە بارەگای هێز ئەنجام دراو چەند بابەتی سەربازی و ڕۆشنبیریی تێدا باسکران[٢]. جگە لەوانەش بەشداری کردنی هێزی ژنان لە بواری وەرزشدا لە یانەی وەرزشی پێشمەرگە و لە (٢٠٠٠/١٢/١٩)دا بەتایبەت لە گروپەکانی بالە و باسکە و کاراتیدا بووە[٣].

لە سەرەتادا بۆ ماوەی (٣) ساڵ (کوێستان محەمەد عەبدوڵلا) فەرماندەی ئەم هێزە بوو، ڕۆڵێکی گەورەی لەدروست بونیدا گیرا، دواتر (ڕێزان ڕەشید) لە(١٩٩٨/٨/٢٠) دا بە فەرمی فەرماندەی سەربازی هێزی پێشمەرگەی ژنانی پێ سپێردرا ، لەو قۆناغەشدا چالاکییان بریتی بوو لەوەی هەفتەی جارێک دەستەیەکیان شەو و ڕۆژ پاسەوان دەبن لەناو هێزەکەدا و بەیانیان و ئێواران کاتژمێر و نیوێک ڕاهێنانی سەربازی دەکەن، هەندێ جاریش سەرپەرشتی ئاسایشی کوڕ و بۆنە و یادەکانیان دەخرایە ئەستۆ. لەو کێشانەی ڕووبەڕووی پێشمەرگەی ژنان دەبوونەوە ئەوە بوون، کە هەندێ کەس باوەڕیان بە پێشمەرگەی ژن نەبوو، باوەڕیان بە جلوبەرگەکەیان و مانەوەیان لە کاری پاسەوانی و ڕاهێنانەکاندا نەبوو، بەڵام ژنان توانیان بە ئەندازەیەکی زۆر بەسەر هەموو کێشەو کۆسپێکدا زاڵبن، ئەوەبوو لە سەرەتادا پیاو ڕاهێنانی بە پێشمەرگەکان دەکرد، بەڵام دواتر ژنان بۆخۆیان بەو ئەرکە هەڵدەستان[٤]. لەنێو هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا، ژنان بەشداری و ڕۆڵی کارایان هەبووە، بەتایبەتیش هێزی پێشمەرگەی ژنان ، هاوکات بەمەبەستی ڕاهێنان و گەشەپێدانی لێهاتوویی سەربازیی ژنان لەلایەن وەزارەتی پێشمەرگە و هێزی تایبەتی پێشمەرگەیژنانەوە خولی ڕاهێنانی تایبەت بە ژنان کراوەتەوە و هەوڵدراوە هۆشیاریی سیاسیی و لێهاتووییان لەبواری هونەری جەنگی پەرەپێبدەن[٥].بۆنموونە لە کاتی پرۆسەی ئازادی عێراقدا

[1] کوێستان محەمەد: چەندزانیارییەک سەبارەت بەهێزی پێشمەرگەی ژنان، گۆڤاری ڕێبەری پێشمەرگە، ژ. (٦)، حوزەیرانی ١٩٩٨، مەڵبەندی ڕێکخستنی (ی.ن.ک) دەری دەکات، ل٣٨.

[2] چاوپێکەوتنی ڕێبەری پێشمەرگە: لەگەڵ زێڕین ئەحمەد ئەمین، گۆڤاری ڕێبەری پێشمەرگە، ژ. (٨)، دیسەمبەری ١٩٩٨، مەڵبەندی ڕێکخستنی (ی.ن.ک)لە سلێمانی دەری دەکات، ل٣٩.

[3] کوێستان قادر: ڕۆڵی ژنانی کوردستان لە خەباتی چەکداریدا، گۆڤاری ڕێبەری پێشمەرگە، ژ .(٣)، ساڵی ٢٠٠٠، مەڵبەندی ڕێکخستنی (ی.ن.ک) لە سلێمانی دەری دەکات، ل٩٠.

[4] تەلار نادر: پیرۆزبایی بۆ یادی ساڵڕۆژی هێزی پێشمەرگەی ژنان،ڕۆژنامەی ژیانەوە، ژ. (٢٩) ساڵی دووەم، ١٩٩٨/١١/١٩، ل١.

[5] کاروان عەلی: ژنان هەمیشە بەرگرییان لە دەستکەوتەکان کردووە، کوردستانی نوێ، ژ .(٢٣٠٢)، ساڵی نۆهەم ٢٠٠٠/١١/١٣، ل٢.

هێزی پێشمەرگەی ژنانی سلێمانی و کەرتێک لە پێشمەرگەی ژنانی سلێمانی لە قۆڵی (کەلار-جەلەولا ) یارمەتی هێزی پێشمەرگەی ژنانی گەرمیانیان داوە، ئەوان لە قۆڵەکەیان ماونەتەوە بۆ راپەڕاندنی ئیشوکارەکان و ڕۆژانە توانیویانە بەشداری میحوەرەکەی فەرماندەی کەرت (سەمیرە سەعید) و پێشمەرگەکانی کەرتی یەکی هێزی پێشمەرگەی ژنانی سلێمانی بکەن، هەروەها لە ڕێککەوتی (٢٠٠٣/٤/٥)دا جولەی قۆڵی کفرییان کرد، ئەوەبوو لەگەڵ (ملازم شەهلا محەمەد) ڕێبەری سیاسی هێزی پێشمەرگەی ژنانی سلێمانی و (ملازم روخۆش ئەحمەد) و (ملازم سروە محەمەد عەزیز) و (ملازم ئامینە ئەحمەد) و پێشمەرگەکانی کەرتی دووی سلێمانی، لەم گەڕانەدا چوونە ئەو شوێنانەی کە سوپای عێراق تیایدا پاشەکشێی کردووە لەژێر بۆردومانکردنی هێزی هاوپەیمانان ڕۆژانە کۆبوونەوەی کتوپڕیان ئەنجامدا لەگەڵ هێزەکەیان و هیچ جیاوازییەکیان نەبووە لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان[1].

دەزگاکانی ئاسایشی ناوخۆ لە هێزێکی نەریتی تایبەتمەند بە پیاوان بۆ هێزێکی زیاتر پێشکەوتوو ڕوو لە مەدەنیەت کە ژنان تیایدا دەرفەتی کارکردنیان بۆ رەخساوە شان بە شانی ئەفسەر و مفەوەز و پۆلیسە پیاوەکان هەنگاوی نا، یەکەم خول بۆ ژنان ساڵی (١٩٩٦) کرایەوە، بەشداربووان لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ پلەی مفەوەزیان پێ بەخشرا. هاوکات مفەوەز (تانیا عەلی) کارمەند لە بنکەی پاراستنی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کە یەکێک بووە لە بەشداربووانی یەکەم پرۆسەی بەشداری کرنی ژنان لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆدا، باس لەوە دەکات کە بەشداربوونیان کارێکی ئاسان نەبووە، چونکە پرۆسەیەکی لەوجۆرە هەتا ڕادەیەک بە کۆمەڵگای کوردی نامۆ بووە، لەبەرئەوەی ئەم دەزگایانەی ئاسایشی ناوخۆ لە کاتی بەر لە ڕاپەڕیندا مۆرکێکی ئەوتۆی لەخۆگرتبوو، بەجۆرێک تاکو ئێستاش هەڵویست و دنیابینی نەرینی دەرهەق بە ژنان لە زەینی تاکەکانی کۆمەڵگەدا هەرماوە[2].لەم خولەدا مەرجی تایبەت ڕەچاوکرا بۆ بەشداربووان وەک (بەرزی ئاستی ڕۆشنبیریی، تەمەن، توانای بۆ ئەو کارە، تەندروستی باش، پلەی خوێندەواری) دوای پراکتیزەکردنی پرۆسەکە و کاریگەریی لەسەر دۆزی ژنان توانی ئەو بەربەستە بشکێنن کە ژنان توانای پاراستنی ئاسایش و هێمنیان نییە، ئەمەش بووە هەنگاوێک ژنان بێ سڵەمینەوە هەوڵ بدەن کە لە ئەزموونی تر بەشدار بن [3].

---

[1] ملازم لەمیعە محەمەد قادر: (فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی ژنانی گەرمیان وپرۆسەی ئازادی، کوردستانی نوێ، ژ. (٣٠٤٠)، ٢٠٠٣/٤/١٥، ل١٠.

[2] عومەر رەئوف: پۆلیسی ژن شتێک بوو لەم لای عاجبایەتییەوە یان لەولای موستەحیلەوە؟!، گۆڤاری ناوخۆ، ژ. (٦)، ل ٤٣-٤٦.

[3] هەمان سەرچاوە، ل ١٠٩-١١٠.

## باسی سێیەم

## ڕۆڵی ژنانی سلێمانی لە ناوەندی بڕیاردا سالآنی(١٩٩١-٢٠٠٣)

### تەوەری یەکەم:بەشداری سیاسیی ژن لە پەرلەمان و پارتە سیاسییەکاندا:

ڕۆڵ و بەشداری سیاسیی ژن لە هەموو دونیادا ڕێژەیەکی کەمی تۆمار کردووە، ئەمەش دیاردەیەک نییە تایبەت بێت بە کوردستان، بەڵکو تاڕادەیەک دیاردەیەکی جیهانییە، ژن بەشداری لە سیاسەتدا کەمترە، کوردیش کە دابەش بووە بەسەر چوار دەوڵەتدا، زۆرجار لە شۆڕشی چەکداری و بەرگریدا بووە، هەربۆیە لە زۆربەی شۆڕشە چەکدارییەکانی دونیا و کوردیشدا پیاو زیاتر لە ژنان بەشداربوون، ئەم راستیە بۆ کۆمەڵگای کوردیش دروستە، هەرچەند ئەمە بە واتای ئەوە نایەت کە ژن ئامادەگی نەبووە لە چالاکییە سیاسیەکاندا [١].ژن لە ئاستی جیهاندا بەشدارییان لە دامەزراوە سیاسییە فەرمییەکاندا (٥%) بۆ(١٠%) بووە، بەتایبەت لە پێگەی سەرکردایەتییە سیاسییەکاندا، بۆنموونە لە هەموو جیهاندا ژن (١٢%) کورسییەکانی پەرلەمانیان بەدەستەوەیە، ئەم ئامارە تایبەتە بە ساڵی (١٩٩٤)، کە لە (٥٢) دەوڵەتدا هیچ ژنێکی وەزیر بوونی نەبووە. بەمەش دەردەکەوێت کە بەشداریی سیاسی ژن زۆر کەم و کورتی هەبووە لەڕووی مێژووییەوە بە بەراورد بە پیاو. لە مێژوودا ئەگەر تەماشا بکەین ژن کەمتر بەشداری لە سیاسەت و لە هەڵبژاردنەکاندا کردووە. دەرئەنجامی ئەمەش وایکردووە کە ژن کەمتر ئەزموونی لەبوارە پراکتیییەکانی رۆڵی سیاسیدا هەبێت، بەجۆریک لە زۆربەی وڵاتەکانی دونیادا تاوەکو ساڵی (١٩٢٠) ژنان مافی دەنگدانیان نەبووە، تەنانەت لە وڵاتێکی وەک سویسرادا کە لە پێشەنگەکانی سیستەمی دیموکراسی و یەکسانی ژن و پیاوە، ژن تاوەکو ساڵی ١٩٧١مافی دەنگدانی نەبووە [٢].

لە شۆڕشی فەڕەنسای( ١٨٧٩)دا، ئیتر وردەوردە لە بوارەکانی مافەکانی مرۆڤ و گەشەی دیموکراسیدا، ڕەوشی ژنان بەرەوپێشچوونی گەورەی بەخۆیەوە بینی. ئەم ڕەوشە زۆرێک لە ژنانی وڵاتانی دنیای گرتەوە. سەبارەت بە چالاکییە سیاسییەکانی ژنانی کورد و بەتایبەتی ژن لە باشووری کوردستان، زۆر بەزەحمەت کۆسپە کولتوورییەکانیان تێدەپەڕاند، ئەوەبوو لەگەڵ هاتنە پێشەوەی یەکەم ئەزموونی خۆبەڕێوەبەری کوردیدا، ئیتر لە دوای ساڵی (١٩٩١)ەوە، گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی بەسەر بزاڤی ژن و بەشداریی و چالاکی سیاسیی ژندا هات، بەتایبەت دوای ئەوەی ژن بەشداربوو لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی ساڵی (١٩٩٢)دا ، ئیتر وەک پیاو مافی دەنگدانییان هەبووە. هاوکات لە مێژووی کورددا بۆ یەکەمجار ژن خۆی هەڵبژارد بۆ پەرلەمان.

---

[1] ابراهيم طاهر معروف الرباتي: المرأة الكردية و دورها في المجتمع الكردية، الطبعة الأولى، طبع والنشر التفسير، أربيل، ٢٠٠٤، ط ٢٤١.

[2] دکتۆر فارس محمد عمران: المرأة بين أهتمام الامم المتحدة ورعاية مصر ط١، مكتبة جامعة المدين، ٢٠٠٥، ميصر، ط٨.

هەروەها بەشداربوون لە پێکهێنانی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەجۆرێک توانیان پێگەی وزاری لە هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی بەدەستبهێنن[1]. لە واقعی کوردستاندا ڕێژەی بەشداری کردنی ژنان لە کۆی حزبە سیاسییەکان لەسالانی نەوەدەکان، بریتی بوو لە (١٠% -_ ٢٠%)، ئەوە وێڕای ئەوەی ئەو ڕێژەیە لە حزبەکاندا تەنیا لە چوارچێوەی ئەندامی سەرکردایەتی و پلەکانی خوارتردا بوونی هەیە و ڕۆنەچۆتە مەکتەبی سیاسی یان ئاستی سەرۆکی حزبێک، جێگری حزب.. هتد، هەروەها بەپێی دەرئەنجامی ئەو کۆنگرانەی ئەنجامیانداوە، هیچ کات ژنان نەبوونەتە سەرۆک یان جێگری سەرۆک لە حزبەکاندا، واتە ڕێژەیان (سفر%) بووە لەو نێوەندەدا، بەرامبەر (١٠٠%)ڕێژەی پیاوان[2].

لە زۆربەی پارتەکانی تریشدا ئەندامی بالای ژن بەدەگمەن بوونی هەبووە. لیرەدا دەتوانرێت بوترێت لەنێوان پارتی و یەکێتیدا تاڕادەیەکی سنووردار دەرفەتی زیاتر بۆ ژنانی ناو یەکێتی ڕەخساوە، هەرچەند ئەوەیش بە بەراورد بە میتۆدە پیشکەوتوخوازەکەی ئێجگار لاواز بووە. بۆنموونە ژنان لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا ڕۆڵێکی فراوانیان نەبووە، هیچ یەک لە سەرۆکەکانی ئەم حزبە یان جێگر یان ئەندامێکی مەکتەبی سیاسییان ژن نەبوون. بە هەمان شێوە لە ناو (ی.ن.ک) پۆستی سکرتێر و جێگرەکانی هەر لە سەرەتای دامەزراندنی ئەو حزبەوە دوو جێگری هەبووە، کە ئەوانیش لەلایەن پیاوانەوە وەرگیراون، بەلام لەدوای کۆنگرەی سێیەمی ئەو حزبەوە ژنێک بووە ئەندامی مەکتەبی سیاسی ، بەرە بەرە ڕێژەی ژن لە ئۆرگانەکانی یەکیتیدا زیادی کرد، ڕێژەی ژن بەرانبەر بە پیاو بەمجۆرەی لێهات، (٩%)ی ژن بەرانبەر بە (٩١%) پیاوان، بە جۆرێک (٨) ئەندامی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) ژنن، کە دەکاتە ڕێژەیەکی (١٦%) لەو ئورگانەدا و لە بەرامبەر ڕێژەیەکی(٨٤%) پیاوان. لە پەرلەمانی کوردستانیش لە خولی یەکەم (١٩٩٢) ژنان ڕێژەیان (٨%) بوو،لەکاتی ئەزموونی دوو ئیدارەییدا لە نێوان پارتی و یەکیتیدا، پشکی ژن لە ئیدارەی سلێمانی دوو هێندە و نیوی پشکی ژن بووە لە ئیدارەی هەولێر، کە لە کابینەی سێیەم و چوارەمی حکومەتدا ئەم ڕێژەیە چەسپاوە، هەروەها لە هەولێر لە ماوەی ئەو (٩) ساڵەی ئەزموونی دوو ئیدارەییدا (٢) ژن وەزیر بوون، بەڵام لە سلێمانیدا لە هەمان دوو کابینەی ئەو قۆناغەدا لە ماوەی(٥) ساڵدا، (٥) ژن وەزیر بوون، دیارە هۆکاری بەهێزیی پێگەی ژن لە ئیدارەی سلێمانیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کێبەرکێیەی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) کە بەردەوام (ی.ن.ک) دەیویست بیسەلمێنێت لەڕووی فیکرییەوە لە (پ.د.ک) پێشکەوتر و دیموکراسی تر و شارستانیترە، بۆ سەلماندنی ئەمەش پێگەی ژن وەک سەنگی مەحەک بەکاردەبرا، هۆیەکی تری ئەم جیاوازییەی نێوانیان دەگەڕێتەوە بۆ چالاکی (ی.ژ.ک) کە لە سنووری ئیدارەی سلێمانیدا دەرفەتی زیاترییان

---

(1) ابراهيم طاهر معروف الرباتي: المرأة الكردية ودورها في المجتمع الكردي، مصدر سابق، ص ٢٤٣.

(2) کنێر عەبدولا: گۆشە نیگاکانم، بێ چاپ و چاپخانە، ٢٠١٩، ل٩٩- ١٠٠.

پێدەدرا [1]. هەروەها (ی.ن.ک) لەو دەمەدا ئەندام بووە لە حیزبە سۆشیال دیموکراتەکانی دونیادا، بۆیە دەبوو بالانسی جێندەری بە پێی پێوەری پرۆگرامی سۆسیال دیموکراتەکان ڕابگرتبایە، هەرچەندەیش نەتوانراوە بە پێی پێویست ئەو هاوسەنگییە ڕابگیرێت، هەروەها سروشتی ناوچەکە و پێکهاتەی کۆمەلایەتی ڕۆڵی هەیە لە بابەتی دیاریکردنی ڕێژەی بەشداری ژناندا، لەبەرئەوەی سلێمانی یەکێک بووە لە ناوەندی ڕۆشنبیرییە گرنگەکانی کایەی ئەدەب و هونەر و ئازادییە کۆمەلایەتییەکان، بە بەراورد بە ژنەکانی تر لە ناوچەکانی تری کوردستاندا دەرفەتی زیاتریان بۆ ڕەخسێنراوە.

(هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد) یەکێک بوو لە کاندیدەکانی (ی.ن.ک) بۆ ئەندامێتی پەرلەمانی کوردستان، ناوبراو لە ساڵی (١٩٩٢)دا، هەڵبژێردرا بۆ ئەندامی خولی یەکەمی پەرلەمان، ئەو لە میانی ئەندامبوونیدا ژنیکی چالاکی ئەو خولە بوو، هاوکات لەگەڵ ئەندامە ژن و هەوەڵەکانیاندا لەناو پەرلەماندا، ڕۆڵێکی گەورەیان بینی لەو سەردەمەدا [2].

(شەمام شەوقی) دبیلۆماتکار و هەڵسوڕاوی بواری مافەکانی ژنان، پاش ڕاپەڕین یەکەم ژن بوو کە بووە ئەندامی مەڵبەندی یەکی ڕێکخستنی سلێمانی و لە ساڵی (١٩٩٢)یش، بەشداربوو لە کۆنگرەی یەکەمی (ی.ن.ک) و هەر ئەو ساڵە بۆتە بەرپرسی کۆمیتەی( ٣)ی ژنانی سەر بە مەڵبەندی یەک و دواتریش بووەتە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان. لەو ماوەیەدا چالاکییەکی زۆری بۆ پەرەپێدانی جموجوڵی بزووتنەوەی ژنان ئەنجام دا و لە پەرلەمانی کوردستاندا بەرپرسیارێتی دۆسیەی هەمواركردنی یاساکانی باری کەسێتی گرتە ئەستۆ، لە حوزەیرانی ساڵی (١٩٩٥)دا، بۆ سازکردنی زەمینەیەکی لەبار و یارمەتیدەر بۆ چاکسازی کاروباری کەسێتی ژنان و بەرپەرچدانەوەی ڕەوتە نەریتپارێزەکان کە دژی یەکسانی ژن و پیاو بوون، زنجیرەیەک سیمینار و کۆڕ و کۆبوونەوەی لە سلێمانیدا بۆ ڕێکخراوەکانی ژنان ڕێکخست. هەروەها ساڵی (١٩٩٧) لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا سەنتەری ڕاگەیاندنی ژنانیان دامەزراند، لەم سەنتەرەدا زیاتر پەرەی بە بزووتنەوەی فێمێنیزمدا، هاوکات وەک خاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەی ژیانەوە، کە ررۆژنامەیەکی تایبەت بوو بە پرسی ژنان دەستبەکاربوو، ئەم رۆژنامەیە، یەکەم ڕۆژنامە بوو تایبەت بە بزوتنەوەی ژنان، دوواتر لە ساڵی (١٩٩٨)دا چووەتە تاراوگە و لە وڵاتی هۆڵەندا نیشتەجێ بووە، لەویش درێژەی بە چالاکییەکانی داوە و لە ماوەی نێوان (١٩٩٩-٢٠٠٢) کارگێڕی مەڵبەندی دەرەوەی یەکێتی بووە لە ئەورووپا[3].

---

(1) مهاباد قەرەداغی: ئافرەتیزم، ل ١٢٤- ١٢٥.

(2) محەمەد سابیر: هێرۆ خان لوتکەی خەباتی تێکۆشان، ل ٢٢.

(3) فەرید ئەسەسەرد: ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ب٢، ل ١٣٤١.

هەروەها (پەخشان جەلال حەفید)، لە ساڵی (١٩٩٤) دوای هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ بەشداری کارای لە کۆمەڵەی ئاشتیدا کرد، ئامانجی کۆمەڵەکە ڕاگرتنی جەنگی ناوخۆ بوو، دواتر ساڵی (١٩٩٥) وەک بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە دەستبەکار بوو، هەروەها لە ساڵی (٢٠٠١)دا، لێپرسراوێتی بەڕێوەبەری گشتی کار و دابینکرنی کۆمەڵایەتی پێسپێردرا، دواجار لە ساڵی (٢٠٠٣)دا، وەک بریکاری وەزیر لە وەزارەتی مافی مرۆڤ دەستبەکاربوو[(١)].

ئیتر وردەوردده لەو قۆناغە بەدوواوە ژنان چوونە ناوەندی بڕیار و هەندێک پۆستیان وەرگرت، بۆنموونە (نەرمین عوسمان) یەکێکی ترە لەو ژنانەی کە بەردەوام لە ناو ریزەکانی یەکیتیدا پەیوەندی و چالاکی هەبووە، ناوبراو لەدوای ڕاپەرین زۆر پۆستیان پێ بەخشیوە لە هەریەک لە (ی.ژ.ک) و پێشمەرگە دێرینەکان و مەکتەبی ڕێکخستنە دێرینەکاندا، لەگەڵ ئەوەشدا وەک ئەندامێکی کارا و سەرەکی لەرێکخراوی منداڵپارێزی کوردستانیشدا کاریکردووە[(٢)]. ناوبراو یەکەم وەزارەت کە کاری تێداکرد وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بوو، هاوکات یەکەم وەزیری ئەو وەزارەتە بوو، کە لە ساڵی (١٩٩٩)دا دەستبەکاربوو، یەک ساڵ و چەند مانگێک لەو وەزارەتەدا مایەوە[(٣)].

لە یەکەم هەنگاوی کارکردنیدا لەگەڵ تیمی وەزارەت دەستیان کرد بە داڕشتنی یاسایەک بۆ وەزارەت، ئەوەش بەسوودوەرگرتن لە یاسای وەزارەتی هاوشێوە لە بەغداد و بەهاوکاری یاساناسەکانی ئەنجومەنی وەزیران، وەک (چالاک تاڵەبانی و عەبدولباست مەولود)، دواتر لەلایەن هەردوو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی هەرێمەوە پرۆژە یاساکەیان پەسەند کرا، هەروەها بە هاوکاری (دارۆی شێخ نوری و بایز تاڵەبانی) توانیان پەیکەری وەزارەت سەرلەنوێ دابڕێژنەوە و پرۆژەکانیان پەسەند بکرێن. لە پڕۆژە گرنگەکانی (پێکهێنانی ئەنجومەنی چاودێری نەوجەوانان، لە کارەکانی ئەم ئەنجومەنە، وەرگرتنی ئاماری مانگانە بوو لە پۆلیسی نەوجەوانان تا بزانن ڕێژەی تاوان چەندە و لە کام ناوچە زۆرە، دامەزراندنی بیرۆکەی توێژەری کۆمەڵایەتی وەک مامۆستا لەو ئەنجومەنەوە خرایە بواری جێبەجێکردنەوە)[(٤)].

---

[(1)] (پەخشان جەلال حەفید) لە ساڵی (١٩٤٧) لە گەڕەکی کانێسکانی شاری سلێمانی لە دایکبووە، لە ساڵی (١٩٦٤ ) پەیوەندی کردووە بە (ی.ق.ک) و دوواتر چووەتە ناو (پ.د.ک)، لە ساڵی (١٩٦٩ ) لە بەشی زمان و وێژەی کوردی کۆلێجی ئادابی زانکۆی بەغداد وەرگیرا، ساڵی (١٩٧١ ) پەیوەندی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانەوە کردووە، لە ساڵی (١٩٨٠ )دا، لە سلێمانی پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردوە، لە ساڵی ١٩٨٩ بەشداری دامەزراندنی (ی.ژ.ک) کردووە و یەکێک بووە لە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە. بڕوانە (فەرید ئەسەسەرد: ئیسنکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ب١، ل١٤٩).

[(2)] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (نەرمین عوسمان)، سلێمانی، ٦/ ٢ / ٢٠٢٢.

[(3)] خەڵەف غەفور: لەسەر ڕێگای گەیشتن بە ئاسۆ کۆ دیدار لەگەڵ نەرمین عوسمان، ل٤٢.

[(4)] نەرمین عوسمان: لەبەر تریفەی مانگ خەونەکانی نیشتمانمان دەچنی، ل ٣٢١- ٣٢٢.

یەکێکی تر لە کارە گرنگەکانی ئەو ئەنجومەنە دامەزراندنی دادگای نەوجەوانان و منداڵان بوو، کە پێشتر لەگەڵ دادگای گشتی تێکەڵ بوو، هەروەها کەمکردنەوەی دیاردەی سواڵکردن[١]. قەدەغەکردنی فرۆشتنی خواردنەوەی کحولی و جگەرە لەلایەن منداڵ و نەوجەوانانەوە، هەروەها دارشتنی یاسایەکی تایبەت بۆ منداڵ و دوکاندارە مەیفرۆشەکان بە قەدەغەکردنی فرۆشتنی خواردنەوە کحولییەکان بە منداڵی خوار تەمەن (١٨) ساڵ، جیالەوەیش چاودێری دوکان و یانە و گازینۆ و چایخانەکان کە فلمە سێکسیی و نەشیاوەکانیان پەخشدەکرد، یان شوێنی یارییە ئەلکترۆنییەکان بۆ نەهێشتنی دیاردەی نمایشی فیلمی سێکسی بۆ مناڵانی خوار تەمەن (١٨) ساڵ، بەمجۆرەیش لە هەر شوێنێک سەرپێچی بکردایە بە بڕیاری وەزارەتی ناوخۆ دادەخرا[٢].

پڕۆژەیەکی تایبەت بەخاوەن پێداویستی تایبەت، لەوانە مۆڵەتی دایکایەتی بۆ ئەو دایکانەی مناڵی ئیفلیجی مێشک (شلل دماغ)یان هەیە، لەوێدا مۆڵەتەکانیان بە موچەی تەواو و ئەژمارکردنی راژەیان بۆ دابیندەکرا، هاوکات بایەخدان بە خوێندنی (برایل) بۆ نابینایان و دابەشکردنی گۆچانی تایبەت و کاتژمێری تایبەت کە لەلایەن یونسێفەوە دابینکرا بوو، جگە لەوانەش چەندین پڕۆژەی تریان هەبوو[٣].دواتر بۆشاییەک هەبوو لە وەزارەتی پەروەردە بۆ پۆستی وەزیر، بۆیە داوایان لێکرد، کە ببێتە وەزیری پەروەردە، پاش وەرگرتنی پۆستەکەی بەسەرکەوتوویی مایەوە تا کۆتایی(٢٠٠١)[٤].

هاوکات لە لایەنی دادوەرییەوە ژنان بە ڕێژەیەکی سنووردار بەشدار بوون، بۆنموونە (گەلاوێژ سەعید ئەحمەد)، لە (٢٠٠٢/١/٢١) وەک دادوەر لە دادگای سلێمانی سوێندی یاسای خوارد، ئەمەش بۆ یەکەمجار بوو ژنێک بوو بە دادوەر، هەربۆیە جێگەی بایەخێکی گرنگ بوو، بەجۆرێک لەبەردەم (مام جەلال) سەرۆکی هەرێمی کوردستان و (بەرهەم ساڵح) سەرۆکی حکومەتی هەرێم سوێندی یاسایی خوارد[٥]. بەپێی بڕیاری ژمارە (١٦)، (٢٠٠٢/١/٣٠) سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران (شنۆ لەتیف شێخ مەحمود)، (جنان قاسم علی) وەک بریکاری وەزارەتی ڕێگاوبان و ئاوەدانکردنەوە و وەزارەتی تەندروستی دەست بەکاربوون[٦].

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل٣٢٢.

[2] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (نەرمین عوسمان)،سلێمانی، ٢٠٢٢/٢/٦.

[3] نەرمین عوسمان، لەبەر تریفەی مانگ خەونەکانی نیشتمانمان دەچنی ،ل٣٢٤.

[4] خەڵەف غەفور: لەسەر ڕێگای گەیشتن بە ئاسۆ، ل٤٢.

[5] گەلاوێژ سەعید ئەحمەد: لە شاری سلێمانی لە دایکبووە، دەرچووی کۆلێجی یاسای زانکۆی بەغداد بوو لە ساڵی ١٩٨٥، وەک پارێزەر، لە شاری هەولێر کاری کردووە. (هانا شوان: گەلاوێژ خانی دادوەر لە دیداری ڕێواندا، رێوان، ژ.( ١٨) ساڵی یەکەم، ٢٠٠٢/٢/١، ل٢.

[6] بێ نووسەر: بەشداریکردنی ژنان لە ناوەندی بڕیاردا، هەنگاو رووە و مەدەنیەت، ڕۆژنامەی ژیانەوە، ژ. (٨٩)، ٢٠٠٢/٢/١٥، ساڵی پێنجەم، ل١.

هاوکات لە ناوەندی دەسەڵاتی حیزبیشدا، ژن هەوڵی بەدەستهێنانی پۆستی داوە، هەروەک (خەمینە ساڵح ئەحمەد)، پاش ڕاپەڕین لە کۆمیتەی (٦)ی ئاوارەکان پلەی ئەندامی کەرتی پێدرا لەناو (ی.ژ.ک) بە پلەی کارگێڕی کۆمیتە کاری کرد و لە ساڵی (١٩٩٥)یشدا پلەی لە کۆمیتەی ئاوارەکاندا بۆ ئەندامی کۆمیتەی بەرز کرایەوە و لە ساڵی (١٩٩٦)لە کۆنفرانسی مەڵبەندی ٢ی ڕێکخستنی کەرکوک دا بەشداری کرد. ناوبراو لە هەڵبژاردندا دووەم دەنگی بەدەستهێنا و ئەمەش ئەو دەرفەتەی پێبەخشی کە ببێتە ئەندامی مەڵبەند، هەروەها ساڵی (١٩٩٨) گوێزرایەوە بۆ مەکتەبی مافی مرۆڤ و ساڵی دواتر لە کۆمەڵەی داکۆکی کردن لە قوربانیانی ئەنفالکراوەکان و ئەندامی لیژنەی باڵادا دەستبەکار بوو[1].

ژن لە ڕێکخستنەکانی حیزبیشدا چوونەتە پێشەوە و لە پرۆسەی سیاسییدا ڕۆڵیان هەبووە، بۆ نموونە (چرا عومەر سابیر)* لە ساڵی (١٩٩١)دا دوا بەدوای ڕاپەڕین، لە بواری ڕێکخستندا کاریکردووە، ناوبراو وەک ئەندام کەرت لە کۆمیتەی یەکی مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی کاریکرد، لە ساڵی (١٩٩٦)دا، کاتێک هێزی پێشمەرگەی ژنان دروستکرا پەیوەندی پێوەکردن و بووە پێشمەرگە لەو هێزە، ساڵی (١٩٩٨) بە پلەی ئەندامی کۆمیتەی گوێزرایەوە بۆ مەڵبەندی شەهیدان و لەوێ لە بەشی ئامار و وردبینی کاری کرد، ساڵی (٢٠٠٠) لە کۆمیتەی ڕێکخستنی سەرچنار لێپرسراوێتی کەرتی ژنانی پێ سپێردرا، ساڵی( ٢٠٠١) بەشداری لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا کرد[2]

سەبارەت بە ڕۆڵی ژن لە لە بڕیاری سیاسیدا، (پەیمان عیزەدین) کە زۆربەی تەمەنی لەم بوارانەدا کاریکردووە دەڵێت:(( بە دوو ئاڕاستە ژن ڕۆڵی بینیوە، یەکێکیان کاریگەرییەکی جدی و شاراوەی هەبووە، ئەویتریان پۆستێکی ئاشکرا و ناچالاکی هەبووە، بەڵام کارەکانی لە ئاستیکی بەرفراواندا نەبوون، ئەوەی کاریگەریەکی زۆر جدی و بنەڕەتی و شاراوەی هەبووە (هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد)بوو، ناوبراو لەو قۆناغەدا هیچ پلەیەکی سیاسی نەبوو، بەڵام کاریگەریی گرنگی هەبووە بەسەر بڕیارەکانی مام جەلالەوە، ئەم شوێندانانە لەسەر بڕیاری سەرۆک و بەرپرسە باڵاکانی پیاو، لە زۆرێک لە سەرۆکەکانی تریش بە هەمان شێوە بوونی هەبووە، بۆ نمونە (حەمائیل محمود زێبار)ی هاوسەری مەلا مستەفای بارزانی، لە سەردەمی ( مەلا مستەفا و مەسعود بارزانی ) کوریدا ڕۆڵێکی گرنگ و پشتپەردەی هەبووە لە بڕیارە چارەنوسسازەکانی ژیانی سیاسییدا. ئاڕاستەی دووەم، کە ڕۆڵە ئاشکرا و ناچالاکەکانە ئەو ژنانەن کە خۆیان ژنی

---

[1]فەرید ئەسە سەد: ئیسنکلوپیدیای (ی.ن.ک)، ب١، ل ٧٤.

[2]بەرنامەی چیرۆکی من: ژنێکی لە دەستپێکی گەنجیەوە تا ئێستا دانەبڕاوە لە تێکۆشان، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٣/١٧ بڵاوکراوەتەوە لەڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٢/١١وەرگیراوە لە وێبسایتی https://bit.ly/3j8Y9f4.

سیاسین و لەناو حیزبە سیاسیەکانن، بەڵام ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نەبووە، چونکە ژنان نە لە پەرلەمان و نە لە دروستکردنی بڕیارەکانی سەرەوەدا بەشدار نەبوون، هەروەها لە شاندەکانیشدا مافی بەشدارییان نەبوو، بۆ نموونە لە هیچکام لەو شاندانەی کە لەسەر پرسە چارەنوسسازەکانی نێوان ناوەند و هەریمی کوردستان کۆدەبوونەوە، ژنان ئەندامی شاندەکان نەبوون، سەرەڕای ئەوەش کاتێک حزبە سیاسییەکان لە جەنگی ناوخۆدا تیوەگلان و دواتر بڕیاری ڕاگرتنی ئەو شەڕەیاندا یاخود هەر بڕیارێکی تریش، ئەوا ژنان لەو بڕیارانەدا هیچ بوونێکیان نەبووە، بەڵام ژنی بەرپرسەکان ڕۆڵی نهێنی و کاریگەریان هەبووە لەسەر بڕیارە سیاسییەکان" [1].

بەگشتی ژنان لە نێو پۆستە فەرمییەکاندا نەگەیشتوونەتە ئاستی بڕیار و ڕاویژپێکردن، بەڵام بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ ئەو ژنانەی کە پۆستی فەرمییان نەبووە، بەڵکو ژنی بەرپرس و سەرۆکەکان بوون، باشتر توانیویانە پێگە و پەیامی خۆیان بەسەر ئیرادە و بڕیارە چارەنوسسازەکاندا بسەپێنن.

**تەوەری دووەم: ئاستەنگەکانی بەردەم ڕۆڵی سیاسیی ژن لەشاری سلێمانی سالآنی (١٩٩١ – ٢٠٠٣):**

لەو قۆناغە دیاریکراوەدا گەلێک کۆسپ و کولتووری دواکەوتوویی بوونە لەمپەر لەبەردەم بەرەوپێشچوونی ژناندا، لەوانە:

١ .دواکەوتوویی کۆمەڵی کوردەواریی و نزمیی ئاستی ڕۆشنبیریی، هەبوونی ئەزمونێکی پێشوەختەی ڕژێمی بەعس بۆ دروستکردنی ڕێکخراوی ئافرەتان و نابوتکردنی ئەو مۆدێلی کاری ڕێکخراوەییە لەبەرچاوی خەڵک و بە نزم تەماشاکردنی ئەوکارە[2].

٢.ئاستەنگی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵگە لەوکاتەدا ژنانی بۆ کاری سیاسیی پێ پەسەند نەبووە، کە بەرپرس بن و وەکو ژن فەرمان و بڕیار دەربکەن بەسەریاندا، هەروەها پێیانوابووە ژن ناتوانێ ماوەیەکی زۆر لەدەرەوە بێت، بەڵکو ئەرکی خیزان و بەخێوکردنی منداڵی لە ئەستۆدا بووە، هاوکات ژنانیش خۆیان ئەو زەمینەی هۆشیاری و پەروەردەییەیان بۆ نەڕەخساوە تاوەکو بتوانن بەسەر ئەو تیڕوانینە نەریتیانەی کۆمەڵدا زاڵبن[3].

٣. نا کامڵبوونی عەقڵییەتی سیاسی و دیموکراسی و پرەنسیپی هاوڵاتی بوون، هەروەها زاڵبوونی عەقڵییەتی خۆسەپاندن و تاکڕەوی، چونکە بە پێوەری بیری تەسکی حزبایەتی و ناوچەگەرییەتییەوە لە هاتنە پێشەوەی ژنیان ڕوانیوە، ئەمەش تا ئەندازەیەکی زۆر زیانی بە

(1) چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ (پەیمان عیزەدین)، ، سلێمانی، ٢٠٢٢/٣/١٤.

(2) ئامادەکردنی ڕێبازی نوێ: بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دووری ژن لە ڕیکخستن، گۆڤاری ڕێبازی نوێ، ژ .(١٦) ئەیلول ١٩٩٩، بەشی ڕووناکبیری مەکتەبی ڕێکخستن (ی.ن.ک) دەری دەکات، ل٦٠.

(3) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (نەرمین عوسمان)، سلێمانی، ٢٠٢٢/٢/٦.

خەباتی ژنان گەیاندووە [١]. لەمبارەوە (بێخاڵ ئەبوبەکر حسێن) دەڵێت:" ئێمەی ژن لە جیاتی تاقە و توانا مەحسوبیەت و مەنسوبیەت، خۆشی فلان و عەشیرەتی فلان نەمانتوانیوە بگەینە ئەو ئاستەی کە سیستەم بەدامەزراوەی بکەین، بەڵکو عەشیرەتگەری و خێڵەکی و ناوچەگەری زاڵە بەسەر ئێمەدا، ئەگەر پرەنسیپی هاوڵاتیبوون رەچاو بکەین، هەر کەسەو (ژن بێ یاخود پیاو) بەپێی لێهاتووی و توانای خۆی لە هەر ئاین و رەگەز و کەمینە و زۆرینەیەکدا بتوانێ خزمەت بەخەڵک بکات، واتە (کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو) بەداخەوە ئێمە پرەنسیپی حیزب بوونمان زاڵکرد، نەک هاوڵاتیبوون) [٢].

٤.ژنان خۆیان متمانەیان بەخۆیان نییە، ئەم بێمتمانییە لەمپەرە لەبەردەم بزاڤی ژناندا [٣].

٥.تەشەنەسەندنی دیاردەی هەژاری و نەخوێندەواری و لاوازی ئاستی رۆشنبیریی، کە بێگومان ژنان لەو بوارانەدا بەشی شێریان بەردەکەوێت، ئەمەش رێگرە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی بەشداری و نوێنەرایەتی ژنان لە بواری سیاسەتدا [٤].

٦. تێڕوانین و دیدو رەفتاری پارتە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان، ئەوەندەی ڕواڵەتکارانەیە بۆ ژنان هێندە لە دیدێکی تەواوی باوەڕبوونیانەوە نییە بە تواناکانی ژنان، بۆیە هەوڵەکانی بۆ والآبوونی دەرفەت لەبەردەم بەشداری راستەقینەی ژنان لەسەرجەم بوارە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابورییەکاندا جدی نییە[٥].

٧. بەهای کولتووری نوێ و کۆن رۆڵێکی گرنگ ئەبینێ لە دوو ڕووی ڕۆڵەکانی ژن لە کۆمەڵگای کوردیدا، بە گوێرەی پێودانگە تازەکان بێت، دەبێ ژن لە دەرەوەی کۆمەڵگە کاربکات، بەڵام داب و نەریت لە چوارچێوەی ماڵدا بێت، ئەمەش وای کردووە دژیەکی لە رۆڵی ژناندا هەبێت[٦].

٨.ژنان باوەڕیان بەکارەکانی خۆیان نییە، خۆیان بەکەم دەزانن لەبەرامبەر پیاواندا، ئەوەش خاڵێکی زۆر نەرێنییە [٧].

---

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ( بێخاڵ ئەبوبەکر حسێن)، سلێمانی ٢٠٢٢/٢/٢٤. بێخاڵ ئەبوبکر حسێن ئەندامی بۆردی رێکخراوی یەکگرتووی خوشکان،لە ساڵانی دوای راپەرین لەبواری ڕاگەیاندا کاری کردووە .

[2] هەمان سەرچاوە.

[3] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (بەهار عەبدولرەحمان محەمەد)، سلێمانی،٢٠٢٢/٢/٢٨.

[4] کنێر عەبدوڵا: کۆتای ژنان و کاریگەری لە سەر دۆخی ژنان و بەشداری سیاسی و هەڵبژاردن، (توێژینەوەکانی شەشەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی پلاتفۆرمی دابڕان و چوارەمین کۆنفرانسی فیمینیزمی رۆشنگەری، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٢١،ل١٨٩.

[5] کنێر عەبدوڵا: بەشداری سیاسی ژنان لە باشوری کوردستان، چ٢، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ل٤٧.

[6] طاهر حسو میر الزيباري: دور المرأة الكردية فى المشاركة سياسية، المصدر سابق، ص ١١٢.

[7] لوتفیە عەلی سەعید: چاوپێکەوتن لەگەڵ (عەبدوڵڵای حاجی مەحمود)، رێوان، ژ. (١٠)،سلێمانی، ساڵی یەکەم، ٢٠٠١/١٠/١، ل٣.

٩. سەركردە سیاسییەكان لەو پرسەدا پاڵپشتی ژنان نەبوون و بواریان بۆ نەڕەخساندون تاوەكو بگەنە ئەو ناوەندە [١].

١٠.هەڵوێستی ژنان خۆیان بەربەستە، چونكە هەموو كارێك هەوڵدان و تێكۆشانی دەوێت و ژنیش لە مەیدانەكەدا تا بتوانێت بەشدار بێت و نەبێتە قوربانی، پێویستی بە هەوڵی زیاترە و خۆیان لەم بوارەدا هەڵوێستسكی جددیان نییە [٢].

١١. هەرچەند چەندین ژن لەو قۆناغەدا ببوونە خاوەنی بڕوانامەی زانكۆیی و پسپۆڕی جیاوازیان هەبوو، بەڵام زۆربەی ژنان حەزیان بە لێپرسراوێتی نەدەكرد، چونكە ئەركە قورسەكان دەیان ترسێنێ، هەربۆیە زوو خۆیان ڕادەست دەبوون و خۆیان بەدوور دەگرت لە بەرپرسیاریەتی، لە لێپرسراوێتی و لێپرسینەوە سڵ دەكەنەوە، زۆرێك لە ژنان نایانەوێت ناویان بكەوێتە ناو ناوان، نایانەوێت بەر توانج و ڕەخنە بكەون، نایانەوێت ڕۆژنامە لەسەریان بنوسێت، جگە لەوە ژیانی ماڵ و منداڵ كاتی زۆریان لێدەبات [٣].چەندین ئاستەنگی دیكە هەبوون لەبەردەم گەیشتنی ژنان بە ناوەندەكانی بڕیار و دەسەڵات، چونكە لە مێنتاڵێتی خێڵدا، ژن كەمتوانایە و ناتوانێت خۆی خۆی بەڕێوە ببات، چ جای ئەوەی خەڵكی تر بەڕێوە ببات.

---

(1) لوتفیە عەلی سەعید: چاوپێكەوتن لەگەڵ (ئەمیرە محەمەد) بەڕێوەبەری گشتی دیوان لە وەزارەتی كاروباری كۆمەڵایەتی، ڕێوان، ژ. (١٠) ساڵی یەكەم، ٢٠١١/١٠/١، ل٣.

(2) ڤیان مەجید فەرەج: غیابی ژن لە بواری سیاسەتدا، چاوپێكەوتن لەگەڵ ئەرسەلان بایز، ژیانەوە، ژ.(٩٠)،سلێمانی، ساڵی پێنجەم، ٢٠٠٢/٢/١ ، ل٣.

(3) لەیلا عەلی: چاوپێكەوتن (شەونم عەبدولقادر وەزیری پەروەردە)، ژنان لە پۆستی حكومەتیدا، گۆڤاری خاك، ژ.(١٠٥)، ساڵی دووەم، ٢٠٠٥، ل١٨.

## باسی چوارەم

## ڕۆڵی ڕێکخراوەکان لە برەودان بە تواناکان و هاوکاری ژن لە شاری سلێمانی ساڵانی (١٩٩١_٢٠٠٣)

**تەوەری یەکەم: دامەزراندنی ڕێکخراوەکانی ژنان ومێژووی سەرهەڵدانیان:** ڕێکخراو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە کە بە شێوەیەکی هۆشیارانە ڕێکخراوە و خاوەنی مەرج و سنورێکی دیاریکراوی کارکردنە، بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجێک، یان چەند ئامانجێک هەوڵدەدات، ئەمەش لەسەر بنچینەی زنجیرەیەک بنەمای هەمیشەیی چالاک دەبێت[1]. هاوکات ڕێکخستنێکی ئارەزوومەندانە، کە سودێکی گشتی هەیە و خاوەن کەسایەتییەکی (معنوی) سەربەخۆیە. پێکدێت لە چەند کەسایەتییەکی سروشتی بە ئامانجی هاوکاری لێقەوماوان و کارکردن بۆ بەرژەوەندیی نەداران و پارێزگاریی کردن لە ژینگە و دابینکردنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان و گەشەسەندنی کۆمەڵگا[2].

سەبارەت بە مێژووی دەرکەوتنی ڕێکخراوەکانی ژنان لە کوردستاندا، دەتوانریت بوترێت، سەدەی بیست بە قۆناغی گۆڕانی ژیانی ژنی کورد دابنرێت، چونکە دەرکەوتنی هەوڵ و خەباتەکانی ژنان لە فۆرمی ڕێکخراوەکاندا بەوردی لە نیوەی دووەمی سەدەی (٢٠)دا دەبینرێت، هەرچەندە لە نیوەی یەکەمی ئەو سەدەیەدا چەند ڕێکخراوێک دروست بوون، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی و بەرفراوان نەبوون[3].

دوای شەڕی یەکەمی جیهانی (١٩١٤_١٩١٨) بۆ یەکەمجار چەندین ریکخراوی ژنان دامەزران، کە گرنگترینیان بریتیبوون لە:

١ . یەکەمین ڕێکخراوی ژنانی کورد بەناوی (کۆمەڵەی پێشخستنی ژنانی کورد)، ساڵی (١٩١٩) لە ئەستەمبوڵ دامەزراوە، (ئەنجوم) خانی هاوسەری (مستەفا پاشا) سەرۆکی ئەو کۆمەڵەیە بوو. ئەم خانمە (ئەنجوم) پەیمان دەدا، کۆمەڵەکەیان بۆ پێشخستنی کورد و خەبات لە پێناو مافە ڕەواکانیدا هەرچی لە دەست بێت درێغی نەکات، ئەم کۆمەڵەیە یارمەتی ژنان و منداڵانی کوردیدا، کە بەهۆی جەنگی جیهانییەوە توشی مەینەتی هاتبوون[4].

٢. هەروەها (کۆمەڵەی ژنانی کورد) لە ساڵی (١٩٤٠)دا لە سلێمانی دامەزرا کە ڕۆڵێکی رچەشکین و بەرچاوی هەبوو.

---

(1) فوئاد عەلی: راگەیاندنی لۆکاڵ (NGO)کان لە هەرێمی کوردستان – سلێمانی بەنموونە)، چ١، چاپخانەی بینایی، ٢٠٠٩، سلێمانی، ل١٢.

(2) ئامادەکردنی راگەیاندنی وەزارەت: یاسای کاری ریکخراوە ناحکومییەکان، بڕیاری ژمارە (٢٩٧) لە ١٩٩٩/١٢/٢٥، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران وەزارەتی پەیوەندی و هاوکاری، سلێمانی، ل٣.

(3) نوخشە عەبدول، رۆڵی ژن لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی باشووری کوردستان (١٩١٨-١٩٤٥)، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٩٧.

(4) شەونم یەحیا: ستراتیژی مەسەلەی ئافرەت لە چوارچێوەی ڕێکخراوەی، گۆڤاری K21، ژ.(٢_٣)، ٢٠٠٨، ل٣٠٥.

٣. کۆمەڵی ژنی شۆڕشگێڕی کوردستان لە ساڵی (١٩٤٥) بەڕێبەرایەتی (کەچی خانم) لە کەرکوک دامەزران. پاشان بۆتەواوی شارەکانی تر چالاکیەکانییان دەگواستەوە، لەکاتی چوونی بۆشاری سلێمانی (کەچی خانم) چاوی بە (حەپسە خانی نەقیب) دەکەوێت و هەوڵی دامەزراندنی یەکێتیەکی ئافرەتان دەدەن بەناوی (یەکێتی دایکانی دیموکراتی کوردستان). [١]

٤. یەکێتی دایکانی دیموکراتی کوردستان، ئەم یەکێتییە لە ساڵی (١٩٤٧) بە هاوکاری (ناهیدەی شێخ سەلام و مینا خان)، خاتوو (مینا) هاوسەری (قازی محەمەد) بەڕێوەدەبرا.

٥. ژنانی ناو ڕێکخراوە و کۆمەڵە گشتییەکانی کورد. هەروەها ژنان لەم قۆناغەدا پەیوەندیان بەو پارت و ڕێکخراوانەی لەو دەمەدا دروست بوون کرد، لەوانە پارتی هیوا (ناهیدەی شێخ سەلام) ئەندامی چالاکی ئەو پارتە بوو، دوای دامەزراندنی (پارتی دیموکراتی کوردستان) لە (١٦)ی ئابی (١٩٤٦) ژنان پەیوەندیان پێوە هەبووە و پێگەی تایبەتیان هەبووە لە ڕێکخستنەکانی ئەو پارتە [٢].

کاری ڕێکخراوەیی ژنان لە کوردستانی باشوور هەڵقوڵاوی ناوکاری سیاسیی حزبە دەسەڵاتدارەکانی کورد بوون، لەدوای پەنجاکانەوە ڕێکخراوی ژنان وەک کایەیەک بە بەشێک لە پەیڕەو و پڕۆگرامی حزبە کوردییەکان بەدیارکەوتن و پەرەیان سەند، لە دوای ساڵانی پەنجاکان (پارتی دیموکراتی کورد) پێداویستی دامەزراندنی ڕێکخراوێک بۆ ژنانی کوردستان لەساڵی (١٩٥٢) بەهەنگاوێکی گرنگی دانا، لە بەرنامەی حزب و ئامانجە سەرەکییەکانیدا هاتبوو کە بەشداری ژن، پەیڕەوکردنی دیموکراتییە، دوابەدوای هەوڵەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و ساڵی (١٩٨٩) یەکێتی ژنانی کوردستان دامەزرا، کە زادەی حزبێکی سیاسیە بەناوی (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) [٣].

واتە قۆناغی پێش ڕاپەڕین، بزوتنەوەی سیاسی کوردستان کە لە لایەن پارتە سیاسییەکانی باشووری کوردستانەوە ڕێبەرایەتی دەکرا، بەهێز بوو، چالاکی ئەم بزووتنەوەیەش هاوکار بوو بۆ هێنانە پێشەوەی ژنان بۆ نێو پارتەکان و کایە سیاسییەکانی تر، بەتایبەت لە ڕێکخستن و خەباتی نهێنی نێو شارەکاندا، ئەمە تاڕادەیەک سەرەتایەک بوو بۆ هاتنە ناوەوەی ژنان بۆ نێو دنیای سیاسەت، بەڵام بەهۆی بارودۆخی سیاسی ئەو سەردەمەوە زیاتر خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی زاڵ بوو بەسەر خەباتی پیشەی و ڕەگەزی و جەماوەریدا. ئەگەرچی مێژووی ڕێکخراوی ژنان لە باشووری کوردستاندا تەمەنی لەنیو سەدە زیاترە، بەڵام قۆناغێکی لەبار و گونجاو نەبووە بۆ

[1] مەهاباد حەسەن عوسمان، ڕۆشنا ئیبراهیم محەمەد، ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی ژنان لە کۆمەڵگای مەدەنیدا، گۆڤاری تەوار، ژ. (٣٥)، سلێمانی ،٢٠١١ ، ل ١٥٤-١٥٥.

[2] هە.مان سەرچاوە.

[3] شەونم یەحیا خدر: ستراتیژی مەسەلەی ئافرەت لە چوارچێوەی ڕێکخراوەی، ل٣٠٧.

گەشەکردنی ڕێکخراوەکانی ژنان، چونکە ئەوانیش لەژێر هەڕەشەی لەناوبردنی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق بوون و خەباتی نهێنیان دەکرد. ئەگەرچی ڕێکخراوەکانی (کۆمەڵەی ئافرەتانی عێراق و یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و یەکێتی ژنانی کوردستان) پێش ڕاپەڕیندا هەبوون، بەڵام کار و چالاکییان بۆ ژنان زۆر سەرەتایی بوون(١).

لەدوای ڕاپەڕین لەگەڵ دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەگشتی و ڕوخانی ڕژێمی بەعس بەتایبەتی، ژمارەی ڕێکخراوەکانی ژنان لە هەرێمی کوردستان زیادی کرد، چەندین فاکتەر بوونەتە هۆی ئاسانکاریی، بۆ ئەمە و لەو فاکتەرانەش هەبوونی ئەو بۆشاییە نوێیەی بەهۆی ڕۆیشتنی ڕژێمی بەعسەوە دروست ببوو، هاوکات لەگەڵ گەشەسەندنی هۆشیاریی تایبەت بە مافەکانی ژنان و مافەکانی مرۆڤ و گەڕانەوەی ژنانی تاراوگە، ئامادەگی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لە کوردستان پرۆژەکانیان بۆ ژنان (٢).

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەگشتی و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان بەتایبەتی دروست بوون و ڕێکخراوە کۆنەکانی ژنان ئەوانەی کە لە (٥٠)کاندا دروست ببون بوژانەوە و ڕێکخراوی نوێ دامەزرا. ڕێکخراوەکان بوونە هۆکارێک بۆئەوەی ژنان لەو ڕێگەیەوە هەوڵی بەدەستهێنانی مافەکانیان بدەن، کە لە سەردەمی ڕژێمی پێشوودا بواری کاری ڕێکخراوەیی و مافەکانیان لێ زەوت کرابوو. لەبەرئەوەی کاری سیاسیی لەچاو زۆربەی چالاکیەکانی تردا ناسنامەیەکی بێوێنەی هەیە، بۆیە ڕێژەی بەشداریی ژنان لە بواری کاری سیاسیی ڕێژەیەکی کەمە و زۆربەی کارە سیاسییەکان لە دەستی پیاواندایە، بۆیە ژنان هەوڵیانداوە بۆ بەدەستهێنانی ئەم مافەکانیان ڕێکخراوێک پێکبهێنن تاکو بتوانن لە ڕێگەی ئەو ڕێکخراوەوە پراکتیزەی کاری سیاسیی خۆیان بکەن (٣).

ڕاپەڕین گۆڕانکارییەکی زۆری لە هەموو ڕوویەکەوە بەسەر کۆمەڵگای کوردیدا هێنا، وەک ئەزمونێکی نوێ، لەو هەلومەرجەدا چەندین زاراوە و وشەی نوێ هاتنە نێو و بانگەشەی بۆ دەکرا و فرەحزبی پەیدا بوو، هەریەکەشیان بانگەشەی کۆمەڵێ زاراوەی لە جۆری دیموکراسی و یەکسانیخوازی و ئازادییان دەکرد، بە حوکمی ئەوەی ئەوان هەڵقولاوی ناو خەڵکین، هەربۆیە پێویست بوو لای هەریەکەیان ڕێکخراوی هەمەجۆریان هەبێت، لەو ڕێکخراوانە (ئافرەتان، ژنان، خوشکان) بوون، ئەم پارتانەش ڕۆچوونە نێو خەڵکەوە. دیارە تێگەیشتن لە خواست و دەردەکانی کۆمەڵ کارێکی باشە، ژنانیش بەشێکن لە کۆمەڵ، ئیدی وەک حاڵەتێک ڕێکخراوی ژنان لەناو

---

(1) نەجیبە مەحمود: مێژوو ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی ژنان لە کوردستان و عیراقدا، گۆڤاری سەردەمی ژن، ژ. (١)،چاپخانەی ڕەنج ،سلێمانی ،٢٠١٢، ل١٨٤.

(2) عومەر عەلی ئەحمەد: ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەپاراستنی مافەکانی ژناندا، نامەیەی ماستەرە پێشکەشی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، سلێمانی، ٢٠١٢،ل٦٥. (بڵاونەکراوە).

(3) کاری سیاسی ژنان لە ڕێکخراوە کوردییەکاندا، گۆڤاری تەوار: ژ. (٢٥)، ساڵی ٢٠٠٩، ل ٢٢-٢٣.

حزبەکاندا سەریهەڵدا، بەڵام زۆرینەیان لەسەر ئەو بڕیارانە دروست نەبوون، کە دەبێ شەڕی گەورە بکەن لە پێناو خنکاندنی ئەو بیر و عەقڵییەتە کۆن و کەلتوورییەی کە ئەوانی لە پەراوێزدا داناوە و ئەمانی کردۆتە کەسێکی بێ ئیرادە، بەڵکو زیاتر بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی حیزب دامەزران و سەرهەڵدانیشیان لەژێر دەستی پیاوەکاندا بوو، نەک ژنان خۆیان [١].

ڕێکخراوی ژنان لە چەمکی واقیعیانەی خۆیدا ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی و جەماوەرییە، کە خەبات دەکات بۆ ئازاد بوونی ژنان لە زوڵم و ستەمە کۆمەڵایەتییەکان، ئیتر سەرچاوەکەی هەر دەسەڵات و سیستەمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و ماددی بێت، بە بەکارهێنانی هەر جۆرە ئامرازێکی خەبات و کۆبوونەوە. ڕێکخراوی ژنان دەبێت ڕەنگ و دەنگ و توانای ژنان لە خۆیدا کۆبکاتەوە بێ جیاوازی ڕەنگ و زمان و ئایین و هزری سیاسی و تەنانەت ئینیتمای حیزبایەتی و ئایدۆلۆژیای تایبەت بە ئەندامان، چونکە ستراتیژی واقیعی ڕێکخراوی دیموکراسی ژنان بێگومان سنوورەکانی حیزب و دەسەڵات و ئایدیای تایبەت تێدەپەڕێنێت و تاکە ئامانجی سەرەکی ئازادبوونی ژنانە، لە ڕێکخراوەکاندا کۆیان دەکاتەوە و یەکیان دەخات[٢].

مۆدێلی دروستکردنی ڕێکخراو لە کوردستانی باشووردا مۆدێلێکی حیزبی بووە، سەرەتا هەموو پارتە سیاسییەکان چۆن بیریان کردۆتەوە کە پێویستە ڕێکخراوی پیشەیی و سەندیکا و کۆمەڵەی تایبەتیان بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە هەبێت، تا بتوانن زیاتر ڕۆبچنە ناو کۆمەڵگە و ڕێکخستنەکانی خۆیان فراوانتر بکەن، ئاوهاش بیریان لە دامەزراندنی ڕێکخراوی ژنان کردۆتەوە، کەواتە ئەم ڕێکخراوانە بەرهەمی بیکردنەوە لە ئازار و ئازادی ژن نەبووە، بەڵکو زادەی ڕەوتێکی گەشەسەندوی ناو بیر و هزری سەردەمەکە نەبووە، کە پەیوەست بێت بە ماف و ئازادیەکانی ژنەوە، تەنها پیویستییەکی واقیعی و سەردەمیانەی پارتە سیاسییەکان بووە.

لێرەدا نمونەی چەند ڕێکخراو کۆمەڵە و یەکێتییەکی ژنانمان وەرگرتووە کە لەو قۆناغەدا دیار و چالاک بوون وەک:

**یەکەم: یەکێتی ئافرەتانی کوردستان(ی.ئا.ک):**

مێژووی دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژی (١٩٥٢/١٢/١١) [٣]، لە ماڵی (میرزا غەفور) بەئامادەبوونی (ناجیە خانی مستەفا فەنی موفتی کە سەرۆکی پلینۆمەکە بوو، ناجیە خانی میرزا غەفور، ناهیدە خانی میرزا غەفور، ئافتاو کەریم و مەدیحە حەمە ئەمین، سورەییای مەلای

---

(1) سۆزان مامە: ژن و گەڕان بەدوای ناسنامەدا، چاپ و بڵاوکردنەوەی وەزارەتی رۆشنبیری، ، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٤٦-٤٧.

(2) دڵسۆز حەمە: چۆنیەتی دیموکراتی بوونی ریکخراوی ژنان، کوردستانی نوێ، ژ. (١٧٣٢)، ١٩٩٤/٧/١٤، سلێمانی، ل٦.

(3) ڤیان سلیمان: ڕۆڵی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لەخەباتی رامیاری گەلی کوردستان، گۆڤاری شیکار، ژ.(١١-١٢)، ساڵی سێیەم، ٢٠١٥، ل٢٥٧.

گەورە، درەخشان شێخ جەلالی حەفید) دامەزرا. دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانی عێراق پێویستییەکی مێژوویی بوو بۆ ڕێکخستن و ئاڕاستەکردنی خەبات و تێکۆشانی ئافرەتانی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان[١].(ی.ئا.ک) لە سەرەتای کارکردنییەوە پرۆگرامی زیاتر بریتی بوو لە خەباتی سیاسیی و هاوکاریکردنی پێشمەرگەکان، ڕێکخستنە نهێنییەکانی ناو شار، یارمەتیدانی خێزان، کەسوکاری پێشمەرگە و شەهیدان، بەشداری ئەم ڕێکخراوە لە هەردوو شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێدا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە[٢]

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، ڕێکخراوێکی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، کاری ڕێکخراو بەنهێنی بووە تاوەکو شۆڕشی(١٤)ی تەموزی(١٩٥٨)، کە ئیتر کارەکانی بە ئاشکرا کراوە، واتە لە ماوەی ئەو شەش ساڵەدا تەنها ناوی هەبووە و هەندێ چالاکی نهێنی ئەنجام داوە، بەڵام دووبارە دامەزرێندراوەتەوە و خەباتی ژنانەیان لە دوای ساڵی(١٩٥٨)دا بەردەوام بووە[٣].

ئامانجی ڕێکخراوەکە: پشتگیریکردن لە ڕێکەوتنامە و بەیاننامە نێودەوڵەتییەکان کە لەبارەی دۆزی ژنان دەردەچن، بنیادنانی کۆمەڵگەیەک لەسەر بنەمای یەکسانی ڕەگەزیی، ڕووبەڕووبونەوەی هەمووجۆرەکانی توندوتیژی وپێشێلکارییەکان کەدەرهەق بەڕەگەزی مییینەدەکرێت، هاندانی تاکەکانی کۆمەڵگا بۆپێکهێنانی خێزان لەسەربنەمای لەیەک گەیشتن، هەروەها پتەوکردنی پەیوەندی وهەماهەنگی لەگەڵ ئەو دەزگاوڕێکخراوانەی کە گرنگی بەبواری مافەکانی ئافرەتان دەدەن[٤].

لە ساڵی (١٩٦١) چوونەتە ناو خەڵکەوە بەشێوەی ڕێکخستن کاریان کرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد. لە دوای هەڵگیرساندنی جەنگ لەنێوان عێراق و کوردا لە حوزەیرانی ١٩٦٢ (ی.ئا.ک) گۆڤارێکیان دەرکرد بەناونیشانی (دایکایەتی نوێ) نوسراوی ناو وتارەکە دەربارەی ڕەوشی ژنان بوو لە عێراق بەشێوەکی گشتی و ئازاری کورد بەشێوەیەکی تایبەتی، هەروەها یەکەمین کۆنگرەیان(١٩٧٠/٩/٢٥) ئەنجامدا لەدوای بەیانی(١١)ی ئازاری (١٩٧١)کۆنگرەی دووەمیان و

---

(1) درەخشان حەفید زادە: بزوتنەوەی رزگاریخوازی ئافرەتانی کوردستان و هەندێ لە بیرەوەریەکانم، چ١، چاپخانەی شڤان،سلێمانی، ٢٠١٠، ل ٢٨_-٢٩.

(2) سروە ج.ع. بەرزنجی: یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و وەرچەرخانێکی نوێ لە راگەیاندن،لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٧، بڵاوکراوەتەوە لەڕێکەوتی ٢٠٢٢/٦/٢٨وەرگیراوە لە وێبسایتی https://bit.ly/3JnkwYz.

(3) مەهاباد قەرەداغی: ئافرەتیزم، ل ٧٥.

(4) پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان،لە کۆنگرەی حەوتەم،٢٠١٠،بڵاوکراوەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان،ل٥-٦.

لەڕێکەوتی (١٩٧٢/٤/٢٧) کۆنگرەی سێیەمیان بەست، هەروەها بەردەوام بوون لە کارو چالاکی (١٩٨٦ – ١٩٩١) [1].

سەرۆکی ڕێکخراوەکە (زەکیە ئیسماعیل حەقی) بووە. یەکێک لە مەرجەکانی بوون بە ئەندام لە (ی.ئا.ک) دەبوایە مانگانە (٥٠) فلس بدات، ئەوکاتە کارەکانیان زیاتر یارمەتیدانی پێشمەرگە بووە لە دەرەوە، لەگەڵ دابینکردنی پێداویستییەکانیان لە جلوبەرگ، پێداویستی تەندروستی و چەند خولێک بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری دەکەنەوە، یەکەم ژن بەشداری ئەم خولەی کردووە (حەپسە خانی نەقیب) بووە، دواتر ماڵەکەی خۆی کردووە بە خوێندنگە[2].

لەڕووی پێکهاتەوە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان: یەکێتییەکی ئارەزوومەندانەی ئافرەتانی کوردستانە کە بڕوایان بە پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ هەیە و تێدەکۆشن بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجە دیاری کراوەکان. هەموو ئافرەتێکی کوردستان و دەرەوەی کوردستان بەپێی چەند مەرجێک بۆی هەیە ببێتە ئەندام. هاوکات (لایەنگر:تەمەنی لە (١٤) ساڵ کەمتر نەبێت، سەرجەم مافەکانی ئەندامی هەیە، جگە لە خۆپاڵاوتن و دەنگدان)، (ئەندام: بڕوای بە پەیڕەوی ناوخۆ هەبێت، تەمەنی لە (١٦) ساڵ، کەمتر نەبێت، فۆرمی ئەندامێتی پڕبکاتەوە، و ئابونەی هاتنە ڕێز و ساڵانە بدات) (مافەکانی ئەندام)، مافی خۆپاڵاوتن و هەڵبژاردنی هەر بۆ ئۆرگانەکانی یەکێتی، لەکاتی سزادان و پێشێلکردنی مافەکانی، مافی بەرگری لەخۆکردنی هەیە، مافی ڕەخنە و پێشنیاز و داواکاری هەیە[3].

(ناسک سەعید خدر) ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت و بەرپرسی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، باس لە کارو چالاکیی ڕێکخراوەکە دەکات بەدوو قۆناغ، قۆناغی پێش ڕاپەڕین، زیاتر گرنگیدان بووە بە پرسی کوردایەتی و بەشداریی کردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، لە دوای ڕاپەڕین( ١٩٩٢)، (ی.ئا.ک) یەکەمین کۆنفرانسی بەناوی شەهید لەیلا قاسمەوە ئەنجامدا، لە ڕاستیدا کۆنگرە نەبوو، بەڵام دەسەڵاتی کۆنگرەی تیادا بوو، پەیڕەو و پرۆگرامی تیادا نوسرایەوە، شیرین ئامێدی کرا بەسکرتێری (ی.ئا.ک)، بۆیە پارتە سیاسییەکان گرنگیان داوە بە مەسەلەی ئافرەتان بەتایبەت (مەسعود بارزانی) ژنانی ڕاسپارد کە خۆیان کۆبکەنەوە و ئیشی خۆیان بکەن. هەوڵیانداوە لە شار و شارۆچکەکان ئەنجومەن و ناوەندی خۆیان هەبێت[4].

---

(1) ابراهیم طاهر معروف الرباتی: المرأە الکردیة و دورها فی المجتمع الکردی، ط١، طبع والنشر، التفسیر، أربیل، ٢٠٠٤، ص ٢٨٣-٢٨٤.

(2) کاری سیاسی ژنان لە ڕێکخراوە کوردییەکاندا، گۆڤاری تەوار، ژ. (٢٥)، ٢٠٠٩، سلێمانی، ل١٦.

(3) پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی ئافرەتانی کوردستا، ل٩- ١٠.

(٤) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ناسک سەعید خدر)، هەولێر،٢٠٢٢/٢/٢٨.

ژنانی سلێمانی هەر لە سەرەتای دروستبوونی ڕێکخراو لە ساڵی(١٩٥٢)دا لەسەر راسپاردەی مستەفا بارزانی ڕۆڵیان هەبوو، بەو پێیەی ژنانی سلێمانی ئاستی ڕۆشنبیری و مەعریفییان بەرزتر بووە و لە بواری سیاسیشدا چالاک بوون. ئەنجومەنی سلێمانی کە دروست بوو لە دوای ڕاپەڕین بەپێی کۆنگرە ناوی ئەنجومەنی سلێمانی گۆڕاوە، (ناسک) بەرپرسی ئافرەتانی سلێمانی بوو، ناوی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بووە، لە (٦) قەزاو (٢٦) ناحیە لە سنووری پارێزگای سلێمانیدا بووە، هەموو ئافرەتەکانی تریش ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە[١].

هەر لەدوای ڕاپەڕینەوە ڕێکخراوەکان ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری ژن لەسەر مافەکانیان، تاوەکو زیاتر ئاشنابن بە مافەکانیان، بەڵام یەکێتی ئافرەتان لە پێناو هۆشیارکردنەوەی ژناندا، قوربانی زۆریان داوە، چونکە ئەو ئافرەتانەی کە لە ڕێکخراو کار دەکەن توشی سوکایەتی و ناوزڕاندن بوونەتەوە، لەم نێوەند لە گۆڕینی یاساو هەموارکردنەوەی یاسا، یەکێتی ئافرەتان ڕۆڵی سەرەکیان بینیوە. (ی.ئا.ک) وەک ڕێکخراوی دایک خاوەنی ڕاگەیاندنی خۆی بووە لەدوای نسکۆی(١٩٧٥) کە لە ئێران بوون، بارودۆخەکە بە جۆرێکی تر بووە، بۆیە هەوڵیان داوە لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە کە بڵاوکراوەی (دەنگی ئافرەتان)یان هەبووە، باس لە ڕەوشی ئافرەتان بکەن. ئافرەتانی سلێمانی بە حکومی ئەوەی لە ژینگەیەکی کراوەتر و ئاستی ڕۆشنبیرییان بەرزتر بووە، لە پرسە نیشتمانییەکان ڕۆڵیان هەبووە، هەموو ئەمانە بە هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی تر کاریان کردووە بۆ سەرخستنی پرسی ژنان. هەروەها ڕێکخراوی ئافرەتان لە شەڕی ناوخۆ لەگەڵ گروپی ئاشتی ئافرەتانی سەرکردە ڕۆڵیان بینیوە وەک (دکتۆرە ڤیان – شیرین ئامێدی) سەردانی لایەنە سیاسییەکانیان کردوە بۆ راگرتنی شەڕی ناوخۆ[٢].

(بەیان سەید حەسەن بەرزنجی) ئەندامی دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان، لەوبارەوەدەڵێت: " ڕێکخراوی (ی.ئا.ک) لەگەڵ هەموو لایەنەکان پەیوەندی باشیان هەبووە، دەرگایان کراوە بوو بۆ هەموو ئافرەتان، بە هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی تر چەندین کۆبوونەوەیان کردووە بۆ گۆڕینی هەندێ برگە لە (یاسای باری کەسیەتی)، لە بەرژەوەندی ئافرەتان، وەک ئافرەتانی سلێمانی (ی.ئا.ک) لقی سلێمانی لە هەموو بۆنەکاندا ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە، زۆربەی کات بۆنەی تایبەتیان ڕێکخستووە و خولی ڕۆشنبیرییان کردۆتەوە و لەڕووی سیاسیشەوە زۆر چالاکانە بەشدار بوون "[٣].

---

(1) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ناسک سەعید خدر)، هەولێر، ٢٠٢٢/٢/٢٨.

(2) هەمان سەرچاوە.

(3) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (بەیان سەید حەسەن بەرزنجی)،هەولێر، ٢٠٢٢/٣/١٥.

(شەونم نەجمەدین عەلی بەرزنجی)، باس لە ڕۆڵی ڕێکخراوی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان دەکات، کە چۆن بۆ خوێندن هانی ئافرەتانیان داوە، چونکە پێش ڕاپەرین ئافرەت دواکەوتووتر و نەخوێندەوار بوون، بۆیە قوتابخانەی نهێنیان دەکردەوە، هانی ژنانیان داوە بۆ خوێندن و گەنجانیان فێری چاپ دەکرد، فێری ئیشی دەستیان دەکرد لە خانوویەکدا ئەو کارانەیان دەکرد بۆئەوەی ئافرەت لە ماڵ بێنە دەرەوە تاوەکو بتوانن پارە کۆبکەنەوە و ببنە خاوەنی داهاتی خۆیان و کەموکوڕی خۆیانی پێ پڕبکەنەوە، کە ئیشی دەست و چنینیان دەکرد لەگەڵ هۆنینەوەی مێخەک، دواتر ئافرەتان خۆیان دەیان برد بۆ بازاڕ و ساغیان دەکردەوە و قازانجەکەشی بۆ خۆیان دەبوو. هەروەها یەکێک لە چالاکییەکانی ڕێکخراو پیتاک و کۆمەکیان لە نێو خۆیاندا کۆدەکردەوە، یەکێ هەژار بووایە یارمەتییان دەدا، هانی دایکەکانییان دەدا تا ڕێگە بەکچەکانیان بدەن بخوێنن، ئەوانیش دەیانوت باوکیان ناهێڵێت، وەک (ئافرەتان) دەچوون بڕوایان بە باوکیان دەکرد تا ڕێگە بە کچەکانیان بدەن بخوێنن، ڕۆڵیان لە چارەسەرکردنی کێشەکان هەبووە و چەندین کەیسیان چارەسەر کردووە [(١)].

**دووەم: کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان:**

دوای ئەو هەلومەرجەی لە ئاکامی دووەمین شەڕی جیهاندا هاتە کایەوە گۆڕانکارییەکی بابەتی لەڕووی هۆشمەندی و ڕێکخستنەوە کەوتە جوڵانەوە[(٢)] لەساڵی (١٩٥٢)ڕێکخراوێکی ژنان دروست بووە کە بەشێک بووە لە حزبی شیوعی عێراقی [(٣)]، یەکەمین بەیاننامەی کۆمەڵەی پاراستنی مافی ئافرەتان لە عێراقدا بە نهێنی بڵاوکرایەوە، تیایدا دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕاگەیاندن و ئاماجەکانی بریتیی بوون لە تێکۆشان لە پێناو ئاشتی و سەربەخۆی و نیشتمانی و دیموکراسی، هەروەها تێکۆشان لە پێناو مافەکانی ئافرەت و پاراستنی منداڵ، لە پاش شۆڕشی(١٤)ی تەمموز (١٩٥٨) کۆمەڵە بەئاشکرا کەوتە کارکردن و لە ئاداری (١٩٥٩) کۆمەڵەی پاراستنی مافی ئافرەتان یەکەم کۆنگرەی بە ئاشکرا لەبەغدا بەست. لە دووەمین کۆنگرەیدا لە ساڵی (١٩٦٠)دا، کە ئەویش هەر لە بەغداد بەسترا، ناوی گۆڕدرا بە کۆمەڵەی ئافرەتانی عێراق و بەشێوەیەکی ئاشکرا کەوتە کارکردن .کۆمەڵە لە کوردستاندا هەمیشە بەردەوام کاری کردووە بۆ کۆکردنەوەی ئافرەتانی کوردستان و بەرزکردنەوەی هۆشیارییان و بەشداری کردنیان لە تێکۆشان لەپێناو کێشەی گەلی کورد، لەپێناو یەکسانی بۆ ئافرەت و بەختەوەریی بۆ منداڵان و خێزان. بە گوێرەی مادەی دووەم لە پەیڕەوی ناخۆیان پێناسەی کراوە بەوەی کە ڕێکخراوێکی سەربەخۆی دیموکراتی جەماوەریی ئافرەتانی کوردستانە، ئافرەتانی کوردستان بە هەموو چین و فۆرمەوە و بیر و ڕای سیاسی و پێکهاتەی

---

(1) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شەونم نەجمەدین عەلی بەرزنجی)، سلێمانی ،٢٠٢٢/٢/١٣.

(2) بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەلەی ئافرەتانی کوردستان/عێراق، کۆنگرەی چوارەم، تشرینی دووەمی ٢٠٠٧، ل٢.

(3) مهاباد قەرەداغی: ئافرەتیزم، ل٦٣.

ئاینده، بۆیان هەیە ببن بە ئەندام تیایدا. بنکەی بارەگای کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان لە هەولێردا بووە و مافی ئەوەی هەیە لقەکانی خۆی لە هەموو پارێزگاکاندا بکاتەوە[1].

ئامانجی کۆمەڵە لە بواری سیاسییدا ئەوەیە ئافرەت بەشداری هەبێت و مافی سیاسی بدرێتێ، چ لەڕووی ئەوەی کە ئافرەت لە سیاسەتدا بێت یان بتوانێت بەشداری خۆپالاوتن و دەنگدان بکات و لە دامودەزگاکانی دەوڵەتدا بوونی هەبێت، لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە مەسەلەی مافی ئافرەت و یەکسانی و بەڕێز سەیرکردنی ئافرەت، جیاوازی نەکردن لەنێوان ئافرەت و پیاو داوە رێگەدان بە ئافرەت کە تواناکانی خۆی بخاتەگەڕ، بۆ بەرەو پێشبردنی خێزان و دەوڵەت – لەلایەن ڕۆشنبیرییەوە، چونکە ئەوکات ڕێژەی نەخوێندەواری لە نێو ئافرەتاندا هەبوو، لەبەر ئەوەیە یەکێکە لە ئامانجەکانی کۆمەڵەی ئافرەتان لەو سەردەمەدا نەهێشتنی نەخوێندەواری بوو. کۆمەڵەی ئافرەتان لە شارو دێکاندا خولیان کردۆتەوە، گەڕاون بۆ ئەوەی کە نەخوێندەواری لەناو ئافرەتاندا نەمێنێت، هەردەم هەوڵیان داوە ئەو کێشەیە بخەنە بەردەمی بەرپرسان و حکومەت بۆئەوەی کە خول یان قوتابخانەیان بۆ بکاتەوە تا نەخوێندەواریی لەناو کۆمەڵگەوە بەتایبەتی لەناو ئافرەتاندا نەمێنێت[2].

لەڕووی یاساییەوە، تێدەکۆشێت لە پێناو هێنانەدی یەکسانی تەواوی ئافرەتان و پیاوان لە دەستوری عێراق و کوردستان دا و کارکردن بەو مادده دەستورییانەی کە لە بەرژەوەندی ئافرەتاندایە لە بوارەکانی سایسی، ئابوری و ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتیدا، داننان بەو پەیماننامەو بڕوانامە نێودەوڵەتیانەی کە تایبەتن بە مافەکانی ئافرەتان و بەتایبەتی بەڵگەنامەی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لەناوبردنی جیاکاریی نێوان ژن و پیاو، دوای کارکرنێکی زۆر بۆ ماوەی چوار ساڵ، دواتر نەتەوە یەکگرتووەکان بیریکردەوە لە پەیماننامەیەک کە تایبەت بێت بە ژن و کاربکات بۆ نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزی، ئەویش پەیماننامەی (سیداو[3]) و بوو دارشتنی یاسای تایبەت بە جێبەجێکردنی ئەو پەیمان و بەڵگەنامانە. ئاشناکردنی ئافرەتانی کوردستان بەو یاساو بڕیارانە، کە لە بەرژەوەندی ئافرەتاندایە و بۆ کارکردن پێی و بەکارهێنانی لە بەرژەوەندی مافەکانی ژنان. لە

---

(1) بەرنامەوپەیرەوی ناوخۆی کۆمەلە ، ل٦.

(2) ئامادەکردنی سەردەمی ژن: چاوپێکەوتنی لەگەڵ سنەوبەر ئیسماعیل نەسروڵا، گۆڤاری سەردەمی ژن، ژ.(٣)، سلێمانی، ٢٠١٥، ل٢٣٤.

(3)ڕێککەوتنانەی سیداو: بریتیە لە رێککەوتننامەیەک بۆ نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاوازیەک دژی ژنان، ئەم ڕێککەوتننامەیە کاردەکات بۆ ڕەخساندنی یەکسانی نێوان ژن و پیاو لە ماف و دادوەریدا بۆ نەهێشتنی جیاکاریی، پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتییە لە ڕیکەوتی (١٩٧٩/١٢/١٨)، لە رێگەی ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند و لە ساڵی ١٩٨١ چووە بواری جێبەجێکردنەوە. بڕوانە(بوحديد مسعودة و-ليتيم عليمة: الحقوق السياسية للمرأة الجزائرية بين الدستور الجزائري واتفاقية سيداو، رساله ماجستير غير المنشوره، جامعة ٨ ماي ١٩٤٥ قالمة، كلية الحقوق والعلوم السياسية، الجزائر، ٢٠١٨، ص١٩).

ڕووی تەندروستییەوە، زیادکردن و گەشەپێدانی خزمەتگوزاری تەندروستی لە نەخۆشخانە و نەخۆشخانەی منداڵان، بەتایبەت لە ناوچە هەژارەکاندا و لەناو شار و گوندەکاندا، هەروەها بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی تەندروستی لەناو ئافرەتان دا و پشت بەستن بە ڕاگەیاندن بەهەموو جۆرەکانییەوە، تێهەڵکێشکردنی بەرنامەی لەناوبردنی نەخوێندەواری، گرنگیدان بە بەرگری تەندروستی، زیادکردنی بنکەکانی دایکان و منداڵان و زۆرکردنی نەخۆشخانەی گەڕۆک بۆ ناوچە دورەکان [1].

لە ساڵی (١٩٨٦ بۆ ١٩٨٧)ڕژێمی بەعس لەو ساڵانەدا بە توندی سیاسەتی پەیڕەو دەکرد، بەڵام ئافرەتانی کۆمەڵە لە سلێمانی بە شێوەیەکی بەرچاو ئیشیان دەکرد.[2]

کۆمەڵە دوو ڕێگەی بەکاردەهێنا، یەکەمیان ئەوە بوو کە خۆی چی بۆ دەکرێت لەناو ئافرەتاندا، یەکێکی تریش ئەوە بوو کە چۆن فشار بخاتە سەر حکومەت بۆ ئەنجامدانی کارەکان. لەپێش ڕاپەڕین بە حوکمی ئەوەی بەشێکی زۆریان لە حزبەکاندا کاریان کردووە، بەشداری تێکۆشانی چەکداریی نەتەوەیی کوردیان کردووە، لێرەشدا بەستراوەتەوە بە مەسەلەی نەتەوایەتی لە کاتێکدا بە قورسی لەلایەن حکومەتی بەغداوە هێرش بۆ سەر کوردستان دەکرا، ئافرەتان وەک کۆمەڵەی ئافرەتان، وەک حزبەکانیش ڕۆڵێکی کاریگەریان دەبینی چ لەوەی کە بەرامبەر حکومەت بوەستنەوە و چ لەوەی کە خزمەتی خێزانەکانیان بکەن لەکاتی پێویستدا، چونکە خێزانەکان زۆر کەم دەرامەت بوون. لەساڵی (١٩٩١) ناوی کۆمەڵەی ئافرەتانی عێراق بوو بە کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان .لەدوای ڕاپەڕینەوە پڕۆژەکان کە دابەش دەکرا لەلایەن حکومەتەوە ئەولەویات دەدرا بەو ڕێکخراوانە کە لێیان نزیکن، چونکە حکومەت لەژێر دەسەڵاتی کێدایە .ئەو توانایانە کە دروست دەبێت و پڕۆژەکان هەتا ئێستاش دەدرێنە ئەو ڕێکخراوە ئافرەتانەی کە نزیکن لەوانەوە، هاوکاری بۆ کۆمەڵە کەمترە زۆر دەگمەن بووە ئەو پرۆژانەی کە هەیان بووبێت و سودیان لێ ببینێت لە ساڵەکانی یەکەمەوە لە ڕێکخراوەکانی دەرەوە وەریان گرتەوە، بۆیە زیاتر پشتیان بە خۆیان بەستوە بۆ نمونە تائێستاش گروپێکی خێرخوازییان هەیە بۆ منداڵان و (١٥٠) منداڵیان هەیە مانگانە یارمەتییان دەدەن، یان لە بۆنەکاندا وەکو سەرەتای کردنەوەی قوتابخانە یان ئەو کاتانەی کە پێویستیان پێیە دەچن لە کەسانێک کە توانایان هەبێت، یان لە سورپەر مارکێتەکان یان لە هەندێ کارگە و شتی وادا یارمەتی کۆدەکەنەوە [3].

---

[1] بەرنامەوپەیڕەوی کۆمەڵە.., ل٧_١١.

[2] چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ (دایکە پەرچەم) بەرپرسی لقی سلێمانی کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان، سلێمانی ،٢٠٢٢/٢/٢٣..

[3] سەردەمی ژن: چاوپێکەوتنی لەگەڵ سنەوبەر ئیسماعیل نەسروڵڵا، ل٢٤٦- ٢٤٩.

لەوبارەیەوە (ڕووناک محمەد نەجم) لە ساڵی (١٩٧٧) چۆتە ناو حزبی شیوعی عێراقی باس لە چالاکییەکانی دەکات لەناو کۆمەڵە کە بریتی بوون لە وەی کە : خواردن و جلوبەرگیان کۆدەکردەوە و دەیاننارد بۆ دەرەوە بۆ پێشمەرگە، لە کارەکانیان کردنەوەی خانەی بە ساڵاچوان و هەوڵیان بۆ داوە (٦٠) فۆرمیان پڕکردۆتەوە لە کەسانی بەساڵاچوو ئیشیان لەسەر کردووە لە ناحیە و قەزاکان تا گەیاندیانە ئەنجومەنی وەزیران و چووە بواری جێبەجێکردنەوە لە بەرژەوەندی بەساڵاچوان، هەروەها یارمەتیدانی کچان تا لە بواری تەندروستی و گۆڕانکاری جەستەی یارمەتیان بدەن و هۆشیاریان بکەنەوە[١]

**سێیەم: یەکێتی ژنانی کوردستان (ی.ژ.ک):**

ڕێکخراوێکی جەماوەری دیموکراسی سەربەخۆیە و ژنان دەتوانن بەبێ جیاوازی نەتەوە و ئاین و بیروڕای سیاسیی پەیوەنی پێوەبکەن، بە مەرجێک پەیڕەو و پرۆگرامەکەی پەسەند بکات و باوەڕی بە خەبات هەبێت لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی ڕێکخراوەکەدا[٢]. لە سەرەتای ساڵی هەشتاکانەوە لەلایەن چەند ژنێکەوە لە شاخ بیریان لەوە کردەوە کە ڕێکخراوێک بۆ ژنان دابمەزرێنن، بەڵام لەبەر چەند هۆیەک سەری نەگرت، لەوانە:-

١ . ڕاگواستنی گوند و شارۆچکەکانی نزیک بەسنوور بوو.

٢ . پەیوەندی کردن بە جەماوەرەوە کارێکی ئاسایی نەبوو، بەڵام لە ساڵی (١٩٨٨) لە دوای ئەنفال و کارەساتە دڵتەزێنەکەی (هەڵەبجە) ئەویش کە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە کیمباران کرا کە زیاتر لە (٥) هەزا کەس شەهید بوون ئەم کارە دڕندانە هەموو دنیای هەژاند و بووە هۆی ئاوارەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە ماڵ و خێزان بۆ کوردستانی ئێران، لەدوای ئەو ڕووداوانە بیر لە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی ژنان کرایەوە، لەبەرئەوەی ڕەوشێکی لەبار و گونجاو بوو لەو کاتەدا ئەویش بۆئەوەی ئەو ژنانەی کە ئاوارەی ئێران بوون کۆبکرێنەوە و ڕێک بخرێت لەڕێکخراوێکی ژناندا تا بەشێوەیەکی گونجاو ئەرکە پیرۆزەکانیان جێبەجێ بکەن کە خەباتکردن بۆ رزگاری کوردستان شانبەشانی پیاوان خەبات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ژنان بکەن[٣].

خاوەنی بیرۆکەی دامەزراندنی (ی.ژ.ک) هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد بوو، کە بووە پشتیوان و هاوکاری یەکێتی ژنان[٤]. لە (٤ی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٨٩) لە سەقز (ی.ژ.ک) دروستبوو [٥]،

---

(1) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(ڕوناک محەمەد نەجم)، سلێمانی،٢٠٢٢/٢/٢٣.

(2) پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی ژنانی کوردستان، ل١.

(3) بێ ناوی نووسەر: هەندێک لە دامەزرێنەرانی یەکێتی ژنانی کوردستان بە بۆنەی یادی (٨) ساڵەی دامەزراندنی (ی.ژ.ک)، دەنگی ژنان، ژ .(٢٤)، ساڵی سێیەم، ١٩٩٧، ل١.

(4) محەمەد سابیر: هێرۆ خان لوتکەی خەبات و تێکۆشان ،ل١٤٩.

(5) فەرید ئەسەسەرد: ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، ب١،ل٥٣٤.

بەئامادەبوونی (هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، کافیە سلێمان عەبدولا، سەبیحە شێخ محەمەد، کەژاڵ ئەحمەد عەلی، دڵدار ئەتروشی، پەری عەلی قەرەداغی، ڕەحمە خان، ئەڵماس و خاتوو مهاباد) دامەزرا [١].

لە ڕێکەوتی(١١/٤) کارەکان دابەشکرا، ئەویش هەریەکەی لەو ناوچەیەی کە تیایدایەتی پەیوەندی بکات بە ژنانەوە و بیانهێنێتە ڕیزی یەکێتی ژنانەوە و بڕیارێکی تریش درا، ئەویش دەرکردنی گۆڤارێک بێت بەناوی (تەوار)ەوە[٢]. هێرۆ ئیبراهیم تێچووی پارەی گۆڤارەکەی خستە ئەستۆی خۆی، پاشان بەردەوام بوو لە هاوکاری ڕێکخراوەکەی[٣]. لە ساڵانی پێش ڕاپەڕین توانرا ژمارەیەکی زۆر لە ژنان لە دەوری ڕێکخراوەکە کۆبکرێتەوە و بەشداری لە فێستیڤاڵی نەورۆز و هەڵەبجەی شەهید بکەن، کە لە نەورۆزی (١٩٩٠) لە سەقز کرا (ی.ژ.ک) بەشداری کرد لە پێشانگایەک کە بریتی بوو لە کاری دەستی وێنە و فرۆشتنی خواردن لە پاشدا پارەکەی تەرخان کرا بۆ یارمەتی ماڵە هەژارەکان، هەر لەو ماوەیەدا دوو ژمارەی گۆڤاری تەوار دەرچوون، کە ژمارەیەکی لە ئازاری (١٩٩٠) ەوە ژمارە دووشی لە کانونی یەکەمی ساڵی (١٩٩٠)دەرچوو، ئەم ژمارانە کادرەکانی چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ یارمەتییەکی زۆری دان، جگە لەم دوو ژمارە چەند بڵاوکراوەیەک تایبەت بە بۆنە نیشتمانییەکان دەرچوون [٤].

(ی.ژ.ک) چەند ئامانجی کۆمەڵایەتی، سیاسی، یاسای هەیە، وەک گۆڕینی یاساکانی باری کەسی بەجۆرێک لەگەڵ واقیعی کۆمەڵگەی عەلمانی و مەدەنی بگونجێت. هەروەها سەلماندنی هەموو ئەو مافانەی کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵەی مافی مرۆڤەوە بۆ ژنان دابینکراوە و تۆمارکردنیان لە دەستور و یاساکاندا، نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاوازییەکی رەگەزی لە دەستوردا، دواتر دانانی یاسایەکی نوێ بۆ خێزان کە یەکسانی ژن و پیاو دابین بکات، بەگژداچونەوەی بیر و نەریتە کۆنەپەرستەکان کە لە کەسایەتی و مرۆڤایەتی ژن کەم دەکەنەوە، پاشان نەهێشتنی نەخوێندەواری لە ناو ژنانی کوردستاندا و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لەناویاندا، گەشەپێدانی ڕۆڵی ژنان لە ژیانی روناکبیری، هونەری، ئەدەبی و بەشداریکردنیان لە ژیانەوەی

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ پەخشان جەلال شێخ حەفید: هەندێ لە دامەزرینەرانی یەکێتی ژنانی کوردستان بە بۆنەی یادی (٨)سالەی دامەزراندنی (ی.ژ.ک)بەم جۆرە دووان پاشکۆی دەنگی ژنان، ژ. (٢٤) ساڵی سێەم، ١٩٩٧، ل١.

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ پەخشان شێخ جەلال حەفید: هەندێ لە دامەزرینەرانی یەکێتی ژنانی کوردستان بەبۆنەی یادی (٨)سالەی دامەزراندنی (ی.ژ.ک)بەم جۆرەدووان، ل١.

[3] محەمەد سابیر: هێرۆ خان لوتکەی خەبات و تێکۆشان، ل١٤٩.

[4] بێ ناوی نووسەر: هەندێ لە دامەزرینەرانی یەکێتی ژنانی کوردستان بەبۆنەی یادی (٨)سالەی دامەزراندنی (ی.ژ.ک)بەم جۆرەدووان، دەنگی ژنان، ل١.

کەلەپوری فۆلکلۆری کوردەواریدا، هەروەها هەوڵدان بۆ داڕشتنی پرۆگرامێکی نوێی خوێندن کە جیاوازی نەهێڵێت لەنێوان ژن و پیاودا[1].

شێوازی کارکردنی (ی.ژ.ک) لەبەر زۆری ئامانج و کارەکانی دەبوو بە شێوازی چەند ڕێکخراوێکی جیاجیا لە ئەرک و کاردا بکرێنە چەند لیژنەیەک لەژێر چەتری (ی.ژ.ک) ئەو بەشانەی کە لە قۆناغی یەکەم (شاخ)ی (ی.ژ.ک) گرنگی هەبوو بە لیژنەی ڕاگەیاندن، کە گرنگترین کاری دەرکردنی گۆڤاری وەرزی (تەوار) بووە، لیژنەی دارایی، لیژنەی فریاگوزاری، لیژنەی ڕێنمایی تەندروستی، ئەم لیژنانە لەو سەردەمەدا گرنگی زۆریان هەبووە و ڕۆڵی گەورەی بینیوە لە بەدەنگەوەهاتنی ژنان لە کاتێکدا، لە ئۆردوگاکاندا بوون لە ئاستێکی تەندروستی باشدا نەبوون، بۆیە ڕێنمایی تەندروستی و چاودێریکردنی ژنان لە رووی تەندروستیەوە هەنگاوێکی گرنگ بووە، هەروەها ( لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە ئەم لیژنەیە بۆ ناساندنی (ی.ژ.ک) بە ڕێکخراوە بیانیەکان گرنگی زۆری هەبووە. [2].

لە دوای ڕاپەڕینی (١٩٩١) ژیانی ڕێکخراوەی هاتە ناو شار و شارۆچکەکانەوە، ژنانی کورد بەگرو تینێکی زۆرەوە ڕویانکردە ڕێکخراوی (ی.ژ.ک)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا زۆر کەس شارەزا نەبوون بەکاری ڕێکخراوەیی. زۆرجار کە سەردانی ژنانیان دەکرد لە ماڵەکانیاندا داوایان لێدەکردن بێنە پێشەوە و ڕێکخراوێک هەر هەموویان دەگرێتە خۆیان و چارەسەری کێشە و ناخۆشیەکانیان دەکات، بەڵام زۆرجار توشی کێشە دەبوون مێردەکانیان و براکانیان و دەریاندەکردن[3].

لەدوای ڕاپەڕین (ی.ژ.ک) دەبووایە زۆرترین کاریگەریی لەسەر کۆمەڵ دابنێت بۆ زوتر ناساندنی ئەرکەکانی ڕێکخراوی ژنان لە کۆمەڵدا بۆ ئەمەش قورسایی زۆری خستبووە سەر ڕونکردنەوەی کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی، بێگومان لەم بوارەشدا کادر و ئەندامانی (ی.ژ.ک) ڕووبەڕووی گەلێ بە بیروبۆچوونی نامۆ بەڕێکخراوی جەماوەری بونەتەوە، یەکەم کاری ڕێکخراوەی تایبەت بە مەسەلەکانی ژنان بانگهێشتکردنی کۆمەڵێک خەڵکی ڕووناکبیر و یاساناس و ئەو ڕێکخراوانەی ژنان کە بوونیان هەبوو لەوکاتەدا بۆ قسەکردن لەسەر یاساو چۆنیەتی کارکردن بۆ گۆڕینیان، ئەم هەنگاوە بەیەکەم و گرنگترین هەنگاو دادەنرێت کە جەماوەری بەئاگا

---

[1] بروانە پەیرەو پرۆگرامی یەکێتی ژنانی کوردستان، ل ٢.

[2] پەیمان عیزەدین: لە یادی دامەزراندنی یەکێتی ژنانی کوردستاندا، ژ. (١٠٦)، ژیانەوە، ساڵی شەشەم، ٢٠٠٢/١١/٤، ل٣.

[3] گوڵزار و سەیران: چاوپێکەوتن لەگەڵ (جەمیلە صابر) ئەندامی سکرتایەت (ی.ژ.ک)، ژیانەوە، ژ.(١٠٦)، ساڵی شەشەم، ٢٠٠٢/١١/٤، ل٤.

هێنـایەوە لەو ئەرکەی کە دەبێت ڕێکخـراوی ژنـان بیگـرێتە ئەسـتۆ بـۆ هێنـانەدی گۆڕانکـاریی لە کۆمەڵدا[1].

(ی.ژ.ک) لە سـاڵی دامەزراندنیـدا یەک کۆنگرەی بەسـتووە و کۆنگرەی تـری بەدوادا نەهـاتووە، خاتوو کافیە سلێمان سکرتێری ڕێکخراوەکەیە، بارەگای سـەرەکی ڕێکخراوەکە لە سـلێمانی بـوو، لە شـارو شـارۆچکەکانی تـر لقیـان هەبـوو. بایەخیـان بە چـاپەمەنی داوە و گۆڤـاری وەرزی تەوار ساڵانێکی زۆر بەردەوام ماوەیەک پەیمان عیزەدین و دواتر کنێر عەبدوڵڵا بووە بە سـەرنوسـەری[2].

لە بواری ڕاگەیاندندا (ی.ژ.ک) یەکەمین ڕێکخـراو بـووە، کە توانیویەتی مێژوویەک بـۆ ژنـی ئەم شـارە (سـلێمانی) تۆمـار بکـات. (دەنگـی ژنـان) کە بڵاوکـراوەی لقـی سـلێمانی (ی.ژ.ک) بـوو دەری دەکـرد، ٨ی (مـارت ١٩٩٨)دوو سـاڵ بەردەوام بـوو، ڕێبـازی بڵاوکـراوە، کە بانگەشـەکردنە بـۆ چـاککردنی ڕەوشـی ژنـانی کوردسـتان و بەدیهێنـانی یەکسـانی لەنێـوان ژن و پیـاودا.(١٩٩٦ _١٩٩٧)ڕاگەیانـدنی ڕێکخـراوی ژنـان بـووە مەرکەزی بڵاوکـراوەی ژیـانەوە، و چەنـدین کـاری ڕاگەیاندنی لەوێ دەرچوو.سـەرەڕای چاپکردنی کتێب لە چاپخـانەی تەوار کە بەردەوام بەرهەمـی ژنان چاپ دەکرا، هاوکاری دەکرا و بڵاویان دەکردەوە، یان کاری وەرگێڕان بەتـایبەت ئەوانەی کە پەیوەندی بەژنان و فیمینیزمەوە هەبووە و هانیان داوە و چاپیان کردووە و بڵاومان کردۆتەوە[3].

لە رووی ڕاگەیاندنەوە لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان بەرنامەی تەوار پیشکەش کرا، هەروەها ڕادیۆی تەوار لە گەرمیان هەبوو بۆ خستنەڕووی کێشەی ژنانی ئەنفال، ئەمەش وای کرد ژنان بێنە دەرەوە کێشەی خۆیان باس بکەن. لە ساڵی نەوەدەکان (ی.ژ.ک) شێڵتەری دامەزراند بۆ داڵدەدانی ئەو ژنانەی کە کێشـەیان هەبووە لەوکاتەدا دامەزراندنی شـێڵتەر داهێنان بووە، چونکە ژنـان ڕوویـان لە (ی.ژ.ک) دەکـرد بـۆئەوەی بیـان پـارێزن، بەتـایبەت ئەو ژنـانەی کە لە شـوێنە دوورەدەسـتەکان ڕووبەڕووی مەترسـی دەبـوونەوە، لە سـاڵی (١٩٩٨/٨/١١)، (ی.ژ.ک) (لانەی ئارامی) دامەزراند بۆ گرتنەخۆی ئەو ژنانەی ڕووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە بە پاڵپشتی مام جەلال (بەمادی و مەعنەوی) هاوکاری کردوون[4].

بەڵام لە (١٩٩٩/٩/١ تـا ٢٠٠١/٨/٣٠) خەرجـی لە لایەن ڕێکخـراوی (KDF) ی بەریتـانی بـۆ دابینکراوە، جگە لەوەی ڕێکخراوی یونسێف و (WFP) هاوکاریان کردووە، پێکهاتەی بەڕێوەبردنی لەم بەشانە (بەشی بەرێوەبردن، بەشی خۆیەتی، بەشی توێژینەوە، کۆمەڵایەتی و بەدواداچوون کە پێکدێت لە (توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونی، بەشی یاسایی، بەشی ژمێریاری، بەشی کەلوپەل)، ژمارەی ستافی ئەم لایەنە لە (٧)کەس پێک دێت، جگە لە چێشتلێنەر و پاسەوانەکان، جۆری ئەو

---

(1) پەیمان عیزەدین: لە یادی دامەزراندنی یەکێتی ژنانی کوردستاندا، س.پ.

(2) مەهاباد قەرەداغی، ئافرەتیزم، ل١٠٣.

(3) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (سەیوان ڕۆستەم)،سلێمانی، ٢٠٢٢/١/٢٦.

(4) هە مان سەرچاوە.

کێشانەی کە چارەسەریان دەکات (کێشەی خێزانی، کۆمەڵایەتی، یاسایی – لەشفرۆشی). ئامانجی لانەی ئارام: چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ژنان، رزگارکردنی ژنان لە هەڕەشەی کوشتن، هەوڵدان بۆ تێکنەچوونی شیرازەی خێزان و هاوکاری و یارمەتیدانییان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیانە[1].

لە دوای ڕاپەڕینەوە پرۆژەکانی یەکێتی ژنان پێشکەوتن و پسپۆری زیاتریان بەخۆیانەوە بینی، بەسوودوەرگرتن لە هاوکاری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، پرۆژەکانی یەکێتی ژنان دابەشبوون بەسەر ئەم جۆرانەدا:

**یەکەم: پرۆژەکانی ڕاهێنان و فێرکردن:**

ئەم پرۆژانە بریتی بوون لە ڕاهێنانی کاری دەستی، ڕاهێنانی دروومان، ڕاهێنانی فریاگوزاریی تەندروستی و فێرکردنی خوێندەواریی، زۆرترین سوودمەندانی ئەم پرۆژانە ژنانی بێوەژنی سەرۆک خێزانی شەهیدان و ژنانی ڕزگاربووی ئەنفال بوون بەتایبەتی ئەوانەی کە لە ئەمنە سورەکە و حامیە و مەعەسکەر سەلام لە بارودۆخێکی زۆر ناهەمواردا دەژیان، مەبەستی ئەم پرۆژانە ئامادەکردنی ئەو ژنانە بوو تا بتوانن بژێوی خۆیان و خێزانەکانیان دابین بکەن، هاوتا لەگەڵ کارە دەستیەکاندا ژمارەیەکی زۆری ژنان فێری خوێندەواری کراون کە لە (٣٠٠٠) زیاتر بوون.

**دووەم: پرۆژە تەندروستیەکان:**

کۆمەڵێک پرۆژە دەگرنەوە لە بواری تەندروستی و خۆپاراستندا، پرۆژەکانیش بریتی بوون لە وشیارکردنەوەی سەبارەت بە بەدخۆراکی، ڕێنماییکردنی ژنان سەبارەت بە زیانەکانی خەتەنە، فشار خستنە سەر حکومەت و وەزارەتی تەندروستی بۆ قەدەغکردنی خەتەنە و سزادانی ئەنجامدەرانی ئەم دیاردەیە، هاوکان لەم بارەوە یەکێتی ژنانی کوردستان لە ساڵی (١٩٩٨) دا یاداشتی دا بە وەزارەتی تەندروستی بۆ قەدەغەکردنی خەتەنە.

**سێهەم: پرۆژە کۆمەڵایەتیەکان:**

لە دوای ڕاپەڕینەوە یەکسەر پرۆژەی بینینی منداڵ لە یەکێتی ژنان دەستی پێکرد لە ڕێی دادگاوە چاوپێکەوتن بۆ ئەو منداڵانە دیاری دەکرا، کە دایک و باوکیان بە هەر هۆکارێک بێت جیابوونەتەوە، ئەم پرۆژەیە بەردەوامە و گەشەی کردووە.

(1) ئەسرین زرار قادر: ڕۆڵی سەنتەری ئافرەتان لە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانیان،نامەیەکی ماستەرەپێشکەشی بەشی کۆمەڵناسی کۆلێجی ئاداب زانکۆی سەلاحەدین کراوە، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٧٧-٧٨.(بڵاوکراوە).

**چوارەم: پرۆژە یاساییەکان، پرۆژەی چاپەمەنی:**

یەکێکی تر لە پرۆژەکانی (ی.ژ.ک) چاپکردنی ئەو کتێبانەیە کە تایبەتن بە پرسی ژنان، نوسرا بێت یان وەرگێڕدراو بۆ خستنە بەردەستی کۆمەڵگا و خزمەت کردن بەرەوشی ژنان[1]. (روونـاک ڕەئوف سەعید بەگی سلێمان بەگ[2]) ، لەو ژنانەیە کە جێگە دەستی دیاربووە لە ڕێکخراوی (ی.ژ.ک)، وەک پێداگریی لەسەر پرسی ڕەوای ژنان لە دژی هەموو چەوسانەوەیەک لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە کاری کردووە و بۆتە ئەندام سکرتاریەت لە ڕێکخراو[3]. هەروەها بەرپرسی بەشی کۆمەڵاییەتی بوو، لە ساڵی (١٩٩٨) بووەتە بەرپرسی سەنتەری ڕاگەیاندنی ژنان و خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەی ژیانەوە، لە ساڵی (٢٠٠١ تاوەکو ٢٠١٢/٦/١٣)خاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەی ڕێوان و بەرپرسی سەنتەری ڕاگەیاندن و ڕوناکبیری ژنان بووە [4]. هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە بزوتنەوەی ژنان لە هەرێمی کوردستان گرێبداتەوە بە بزوتنەوەی ژنان لە ئەمریکا و ئەوروپا و نیشتمانی عەرەبی لە چەندین کۆنفرانسی کۆڕ و کۆنفرانسی جیهانی لە ئەمەریکا و ئەوروپا و وڵاتانی عەرەبی بەشداری کردووە، پەیوەندی لەگەڵ چەندین کەسایەتی ژنانی سیاسی و فمینست لە جیهان هەبووە ئەمە لە دیارترین ئەو ڕۆڵانە بووە کە بینیویەتی[5].

(ی.ژ.ک) وەک بەرنامەی کاری یەکێک لە ئامانجەکانی کردنەوەی یانەکانی تایبەت بە ژن بووە، لە پێناو بەئاگا بونی ژنان لە دنیای دەرەوە و وشیارکردنەوەیان، هەربۆیە بەشی پرۆژەکانی لقی سلێمانی (ی.ژ.ک) لە (١٩٩٨/٣/١٩) لەلایەن نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزیری یارمەتی هاوکاری و مرۆڤایەتی لە (سەعدی ئەحمەد پیرە) و ئامادەبونی ژمارەیەک لە بەرپرسانی حکومەتی هەرێم و ڕێکخراوەکانی ژنان و جەماوەرێکی زۆری شاری سلێمانی یەکەم (یانەی تەوار)ی کردەوە کە دەکەوێتە شەقامی مەولەوی، بە هەوڵ و کۆششی خاتوو (کافیە سلێمان)

---

(1) چاوپێکەوتنی لەگەڵ (سەیوان ڕۆستەم)، گۆڤاری سەردەمی ژن، ژ. (١)، ٢٠١٢، ل ١٧٥- ١٧٦.

(2) روونـاک رەئووف سەعید بەگ: لە ساڵی( ١٩٤٢ )لە گوندی خەتێ سەر بەقەزای دەربەندیخان، لەدایکبووە، سەربەستیەکی تایبەتی بەخۆی هەبووە، باوکی هەر پێی وتووە (حەمە روناک)، پاش تەواوکردنی پۆلی شەشەمی سەرەتایی دەچێتە قوتابخانەی هونەری ناو ماڵ و لەوێوە قۆناغێکی نوێ لە ژیانی روونـاک دەستپێدەکات، ئەویش ئاشنابوونی بەدونیای سیاسەت و شۆڕش و ئەرکە سیاسییەکانی لە ڕێگای (بەهیە مەعروف – ئەنجوم) پێ سپێراوە، لە تەمەنی (١٧) بۆ (١٨) ساڵی ژیانی هاوسەری لەگەڵ حاکم ئەحمەد پێکدێنێت، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (بەرهەمی ڕێکخراوی راگەیاندن و روناکبیری ژنان: مێخەکبەندێک لە وشە، چاپخانەی کەلۆن، سلێمانی، ٢٠١٤، ل (١١- ١٢- ١٦).

(3) چاوپێکەوتنی پەیامنێری دەنگی ژنان لەگەڵ (رووناکی حاکم ئەحمەد)، ژ. (٢٠) ساڵی دووەم، ١٩٩٧/١٠/١، ل٢.

(4) سەنتەری راگەیاندن و روناکبیری ژنان، چلەی ماتەمینی رووناک رەئوف، ل٩.

(5) بەرهەمی ڕێکخراوی راگەیاندن و روناکبیری ژنان (مێخەک بەندێک لەوشە)، ل٢.

شوێنەکە دابین کرا، هەروەها (رووناک رەئوف) جێگری سکرتێری یەکێتی ژنانی لەبیر نەکەین کە ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە بەئەنجام گەیاندنی ئەم یانەیە[1].

(کنێر عەبدولا حەمە عەزیز)، لە دوای ڕاپەڕین بەهۆی خولیا و ئارەزووی لە ئیشکردن بۆ مەسەلەی ژنان، لە ساڵی (١٩٩١) بەدواوە لە (ی.ژ.ک) کاری کردووە، یەکەم کاری فیمینیستی لە بواری ڕاگەیاندندا بوو، لە ساڵی (١٩٩٢) بووە پێشکەش کاری بەرنامەی (تەوار) لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان پێشکەش دەکرا، بەردەوام لە کاری ڕێکخراوەی دا ڕۆڵی هەبووە لە یەکەم کۆنگرەی یەکێتی ژنان لە ساڵی (١٩٩٩) بە ئەندامی یەدەکی سکرتاریەتی (ی.ژ.ک) هەڵبژێردرا. لە بواری ڕۆشنبیریی لە (ی.ژ.ک) کاری کردووە، واتە سیمینار و ۆرک شۆپ و چاوپێکەوتن لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە لەسەر مەسەلەی ژنان. لە ساڵی (٢٠٠١)دا لە بواری ژنان دەستی کرد بە نوسین و یەکەمین وتاری بڵاوبوویەوە[2].

لە ساڵی (٢٠٠٢) پلەکەی بۆ ئەندامی سکرتاریەت بەرزکرایەوە. دواتر لە ساڵی (٢٠٠١)دا لە ڕۆژنامەی ژیانەوە کاری کردووە و لێپرسراوی لاپەڕەی تەندروستی گرتە ئەستۆ، هەر لەو ساڵەدا دەستیکرد نوسین بۆ ڕۆژنامەکان، نوسینەکانی تایبەت بۆ کاروباری ژنان و بانگەشەکردن بۆ یەکسانی ژن و پیاو تەرخان کرد، لە(٢٠٠٣)ئەندامی لیژنەی باڵای بزوتنەوەی ریفراندۆم بووە لە چوارچێوەی بزوتنەوەکەدا لێپرسراوی بەشی ڕاگەیاندنی پێ سپێراوە[3].

**چوارەم: یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان:-**

ڕێکخراوێکی سەربەخۆی جەماوەریی ژنانە، لەڕێکەوتی (١٩٩٤/١٠/٢٦)دامەزراوە لە پێناو هێنانەدی خواست و چەسپاندنی مافەکانی ژنان و بەرزکردنەوەی پێگەی شایستەیان لەناو کۆمەڵگەدا، بەدیدێکی ئیسلامی هاوچەرخ تێدەکۆشن[4]. کاری ڕێکخراوەیی خوشکان هەر لە سەرەتای حەفتاکانەوە لە کوردستان شانبەشانی کاری ڕێکخستن دەستی پێکردووە، سەرەتا لە

---

(1) ئامادەکردنی ئەختەر: یانەی تەوار پێشوازی لە ژنان دەکات، دەنگی ژنان، ژ.(٢٩) ساڵی سێیەم، ١٩٩٨/٤/١، ل٢.

(2) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (کنێر عەبدولا)،سلێمانی، ٢٠٢٢/١/٣. کنێر عەبدولا حەمە عەزیز: نوسەر و ڕۆژنامەنووس و هەڵسوڕاوێکی بواری فیمینیزمە، لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٠ شاری کەرکوکە، خوێندنی سەرەتایی لە کەرکوک تەواو کردووە، ناوەندی و ئامادەیی لە سلێمانی لە ساڵی ١٩٩١ تەواو کردووە، بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زمانی عەرەبی لە کۆلێجی ئاداب لە زانکۆی سەلاحەدین بەدەستهێناوە، بڕوانە (فەرید ئەسەسەرد، ئیسنکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ب٢، ل٨٩٢).

(3) فەرید ئەسەسەد: ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ل٨٩٢.

(4) بێ ناوی نووسەر: کورتەیەک لەسەر مێژووی دەرکەوتن و پێکهاتەی کاری ڕێکخراوی ژنان لە کوردستاندا، ئافرەتان – ژنان – خوشکان)، گۆڤاری تەوار، ژ. (٢٥)، ٢٠٠٩، ل٢٦.

ماڵاندا بەشێوەیەکی نهێنی کۆبوونەتەوە، لەوێدا خوشکان دەستیان کردووە بە هۆشیارکردنەوە و رۆشنبیرکردنی خۆیان لە هەموو کوردستاندا[1]،. لە گرنگترین ئامانجەکانیان:

١.بەرەنگاربوونەوەی هەموو جۆرە توندوتیژییەک، کە رووبەڕووی ژنان و منداڵان دەبێتەوە.

٢ .هەوڵدان بۆ چاکسازی کۆمەڵایەتی و چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و هۆشیارکردنەوەی ژنان بۆ رووبەڕووبونەوەی کێشەکانی ژیان، لە بری خۆبەدەستەوەدان.

٣. پشتگیری بەدیهێنانی مافە رەواکانی گەلی کورد.

٤ . هەوڵدان بۆ کاراکردنی رۆڵی ژنان لە بواری سیاسی و هۆشیاریی سیاسی و بەشداری لە پۆستە سیاسی و ئیدارییەکاندا.

٥. هەوڵدان بۆ کاراکردنی رۆڵی کۆمەڵە و رێکخراوەکان بۆ بەرجەستەکردنی بنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

٦. رەتکردنەوەی ئەو بڕیار و یاسایانەی کە مافی ژنان پێشێل دەکەن و هەوڵدان بۆ گۆڕین و هەمووارکردنیان.

٧. هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی یاسا و چەسپاندنی دادوەری بەرامبەر بەو کەس و لایەنانەی کە تیرۆر و توندوتیژی بەرامبەر ژنان ئەنجام دەدەن[2].

(بەیان نوری) سکرتێری یەکگرتووی خوشکان لەو بارەوە دەڵێت :" کە رێکخراوەکەیان لە سەرەتای دامەزراندنیەوە ئەوەیان نیشانداوە کە نایانەوێت بەرانبەرکێ لەگەڵ هیچ توێژێک دا بکەن، بەڵکو دەیانەوێت پیاوان و ژنان هاوکار بن و ببنە یارمەتیدەی یەکتر لە پێشخستنی رەوڕەوی ژیاندا، نەک لایەک مافی لاکەی تر پێشێل بکات، بۆیە لە هەوڵدان کە ئەرک و مافەکانی ژنان و پیاو بۆ خۆیان و یەکتر روون بکەنەوە، خوشکان توانویانە رۆڵی خۆیان ببینن لە کوردستاندا، لە هەردوو زەمەنی کاریاندا توانیویانە لە ژێر دروشمی (هۆشیاری، پەروەردە، خێزان)دا کارەکانیان ئەنجام بدەن و چەندەها خوشک هۆشیاری ئیسلامی وەرگرتووە و پەروەدەی باش پەروەردە کراون لە بری چاولێگەری ئەملاو ئەولا گەڕاونەتەوە و ئاداب و رەوشتی کوردانە و مسوڵمانانەی رەسەن[3].

تا ساڵی (٢٠٠٠) یەکگرتووی خوشکان سێ کۆنگرەی بەستووە، کۆنگرەی یەکەم: لە ٢٦/تشرینی یەکەم/ ١٩٩٤ لە سلێمانی، کۆنگرەی دووەم لە رێککەوتی (٣-٥/ئاب/ ١٩٩٧)لە سلێمانی بەستراوە، کۆنگرەی سێیەم:(٢٠-٢٢/ئەیلولی/٢٠٠٠، ) لە سلێمانی بەستراوە. ئەو ژنانەی سکرتێری رێکخراوی

---

(1) چاوپێکەوتنی ئاینده، لەگەڵ سکرتێری یەکگرتووی خوشکان، ئاینده، ژ. (٥)، تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٧، ل٣.

(2) تابان گەرمیانی: دەستکەوتی ژنانی باشوری کوردستان، ل٦٤.

(3) چاوپێکەوتنی ئاینده لەگەڵ سکرتێری یەکگرتووی خوشکان، ئاینده، ژ.(٥)، ١٩٩٧، ل٣.

خوشكانی یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان بوون بریتیی بوون لە هەریەک لە:- بەیان نوری تۆفیق (١٩٩٤/١٠/٢٦ هەتا ١٩٩٥/٩/٢٢)، (تاڤگە محەمەد عەلی ١٩٩٩/٩/٢٢ هەتا ٢٠٠٣/٧/١٥ [١]).

(تاڤگە محەمەد عەلی) تیشک دەخاتە سەر ئەو گۆڕانكارییانەی كە بەسەر پەیڕە و پرۆگرامی خوشكاندا هاتووە، ئەو پێیوایە پرۆگرامی خوشكان، دوای پێداچوونەوەی لە كۆنگرە بە كۆی دەنگ بڕیاردرا لەسەر ڕیزبەندی ئامانجەكان، كە خۆی لەپێنج ئامانج دەبینێتەوە، هەر ئامانجێک چەند خاڵێكی لەخۆگرتووە، سەرجەم خاڵەكانیش خزمەت بە ژنانی كوردستان دەكات، بۆ نموونە (ئامانجە كۆمەڵایەتییەكان) داكۆكی دەكات لەسەر ئازادی لە هەڵبژاردنی هاوسەر و ڕێكخستنی پەیوەندی خێزان و ڕیزگرتنی دوو لایەنە لە ئەرک و مافەكان و چەسپاندنی مافی منداڵان و بەرەودان بە هۆشیاری كۆمەڵایەتی و هەوڵدان بۆ زیاتر چارەسەركردنی كێشەكان لە هۆشیاركردنەوەی كۆمەڵگە و پاراستنی مافی ژنانی بەساڵاچوو، قوربانیانی ئەنفال و دەروون شێواوەكان. (ئامانجە ڕۆشنبیرییەكان) كاركردن لەسەر ئاستی بەرزكردنەوەی ڕۆشنبیریی خوشكان و ژنان هەر لە خوێندنەوە و ڕاڤەكردنی قورئان و فەرمودە تا ئەگاتە زانستە شەرعییەكان و نەهێشتنی نەخوێندەواری و هۆشیاری تەندروستی و یاسایی و سیاسی و ئابوری، (ئامانجە یاساییەكان)، هەوڵدان بۆ بەرجەستەكردنی دەقە شەرعیەكان و روونكردنەوەی ئەو یاسایانەی مافی ژنان پێشێل دەكەن و توێژینەوە لەسەر هێنانە كایەی بەندی یاسایی، كە هەموو جۆرە توندوتیژی سوكایەتییەک دژی ژنان بە تاوان بزانێت[٢].

لە (ئامانجە سیاسییەكان)یشدا، جەخت كردنەوە لەسەر هاندانی ژنان بۆ بەشداریی كردن لەسەر هاندانی ژنان بۆ بەشداری كردن لە پۆست و ناوەندە حزبی و ڕێكخراوەیی و سەندیكاكان و گەیشتن بە ناوەندەكانی بڕیار و هەوڵدان و سەقام گیربوونی ئاشتی و كەمكردنەوەی مەینەتییەكانی ژنان و نرخاندنی مێژووی پڕ لە خەباتی نەتەوەكەمان و پاراستنی دەستكەوتەكانی لە ناوخۆ و دەرەوە. هەروەها (ئامانجی ئابوری) توانا و لێهاتوویی ژنان بخرێتە گەڕ لە پێناو پاراستنی مافە ئابورییەكان و ئەو چەمكە ئیسلامییانە بناسن كە سەبارەت بە كار و ڕۆڵی ژنان لەو بوارەدا هاتووە. (بێخاڵ ئەبوبەكر) لێپرسراوی بەشی ڕاگەیاندنی ڕێكخراوەكە، باس لە ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە گەیاندنی ئایدیا و بۆچوونی ڕێكخراوەكان دەكات و پێی وایە كە رۆڵی راگەیاندن لەو نێوەندەدا راستیەكی بەڵگە نەویستە. لە خولی دووەمدا بەشی ڕاگەیاندن چەندین چالاكی خستۆتە بەر دیدی جەماوەری ژنانی كوردستان، كە زیاتر لە (١٧) بەرنامەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن لە سەرتاسەری كوردستاندا لەسەر رۆشنبیركردنی توێژی ژنان كاردەكەن و بیروبۆچوون و

---

(1) تابان گەرمیانی: دەستكەوتەكانی ژنان، باشوری كوردستان، ل٦٣.

(2) ریپۆرتاژ ستافی نوێی سكرتاریەت لە دیدارێكدا، ئاینده، ژ. (٢٦-٢٧)، تشرینی دوەم و كانونی یەكەم ٢٠٠٠، ل٤.

هەڵوێستی یەکگرتووی خوشکانیان پێدەگەیەنن[1]. هاوکات هەر لەلایەن ریکخراوەکەوە ڕۆژنامەی (ئاینده) تایبەت بەژنان دەردەکرا، دواتر بووە گۆڤاری (ئاینده) سازی. لەم بارەیەوە بێخاڵ ئەبووبەکر پێی وایە ڕۆژنامەیەکی زۆرباش بوو بۆ ئەوکاتە، چونکە هەموو جار تەوەرێکی هەبوو بۆ ژن لە بواری (سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی). لە بواری سیاسی هۆشیاریی سیاسییان داوە بە ژنان، هانیان داوە لە هەڵبژاردنەکاندا ڕۆڵیان هەبێ، چونکە ژنانیش دەبێت ڕۆڵییان هەبێ، یەکەم حزب بۆ یەکەمجار کە ژنی لە سەرکردایەتی تیا بوو، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بووە، هەر لە کۆنگرەی دووەمەوە وەک ئەندامی دەستەی دامەزرێنەریش هەن، وەک ئەندامی سەرکردایەتیش ژن هەبووە، واتە لە هەمووی بڕیار و ڕۆڵیان هەبوو[2].

**چالاکییەکانی ڕێکخراوی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان(١٩٩٨ تا ٢٠٠٢)**

(١)**بەشی کاروباری کۆمەڵایەتی**: دانان و ئامادەکردنی لائیحەی کاروباری کۆمەڵایەتی، ناردنی چەند نامیلکە و بابەتێک بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی لقەکان، بەشداری کردن لە بڵاوکراوەی ئاینده بەچەند بابەتێکی کۆمەڵایەتی، بەشداری کردن لە چەند پرس، ناردنی کارت و پێشکەشکردنی دیاری بۆ بۆنە و جەژنەکان، پێشوازی کردن لە بۆنە و جەژنەکاندا، بەشداری کردن لە خولێکی هەفتەیی بۆ ڕێکخراوی (Age Help) و ئامادەکردنی راپۆرتێک دەربارەی خولەکە[3]. سەردانی نەخۆش، هاوکاری لە چارەسەرکردنی ژمارەیەکی زۆر لە کێشەی خوشکان و دایکان، لەپێناو بەختیاری و ئاسودەیی خێرادا، هاوکاری پێکهێنانی ژمارەیەکی زۆر خێزانی داوە[4]. هەروەها سازدانی کۆبوونەوەیەک بۆ دایکان وخەسوەکان بە مەبەستی هۆشیارکردنەوەیان لە گرنگی پێدان بە کاری دایکایەتی و چۆنیەتی مامەڵەیان لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکانیاندا، هەروەها ئامادەکردن و پێشکەشکردنی بەرنامەی (ئافرەت و کۆمەڵ) کە بەرنامەیەکی کۆمەڵایەتییەو باس لە کێشە هەنووکەییەکانی کۆمەڵ بەگشتی و ئافرەتان بەتایبەتی دەکات.[5].

(٢)**چالاکی ڕۆشنبیریی**: ئامادەکردنی نامیلکەی (بەرنامەی خوشکان لە ڕەمەزاناندا، ئامادەکردنی نامیلکەی تایبەت بە نەهێشتنی نەخوێندەواریی، (ڕۆژمێر، فەرمودەکان، ئەلف و بێی کوردی، قورئان

---

[1] هە مان سەرچاوەی پێشوو،ل٤.

[2] چاوپێکەوتنی توێژەر: لەگەڵ (دکتۆر بێخاڵ ئەبوبەکر)، سلێمانی. ٢٠٢٢/٢/٢٤،

[3] چالاکییەکانی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان، ساڵی ١٩٩٨، ل٢. بەشێوەی نامیلکە و بڵاوکراوەتەوە، بێ چاپ و شوێن و چاپخانە.

[4] چالاکی بەشەکانی لقی سلێمانی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان لە ماوەی ١٩٩٩/١٠/٢٦ – ٢٠٠٠/١٠/٢٦، ئامادەکردنی بەشی راگەیاندنی لق، ل٣.

[5] چالاکییەکانی لقی سلێمانی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان، ساڵی ٢٠٠١-٢٠٠٢، ئامادەکردنی: راگەیاندنی لقی سلێمانی، ل٨.

و تەفسیر) قۆناغی (١-٢).بەشداری لە چەند کۆڕ و وتارێکی فیکری لەگەڵ ڕێکخراوەکاندا (بەشی پڕۆژە و هونەری کاری دەستی) ئامادەکردنی زنجیرەیەک لە (دەست ڕەنگینی ئیشی هەویر، ئامادەکردنی گۆشەی بۆ کابان لە بڵاوکراوی ئایندە. گرنگی دان بە خوشکانی لێهاتوو لە دەست ڕەنگینی بەشی (خەیاتی و درومان).

**(٣)بەشی ڕاگەیاندن:** ئامادەکردنی مێزگردێکی تایبەت بە (تیرۆری ئافرەت) دابەزاندنی لە تەلەفزیۆنی یەکگرتوو لە بەرواری (٢٠٠١/١/١)دا[1]. سەرپەرشتی و هاوکاریکردنی ئەو بەرنامانەی تایبەت بوون بە ئافرەتان لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن وەک بەرنامەی (زوبینای ئافرەتان) کە مانگی دوو ئەڵقەی دابەزیوە.ئامادەکردنی ئاهەنگەکانی تایبەت بە بۆنەو یادی (٨)ی مارس لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی یەکگرتوو، کەناڵی سلێمانی. سازدانی مێزگردێک سەبارەت بە (کێشەکانی ژنانی ئەنفال)[2]. لە (٢٠٠٢/٤/٢٤) نوێنەری لقی سلێمانی (دڵخواز عەبدوڵلا) بەشداری کۆبوونەوەیەکی ڕێکخراوی (کیدۆ) کرد، سەبارەت بەچۆنیەتی هۆشیارکردنەوەی منداڵان[3].

## تەوەری دووەم: دەستکەوت و ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی ژنان لە دەرخستنی توانای ژندا لە سلێمانی ساڵانی (١٩٩١-٢٠٠٣).

لە دوای ڕاپەڕینی(١٩٩١) زەمینەی ئازاد و لەبار لەبەردەم تاکی کورد ڕەخسا، بەتایبەت بۆ ژنان کە بتوانن لە ڕێگەی چەندین ڕێکخراوی تایبەت بە ژنانەوە داکۆکی لە مافە کانی خۆیان بکەن، کە هەریەکەیان بەپێی بەرنامە و پلان و قەبارە و ژمارەی ئەندام و سنووری چالاکییەکانیان هەوڵی بەرەو پێشچوونی ژنانیان داوە، ژنی کورد لە سایەی ڕێکخراوەکاندا کاری بۆ دامەزراندی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی کردووە، بۆ ئەمەش جەختی کردۆتەوە لە بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی گشتی کۆمەڵ و ژنان بەتایبەتی، لە پاش ڕاپەڕینەوە کاری جدی بۆ یاساکان کردووە کە دوا پلەی هۆشیارییە لە گەشەسەندندا و بیرکردنەوەیەکی مەدەنییانە[4].

بەهۆی خراپی بارودۆخی ژنان لەباری کەسێتی و یاسای سزادان و توندوتیژی و لەشفرۆشی،خراپی بارودۆخی ئابووری ڕێکخراوەکان بیریان لە گۆڕینی یاسا کردۆتەوە ئەمەش بووە پڕۆژە.[5] یەکێک لە دەستکەوتەکانی ڕێکخراوەکان هەموارکردنەوەی هەندێ لەو بڕگانەی یاسای باری کەسێتی و یاسای سزدانی عێراقییە کە پەیوەندی بە ژنانەوە هەیە. ڕێکخراوەکان و

---

(1) چالاکییەکانی یەکگرتوو، خوشکانی ئیسلامی کوردستان، ساڵی ١٩٩٨، ل٣-٤.

(2) ئامادەکرنی ڕاگەیاندنی لقی سلێمانی:چالاکییەکانی لقی سلێمانی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان ساڵی ٢٠٠١-٢٠٠٢،بێ چاپخانە، ل٣- ٥.

(3) چالاکی لقەکان، ئایندە، ژ. (٥٠) ساڵی چوارەم و ئایاری ٢٠٠٢، ل٤.

(4) کنێر عەبدوڵا: ژن لەبازنەیەکی داخراودا، چاپخانەی تەواو، ٢٠٠٥، ل١٠١- ١٠٢.

(5) چاوپێکەوتنی توێژەر: لەگەڵ (پەیمان عیزەدین)، سلێمانی، ٢٠٢٢/٣/١٤.

کۆمەڵگەی مەدەنی دەستیان هەبووە لە گۆڕینی یاساکاندا، ئەویش بە پێشکەشکردنی چەندین پڕۆژە بە پەرلەمانی کوردستان. لەوانە هەموارکردنەوەی مادەی(١٣٠، ١٣٢)ی یاسای سزدانی عێراقی (ژمارە١١١ی ساڵی١٩٦٩) کە تایبەت بوو بە کەمکردنەوەی سزای ژنکوشتن بە بیانووی (شەرەف)ەوە، شتێک بوو کە ڕێکخراوەکانی ژنان لە نەوەدەکانەوە بە جیاجیاو پێکەوە خەباتیان بۆ کردووە[١].

وەک دەستپێشخەرییەک (ی.ژ.ک) هەوڵی بۆ چاککردن وگۆڕینی هەندێک لە بەندەکانی یاساکانی (باری کەسێتی)دا ئەم ڕێکخراوە هەوڵەکانی لەپێناو بەرجەستەکردنی یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەزی ژن وپیاو لە هەرێمی کوردستاندا چڕکردۆتەوە و بۆ ئەو مەبەستەش هەوڵی داوە زۆرترین ڕێکخراوەکانی ژنان لە بەرەیەکدا کۆبکاتەوە. لە (حوزەیرانی ١٩٩٢) پرۆژەی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ژنان لەلایەن هەردوو ڕێکخراوی (ی.ژ.ک) و ژنانی زەحمەتکێشانەوە پێشکەشی پەرلەمان کرا.[٢] بە پێشنیارێک بە(٣٣٧٢) واژۆوە پێشکەشی پەرلەمان کرا، کە (٢٨) بەندە و لەسەر فرە ژنی و میرات و جیابوونەوە و کۆمەڵێک مەسەلەی دیکە، خاوەن واژۆکان داواشیان کردووە کە ژنان بتوانن ببن بە پۆلیسی لێکۆڵەرەوە و لێکۆڵەرەوەی کۆمەڵایەتی لە زیندانەکان و لە کۆمیتەی یاسای پەرلەماندا بەشداربن[٣]، بەڵام ئەو پێشنیارانە نەخرانە سەرمێزی گفتوگۆ وخرانە پەراوێزەوە[٤].

لە ساڵی (١٩٩٥)بەسەرپەرشتی (ی.ژ. ک)، لە هۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی، کۆبونەوەیەک بۆ ڕێکخراوەکان ئەنجامدرا و هەر ڕێکخراوێک پڕۆژەی خۆی بەسیمینارێک پێشکەش دەکرد، هەر ڕۆژە و دوو ڕێکخراو پڕۆژەکەی خۆی پێشکەش دەکرد، جیاوازی زۆر هەبوو لەنێوان پڕۆژەی ئیسلامیەکان وپڕۆژەی ڕێکخراوەکانی دیکە[٥]. ئەم کارە یەکەم هەنگاوی گرنگ بوو کە ڕێکخراوەکان بەهاوبەشی کاریان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ژنان کردووە، چونکە لەو کاتەدا کوشتن و تیرۆر و سوکایەتیکردن بە ژنان زۆربوو، ئەمەش لەگەڵ یاسا و نەریتی کۆمەڵگەی مەدەنیدا نایەتەوە. خەڵکی کوردستان و ژنانیش خۆیان لەوە زیاتر پێیان قبوڵ ناکرێت و دەیانەوێت

---

(1) چۆمان هەردی: دەستکەوتەکانی بزووتنەوەی ژنانی باشورلە ١٩٩١ەوە تا ئەمڕۆ، گۆڤاری ژن، ژ(١)، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠١٢، ل١٩٩- ٢٠٠.

(2) دەنگی ژنان: بەسەرکەوتنی یەکەمین کۆنگرەبەهاوبەشی ڕێکخراوەکانی ژنان ڕەوتی بزوتنەوەی ژنان بەرەوپێش دەچێت، ژ.(٦)، سلێمانی ١٩٩٦/٢/١ ، ل١.

(3) چاوپێکەوتن لەگەڵ (پەریخان ئەندام پەرلەمان)، ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، ژ.(٣٨)، ١٩٩٢/١٢/٢٢، ل٤.

(4) خاوەن ئیمتیاز: سەروتار، دەنگی ژنان، ژ.(٣٢)ساڵی سێەم، ٤تەموزی ١٩٩٨، ل١.

(5) چاوپێکەوتنی توێژەر: لەگەڵ(پەیمان عیزەدین)، سلێمانی، ٢٠٢٢/٣/١٤.

لـەچوارچێوەی یاسـا و نـەریتی دواکەوتوانـە و دژی مرۆیـی، ژیـان بەسـەرنەبەن و دەبـێ ڕێکخراوەکانی ژنانیش لە ئاستی چاوەڕوانییەکانی ژناندابن بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان[١].

لە ئەنجامی هەموو ئەو داواکاری و کارکردنی ژنـان لەسـەر ئـەو بابەتـە لـە کـاتی دوو ئیدارەی ژنان لە سلێمانی و دەوروبـەری توانیـان دوو بڕیـار بـە مـام جـەلال دەربکـەن، کـە ئـەوکات کەسـی یەکەمی دەسەڵاتی زۆنی سەوز بوو، ئەوانیش بریاری (٥٩)، (٦٢) بوون.

ماددەی (٥٩) لەسەر مەسەلەی کوشتنی ژنان بوو کە پێویست بوو بە یاسا ڕابگیرێت، هـەروەها ماددەی (٦٢) بۆ فرەژنی و هەندێ بابەتی باری کەسێتی بوو، چونکە تـا ئـەو کاتـە بابـەتی کوشـتنی ژنـان بـە ئاشـتەوای خێڵـەکی تـەنازولکردنی کەسـوکاری قوربانییەکـە گـەر خۆیـان نەبوونایـە بابەتـە کەچارەسەر دەکرا هەروەک چۆن بابەتێکی دزیکردن یا شەڕکردن بەو ڕێگەیە چارەسەر دەکرا. لە ئیـدارەی سـلیمانی تـوانرا ئـەو بڕیـارە بچێتـە بـواری جێبـەجێ کردنـەوە، دواتـر لـە یەکگرتنـەوەی ئیدارەکان و دوای کۆتای هاتنی شەڕی ناوخۆ ئەم دوو بڕیارە چووە نـاو یاسـای هاوبەشـەکانەوە، چونکە لیژنەیەک پێکهێنرا لەنێوان (هەولێر و سلێمانی) بۆ ئەوەی ئەو یاسانەی کە گۆڕابـوون بچنـە یەک پاکێجی یاساییەوە[٢].

بریاری ژمـارە (٥٩)، مێژووی (٢٠٠٠/٤/١٢) پاڵپشـت بـە حوکمـەکانی برگـەی (٤) لـەمادەی (١٠) لەیاسای ژمارە (٢)ی یاسای ١٩٩٢بڕیاردرابە :

بە بەهانەی سوککردنی سزا دانانرێت کوشتنی ژن یان ئازاردانیـان - بـەبیانووی عـەیب شـۆڕین - وبۆدادگـا نیـە هـەردوو مـادەی (١٣٠)، (١٣٢) لەیاسـای سـزاکان ژمـارە (١١١)ی سـاڵی (١٩٦٩) هەموارکراو جێ بەجێ بکات بۆسوکردنی سزای بکەر.

ژمارەی(٦٢)، مێژووی(٢٠٠٠/٤/٢٩) هەموارکردنەوەی بڕگەی (٦)مادەی (٣)لەیاسا بوم شێوەیە:

_هەرکەسێک گرێبەستی هاوسـەرگیری ئـەنجام بـدات بـۆ زیـاتر لـە ژنێـک بەپێچەوانـەی ئـەوەی ئاماژەی بۆکراوە لـە هەردووبرگـەی (٤)، (٥) سـزا دەدرێـت بەحـەپسکردن ماوەیـەک لـە سـێ سـاڵ زیاتر نەبێ و بەپێ بژاردن لەدەهەزار دینار کەمتر نەبیت[٣].

_هەموارکردنەوەی برگەی (٧) لەمادەی (٣):

بەدەر لە حکومەکانی هەردوو بڕگەی (٤)، (٢) لەم ماددەیە دەکرێ هاوسـەرگیریی لەگـەڵ زیـاتر لە ژنێک بکرێت، ئەگەر هاتوو مەبەست لە هاوسەرگیریەکە لەبـەر هۆکـاری تەندروسـتی یـان منداڵ نەبوون بێت[٤].

(1) هەلالە رافع: راپۆرتێک سەبارەت بە ناوەندی کاری هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ژنان، ژ.(٢٢)، ئەیلولی١٩٩٨، ل٢.

(2) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (پەیمان عیزەدین)، سلێمانی. ٢٠٢٢/٣/١٤.

(3)عزالدین عبداللەیاسین: ئافرەت ویاسا، چ٢، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٢،ل١٢

(4)س.پ ل١٤، ١٥.

جگـە لەمانـە ڕێکخراوەکـان کاریـان لەسـەر وشـیارکردنەوەی ژنـان بەتایبـەتی و کۆمەڵگـەش بەشێوەیەکی گشتی کردووە، بێگومان ڕێکخراوەکان تاکە لایەن نین کە کاریگەرییان هەبووە لەسەر گۆڕینی وشـیاریی، بـەڵکو کرانـەوەی کوردسـتان بـەڕووی جیهانـدا و دروسـتبوونی میدیای ئـازاد کاریگـەریی هـەبووە.[1] ڕێکخراوەکـان لەڕێگـەی کـۆڕو سـیمینار و ۆرکشـۆپ بـۆ خوێنـدکاران و گـەنجان و کردنـەوەی خـولی تایبـەت بـۆ دامودەزگـا حکومییـەکانی وەک پـۆلیس و ئاسـایش و دادگاکان، هەروەها دابینکردنی خول بۆ ژنان لە بواری خوێندەواری و زمان و کۆمپیوتەر، سیمینار و ۆرکشۆپ سەبارەت بەمافە ئاینی و یاساییەکان ڕۆڵی گەورەیان لە هۆشیاری ژناندا هەبووە[2].

یەکێکیتر لە کاری ڕێکخراوەکان نەهێشتنی ئەو جیاکارییە نەریتیەبوو کە سنوری ماڵەوەی بۆ ژن دیاریکردبوو، دەروەشی بەو فراوانییە بۆ پیاو دیاریکردبوو، هاوکات ڕێکخراوەکان هـەوڵێکی زۆرییاندا تـاوەکو ژن بگاتـە بـە ناوەنـدەکانی بڕیـار لـە سیاسـەت و حکومـەت و پەرلەمانـدا بـۆ ئـەم کارەشـیان کـەمپینی زۆرییـان ئەنجامـدا، ئـەم هەوڵانـەش بوونـە هـۆی ئـەوەی کـە ژنـان لـەبواری سیاسەتدا چالاکانەتر لە دەنگداندا بەشداریی بکەن و خۆیان بپاڵێون لە پۆستە ئیداری و حکومی و سیاسییەکاندا و بەشداریی بکەن[٣].

سەرەڕای ئەوانەش ڕێکخراوەکانی ژنان بە تەنها کارییان بۆ ژنان نەکردووە، بە بەڵگەی ئـەوەی کاتێک حیزبەکان پێکەوە ناکۆک بووبن ئـەم ڕێکخراوانـەش کـاری پێکـەوەییان نـەکردووە، پـەیامێکی گوتـاری یـەکگرتوویان نـەبووە، بۆیـە دەکرێـت بڵێـین:" ئـەم ڕێکخراوانـە جێبـەجێکاری بەرنامـەی حیزبــەکانیان بــوون، نــەک ڕێکخــراوی تــەواو ســەربەخۆ بــووبێتن. لــە ڕووی مادديیــەوە سەربەحیزببوون، لەگەڵ ئەوەی یـەکێک لەمەرجـە سـەرەکیەکانی ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مـەدەنی بۆ بینینی ڕۆڵی سیاسیی بریتییە لە سەربەخۆی ئابووری ڕێکخراوەکە، لەلایەکی ترەوە هەرکاتێک ئەو حیزبە نەمێنێ ئەم ڕێکخراوەش چالاکی نامێنێ و بوونی نامێنێ[٤].

سـەرەڕای ئەوانـەش ئـەو کەسـانەی کـە لـەڕێکخراوەکانی ژنـان کارییـان کـردووە یـان ئەوانـەی کەسـەرۆکایەتی ڕێکخراوێکـی ژنانیـان کـردووە لایـەنگری حیزبێـک بـوون یـان بـەهۆی کەسـێکی نزیکیانـەوە وەک(باوک_برا_هاوسـەر)لەو حیزبانـەدا کارییـان کـردووە، یـان لەسـەرکردایەتی ئـەو

(1) چۆمان هەردی: دەستکەوتەکانی بزووتنەوەی ژنانی باشووری کوردستان، ل٢٠٤- ٢٠٣.

(2) مەهاباد حەسەن عوسمان، ڕۆشنا ئیبراهیم محەمەد: ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی ژنان لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا، گۆڤاری تەوار، ژ.(٣٥)، ٢٠١١، سلێمانی، ل١٥٦.

(3) چۆمـان هـەردی: دەسـتکەوتەکانی بزوتنـەوەی ژنـان...، ل٢٠٨؛ سـەردەمی ژن: چاوپێکـەوتنی لەگـەڵ سـنەوبەر ئیسماعیل نەسروڵلا، ل٢٦٩).

(4) بێ ناوی نوسەر: هەڵسەنگاندنی بابەتی سەرەکی لەسەرکاری سیاسی ژنانی کورد لای هەرسێ ڕێکخراوەکە، گۆڤاری تەوار، ژ.(٢٥)،سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٥٦- ٥٧.

حیزبانە بوون یان ئەو ژنانە خۆیان لەڕێکخستنەکانی ئەو حیزبانە بوون ، واتە زۆر کەم ژنێک کەسەر بەهیچ حیزبێ نەبوبێت کاری لەو بوارەدا کردبێت [١].

یەکێکی دیکە لەو ئاریشانەی ژن و ڕێکخراوەکانی ژنان لەو دەمەدا هەیان بوو، کە سەرەڕای ئەوەی ئاراستەی کۆمەڵگە بەرانبەر بە کاری ڕێکخراوەی ژنان نەیار بوو، کە کارێکیان دەکرد خەڵک هاوکاریی نەدەکردن . لەم بارەوە کنێر عەبدوڵا دەڵێت" سەرەتای (١٩٩١_١٩٩٢) کە ڕێکخراوەکان دەچوونە ماڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دەرگایان بە روویان دادەخست و دەیانووت بەرەلایی بلاودەکەنەوە ئەمە خۆی لەخۆیدا کێشەبوو لەبەردەم ڕیکخراوەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان"[٢]. جگە لەوەی خودی بەرپرسە حیزبیەکان پێیان وابووە کە ڕێکخراوی ژنان کاریان ئەوەیە ژن ئامادەبکات بۆ خواردن ئامادەکردن و کەیف خۆشی و هەڵپەرکێ، بەلگەش بۆ ئەمە (پەیمان عیزەدین ئەوکات لە ڕیکخراوی ژنان کاری دەکرد (١٩٩٣_١٩٩٤) بەرپرسێکی حیزبی لە جێگەیەکدا بینیوە و پێی وتوە بۆنەیەکی حیزبیمان هەیە و کۆمەڵێ کچمان بۆبنیرن بۆ هەڵپەرکێ)، دیارە ئەم تێڕوانینە زۆر خراپ بووە، چونکە پێشتر لە سەردەمی بەعس تێڕوانینێکی خراپ بۆ یەکێتی ئافرەتانی سەر بە بەعس هەبووە و ژنانیان وەک کالا بەکاردەهێنران و هەموو شتێکیان دەکرد جگە لە داکۆکی کردن لە مافی ژن، بۆیە ئەم تێروانینە بۆ ناو خودی حیزبەکان تیروانینێکی باو بوو، کە پێیان وابوو ڕێکخراوەکانی ژنان ئەوە ئیش و کاریانە[٣].هەروەها چەندین هۆکاری تر ئاستەنگ بوون بۆ ڕێکخراوەکان لەوانە:

١. ڕەهەندی کەم ئەزموونی، سیاسی، کۆمەلایەتی، یاسای، کارگێری، ئابووری وئاینی.[٤]

٢ . شەڕی تایبەتیی ژنان دژ بەخۆیان.[٥]

٣.لاوازیی دارایی و کەمی پارەی پێویست.

٤.کەمی تاکی ڕێکخراوەیی لە ڕێکخراوەکانی ژنان و نەبوونی خەڵکی خۆبەخش.

٥. حکومەتی هەرێم هاوکارێکی بەردەوامیان نەبوو، چونکە دامودەزگاکانی حکومەت و بیرۆکراسییەت ڕێگرن لەبەردەم ئەنجامدانی پرۆژەکانیان.

٦.نەبوونی چوارچێوەیەکی یاسایی گونجاو بۆ پارێزگاریکردن لە مافی ژنان.[٦]

هەندێک لەو ژنانەی بەشداری ڕێپێوانەکەیان کردووە، کەس و کار و دایکی شەهیدبوون یان ژنە پێشمەرگە بوون، ئامانجیان وەستاندنی شەڕی براکوژی بوو، بۆئەوەی چیتر دایکی کورد

---

(1) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨.

(2) چاوپێکەوتنی توێژەر: لەگەڵ (کنێرعەبدولا)، سلێمانی،٢٠٢٢/١/٢٦.

(3) چاوپیکەوتنی توێژەر: لەگەڵ (پەیمان عیزەدین)، سلێمانی، ٢٠٢٢/٣/١٤.

(4) ئاری ڕفیق: ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، چ١، هەولێر، ٢٠١٣، ل١١٥- ١٢٠.

(5) مەهاباد قەرەداغی: ئازادکردنی مێژوو، چ١، چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل١٣٨.

(6) عومەر علی ئەحمد: ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەپاراستنی مافەکانی ژناندا، ، ل١٠٦.

جەرگ سوتاو نەبن و منداڵی کورد بێ باوک نەبن، لەوانە (عائیشە یوسف عەزیز) تەمەنی نزیکەی (٧٥) ساڵ دەبێت، (پەروین محەمەد) دایکی دوو شەهید بە ناوەکانی (نەوزاد و عەتا، کە بۆخۆیشی ژنە پێشمەرگە بوو[1]، لەم بارەیەوە (حەمدیە ئەحمەد) دەڵێ:" دایکی دوو شەهیدە و دوو برای لە شەڕی برا کوژیدا شەهید بوون، سەرەڕای ئەو هەموو کارەساتەی کە بەسەریدا هاتووە، ئەو ڕێپێوانە بە خەبات دەزانێت بۆئەوەی ژنان پەیامی ئاشتی بە دەسەڵاتداران بگەیەنن و چیتر کورد بەدەستی کورد نەکوژرێت"[2]، هەروەها (فاتمە کەریم عەبدولڕەحمان)یش وەک دایکێکی شەهید بەشدار بوو، (گوڵاڵەی مامە عەزە) و چەندان ژنانی تر بەشداربوون.

لە ئەنجامدا ژنان توانیان لە شەڕی براکوژی ئەگەر بە هەوڵی کەسیش بێت ڕۆڵیان هەبێت بە گەیاندنی دەنگی ناڕەزایی لەناوخۆ و دەرەوەدا و لە ڕێگەی ڕێپێوانی ژنان بۆ بەردەم پەرلەمان بوونی خۆیان بسەلمینن، بەڵام بە چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شەونم نەجمەدین عەلی بەرزنجی) بە پێچەوانەوە باس لەوە دەکات کە ژنان لە سلێمانی ڕۆڵیان لە شەڕی برا کوژیدا نەبووە، بەڵکو تەنها لە چوارچێوەی دابینکردنی خواردن و پێداویستییەکان هاوکاری حزبەکانیان کردووە، ئەو پێی وایە کە ئەو جۆرە هاوکارییەش کارێکی هەڵە بووە و جۆرێک بووە لە هاندان و زەمینە سازیکردن بۆ بەردەوامیی شەڕی ناوخۆ. یەکێک لەو ژنانەی کە هانی پێشمەرگەیان داوە (حاجی ئایشێ)یە، ناوبراو لەبەردەم مەڵبەند هاواری دەکرد و دەیوت:" غەزایە غەزایە"، بەداخەوە لەبری ئەوەی ژنان و ئافرەتان دەبوو یەکبگرن لەبەردەم مەڵبەند و لقی چوار بوەستانایە و بیانوتایە ئیتر بەسە (شەڕی برا کوژی)، لە هەمانکاتدا ئافرەتانی پارتی دیموکراتی کوردستانیش لەو قۆناغەدا بارودۆخیان بێزار و ناهەموار بوو، بارەگاکانیان لە سلێمانیدا داگیرکرا بوو، هاوکات دەگەڕان بەدوای ئەو ژنانەی لایەنگری پارتی دیموکراتی کوردستان بوون، ئەگینا وەک ئافرەتان سەد جار بڵاوکراوەیان کردووە کە ئیتر بەسە شەڕ، بەڵام سودی نەبووە[3].

واتە ئەگەر لەم قسانە ورد بینەوە جۆرێک لە دژایەتی و نەبوونی یەک هەڵوێستی لەنێوان ژنان و ئافرەتان هەبووە، کە بۆنی دووبەرەکی و دوو ئیدارەیی و حیزبایەتی لێوە هاتووە. لەو ژنانەی کە باس لە بارودۆخی ژنانی ئەو قۆناغەی سلێمانی دەکات، ژنیک بوو بەناوی (بەیان سەید حەسەن بەرزنجی)، ئەو پیی وایە کە چۆن شەڕی ناوخۆ لە ساڵی (١٩٩٤) دەستی پێکرد، ئەوانیش وەک ئافرەتانی سلێمانی تاوەکو ساڵی ١٩٩٦ کەوتنە بەر شاڵاوی گرتن و ئیهانەکردن و داگیرکردنی بارەگاکانیان و نانبڕینی ئەوانەی کە فەرمانبەربوون لە دامەزراوەکانی حکومەتدا، بۆیەش نەیانتوانیوە کارێکی ئەوتۆ ئەنجام بدەن، بەڵکو زۆرجاریش بەدوو مانگ و سێ‌مانگ خۆیان

---

[1] ئیدریس لاوە: تا ئەندامانی هەردوو فراکسیۆن دەوام نەکەن، پەرلەمان چۆڵ ناکەین، کوردستانی نوێ: ١٩٩٤/٦/٢، ژ. (٦٩٧) ساڵی سێیەم، ل٥.

[2] رووخۆش علی: مێژووی تێکۆشانی مێینە....، ل٥٢٤-٧٣٠.

[3] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شەونم نەجمەدین عەلی بەرزنجی)، سلێمانی، ٢٠٢٢/٢/١٣.

شـاردۆتەوە و نەهـاتوونەتە دەرەوە، نـاوبراو لەوکاتـەدا بەڕێوەبەری ئامـادەیی پیشەسـازیی کچـان بووە، هەربۆیە لەو قۆناغەدا سێ جار لەکارەکەی دوور خراوەتەوە، ئەم هەڵویستانەی زۆنەکان دژ بە ژنانی یەکتری بە جۆرێک بوو کە زۆربەیان شارەکانی خۆیان جێدەهێڵاو دەچوون ناو ئیدارەی حزبەکانی خۆیانەوە[١].

[1] چـاوپێکەوتنی تـوێژەر لەگەڵ (بەیـان سـەید حەسـەن بەرزنجـی) ئەنـدامی دەسـتەی رێکخـراوە جەمـاوەری و پیشەییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەولێر، ٢٠٢٢/٣/١٥.

# بەشی سێیەم

## ڕۆڵی ڕۆشنبیری ژن لەشاری سلێمانی سالآنی (١٩٩١-٢٠٠٣)

له هەموو وەرچەرخانێکی مێژوویی و قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵگەکاندا، جۆرێک لە بوون و گۆرانکاریی دێتە کایەوە، ڕاپەڕین وەرچەرخانێکی کۆمەڵی کوردی بوو. هەر بۆیە بوو بە سەرەتای بەرنامەیەکی هەمەلایەنەی سیاسیی و ئیداریی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و ئەدەبیی[١].

ئەوگۆڕانە ڕاستەوخۆ کاردانەوەی هەبوو بەسەر باری ڕۆشنبیریی و ئەدەبیی کوردییەوە، لەو نێوەندەدا بزووتنەوە ئەدەبیی و ڕۆشنبیرییەکان، جوڵانەوەیەکی گەورە و سەرتاسەرییان بەخۆوەبینی.. یەکەمین جار بوو پەیوەندی ڕووناکبیریی نێوان شاعیر و نوسەرانی کوردستان لەگەڵ ڕووناکبیرانی تری پارچەکانی کوردستان و وڵاتانی عەرەبی و تەنانەت ئەورپایشدا بێتە ئاراوە [٢].

دامەزراندنی دەیان دەزگای چاپ و پەخشی حیزبی و حکومی و ئەهلی لەلایەک، ئاشنا بوونی ڕاستەوخۆی ئەدیبانی کورد بە کولتوور و ئەدەبیاتی ئەوروپا و ڕۆژئاوا لەڕێگەی هەندەرانەوە لەلایەکی ترەوە دەستکەوتی ئەو قۆناغە بوون، هاوکات بچووکبوونەوەی جیهان لە گوندێکدا دەرگای مەعریفی بەتەواوی بەڕووی کۆمەڵێک ئەدیب و چیرۆکنوسی نوێدا کردەوە، بەهۆیانەوە کانیاوەکانی داهێنان و نوێکردنەوە ڕێرەوی خۆیان گرتەبەر[٣].

هەر لەدوای ڕاپەڕینی(١٩٩١)، دیاردەیەکی دڵخۆشکەر سەریهەڵدا، ئەویش برەوسەندنی ئەدەبیاتی ژنانە بوو، بەشێوەیەکی چالاک بەشداری لەبەرەو پێشبردنی ڕۆشنبیریدا کرد[٤].ڕۆڵی ژنان لەبواری ڕۆشنبیریدا پەیوەندی بە ژمارەی ئەو ژنانەوە نەبوو کە دەنووسن یان لەدەزگا ڕۆشنبیرییەکان کاریان دەکرد، بەڵکو پەیوەندی بە ئامادەبوونی مێینەوە هەبوو لە گوتاری لێبوردەی و پێکەوەژیان و یەکترقبوڵکردندا، هاوکات پەیوەندی بەو خەباتە دوورودرێژەی ژنانی ئازایخوازەوە هەبوو، کە بۆ بەدیهێنانی خەونی یەکسانی کردوویانە [٥].

---

[1] ئەرسەلان بایز ئیسماعیل: سیمای شیعری کوردی لەدوای ڕاپەڕین ١٩٩٢-٢٠٠٢، نامەیەکە پێشکەش بە کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی کراوە، سلێمانی، ل٤٢.(بڵاونەکراوە).

[2] ئەحمەد میرە: کارتێکەری گروپ و بزووتنەوە ڕۆشنبیری و ئەدەبییە کوردییەکان لەسەر کۆمەڵگەی کوردی کوردستانی باشوور، چ١، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٢٢٣.

[3] سامان محەمەد عەلی: نوێکردنەوە لە چیرۆکی هونەری کوردی کوردستانی باشوور (١٩٩١-٢٠٠٣)، مطبعة الوقف الحديث، بغداد، ٢٠١٢، ل١٥.

[4] فەرهادپیرباڵ: ئەدەبیاتی دوای ڕاپەڕین، ژ.(١)، گۆڤاری ڕۆشنبیری کوردستانی، تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٩، سەنتەری ڕۆشنبیری میللی دەربەدەکات، ل ٢٦- ٣٥.

[5] کۆراڵ: ئامادەبوونی ژن لەبواری ڕۆشنبیریدا، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژ.(٢٦)، ٢٠٠١/٦/١٠، ل٧.

## باسی یەکەم:

## ڕۆڵی ژن لە بواری ئەدەب و نووسین لە شاری سلێمانی ساڵانی (١٩٩١_٢٠٠٣).

ڕاپەڕینی بەهاری (١٩٩١) وەچەرخانێک بوو، بۆ نوێکردنەوە لە ئەدەب بەگشتی و چیرۆک بەتایبەتی، چونکە گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەر بیر و ئاکار و نوسینی ئەدیباندا هێنا، بەهۆی دەربازبوونیان لە جینۆساید و سانسۆر و ڕووکردنە ئازادی ڕادەربڕین و ژیانی مرۆییانە و فەراهەم بوونی چاپ و بڵاوکردنەوەوە. پێش ڕاپەڕین بابەتەکانی چیرۆکی کوردی زیاتر کێشەی نەتەوەیی بەرجەستە دەکرد، بەڵام لەدوای ڕاپەڕین مەسەلەی فیکری و فەلسەفە و سایکۆلۆجیا لەپاڵ بابەتەکانی کۆت و بەندی ژناندا بەکارهێنراون.[١] بەشی زۆری بەرهەم و داهێنانەکانی دوای ڕاپەڕین، بەرهەمی ئەو ئەدیبانە بوون کە لەپێش ڕاپەڕین هەبوون، بەڵام ڕاپەڕین ڕۆڵی گەورەی بینی لە پێگەیاندنی ژمارەیەک ئەدیب و هێنانە کایەی چەندین بەهرەی نوێ کە بەداهێنانەکانیان جێ پەنجەیان بەسەر خەرمانی ئەدەبی دوای ڕاپەڕینەوە دیارە[٢].

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شیعری دوای ڕاپەڕین گەڕانەوە بوو بۆ(خود)تاک لەبری کۆمەڵ، بایەخدان بەکێشە کەسییەکان، وەک تەنیای و نامۆیی و بێهودەیی، هەروەها قسەکردن لە بابەتە تابو و حەرامەکان لە ڕووی ئاینی و کەلتوری و کۆمەڵایەتییەوە بوو، بوونی ئازادی جەستە و سێکس و تابو ئاینی و کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن ژنەوە بوو، قسەکردن لەبارەی قەیرانەکانی دنیای مۆدێرن، قەیرانەکانی تەکنەلۆجیاو، هێنانە بەرباسی بابەتی بچووک و فەرامۆشکراوەکانی ژیانی مرۆڤ و سروشت بوو[٣].ڕاپەڕین ئەو بارەی ڕەخساند، کە نووسەر و ڕۆشنبیری کورد هزر و بۆچوونی خۆی لە فەزایی ئازادیدا بڵاوبکاتەوە، کە لە ئاکامدا بەدەیان ڕۆژنامە و گۆڤار و بنکە و دامودەزگای بڵاوکردنەوەی لێکەوتەوە، بووە مینبەری گۆڕینەوەی بیروڕا و بۆچوون لەسەر کێشە جیاجیاکان. هەروەها گەڕانەوەی نوسەرو هونەرمەندانی کورد لە ئەوروپاوە بۆ ناو کوردستان، ئەویش کاریگەریی هەبوو بەسەر تازەبوونەوەی کەش و هەوای ئەدەبی و دروستبوونی کەشێکی نوێی ئەدەبی[٤].

شاعیرانی ژن لەم ساڵانەدا توانیویانە دەربڕی ناخی ژن بن، چونکە هەر ژنێک بتوانێ ناخی خۆی دەرببڕێ و ئەودەمامکەی لادابێت، کە کلتوور و داب و نەریتی کۆن و بەسەرچووەکان بەسەریان سەپاندوون، دەتوانێت ببێتە جێگەی متمانەی خۆی و کەسانی دیکەش، چونکە شیعر جیا

---

(1) سامان محەمەد عەلی: نوێکردنەوە لە چیرۆکی هونەری کوردی ، ل١٢٣-١٢٥.

(2) ئەرسەلان بایز ئیسماعیل: سیمای شیعری کوردی دوای ڕاپەڕین ، ل٤٣.

(3) خەسرەو میراودەلی: فیستیڤاڵی گەلاوێژو شیعری دوای ڕاپەڕین، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٢٢، ل٤٥-٤٩.

(4) ئەحمەد مەحموود عەبدوڵا: سورپالیزم لە شیعری کوردیدا (دوای ڕاپەڕین-١٩٩١)، چاپخانەی بینای، سلێمانی، ٢٠١٣، ل١٨٧.

لە هەر ژانرێکی تری ئەدەبیی، چڕکراوەی خەسترین هەستی چەپێندراوی نێو مرۆڤە و دەشێ ئازادی لە دەربڕینی نێو شیعرێکدا، بکرێتە پێوەری ڕاستەقینەی هەستی ئەو کەسەی کە دەینووسێت[١].

یەکێک لەو ژنانەی دوای ڕاپەرین ڕۆڵی هەبووە لە تێک شکاندنی هەموو ئەو داب ونەریتانەی کە بەربەست بوون لە بەردەم ژناندا، (کەژاڵ ئەحمەد)ی شاعیرە، ئەو زۆر سەربەستانە گوزارشت لەناخی مێنەیی خۆی دەکات. گەڕانەوە بۆ ناخی کەژاڵ ئەحمەد گەیشتۆتە ڕادەی شانازی بە خۆوە و بە ئاشکرا باس لە بوون و توانا و دەسەڵاتی مەملەکەتی شیعری خۆی بکات بەسەر هاوڕەگەز و هاوچەشنەکانی خۆیدا[٢].

لە ڕێگەی نووسینەکانییەوە دەیەوێت بە ژنی کورد بڵێت دەتوانێ شتێک بۆ دۆخی خۆی بکات و پێویستە کۆڵ نەدات و بەردەوام بێت لە داکۆکی کردن لە مافەکانی[٣]. ئەو بەشێوازی جیاواز شیعری بۆ (نیشتیمان و جوانی سروشتی کوردستان و ژنان و گیروگرفتی ژنان لە کۆمەڵی کوردەواریدا)نوسیووە. باوەڕی بە یەکسانی ژن و پیا و هەیە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا[٤].

کۆمەڵێک بەرهەمی شیعری بە ناوەکانی (بەندەری بەرمۆدا، وتەکانی وتن، قاوەیەک لەگەڵ ئەودا) لە ساڵی (١٩٩١) بڵاوکردۆتەوە، هەر لەم ساڵەدا (کتێبی ژن) کە لە کۆمەڵێ وتار و لێکۆڵینەوە پێک هاتبوو، بڵاوکردەوەکە، کە زیاتر بابەتەکانی بریتی بوون لە باسکردن: لە (ژنی کورد و هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، نێرایەتی دنیای کورد و ئەدەبی کوردیی، ونبوونی فیکر و کار و بەرهەم لەلای ڕەگەزی مێیینە، هاوکات توندوتیژیی لە ژیانی مێینەی کوردا، شێوازێکی جودا بۆ داکۆکیکردن لەمافی ژنان)بوو[٥]. هەر لە پێناوی خزمەتکردن بە ژنان لە ساڵی (١٩٩٢) لە ئالای ئازادییەوە لە دەرگای ڕۆژنامەنووسیدا و کۆمەڵێ وتاری بە بیری مارکسییانە نووسیووە، کە تەنیا لەو هەفتەنامەیەدا پەسەند بوو[٦].

لە ساڵی (١٩٩٣) بووە پەیامنێری (کوردستانی نوێ) و لە ساڵی (١٩٩٤) بوو بە ئەندامی دەستەی نوسەرانی ڕۆژنامەکە و دواتریش بۆتە سکرتێری نوسین لە ڕۆژنامەکە، پاشان

---

(1) خالید عەبدولکەریم حەمەلاو: هەڤپەیڤین لەگەڵ مهاباد قەرەداغی، چ١، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل١٤٩.

(2) ئەرسەلان بایز ئیسماعیل: سیمای شیعری کوردی دوای ڕاپەرین، ل٤٨.

(3) رحمان خانی، مەجیدسالح: کەژاڵ ئەحمەد (نیوەی کورد مصارحەی کردووە)، گۆڤاری (گۆڤار)، ژ.(٣-٤)ئایار و حوزەیرانی ١٩٩٨، ل٤٧.

(٤) چاوپێکەوتن: کەژاڵ ئەحمەد، پەروانەی عیشق و ئازادی، مەودامیدیا، سلێمانی، لە ریکەوتی ٢٠٢١/٢/٢٠ بڵاوکراوەتەوە لەڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٢/٢٨وەرگیراوە لە وێبسایتی https://bit.ly/3RgBDNL.

(5) چاوپێکەوتن: کەژاڵ ئەحمەد، پەروانەی عیشق و ئازادی، مەودامیدیا، سلێمانی، لە ریکەوتی ٢٠٢١/٢/٢٠ بڵاوکراوەتەوە لە وێبسایتی https://bit.ly/3RgBDNL.

(6) رحمان خانی، مەجید سالح: کەژاڵ ئەحمەد، ل٤٦.

سەرنوسەری گۆڤاری (پشوی کوردستانی نوێ) بووە، لە ساڵی (١٩٩٥) گۆشەیەکی هەبوو لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ. یەکەم ژنیش بوو، کە سەروتاری ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانە لە کوردستان بنوسێت، هەروەها بەرپرسی پاشکۆی ژنان و دوا لاپەڕەی کوردستانی نوێ بوو، ماوەیەکیش بەرپرسی ڕیپۆرتاژ بوو، گۆشەیەکی هەبوو لە پاشکۆی ئەدەب و هونەر بەناوی (مەوداکانی قەڵەم). جگە لەمانەش زۆربەی شیعرەکانی کراون بە گۆرانی لەوانە (گۆرانی لاوۆ) لە ئاوازی ئەنوەر قەرەداغی لە سەرەتای ساڵی (٢٠٠١) دا، کە بە دەنگی ئەڤین عوسمان پێشکەش کراوە[١].

ژن هەمیشە ویستویەتی قەڵەمی خۆی بەگەڕبخات و مەیدانی نووسین و ئەدەب چۆڵ نەکات، ئەم کارەشی لە ڕێگەی قەڵەمە ئازاد و ئازاکانییەوە کردووە، یەکێک لەو قەڵەمانە (خانم کچی حاجی ڕەسول)، نازناوی شیعری (ئەرخەوان)ە، لە ڕوانگەی شاعیرانە و چیرۆکنوسی و وەرگێراندا جێدەستی دیار بوو. هەر لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە باس لە خەمی نیشتیمان و ئازاری ژنان دەکات، وەک ژنێکیش لە شیعرەکانیدا باسی هەموو ئەو ئازارانەی کردووە کە ژن هەستی پێ دەکات و کاریگەریی هەبووە لەسەر دڵ و ڕۆحی وەک شاعیرێک، هاوکات شیعری بۆ بارودۆخی سیاسیی کوردستان لە دوای ڕاپەڕیندا نووسیوە. لە بواری وەرگێڕانیشدا (قصة موت معلن) گابریل گارسیا مارکیزی لە عەرەبییەوە کردووە بە کوردی. وەرگێرانی هەندێ بابەت لە شیعر و چیرۆک و بابەتی تر لە فارسی و عەرەبی و ئینگلیزیەوە) بە شێکی تر بوون لە کارەکانی، جیا لەوانەش ناوبراو ئەندامی دەستەی نوسینی گۆڤاری گەلاوێژی نوێ بووە، کە ماوەی (٩) ساڵ ئەندامی دەستەی بەڕێوبەری بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ بووە. لە هەموو کار و چالاکییەکی بنکەی گەلاوێژدا ڕۆڵی دیاری هەبووە، لەوانە کۆڕ و فیستیڤاڵەکانی بەڕێوە دەبرد، یەک جاریش بە چیرۆکێک بەشداری کردووە، بە شێوەیەکی گشتی ژنانیش لە فیستیڤاڵەکاندا بەشداردەبوون و گرنگییان بە تواناکانی خۆیان داوە [٢].

لە ساڵانی(١٩٩١_٢٠٠٣)دا، ژنان زیاتر هاتنە نێو کایەی نوسین و ئەدەبەوە، چەندین کتێب و وتار بە قەڵەمی ژنان نوسران ژ، هەربۆیە لەو قۆناغەدا دەتوانرێت بوترێت کە ژنانیش ڕۆڵیان هەبوو لە بەرەوپێش بردنی ڕۆشنبیریی، لەوانە (شیرین کەمال) ناسراو بە شیرین ک، ناوبراو لەدوای ڕاپەڕینەوە (١٤) کتێبی سەر بە چەشنە ئەدەبییە جۆرا و جۆرەکان بە چاپ گەیاندووە، جگە لە چەندین وتار و نوسینی تر، کە لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی ناوەوە و دەرەوەی کوردستاندا بڵاو کراونەتەوە، هاوکات هەندێ لە بەرهەمەکانی نوسەر بۆ زمانەکانی ئینگلیزی و

---

(1) چاوپێکەوتن: کەژاڵ ئەحمەد، پەروانە عیشق وئازادی، س.پ.

(2) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئەرخەوان رسول)، سلێمانی ،٢٠٢٢/٩/٣.

فەرەنسی وەرگێردراون[1]. لە ڕۆژی (٢٠٠٢/٥/٢٠) لە هۆڵی تەوار یەکێتی ژنانی کوردستان ئیوارە کۆڕێکیان بۆ هەریەک لە کەژاڵ ئەحمەد و شیرین ک سازکرد، کەتیادا کەژاڵ ئەحمەد شیعرەکانی وەکو:( بەرسیلە عاشقم، قاوەیەک لەگەڵ ئەودا، لەگەڵ ئەودا قاوەیەکی تر، دە ساڵ خۆشەویستی، سەفەر) خوێندەوە، پاشان( شیرین ک) شیعرەکانی خۆی بەناوی : (ساتەکانی ئەو، ئێوارانی ئەو، وێنەی شکاوی، ئەوە دەستمە، ئەو فرمێسکەی تێر بۆت نەڕژا) خوێندەوە[2].

هەڵبەتە ڕووداوە سیاسییەکان و هەموو ئەو کارەساتانەی بەسەر کورددا هاتوون، کاریگەریی و ڕەنگدانەوەیان هەبووە لەسەر نوسین و شیعرەکانی شاعیران، بۆنموونە (سەبریە ڕەشید سالح) ناسراو بە (دایکی پەرچەم)، یەکەم کتێبی لە ساڵی (١٩٩٦)دا بە ناونیشانی (یاداشتنامەی فرمێسکی ڕژاو) بڵاودەکاتەوە. کە لە دوو بەش پێکدێت بەشێکی تایبەتە بە (ئەنفال و کیمیاباران و کۆڕەو و زۆرترینی ئەو ڕووداوانەی کە بەسەر کورددا(١٩٨٧_١٩٩٦) هاتوون، هۆنراوە و شیعری لەسەریان نوسیوە، بۆ نموونە (لە شعری کیمیا باراندا١٩٩٩/٤/٢٠ دەڵێت:

ئەی هەڵەبجە
ئەی شارۆچکەی
شارەزوورم
لە باس وەسفی خەباتت
بێ قسوورم
ئەوە چی بوو ئەو پایزە ناهەموارە
گەڵاڕێزانی دەست پێکرد
لەناو تەڕی ئەو بەهارە
ئەی هەڵەبجە
تۆی هاوشانی هێرۆشیما
بانگەوازی مەرگی تۆ بوو
لە عالەما [3].
ئەی هەڵەبجە
ئەوە رۆحی ئەو منداڵانە
بە ئاسمانا دێن و دەچن......)

---

[1] زەکیە ڕەشید محمدئەمین: بزوتنەوەی کچانی کورد لە سلێمانی، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٧٦-٧٧.

[2] بێ ناوی نوسەر: ئێوارەیەکی شیعر خوێندنەوەبۆ (شیرین ک)و(کەژاڵ ئەحمەد)، ڕۆژنامەی ژیانەوە، ساڵی پێنجەم، ژ.(٩٦)، ٢٠٠٢/٦/١، ل٨.

[3] چاوپێکەوتنی توێژەر: لەگەڵ (دایکی پەرچەم)، سلێمانی، ٢٠٢٢/٢/٢٣.

بەشـــەکەی تـری تایبەتـە بـە غـەزەل و لەســەر پێشـمەرگە و بـۆ ژنـانی پارچـەکـانی تـری کوردستانیش) شیعر و هۆنراوەی نوسیوە. لە دوای ساڵی (١٩٩٦) لە گۆڤاری چیا و ئاسۆی لاوان و ڕۆژنامەی ڕێگا و زەحمەتکێشاندا بابەتی شیعری و پەخشـانی بڵاوکردۆتـەوە. هـەروەهـا لەسـەر شەڕی ناوخۆ شیعرێکی بەناوی(خاکمان لێ حەرامە) نوسیووە و دەڵێت:"

بچم بۆ کوێ بۆ چ شوێنێ،
بۆکام ووڵات
کێی لێ نایە بۆنی خوێنێ ؟
سەرم بەرمە بن کام شاخ
کە بێزاری دەست ڕەشەبای نەبیستووە؟
گەڵای تەمەن بوەرێنمە
کۆشی گەرمی چ خاکێکدا
لەگەڵ ئازار نەنووستووە،
کام لەتە بەرد
بخەمە ژێر سەری گەرمم،
تەقینەوەی نەدزیوە،
چاوی سەرم
بۆ کام نێرگزە جاڕ بەرم
بەهارەکەی نەوەریوە
لەکام چاوی نیشتیمانم
پرسیار بکەم
لە کاتێکی وەیشوومەدا
خەوی ئاسۆی نەدیوە.......)) [1].

لە (١٩٩٦/٤/٢٨)، کەژاڵ ئەحمەد شیعرێک لەسەر کارەساتی ئەنفال بڵاودەکاتەوە، پێیوایە ئەنفال وشـک بوونـەوە و لـەبن هەڵکێشـانی گوڵـە جوانـەکانی ڕۆحـە و ئیـدی بـەهاکان چـی دەبەخشـن! میللەتێک دەسڕێتەوە. ئەنفال هاوشێوەی جینۆسایدی (هۆلۆکۆست)ی جولەکەکانی ئەوروپایـە. ئـەو شیعرەی لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە ژمارە (١٢٧٤) بڵاوکردۆتەوە، دەڵێت:

جەستەی خۆڵە گەرمەکەی خۆی بخولقێنێ
ئەنفال ویستی بڵێ : ئا ئەم گەردەلوولە ئیماندارانە دەتوانن
تەواوی نەوەیەک بە ناخی زەمیندا ببەن و

---

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر: لەگەڵ (دایکی پەرچەم)، ، سلێمانی ،٢٠٢٢/٢/٢٣.

بڵێن ماڵئاوا....میللەتە بێ ماڵەکان......[(١)]

هەندێکجار باسکردنی بابەتە سێکسییەکان کێشەی بۆ ژنەکان درووستکردووە، (سۆزان مامە) یەکێکە لەو ژنانەی کە لە یەکێک لە نوسینەکانی باسی جەستەی ژنی کردووە و بۆ گوزارشت لە ژن دەڵێ:" (لەوەتەی هەم ئاوسم)، بە هۆیەوە تووشی تەنگ و چەڵەمە بووە، چونکە کەلتوری کوردی لەم قۆناغەدا تێگەشتنی بۆ سێکسیزم لە شیعردا لاواز بووە، لەمجۆرە دەربڕینەوە دەکرێت بڵێن ڕەچەشکێن بووە. جگە لە شیعر نوسین سۆزان مامە بەرپرسی نوسینی لاپەرەی ئافرەتانی ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادییش بووە[(٢)]. چەندین ووتار و نوسینی بڵاوکردۆتەوە لەوانە (لە پەراوێزی ٨ی ئازاردا، کەموکوڕییە جنسیەکان لای هەردوو ڕەگەز، ئافرەتی کورد و نامۆبوونی بە دەسەڵات، پیاو و خیانەت) لە وتارێکیدا لە ڕۆژی جیهانی ژناندا بە ناوی (لە پەراوێزی ٨ی ئازاردا) دەڵێت: "پێویستە ژنان و ڕێکخراوەکان تەنها لە ڕۆژێکدا خۆیان بیرنەکەوێتە، بەڵکو پێویستە بەردەوام بن لە بەدەستهێنانی مافەکانیان و خۆڕۆشنبیرکردنیان وە پێویستە ئەوە لە ژن بگەیەنن ماف تەنها بریتی نییە لەوەی کە پیاوان وەک ژنان ئیشی ماڵەوە بکەن یان ژن ئازاد بن لە پۆشینی جل و بەرگدا، دەبێت لە پیاوان بگەیەنن کە وەک ئەوان مرۆڤن، مافی چێژوەرگرتنیان لە ژیان هەیە و ئازادانە وەک ئەوان بژین".[(٣)]. لە ڕێکەوتی(١٩٩٩/٩/٢٩) سۆزان مامە لەگەڵ کەژاڵ ئیبراهیم خدر کۆڕێکیان سازکرد، ئازادانە چەندین شیعریان تیادا خوێندەوە[(٤)].

سەرەڕای ئەو ئازادییانەی کە لە دوای ڕاپەڕین دروستبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژنانی سەربەخۆ دوور لە حزب نەیانتوانیوە نووسینەکانیان بە ڕاشکاوانە و ئازادانە بڵاوبکەنەوە، (کازیوە ساڵح)، لەونوسەرانەیە کە پێیوایە کاری نووسین لەدوای ڕاپەڕین، لەلایەن حزبەکانەوە قۆرغکراوە و قەڵەمی ژنان ئاراستە کراون، ئەمەش بە بەربەستێک دادەنێ لەبەردەم کاری نووسینی ئازاد. هەر لەبەر خراپی مامەڵەکردنی سیاسەتمەدارانی سلێمانی جگە لە دوو چیرۆک کە لەلایەن مامۆستاکەیەوە دەنێرێت بۆ گۆڤار نەیتوانیوە بە ئازادی نوسینەکانی بڵاوبکاتەوە تا ئەوکاتەی گۆڤاری خۆی هەبووە لە ساڵی (١٩٩٨) بۆتە (سەنوسەری گۆڤاری نڤار) و وتاری بڵاوکردۆتەوە،

---

(1) هیمداد حوسێن: ڕۆژنامەوانی وئەدەبیاتی نوێی کوردی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٢٥١.

(2) چاوپێکەوتنی ئیبراهیم ناودەشتی: لەگەڵ سۆزان مامە، پشوی کوردستانی نوێ، پاشکۆی هەمەڕەنگی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ.(١٧) تشرینی ٢٠٠٠، ل٢٥.

(3) ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی: لە پەراوێزی ٨ی ئازاردا، ژ.(٣٦٦)، ١٩٩٨/٣/١٦، ل٤.، کەموکوڕییە جنسیەکان لای هەردوو ڕەگەز، ئاڵای ئازادی، ژ.(٨٢)، ١٩٩٨/١٠/١٢، ل٤. ؛سۆزان مامە: ئافرەتی کوردو نامۆی بە دەسەڵات، ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی، ژ.(٢٩٦)، ١٩٩٩/١/٢٥، ل٤ .؛ سۆزان مامە: پیاوخیانەت، ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی، ژ.(٢٣٧)، ١٩٩٧/٧/٧، ل٤.

(4) بێ ناوی نوسەر: هەردووژنە شاعیر(سۆزان مامەو کەژاڵ ئیبراهیم خدر)وزنجیرەیەک کۆڕی شیعری، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژ.(١٦)، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٢٥٨.

هەر لەو ساڵەدا کۆمەڵە چیرۆکی (حکمەتەکانی بە قەرەج بوون)، کتێبی بۆ منداڵ (هاوناز و خرخاڵ) لە ساڵی (١٩٩٩)دا، بڵاوکردۆتەوە و ڕەنگدانەوە و کاریگەریی هەبووە، تا ئەو ڕادەیەیە ڕێکخراوی NGO چاپی کردووە و کراوە بە کرمانجی، بادینی. هەروەها ڕۆمانی (باخچە) لە ساڵی (٢٠٠٠) بڵاوبۆتەوە، (ژنانی کورد لە هەزارەی سێیەمدا) لە ساڵی (٢٠٠٢)، بڵاوکردۆتەوە و ئەمانە و چەندین چەندین وتاری بڵاوکردۆتەوە. بەردەوام هەوڵیداوە وەک ژنێک لە ڕێگەی نوسین و وتارەکانیەوە بەرگری لە دۆزی ژن بکات، یەکەم ژن بووە وەک نووسەر بەبیانوی نوسینێکی دژ بە ئیسلام خراوەتە زیندانەوە، هەروەها یەکەم ژن بووە توانی گۆڤارێکی هزری دەربکات لەو کاتەدا مۆڵەتی گۆڤار نەدەدرا بە زۆرکەس، دەبوو یان سیاسی بێت یاخو دەوڵەمەند بێت، بۆیە کازیوە وەک ژنێ هیچ کام لە مانی نەبوو، بۆیە یەکەم جار بەناوی (ڕێکەوت عوسمان) مۆڵەتی گۆڤارەکەی وەرگرت دواتر بە بڕیاری (مام جەلال) بڕیاردرا مۆڵەتی گۆڤارەکەی بدەنێ. هەروەها یەکەم ژن بووە لە دامەزراندنی دەزگا وبنکەی ڕۆشنبیری گەلاوێژ بەشداربووە[1]. شیعر ئەو ڕێگەیە کە ژنان دەیانەوێت لە ڕێگەی وشە و وشەسازییەوە ئەوەی لە ناخیاندایە دەریببڕن، (شیلان عەبدولا سەعید) لەو ژنانەیە کە هەمیشە گەڕاوە بەدوای وشەی جواندا بۆئەوەی بتوانێ ئەو کاریگەرییانەی هەیە لەسەری وەک کۆچکردنی ئازیزەکانی بۆ هەندەران و دوورکەوتنەوەی لێی لە ڕێگەی هۆنراوەوە دەریببڕیت، خاوەنیناملکە شیعری (بولێل)ە، هۆنراوەکانی گوزارشت لە هەست و پاکی و جوانی و ڕۆمانسییانەی مێینە دەکات کە بەرامبەر بە مرۆڤ و سروشت هەیەتی.[2] لێرەوە دەگەینە ئەو بڕوایەی کە ژنانی کورد لە باشووری کوردستان و بەتایبەتیش لە شاری سلێمانی، هەوڵیانداوە وەک شاعیرێک لە بزووتنەوەی ڕوناکبیرییدا ڕۆڵ ببینن، لەو چوارچێوەیەشدا هەوڵیانداوە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بکەنە کەرەستەی شیعر و لە ڕێگەیەوە توانیویانە کاریگەریی لەسەر ئاستی هۆشیاریی تاک دروست بکەن.

---

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر لە ڕێگەی پەیوەندییە ئەلیکترۆنی لەگەڵ(کازیوە ساڵح)، کەنەدا، ٢٠٢٢/٨/٢.

[2] کاوان ئەبوبکر: حەزئەکەم کۆپلەیەک لەخۆرئاوابوون دابڕێژم چونکە هەموان بەرەوئاوابوون دەچین، ڕۆژنامەی ژیانەوە، ژ(١٠٩)، ساڵی شەشەم،سلێمانی، ٢٠٠٢/١٢/١٥، ل٨.

# باسی دووەم

# ڕۆڵی هونەری ژن لە شاری سلێمانی ساڵانی (١٩٩١_٢٠٠٣)

یەکێک لە پایە گرنگەکانی ڕۆشنبیریی بەشێوەیەکی گشتی کارە هونەرییەکانە، لە شاری سلێمانی لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تا ئێستا، بەردەوام کاری ڕۆشنبیریی بە ئەنجام گەیەندراوە و لە چێوەی کاری ڕۆشنبیرییشدا هونەر پشکی شێری بەرکەوتووە، لەم توێژینەوەدا کارە هونەرییەکان هەریەک لە شێوەکاریی، نواندن و دراما و مۆسیقا و گۆرانییمان وەرگرتووە و باسی ڕۆڵی ئەو ژنە ڕچەشکێنانەمان کردووە کە بەشداریی کارایان هەبووە لە کایەی ڕۆشنبیرییدا.

**تەوەری یەکەم: ڕۆڵی ژن لە هونەری شێوەکاریدا (١٩٩١_٢٠٠٣).**

ئاشکرایە داهێنانە هونەرییەکان و ئەدەبییەکان بوونەتە سیمایەکی گەشی گەلان، لە هەمان کاتدا بوونەتە ناسنامە، چونکە لە ڕێگەی کارە هونەری و ئەدەبییەکانەوە دەکرێت گەلان بناسێنین و شێوازی ژیانیان شی بکرێتەوە و بخرێتە ڕوو. گەلی کوردیش وەک هەموو گەلانی تر خاوەنی هونەر و ئەدەبێکی تایبەت بە خۆیەتی، دەکرێت کورد شانازی پێوە بکات. شاری سلێمانی وەک شارێکی کوردستان لە ڕووی هونەر و ئەدەبەوە خاوەن مێژوویەکی پڕ شانازییە لە هەرسێ بەشەکەی شێوەکاریی (نیگارکێشان و سیرامیک و پەیکەرسازی)[1].

بەتایبەتی لە ساڵی (١٩٩١) بەدواوە گۆڕانێکی ڕیشەیی چۆنایەتی بوو، بەجۆرێک هونەری شێوەکاری گۆڕانی زۆری بەسەردا هات، گەلێک بابەت و مەسەلەی تازە خولقا بەهۆی ئەو گۆڕانە (کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابوری) کە هاتنە پێشەوە.[2]. ڕاپەرین وایکرد دەروازەیەکی تر بکرێتەوە بۆ هونەری شێوەکاریی، خەڵک چاوکراوەتر بێت و تێڕوانین و بینینی هونەر زیاتربوو لای خەڵک، بەهۆی دروست بوونی پەیوەندیی کوردستان بە دەرەوەی وڵات و گەڕانەوەی هونەرمەندان بۆ کوردستان، دەرگای بۆ دنیای هونەری و ڕۆشنبیری واڵا کرد[3].

هونەری پەیکەرسازیی لە دوای ساڵی(١٩٩١ ) لە گۆڕەپانەکەدا دەرکەوت، بە هۆی ئەو ئازادییەی کە گەلی کورد بەدەستی هێنا، لە زۆربەی شارەکانی کوردستاندا زۆر بە ئازادانە پەیکەریان دروست دەکرد، بە پێوانەی جیاواز و زۆر گەورە، ئەو پەیکەرانەش زۆربەیان بە شێوازی ڕیالیزمی (واقعی) بوون، بەتایبەت ئەوانەی لە گۆڕەپانەکاندا دادەنران، زۆربەی کارەکان

---

(1) بەختیارسەعید: دنیابینینەکانی هونەری شیوەکاری کوردی، چ٢، ب١، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٣، ل١٣.

(2) بەختیار مستەفا قەفتان: چەکەرەو شکۆفەی شێوەکاری لە سلێمانی، گۆڤاری (شاکار)، ژ(٨)، ب٣، چاپخانەی داناز، سلێمانی، حوزەیرانی ٢٠٠٠، ل٧٨.

(3) چاوپێکەوتنی توێژەر: لەگەڵ (نەعیمە محەمەد عەبدوڵا)، سلێمانی، ٢٠٢٢/٧/١٧.

به ویستی هونەرمەند یان لەسەر داواکاری کەسانی تر و حکومەت یان بۆ لایەنە سیاسییەکان دروست دەکران. ڕۆڵی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان کە چەندین مامۆستای بە ئەزموون کاریگەرییان لەسەر خوێندکارانی بواری هونەری شێوەکاریی هەبوو لە کوردستان، لەبەرچاوە. ئەمەش وای کردووە کە چەندین خوێندکار لەو پەیمانگایە دەرچێت وچەندین پێشانگاو کاری هونەرییان ئەنجامداوە لەناوە و دەرەوەی پەیمانگا، ئەمەش وەچەرخانێکی گەورەبوو لە بواری پەیکەرسازیی لە کوردستان[1].

دامەزراندنی پرۆژەی پەیکەرسازیی لە ساڵی (١٩٩١) لەلایەن (زاهیر سدیق) وە مامۆستای پەیمانگە بووە، یەکێک لەو هونەرمەندە ژنانەی پەیوەندی کردووە بەو پرۆژەیەوە وەک پەیکەرتاشێک (تاڤان کەمال محەمەد)ە، بەشداری (٨) شاکاری هونەری پرۆژەکەی کردووە، وەک پەیکەری (شەهید فاتیح، زەکیە ئەلکان، دانیاڵ میتران، تایەر تۆفیق، هەنگاو، منداڵانی بێ ناونیشان، یەکگرتن)[2].

جگە لەمانەش زیادبوونی هەلی بڵاوکردنەوەی (نوسین و لێکۆڵینەوە و ڕەخنە)ی شێوەکاریی، هەروەها زۆر بوونی وەرگێرانی بابەتی شێوەکاریی جیهانی بۆ زمانی کوردیی، دامەزراندنی کەناڵی گەلی کوردستان و پاشان کەناڵی پارتەکانی تر، هەروەها کەناڵی سەتەلایەتی (کوردسات)، ئەمەش بووە هۆی پیشاندانی کارە هونەرییەکانیان و دامەزراندنی گەلەری هەمیشەیی(زاموا)[3] ، دروستبوونی بەشی شێوەکاریی لە گەلێک سەنتەر و دەزگای ڕۆشنبیری و لاوان و کردنەوەی خولی فێربوونی نیگارکێشان، هەموو ئەمانە فاکتەری بەرەوپێشچوونی کاری هونەریی بوون. جێگیربوون و فراوانبوونی ڕێکخراوی یەکێتی هونەرمەندان و دەرکردنی گۆڤارێکی تایبەت بە شێوەکاری بەناوی (شاکار)، لە پێشچوونی کاری شێوەکاری ڕۆڵی هەبوو[4].

وەک ژن دەروازەیەکی زۆر کرایەوە و کۆمەڵێ گەنج کە دەرچووی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی بوون، بە جدی کاریان دەکرد، لەوانە (چیمەن ئیسماعیل) لەدوای

---

(1) سروشت عومەر عنایەت: کاریگەریی ماتریاڵ لەسەر هونەری پەیکەرسازیی هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستاندا، نامەی ماستەرە پێشکەشی بەشی شێوەکار/پەیکەرسازی کۆلێجی هونەرەجوانەکانی زانکۆی سلێمانیکراوە ، سلێمانی، ٢٠١٧، ل١٠٤.(بڵاونەکراوە).

(2) ئەختەر سابیر: بازووی ژنان و کاری پەیکەرتاشی، کوردستانی نوێ، ژ.(٦١٩)، سلێمانی، ١٩٩٤/٢/٢١، ل٨.

3. گەلەری زاموا: گەلەرییەکی هەمیشەییە و بەرهەمی زۆربەی هەرە زۆری هونەرمەندانی شێوەکاری کوردستانی تێدا دانراوە، دەکەوێتە ناوجەرگەی سلێمانییەوە، بە هەوڵ و دڵسۆزیی (هێرۆ ئیبراهیم ئحمەد ) لە ساڵی ١٩٩٥دامەزاروە، ماڵە کۆنەکەی (ماڵی ئیبراهیم ئەحمەد) پێشکەش بە شێوەکاران کرد، سەرەتا هونەرمەند(زاهیر سدیق)ئەرکی بەرێوەبردنی گەلەرییەکەی لە ئەستۆ گرت..بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە(محەمەد سابیر: هێرۆ ئیبراهیم لوتکەی خەبات و تێکۆشان ،ل١٨٩)؛ (بەختیار مستەفا قەفتان: چەکەرە و شکۆفەی شێوەکاری لە سلێمانی، گۆڤاری (شاکار)، ژ.(٨)، ل٨٣ )؛ دالیاجەزا: زاموا ماڵەڕەنگاڵەیەکەی شێوەکاران، گۆڤاری سلێمانی، ژ.(٨٨)، شوباتی ٢٠٠٨، ل٢٤- ٢٥).

(4) بەختیار مستەفا قەفتان: چەکەرە وشکۆفەی شێوەکاری لە سلێمانی ، ل٧٨-٨٠.

ڕاپەڕین یەکەم ژن بوو کە چۆتە فەرنسا و بەشداری لە کۆمەڵی چالاکی هونەریدا کردووە، کە تایبەت بوون بە ژانی گەل وئەنفال[1]. لە سالآنی (١٩٩٢_٢٠٠١)، هەشت پێشانگای تایبەتی لە سلێمانی و هەولێرو ئەڵمانیا کردۆتەوە[2].

سەرەڕا ئەمانەش دروستبوونی گروپی شێوەکاری لە سلێمانی بەناوی (کۆمەڵەی هەشتەم) لە ڕێکەوتی (١٩٩١/١٢/١٢)، حەوت هونەرمەند کۆبوونەوە بۆ پێکهێنانی بەرنامە و ئامانج وچالاکیەکانی ئەو گروپە. لە ڕێکەوتی(١٩٩٢/٥/٢٤) یەکەم پێشانگایان کردەوە و دروست بوونیان ڕاگەیاند، ئەم کۆمەڵە ئامانج و هیوای جۆشدانی بزوتنەوەی شێوەکاری بوو لە کوردستان بەگشتی و سلێمانی بەتایبەتی. پاشان گروپێکی تر لە سلێمانی بەناوی (هاوڕێیانی شێوەکار) دروست بوو، بەمەش هونەرمەندانی شێوەکار جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە کاری دەستە و پێکەوە هاوبەشی زیاتر بە گوڕتر و چالاکیەکانیان بەرەوپیش دەچێت، لە ڕیکەوتی (١٩٩٣/٩/٢٤) دامەزرا، ئەندامانی هاوڕێیانی شێوەکار بریتی بوون لە (جەزا بەکر، وەهبی ڕەسول، سامان کەریم، سالارمەجید، بێگەرد عوسمان، ئازاد سابیر، ئاکۆ ئەحمەد). ئەم گروپە لە ڕێکەوتی (١٩٩٤/٦/٧) یەکەم پیشانگایان کردەوە[3].

دواتر (بێگەرد عوسمان) یەکێکە لەو هونەرمەندە شێوەکارانەی لە چەندین فیستیڤاڵ و پێشانگا بەشداریی کردووە، کە زیاتر لە بواری نەتەوەی و ئەو کارەساتانەی بەسەر گەلی کورددا هاتووە کاری کردووە و لە کارەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، هەروەها لەساڵی (١٩٩٢) چەندین پێشانگای کردۆتەوە لەوانە: (پێشانگای پۆستەری هەڵەبجە/ هۆڵی سورکێو لە سلێمانی)، (پێشانگای پۆستەری منداڵان)، (فیستیڤاڵی یەکەمی شێوەکاری لاوان/ مۆزەخانەی سلێمانی)، لە ساڵی (١٩٩٤)دا، (پێشانگای دووەمی هاوڕێیانی شێوەکار/ گەلەری سالار، (فیستیڤاڵی شانۆو شێوەکار/ سلێمانی و هەولێر کردۆتەوە و بەشداربووە، ساڵی (١٩٩٥) (پێشانگای هاوبەشی کۆمەڵی هەشت و هاوڕێیانی شێوەکار/ سلێمانی وهەولێر)کراوەتەوە و بەشداربووە، ساڵی (١٩٩٦) (پێشانگای پۆستەری یادی ئەنفال/ هۆڵی سلێمانی پالاس)کراوەتەوە و بەشداربووە، لە ڕێکەوتی (١٩٩٧/٧/٢٧)دا، (پێشانگای هەشتەمی هونەرمەندانی سلێمانی/ مۆزەخانەی سلێمانی) کرایەوە. هەروەها لە ڕێکەوتی (١٩٩٨/٢/٣)، (پێشانگای هاوبەشی پۆستەری ڕۆژ و ئاشتی/ مۆزەخانەی سلێمانی)کرایەوە. پاشان

---

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ نەعیمە محەمە مەد عەبدولا،سلێمانی، ٢٠٢٢/٧/١٧. لە ساڵی ١٩٦٥ لەسلێمانی لەدایکبووە، ساڵی ١٩٨٩ ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدادی تەواوکردووە، ماستەرو دکتۆرای لە زانکۆی سلێمانی تەواوکردووە.بڕوانە(بێ نوسەر: نعیمە محەمەدو هونەری سیرامیک، گەلاوێژی نوێ، ژ(١٠)تشرینی یەکەمی١٩٩٨، ل١٣٨).

[2] بەختیارسەعید: ژنانی شیوەکارلە باشوری کوردستان ، ل٨٤.

[3] مستەفاقەفتان: چەکەرەوشکۆفەی شێوەکاری لە سلێمانی، ل٨٠- ٨٢.

پێشانگەی پۆستەری هەڵەبجە/ لە ئەمنەسورەکە لە ڕێکەوتی(٢٠٠٣/٣/١٦) بەڕووی دڵخوازانیدا کرایەوە[1].

یەکێکی تر لەو ژنە شێوەکارانەی ڕۆڵی بینیوە لە دامەزراندنی بەشی گرافیک لە ساڵی (١٩٩٤) پەیمانگای هونەرە جوانەکاندا، (خۆشی ڕزگار شەوقی)ە، ئەو لە ساڵی (١٩٨٨) تا (١٩٩٧) بەشداری زۆربەی پێشانگاکانی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستانی لە سلێمانی و هەولێر و دهۆک کردووە. پاشان لە ساڵی (١٩٩١) بۆ (١٩٩٧)دا، بەشداری پێشانگای یادی ساڵڕۆژی هەڵەبجەو ئەنفال وڕاپەڕینی کردووەلە سلێمانی و هەڵەبجە[2].

دروست بوونی گروپە شێوەکارییەکان دەروازەیەک بوو بۆ ژنان، بۆئەوەی بە هاوبەشی پێشانگا بکەنەوە، هەر یەکە و بەو ستایلی و ڕێگەی جیاواز کارەکانیان پیشاندەدا، لە و هونەرمەندانە (نیان عوسمان محەمەد، لانە ئیبراهیم، شیرین عوسمان، شەمام بەکر، نەرمین مستەفا، ئاشنا عەبدوڵا، هێرۆکەریم حسێن، دالیا موراد، شوعلە سلێمان، تارا خالید، ئاڤان جەمال، شیلان جەبار و نازدار ئەحمەد)[3].

لە هونەری سیرامیکدا، کە لقێکە لە هونەری شێوەکاری تەکنیکی دەربڕینەکان بە واقعی قورس هەستی پێدەکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام ئازارەکانی ژن بەشێک بووە لە کارەکانی هونەرمەندە ژنەکان، چونکە لە کۆمەڵگەی کوردیدا ڕۆژانە سەدان ژن و گەنج ڕووبەڕووی ئازار و کوشتن و توندوتیژی بوونەتەوە. هەموو ئەمانەش لە کارە هونەرییەکانی هونەرمەند (نەعیمە محەمەد عەبدوڵا) ، ڕەنگی داوەتەوە، لە ڕێگەی کارە هونەرییەکانیەوە باسی لە جەستەی ژن وچۆنیەتی پارچەپارچەبوون و لەتبوونی کردووە، ئەو گرنگی بە ڕوخسار و دەموچاو داوە، زۆرێک لە کارەکانی باسکردن بووە لە ژانی نەتەوە و بەرجەستەبوونی جەستەی ژن لە ئەنفال و کیمیاباراندا، هەوڵیداوە بە کارە هونەرییەکانی ئەو زام و برینە بە جەستەی ژنانەوە پیشان بدات. لە زۆربەی فیستیڤاڵەکانی زانکۆ و پەیمانگادا، جێ دەستی دیاربووە[4].

هەروەها بەڕێوبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری لە هۆڵی مۆزەخانە لە ڕۆژانی (١بۆ٥ تشرینی یەکەم ١٩٩٨)دا، یەکەمین پێشانگای سیرامیکی بۆ هونەرمەند (نەعیمە محەمەد)کردەوە، کە کۆمەڵێک کاری هونەری تێدا پیشاندراوە. لە چەندین پێشانگای هاوبەش لەوانە (بەشداریی ڕۆژی هونەرمەند لە بەغداد، پیشانگای حەوتەمی هونەرمەندانی سلێمانی، پێشانگای هەمیشەیی گەلەری زاموا، پێشانگای هەشتەمی هونەرمەندانی سلێمانی)بەشداری کردووە[5].

---

(1) عەلی خەزنەدار: ئافرەتە ناودارەکانی کورد ، ل٣٠٨- ٣٠٩.

(2) بەختیار سەعید: ژنانی شێوەکار لەباشوری کوردستان ، ل١٢٦.

(3) بەختیار مستەفا قەفتان: چەکەرەوشکۆفەی شێوەکاری لە سلێمانی،ل٨٥.

(4) چاوپێکەوتنی توێژەر: لەگەڵ(نەعیمە محمدعەبدوڵا)،سلێمانی، ٢٠٢٢/٧/١٧.

(5) بێ نوسەر: نەعیمە محمدوهونەری سیرامیک گەلاوێژی نوێ، ژ(١٠) تشرینی یەکەم، ١٩٩٨، ل١٣٨.

لەو هونەرمەندانەی لەڕێگەی کارە هونەریەکانییەوە هەوڵیداوە پەیامی ئازادی بۆ ژنان ڕابگەیەنێت تا ژنان لە ماڵەکانیان بێنە دەرەوە و کاربکەن و کۆت و زنجیر بشکێنن و ئازادبن، هونەرمەند (ڤیان ئەحمەد محەمەد[١]) ، ناوبراو بەشداریی چەندین پێشانگای کردووە، یەکێک لەکارە هونەرییەکانی تایبەت بووە بە دیاردە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردی، بەتایبەتی دیاردەی خۆسوتاندن، کە تیایدا هەوڵیداوە ئەوەبخاتە ڕوو کەژنان لە ژێر کاریگەری کێشە خێزانیەکان ونزمی ئاستی ڕۆشنبیریان پەنایان بۆ خۆسوتاندن بردووە، یەکێکی تر لە کارەکانی باسکردنە لە نەخۆشی (شێرپەنجە) کە ژنان بەهۆی ئەو نەخۆشییەوە بەشێک لە جەستەیان لە دەست دەدەن، بەهۆیەوە تووشی بێ هیوایی دەبێت لە ژیان. توانیویەتی لەڕێگەی کارەکانیانەوە ڕۆڵی هەبێت لە بە ئاگاهێنانەوەی خەڵک لە ئازارەکانی ژنان چ بە جەستە بێت یان بە ڕۆح [٢].

یەکێکی تر لەو ژنە هونەرمەندانەی کە لەڕێگەی کارەکانیەوەی هەوڵیداوە ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی خۆی وەک ژن دەبێتەوە و دەبنە گێژاو وگرێ بە زمانی ڕەنگ دەریدەبڕێت (ڤیان ئیسماعیل بانەیی)ە، لە ساڵی (١٩٩٧_١٩٩٨) لە ڕۆژی جیهانی ژناندا، بەشداری پیشانگای فیستیڤاڵی لاوانی لە سلێمانی کردووە، هەر لەم ساڵەدا پێشانگای تایبەتی خۆی لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی کردۆتەوە[٣].

پێشانگای (ئاوازە بێ دەنگەکان) یەکێکە لە و پێشانگایانەی کە لەلایەن پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی بۆ خوێندکار (شیلان جەبار) لەڕێکەوتی(١٢، ١٩٩٤/١١/١٤)، لە هۆڵی پەیمانگا کرایەوە، کە(٢٤) تابلۆی لە خۆگرتبوو، لەوبارەوە شیلان ئاماژە بەوەدەکات:"سەرجەم تابلۆکانی گوزارشت لە جیهانی واقعی خودی بەرهەمهێنەر دەکات، جیهانێکی داخراو و ئاڵۆزە. جیهانێکە خەیاڵ تێدا قەدەغەیە ئەو جیهانە کە تێدا جێ بەجێ بوونی ئارەزووەکان مەحاڵە، بابەتی ڕۆلی سەرەکی دەبینێ لە تابلۆکانیدا کە زیاتر گەڕانە بە دوای کلیلی دەرگا داخراوەکانی بووندا"[٤]. ناوبراو لە ساڵی (١٩٩٤)دا، تابلۆیەکی بەناوی جەژنەوە کێشاوە زیاتر پەیوەستە بە جەژنەکای کوردستانەوە، بەڵام ناوی ناوە جەژنی سەری ساڵ[٥].

---

[1] ڤیان ئەحمەد محەمەد: دەرچووی پەیمانگای هونەرەجوانەکان بەشی سیرامیکە بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٩٠ بۆ ١٩٩١. (چاوپێکەوتنی توێژەر: لەگەڵ (ڤیان ئەحمەد محەمەد)،سلێمانی، ٢٠٢٢/٨/٢٣.

[2] هەمان سەرچاوە.

[3] جوان قەرەداغی: ڤیان ئیسماعیل بانەیی، دەنگی ژنان: ژ.(٣٠)ساڵی سێەم، ٢٢ نیسانی ١٩٩٨، دوالاپەڕە.

[4] ئامادەکردنی پەیامنێری سلێمانی: ئاوازە بێ دەنگەکان، کوردستانی نوێ، ژ.(٨٢٩)،، هەولێر، ١٩٩٤/١١/١٧، ساڵی سێەم، ل٨.

[5] شیلان جەبار: توانیومە هەموو لایەک بە هونەرەکەم ڕازی بکەم، گۆڤاری بەهرە، ژ(١)، ڕێکخراوی ئازادی لاوانی لاوانی کوردستان دەریدەکات، سلێمانی، بێ ساڵ، ل٢٣.

هونەرمەند هەستی وابووە کە کورد لە جەژنەکاندا دەمامک دەبەستێت و شەڕی براکوشتن لەناو چاویاندا دەشارنەوە. لە ساڵی (١٩٩٧)دووەمین پێشانگەی تایبەتی لە هۆڵی مۆزەخانەی (media digital web desogn) کردەوە، [1] هەر لەساڵی (١٩٩٧)دا، تابلۆکانی گەیشتە هۆڵندا بۆ کردنەوەی پێشانگایەکی تایبەتی لە ڕۆژی (١٩٩٧/٧/١٦) لە ژێرناوی (هاواری کەنار بەفرینەکان)، کردەوە هەروەها لە ساڵی (١٩٩٨) سێیەمین پێشانگەی تایبەتی لە هۆڵی (un) لە سلێمانی کردەوە.،[2].

سەرەڕای ئەوانەش ژنان و کچانی شێوەکار بە داهێنانەکانیان توانیویانە دنیایەکی تایبەت بە خۆیان بخولقێنن و هەر لەم ڕێگایەوە خەون و کێشەکانی ژنانیان کردۆتە بابەتی سەرەکی کارە هونەریەکانیان، بەردەوام بوون لە کردنەوەی پێشانگا، بۆ ئەو مەبەستە لەساڵی( ١٩٩٩)دا، گروپێک لە (کچانی شێوەکار) لە سلێمانی بە ناوی (پێنچ کچی شێوەکاران) دروست بوو، کە پێکهاتبوو لە (ساکار فاروق، دالیا موراد، شیلان جەبار، تارا خالید و شوعلە سلێمان) ئەم گروپە لە مانگی(٢ ساڵی ١٩٩٩) لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی یەکەمین پێشانگەی هاوبەشیان کردەوە، دووەمین پێشانگەیان لە مانگی (٦ی ساڵی٢٠٠٠) لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی و سێهەمیان لە ساڵی (٢٠٠١)، لە هۆڵی مۆزەخانە سلێمانی کردەوە، لە ساڵانی(١٩٩٢_٢٠٠٢) لە شاری سلێمانی لە ڕۆژی جیهانی ژناندا بەڕێوبەرایەتی ڕۆشنبیری سلێمانی پێشانگەی تایبەتی بۆ ژنە شێوەکارەکان دەکردەوە ئەمەش وەک هاندانێک بووە بۆ ژنە شێوەکارەکان بۆئەوەی بتوانن کارەکانیان بخەنە ڕوو[3]. ژنانی شێوەکار بەکارە هونەریەکانیان هەوڵیانداوە جوانی سروشتی کوردستان و گوند و کۆچ وداب و نەریتە کوردەوارییەکان پیشان بدەن، لەو هونەرمەندانە (یاسەمین مەحمود تەها بەرزنجی)، لە پێشانگاکەیدا کە لە ڕێکەوتی(١٩٩٤/١٢/٧ ) لە گەلەری میدیا کرایەوە نزیکەی (٥٠) تابلۆی ڕەنگاوڕەنگی گرتبووەخۆ، بە زەیت و پاستیل و مانی ڕازابووەوە، دیمەنی تابلۆکانی گوزارشتی لە سروشتی کوردستان و گشت وەرزەکانی ساڵ و گوندی وێران و کۆچ و ڕەو کرد[4].

ساکار فاروق لە پێشانگای (٥) کچە شێوەکاردا زیاتر کارەکانی وێنەی دارستان بوو، ئەمەش نیشانەی حەزی هونەرمەند بوو بۆ ژیان، دەیەویست وەک دارێک گوێبیستی چەندین چرپەی ژێریان بێت و دەیەویست وەک دارێک ڕۆح گەورە و بەهێز بێت، سەفەری مەرگ و ژیان بەیەکەوە ببەستێت، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ناخی هونەرمەندە کە لە تابلۆکانیدا ڕەنگی دابووەوە. جگە لەمانە بەشداری چەندین پێشانگا کردووە لەوانە: لە ساڵی (١٩٩٦) بەشداری پێشانگای (دیواربەند)ی لە

---

(1) بەختیار سەعید: ژنانی باشوری کوردستان ، ل١١٠.

(2) چاوپێکەوتنی تەلارنادر: هاواری کەناربەفرینەکان، ڕۆژنامەی ژیانەوە، ژ.(٤)، ١٩٩٧/٨/٥، ل٤.

(3) بەختیارسەعید: ژنە شێوەکار لە باشوری کوردستاندا، گۆڤاری سەردەمی ژن، ژ.(١)، سلێمانی، ٢٠١٢، ل١٣٤.

(4) بێ نوسەر: یاسەمین بەرزنجی یەکەمین پێشانگای، کوردستانی نوێ: ژ.(٨٥٩)، ساڵی سێیەم، ١٩٩٤/١٢/١١، ل٨.

مەڵبەندی لاوانی میدیا کردووە، لە ساڵی (١٩٩٧) بەشداریی لە پێشانگای سێیەمی خانمان کردووە، لەساڵی (١٩٩٨) لەگەڵ سێ شێوەکاری هاوڕێ لە هۆڵی مۆزەخانە بەشداریی کردووە، هەر لەم ساڵەدا بەشداری پێشانگای بەردەوامی گەلەری زاموا کردووە، لە ساڵی (١٩٩٩) بەشداری پێشانگای هاوبەشی لەکۆمەڵەی هونەرەجوانەکان کردووە [1].

کردنەوەی پێشانگا لەلایەن ژنە شێوەکارەکانەوە بۆ دەرخستنی توانا و ڕۆڵیان لە بەرەوپێش بردنی هونەر لە سلێمانی بووە، هەربۆیە هونەرمەند (ناهیدە سدیق)چەندین پێشانگای تایبەتی لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی کردۆتەوە، سەنتەری چالاکی گەنجان پیشانگایەکی تایبەتی بۆ (ناهیدە سدیق ومنیرە سدیق) کردەوە لە هۆڵی سەنتەری چالاکی گەنجان لە ڕێکەوتی (٢٠٠١/٩/٢٩) ئەم پیشانگایە (٢٤) تابلۆی هەردوو هونەرمەندی تێدا پیشاندراوە[2].

یەکێکی تر لەو هونەرمەندانەی کە ڕۆڵی گرنگی هەبووە لە پاراستنی کەلەپورە کۆنەکان و پیشاندانی لە پێشانگایەکی کەلەپوری ساڵی (١٩٩٦)دا، لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی ئەویش (یادە تەها خەلیل)ە، هەوڵیداوە باوڵ و هەموو ئەو کەلەپورە کۆنانە زیندووبکاتەوە و بە نەوەی داهاتووی پیشانبدات[3]. (شەهلا نامیق[4]) لەو ژنە شێوەکارانەیە کە دەیویست لە ڕێگەی تابلۆکانیانەوە ئەوەی لە هزر و فکریاندایە بیخەنە ڕوو، بۆ نموونە بەردەوام خەمی ژن بوون لە کارەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، تایبەتمەندی لە وێنەکانیدا (ژن و گۆچان) بووە، گۆچان نیشانەی هێزە، ڕێنیشاندەر و هاوڕێ نابینایە، وەک پاشا سەیری گۆچانی دەکرد. زۆربە تابلۆکانی گۆچانێک بوون یان دوو گۆچان بوون ئاوێزانی یەکتربوون ئەوەش ئاماژەبووە بۆ خۆشەویستی، کارەکانی مۆرکی فۆلکلۆری کوردی پێوەدیاربووە[5]. لەباکگراوندی ناوەڕۆک وشێوەی تابلۆکانیدا بەسەرهات و ڕووداوی واقعی بەدی دەکرێ، کە لێوان لێوە لەملەلانێ و بەرگریکردن، لەو کارە دزێوانەی بەرانبەر بە ژنان دەکرێ، لەهەمان کاتدا پیشاندانی ڕووی جوانی خۆشەویستی لەڕوانگەی ڤیگەری گۆچانەوە خستۆتەڕوو[6]. لە ڕێکەوتی (١٩٩٧/١٠/٢١)دا، بەڕێوبەرایەتی ڕۆشنبیری سلێمانی

---

[1] تارا: ساکارفاروق دارستان حەزمە و زوو هەست بە ڕۆحیان دەکەم، گۆڤاری بەهرە، ژ.(٦)، ٢٠٠٠، ل٥٥-٥٦.

[2] بێ ناوی نوسەر: پێشانگای هونەری: ڕێوان، ژ.(١٠) ساڵی یەکەم، ٢٠٠١/١٠/١.دوالاپەڕ.

[3] چاوپێکەوتنی توێژەر: لەگەڵ(یادە تەها خلیل)، سلێمانی،٢٠٢٢/٨/٢٣.

[4]شەهلا نامیق: لە ساڵی ١٩٧٧ لە گەڕەکی سابونکەران لەدایکبووە، دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانیە بەشی شێوەکاری ١٩٩٧_١٩٩٨، دواتر دەبێتە مامۆستای هونەر لە قوتابخانە، دواتر دەبێتە ئەندامی کۆمەڵەی کەلەپور و فۆلکلۆری کورد،لەتەمەنی ٣٢ سالی لە ڕیکەوتی ١٨/ئاداری /٢٠٠٩بەنەخۆشی دڵ کچی دوای دەکات.. بڕوانە: (شەهلا نامیق ئەو ژنەی تەمەنێکی کەمی هەبوو توانی نازناوی "کچە تاقانەکەی نەورۆز" لە ساڵی ٢٠٢١ لە یوتوب وەرگیراوەلەڕێکەوتی٢٠٢٢/١٢/١لە https://bit.ly/3jbau27.

(٥)هەمان سەرچاوەپێشوو.

[6] محەمەد مەردان: پەرەنگی سەمای ڕەنگ و گۆچانەکانی هونەرمەند شەهلانامیق، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٠.

یەکەمین پێشانگای تایبەتی بەناوی (ئازاری پەیکەرەکان) بۆ هونەرمەند (پەری ئەحمەد)[1] لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی کردەوە کە تێدا (٧٧) تابلۆی هەمەڕەنگ و چەندین ئیشی پەیکەرتاشی پیشاندراوە[٢].

ژنانی هونەرمەند بەشدارن لە کردنەوەی پێشانگاکانیان دەیانەوێت لەو ڕێگەوە گوزارشت لە ژن بوون و توانای خۆیان بکەن، (ئاڤان جەمال) لەچەندین پێشانگای هاوبەش کارە هونەرییەکانی پیشان بدات، لەوانە ساڵی (١٩٩٧-١٩٩٩) بەشداری پێشانگای خانمانی کردووە لە سلێمانی)، (١٩٩٨-٢٠٠٨) بەشداری پێشانگەی (١٢٢) هونەرمەند کردووە لە سلێمانی)، (ساڵی ٢٠٠٠ بەشداری پێشانگای ئاشتی لەڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانی سلێمانی) کردووە، (٢٠٠٠-٢٠٠٢) پێشانگای پۆستەر بۆ مافی مرۆڤ لەسلێمانی) کراوەتەوە و بەشدار بووە، (کێشانی چەندین مۆتیڤ بۆ ڕۆژنامەو گۆڤارو کێشانی بەرگی کتێب بۆ منداڵان)[٣].

بەشداربوونی ژنان لە پێشانگا جۆربەجۆرەکان لەڕێگەی کارە هونەرییەکانەوە توانیویانە جێ دەستیان دیاربێت. سەرەڕای هەبوونی چەندین ئاستەنگ لەبەردەم ژنان کە ڕێگربووە لەبەردەمیاندا لەوانە: لایەنی کۆمەڵایەتی، خێزانەکان ڕێگربوون کە کچەکانیان بچنە دەرەوە[٤].

ژن لە ڕێگەی هونەرەوە هەمیشە پەیامی ئاشتی و پێکەوە ژیانی گەیاندووە، ژنەکانی هۆشیارکردۆتەوە و مەیدانی چۆڵ نەکردووە، چونکە هونەر دەروازەیەکی باش و گرنگ بوو تاوەکو بتوانێت خۆی تێدا بسەلمێنێت. ژنە هونەرمەندەکان ڕووبەڕووی توندوتیژی بە هەموو جۆرەکانییەوە بوونەوە کاتێک هاتنە گۆڕەپانی هونەر، چونکە تێڕوانینی کۆمەڵایەتی خەڵک بۆ ژنە هونەرمەندەکان نا دروست و دڵڕەقانە بوو، بە بەشینەوەی تۆمەت و تاوانبار کردنیان بەڵام ژنان ئازایانە ڕووبەڕووی ئەم واقیعە بوونە و کارێکیان کرد کە ئەمڕۆکە نەک هونەر بۆ ژن شەرم نییە بەڵکە شانازییەکی نەبڕاوەیە.

---

[1]. پەری ئەحمەد: لە ساڵی ١٩٦٧ لە سلێمانی لەدایک بووە، ساڵی ١٩٩٠ پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەشی پەیکەرتاشی تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٨٩بەشداری لە فیستیڤالی ساڵانەی پەیمانگای بە تابلۆو پەیکەر کردووە، ئێستاش سەرپەرشتیاری هونەری شێوەکارییە لە بەڕێوبەرایەتی چالاکی قوتابخانەکان.بڕوانە(چنور محمد: (ئازاری پەیکەرەکان)ی پەری ئەحمەد، کوردستانی نوێ، ژ.(١٤٨٠)ساڵی پێنجەم، ١٩٩٧/١٠/٢٢، ل٨.

(2) هە.س.پ.

(3) بەختیارسەعید: ژنانی شێوەکار لە باشوری کوردستان ، ل٢٦.

(4) ئاڤان عومەر: هونەر لە بازنەدا، لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٠/٣١ بلاوکراوەتەوە لەڕێکەوتی٢٠٢٢/٥/١٠وەرگیراوەلە وێبسایتی https://bit.ly/3kOlqTS.

## تەوەری دووەم

## ڕۆڵی ژن لە شانۆ و درامادا ساڵانی (١٩٩١_٢٠٠٣)

بەهۆی بارودۆخەکانی دوای ڕاپەرین هەموو دیاردە شارستانییەکان تێکچوو بوون،شانۆ و دراما لە ساڵانی (١٩٩١_١٩٩٣)دا، ڕووی لە نزمی و وشکبوونەوە کرد بوو، واتە ئەم قۆناغە بەستەڵەک و قەیرانی دراما بوو. هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ تێکچوونی دامودەزگا هونەرییەکان بەهۆی جەنگ و ڕاپەرینەوە، یا کشانەوەی حکومەت لەدامودەزگاکان لە کوردستان وەک ئەو دەزگایانەی سەربە وەزارەتی ڕاگەیاندنی حکومەت بوون و پێشووتر لایان لەوهونەرە دەکردەوە، تاوەکو دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان. هەروەها دژواری باری ئابووری، بەهۆی ئابلۆقە ئابوورییەکانەوە، ئابلۆقە نێونەتەوەیی و ئابلۆقەی ڕژێمی عێراق لەسەر کوردستان، گرانیەکی وەها کەوتەوە کە لە وزەی هیچ تیپ ودەستەیەکی هونەریدا نەبوو خەرجی بەرهەمێکی درامی دابین بکەن، چونکە ئامادەکردنی شانۆییەک دەهەزار دیناری تێدەچوو. ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندان و نووسەران ئاوارەبوون و ڕوویان لە هەندەران کرد[1].

قۆرخکردنی هونەرمەندانی بەهرەمەند و خاوەن توانای ڕاستەقینە لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بۆ کارکردن لە گەڵیان، بۆتە هۆی دوورخستنەوەیان لەکاری هونەری، چونکە تواناکانیان بۆکاری تەکنیکی و خزمەتگوزاریی بەکاردەهێنرێن.کاریگەرترین هۆکاریش بۆ دروستبوونی کەلێن لە شانۆدا، دامەزراندنی دەرچووانی پەیمانگای هونەرەجوانەکان لەگوند و قەزا وناحیەکان بوو وەکو مامۆستا، بەوەش لەسەرەتای دامەزراندنیانەوە لەوزانستە هونەرییانە دووردەکەونەوە کە لەسەری ڕاهێنراو بوون، چونکە بواری کاری هونەری لە قەزاوناحیەکاندا کەمبوو[2].

لە ساڵانی (١٩٩٤_١٩٩٥)دا، وردە وردە دراما جوڵەی تێکەوتەوە و لە سەرەتادا ژمارەیەکی کەم بەرهەمی دراما پێشکەش کران، هەرچەندە تاڕادەیەک لاوازیان پێوە دیاربوو، چونکە هێشتا ڕاپەرین وەک بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان لە ئاستێکی ڕواڵەتیدا مابۆوە و ناخ و کرۆکی ئەو ڕاپەڕینە وەک کردەوەیەکی مێژوویی نەتەوەیی لە هزری قۆناغەکەدا دەنگی نەدابووەوە و گوتاری مەعریفی لێ بەرجەستە نەکرابوو، تایبێتە سەرچاوەو دەق و گوتاری ئەدەبی و هونەری لێ هەڵهێنجرێ، بۆیە لە بزاڤە شانۆییەکەشدا بەشێوەیەکی دژوار دەنگی دابووە[3].کارە هونەریەکانی دوای ڕاپەرین بریتی بوون لە: فیستیڤاڵی یەکەمی شانۆی مۆنۆدراما لە

---

[1] سەلام فەرەج کەریم: گەشەسەندنی درامای کوردی ١٩٧٥_١٩٩٥، چ١، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٣٦_١٣٧.

[2] دالیا جەزا: مامۆستا بەدیعەدارتاش بیرەوەرییەکانی سەردەمانی شاروباری هونەری کوردی ئەگێڕێتەوە، گۆڤاری سلێمانی، ژ.(٩)، ٢٠٠٣، ساڵی چوارەم، ل٤.

[3] سەلام فەرەج کەریم: گەشەسەندنی درامای کوردی، ل١٣٩.

سلێمانی لە ڕێکەوتی (١٩٩٢/٣/٧) کۆمەڵەی هونەرمەندانی کوردستان بە بۆنەی یادی یەکەمی ڕاپەڕینەوە دەستی پێ کرد، بە شانۆگەرییەک ئەم فیستیڤاڵە تا ڕۆژی(١١ ئازار) خایاند، وچەند تیپێک لەکوردستاندا بەشداریان تێدا کردوو وڕۆژانە بەرهەمەکانیان هەڵدەسەنگێندرا[١].

هەر لەو ساڵەدا، تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی، شانۆنامەی (مەملەکەتی نامۆبوون) کە لە نووسینی (فەلاح شاکر) و دەرهێنانی (دلاوەر قەرەداخی)بوو، نمایشکرد. وەک بابەتێکی مەیدانی هاوچەرخ ئاماژەی بە برسێتی و هەندێک لە کوێرەوەرییەکانی ئەو سەردەمانە دەکرد و ڕاستەوخۆ دەیوت: " ئەی ستەمدیدەدەکان ئێوە برسێتی و نامۆبوون ئەتانکوژێت و زل و دز و تاج بەسەرەکانیش یاری بە چاوەکانتان دەکەن، ئەوەتا کورسی خۆشەویستەکان بوون بە گوڵی یەخەی خەونەکانی خۆیان و ئێوەی مامەڵە لە سەرکراویش گەدەی خۆتان ئەخۆن و گینگڵ بە کرۆشتنی هەناسەکانی خۆتان ئەدەن، ئەی تاج بەسەرەکان، بێگومان ئێمەی ستەمدیدە ئاگاداری ماهیەتی ئێوەین، ئەوەتا بە ئاشکرا بانگتان ئەکەین و دەڵێین (فریای مەملەکەتی نامۆبوون کەون". ئەم شانۆنامەیە لە عەرەبییەوە وەرگێراوە و لە ڕۆژی (١٩٩٢/٢/٨) بۆ ماوەی (١٢) ڕۆژ لە هۆڵی پێشڕەوی سلێمانی پێشکەش کراوە[٢].

شانۆ بەگشت ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانیەوە ڕەنگدانەوەی ئێستای کۆمەڵگەیە، سەکۆیەکە هەقیقەتی ژیان بە چین و کایە و قۆناغە جوداکانییەوە شرۆڤە دەکات بەزمانێکی هونەری بەرز گفتوگۆ دەکات، شانۆکاران گەر ئاوێنە نەبن ئەوا ئامرازێکن لەو ڕێگەیەوە ئەرکیان نمایشکردنی سەرتاپای ڕووداوەکانن. ژنانیش بەردەوام هەوڵیانداوە لە ڕێگەی هونەرەکەیانەوە ناخ و ئازارەکانی ژن بخەنە ڕوو، لەم تەختەی شانۆدا ڕۆڵگەلێک بنوێنن کە ئاوێنەی خستنەڕووی ئازارەکانی ژن بێت[٣]. لەم بارەوە (فرمێسک مستەفا) لەو هونەرمەندە ژنانەیە لە خزمەتکردن بە شانۆ لە دوای ڕاپەڕینەوە بەردەوام بوو، بەرهەمەکانی بریتی بوون لە (شانۆگەری چرا، جەزیری وانەی ئەڤین دەڵێتەوە، گەشتەکەی حەسەن)، هەروەها لەگەڵ تیپی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان شانۆگەری (شالیر، باڵندەی دەریا)، لەگەڵ تیپی نواندن شانۆگەری (دایک)ی نمایش کرد، جگە لەوەی بەرهەمێکی ڕادیۆی لەگەڵ هونەرمەند (ئەنوەر قەرەداغی)بە

---

(1) پەیامنێری سلێمانی: فیستیڤاڵی یەکەمی شانۆی مۆنۆدرامالە سلێمانی، کوردستانی نوێ، ١٩٩٢/٣/١٥، ژ.(٤٣)، ساڵی یەکەم، ل٨.

(2) نەوزاد قادر: فریای مەملەکەتی نامۆبوون بکەون، کوردستانی نوێ، ژ.(٧٧)، ساڵی یەکەم، ١٩٩٢/٤/٢٧، ل٦.

(3) فرمێسک مستەفا: پێگەی ژنە شانۆکاری کورد، لە ئێستا و لێرەدا، لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٣/٦ بڵاوکراوەتەوە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٥/١٩ وەرگیراوە لەوێبسایتی https://bit.ly/3Y9GcvL.

ئەنجام گەیاند، هەروەها لە هەردوو درامای (نوسەرێکی سەیر، مەرگی ئەرخەوان) بەشداریی کردووە[١].

ژن دەیتوانی وەک شانۆکار ڕۆڵێکی سەرەکیی ببینێت لە شانۆگەرییەکانی ئەو دەمەدا، بۆ نمونە هونەرمەند (ئاڵا عومەر) لەو هونەرمەندە ژنانەیە، کە ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لە بواری نواندن و شانۆ خزمەتێکی گەورەی پێشکەش بە هونەری کوردی کردووە، بەردەوام لە خزمەتی شانۆ و درامادا بووە، ناوبراو لەگەل تیپە شانۆیەکانی (سلێمانی و تیپی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکان، تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی، تیپی شانۆی کوردستان، تیپی زانکۆی سلێمانی، تیپی هونەری ڕەنگاڵە) بەشداریی کاری هەبووە، هەروەها لە شانۆگەری (مەسیح لە خاچ دەدرێتەوە لەساڵی (١٩٩١)، سەمایەکی بێ ناونیشان، گەمەی چاوەڕوانی لەساڵی (١٩٩٤)، پیاوبەپیاو، ئەحەی کرنوو لەساڵی (١٩٩٥)، گەمەی سەردەم لەساڵی (١٩٩٦)، گۆرستانێکی نوێ لە ساڵی (١٩٩٧)، حکومەتی خزمەغستان لە ساڵی (١٩٩٨)، قوتابخانەی گێرە شێوێنەکان لەساڵی (١٩٩٩)، شایەتێکی هیچ نەدیو لە ساڵی (٢٠٠٠/٢٠٠١)، شانۆی خزمەتکار لەساڵی (٢٠٠١/٢٠٠٢)، مشەخۆرەکان لەساڵی (٢٠٠٣) بەشداریی کردووە.[٢]

هاوکات ناوبراو وەک ئەکتەر و هونەرمەندێک ماندوونەناسانە ڕۆلی گەورەی لەسەر شانۆو شاشەی سینەمای نیشانداوە کە جێگەی سەرنجی بینەرانی بووە. لە کارەکانی وەک (چیرۆکی نواندنی ژاڵە، درامای بازنەی تەنیایی، ئەندامی کارای بەرنامەی کەشکۆڵ بووە، کە لە ساڵی (١٩٩٢-١٩٩٦) لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان پێشکەش دەکرا، هەر لە ساڵی (١٩٩٨)، بەشداریی هەموو بەرنامەکانی هەمەڕەنگ و ڕەنگاڵە و زنجیرەکانی (بەزمەکانی ماڵە) کردووە، دواتر بەشداریی لە درامای چایخانەکەی شێخە لە ساڵی ١٩٩٩ کردووە. لە فیلمە سینەماییەکان کە تێیدا بەشداربووە، بریتی بوون لە: (فیلمی بەسێ خانم١٩٩٧، تۆڵە لە ساڵی(١٩٩٩ ) ، یاخی بوونی ستار لە ساڵی( ١٩٩٩)، بەخترەش ساڵی( ٢٠٠١)[٣]

سەبارەت بە دراما، لەو دەمەدا هەوڵێک هاتە گۆڕێ بۆ کاری دراما، کە سەرەتای بوژاندنەوەی درامای دوای ڕاپەڕین بوو، ئەویش درامای (بازنەی تەنیایی) لە نوسینی (محەمەد فەریق حەسن)، دەرهێنانی (کاوە جوتیار)، لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان لە ساڵی (١٩٩٣) پیشکەش دەکرا، ئەکتەرەکان (عومەرکەریم ئاغا، عەبدول حەمە جوان، ئاڵا عومەر، ئاکۆ عومەر، ڕەنگین عوسمان، مەریوان ئیبراهیم) بەشداربوون تیایدا[٤]

---

(1) بەختیارسەعید: فرمێسک مستەفا کار و شێوازی جیاوازی وایکرد من خۆم بدۆزمەوە بزانم سەر بە چ ڕێبازێکم، گۆڤاری شانۆ، ژ.(٢١)، ساڵی چوارەم، سلێمانی، ٢٠١١، ل٩٢.

(2) چاوپێکەوتنی توێژەر: لەگەڵ (ئاڵاعومەر)، سلێمانی،٢٠٢٢/٨/٣١.

(3) هەمان سەرچاوە.

(4) بێ نووسەر: هەگبەی دوالاپەڕە، کوردستانی نوێ، ژ. (١٤٣) هەولێر، ١٩٩٢/٧/٢٠، ل٨.

کێشە و گرفتەکانی ژیان و مەرگی ئازیزان هیچکات ڕێگر نەبوون لە کاری نواندن و خزمەتی هونەری کوردی لای ژنان، بەتایبەت هونەرمەند (عەتیە محەمەد ئەمین) لە چەندین دراما و شانۆگەریی ڕۆڵی گێراوە لەوانە: (ئەنگوستیلە لە ساڵی( ١٩٩٢)، فرمێسکی ڕەش ١٩٩٣، مەملەکەتی خۆر١٩٩٤، چرا ١٩٩٤، سەبری ئەیوب ١٩٩٥).[١] هەر لە ساڵی( ١٩٩٢) لە درامای (بەسەرهاتی لاوێک) کە بەرهەمی حاجی مەکی بوو بەشداری کردووە، هەرچەندە بەشێکی دراماکە تەواو نەبوو، هاوسەرەکەی کۆچی دوایی کرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەربەردەوام بوو لە کارکردن لە دراماکە ئەمەش بەهێزی ژنانی کورد دەردەخات، کە توانیویانە بەسەر هەموو ناخۆشیەکان وئاستەنگەکاندا زاڵ بن[٢]. لە ساڵی (١٩٩٧) شانۆگەریی (دەروازە داخراوەکان) لە نوسین و دەرهێنانی هونەرمەند (گەزیزە عومەر) بووە، لەم شانۆگەرییەدا ژنە ئەکتەر (گۆنا حەمە ساڵح[٣]) ڕۆڵی تێدا بینیوە، دەقەکە (دوو کەسێتی ژن بوون لە شوێنی داخراودا کە هەریەکەیان لە دۆخی دەروونی خراپدا دەژیان). کارکردنی لە هونەردا بە مەبەستی هۆشیارکردنەوەی ژنان و پیاواندا بووە، بۆ ئەوەی مافیان پێشێل نەکریت، لە ڕاستی ژیان و جوانی ژیان تێبگەن و ژنان چیتر چاوەڕێ ئازادی لە پیاوان نەکەن، بەڵکو خۆیان لەهەوڵی ئەو ئازادیەدا بن تا بەدەستی دێنن[٤].

هەر لە سەرەتای ڕاپەرینەوە لە تیپی شانۆی حەوتی ئازار لەگەڵ کۆمەڵێک هونەرمەند کار و چالاکی هونەری ئەنجامداوە. جگە لەوەی بەشداری کردووە لە شانۆی (دایکە ئازاکە، دەرهێنانی ئیسماعیل هەورامی لە ساڵی (١٩٩٣)، ئەنتیگۆنا دەرهێنانی مۆفەق عارف لهۆنی لە ساڵی (١٩٩٤)، نسکۆی بێدەنگی (١٩٩٥)، کۆبوونەوەیەکی نهێنی دەرهێنانی مەم بورهان قانع (١٩٩٨)، گالیسکەی ئارەزوو، دەرهێنەری دلێر ئەحمەد(١٩٩٩)، کاری دەرهێنانی لە شانۆی منداڵان بریتی بووە لە ژیان (١٩٩٩)، ئاهەنگی نەورۆز ساڵی (١٩٩٩)، مافەکانم ساڵی (٢٠٠٠)، وەک یاریدەدەری دەرهێنەر، خەونە ڕەنگاڵەییەکان ساڵی (٢٠٠٠)، زیانی جگەرە ساڵی (٢٠٠٠)، کاری هونەری شانۆی وەک دوا گەمەی عەشق، دەرهێنانی مەم بورهان قانع، سەفەری سارا غەریبەکان دەرهێنانی مۆفەق عارف لهۆنی ساڵی (١٩٩٦). نواندنی لە درامای نهێنی دەرهێنانی میران عەلی ساڵی (٢٠٠١)، جگە لە

---

(1) زەکیە ڕەشید محەمەد ئەمین: بزوتنەوەی کچانی کورد لە سلێمانی، ل١١٨.

(2) شادومان ئەحمەد: دایکی ئاریان، نەک هەرشانۆ هەموو لقەکانی هونەر ڕوویان لە کزییە، گۆڤاری ڕامان، ژ.(٥٩)، ٥مایسی ٢٠٠١، ل٢٧٢.

3. گۆناحمەساڵح: لە ١٩٧٧/١١/١٠ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، ئارەزووی بۆ هونەر و نواندن دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی ناوەندی تا ئەوکاتەی دەچێتە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی بەشی شانۆ(دەرهێنان)لە ساڵیی ١٩٩٧تەواو دەکات، بەشداری تەواوی ڤیستیڤاڵەکانی پەیمانگا و زۆربەی نامەکانی دەرچوونی خوێندکارانی کردووە. .بڕوانە(عبدالرحمن هیوا: گۆنا زیاد لە ٢٩ ساڵ ئەزمونی هونەری نواندن، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١/٢٠ بلاوکراوەتەوە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/٤وەرگیراوە لە وێبسایتی https://bit.ly/3Hgchev : (شەهێن سابیر: شانۆیەک نیە ناوی فیمنیست بێت، گۆڤاری شانۆ، ژ.(١٥)، ساڵی سێەم، ٢٠٠٩، ل٨٩.

(4) هەمان سەرچاوە،ل ٩٠.

بەشداری کردنی لە فیلم و کورتە فیلم (تەلەفون دەرهێنانی تاهیر عەبدوڵا ساڵی (١٩٩٩)، هەتاو دەرهێنەری هادی مەهدی ساڵی (٢٠٠٢)، ژنێک لە هۆزی تەم، دەرهێنەری ئەشکان ئەحمەد ساڵی ٢٠٠٢)[١].

ژنان لە بواری کۆمیدیاش ڕۆلیان هەبوو، شانبەشانی پیاوان لە سەرجەم بوارە هونەرییەکان جێدەستیان دیاربووە، هەوڵیانداوە لە ڕێگەی کۆمیدیاوە کێشە کۆمەڵایەتییەکان و سیاسییەکان بخەنەڕوو و بەرەنگاری دیاردە ناشرینەکانی کۆمەڵگە ببنەوە. نمونەی ئەو ژنە هونەرمەندانە (نەرمین قادر) لە بەرنامەی بەرنامە لە خاک تیڤی و (پەروین حەمە فەرەج) بەرنامەی زەنگ و (ئالا عومەر) لە بەرنامەی هەمەڕەنگ و کەشکۆڵ لە گەلی کوردستان هەریەکەیان لە ڕێگەی ئەو بەرنامانەوە توانیویانە خەندە بخەنە ماڵەکانەوە.[٢] هەروەها دامەزراندنی تیپی هونەری ڕەنگاڵە ساڵی (١٩٩٨)، ئالا عومەر و کۆمەڵێ لە هونەرمەندان تێیدا بەشداربوون، ئەو کارانەی پێشکەش دەکران ڕەخنەی زۆر توند بوون بۆ دەسەڵات و دامودەزگا و ناڕێکی ئیدارە و ڕەوشی سیاسیی و ئابووری، هەوڵدراوە لە ڕێگەی کۆمیدیاوە پەیام بگەیێنە دەسەڵات[٣].

لە کۆمەڵگەی کوردیدا، ژن یەکەمین زەرەرمەندی شەڕ و خراپی ئابوری و دابونەریت و مەسەلەی شەرەف بووە، بۆیە هونەرمەند (گەزیزە عومەر) چ وەک ئەکتەر و چ وەک نووسەر و دەرهێنەر، چ وەک ژنێک کارەکانی ڕەنگدانەوەی ناخی بووە، چونکە پێی وابووە نووسەر دەبێ نووسینەکانی بەشێک بێت لە خودی خۆی. ئەو (١٨_١٩) دەقی شانۆی نوسیووە. ئامانجی دەرهێنەر خستنە سەر شانۆی ئەو ژنانەیە کە توانیویانە دەنگی خۆیان بگەیەنن و توانیویانە بەهێزبن و توانای گۆڕینی کۆمەڵگەیان هەبوو بێت. هەربۆیە هەمیشە ژن لە دەقەکانیدا بوونی هەبووە و زیاتر کارەکانی بۆ ژن بووە[٤]. لەوانە (شانۆگەری دەروازە داخراوەکان ساڵی (١٩٩٧)، گوڵەکانی مەنفا دەرهێنەری گەزیزە عومەر و بەدیعە دارتاش، شانۆگەری پەیمانگای هونەرەجوانەکان ساڵی (١٩٩٩)، شانۆی ماڵێک پڕ جانتا ساڵی (٢٠٠٠)[٥]، توڕەبوونی تابلۆیەک (٢٠٠١) لە حەوشەی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی لەلایەن چەند ژنێکەوە لەوانە: (ژوان لەتیف، نەرمین ئەحمەد، ئەڵوەن موسا، خەدیجە عەبدوڵا) نمایشکرا، هەر یەکە لە شانۆکاران ئازارەکانی ژنانی جیهان بەگشتی و ژنی کورد بەتایبەتی تیا هەڵگرتبوو، دیارترین مەبەستی

(1) عبدالرحمن هیوا: گۆنا زیاد لە ٢٩ ساڵ ئەزموونی هونەری نواندن، س.پ.

(2) تەلارنادر: وێنەی ژن لە بەرنامەی بەرنامە، ڕێوان، ژ.(٢)ساڵی یەکەم، ٢٠٠١/٦/١، سلێمانی، ل٨. ؛ تەلارنادر: باکارە هونەریەکانمان لە خزمەت کێشە کۆمەڵایەتیەکاندابێت، ڕۆژنامەی ژیانەوە، ژ.(٣٦)، ساڵی دووەم، ١٩٩٩/٣/٨، ل٨. ؛زەکیە ڕەشید محەمەد ئەمین: بزووتەوەی کچانی کورد لە سلێمانی، ل١٣١.

(3) هەوراز وهێمن: شانۆ بۆشانۆیان شانۆ بۆ؟؟؟، بەدرخان، ژ.(٢٣)، ٢٠٠٢/٨/٢٢، ل٦.

(4) چاوپێکەوتنی توێژەر: لەگەڵ(گەزیزە عومەرعلی)،سلێمانی، ٢٠٢٢/٩/١١.

(5) کامەران سوبحانی: لە ڕقەوە تا خۆشەویستی، دەزگا و چاپی سەردەم، ٢٠٠٧، ل(٣٤-٧٥-١٧).

شانۆکە جەنگ بوو، ئەو جەنگە ساردانەی کە بەبێ هیچ هۆیەکی ئەوتۆ ڕوودەدەن و زۆرتر ژنان تییدا زەرەرمەند دەبن و هەتا هەتایە گیرۆدەی دەبن، لە ڕێگەی لەدەستدانی باوک و برا و مێرد یان خۆشەویستەکانیان یان ئەندامێک لە ئەندامەکانیان. شانۆی (تورەبوونی تابلۆیەک) بووە هۆی شێواندن و بزواندنی هەموو ناخی ئەو ژنانەی کە بۆنی سوتماکیان لێدەهات و غوباری غەریبی و جەنگی داپۆشیبوون. بیرۆکەی شانۆیەکە جگە لەوەی باسی لە پاشماوەی جەنگەکان دەکرد، باسی ئازاری ئەو کچە بێ قاچەی دەکرد، کە هەتاهەتایە چاوەڕوانی قاچەکەی و گەڕانەوەی خۆشەویستەکەی و کردنەوەی پیشانگەکەیدا دەژیا[١]. هەروەها شانۆی (ژنانی شارەکەم) لە ڕۆژانی(١٥_٢٠٠٢/٤/١٧) لە بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی بە هاوکاری تیپی مۆسیقا لە هۆڵی ڕۆشنبیریدا نمایشکرا، لەو شانۆیەدا (٤٠) ئەکتەری ژن بەشداریان تێدا کردووە.[٢] دواجار زنجیرەی تەلەفزیۆنی (خۆرنەوازان لە ساڵی ١٩٩٩_٢٠٠٠) دەرهێنانی( حسین میسری )چەندین ئەکتەری ژن تێدا بە شداربوون لەوانە (سروە عەباس سەعید[٣] ژیان ئیبراهیم خەیات، سروە عەباس مەجید، قەشەنگ عەبدوڵا، سەبیحە ئیسماعیل، سەمیعە محەمەد ئیسماعیل، شیلان عەبدوڵا رەسول[٤] و بەهەمان شێوە لە خەمی چۆلەکەکان لە دەرهێنانی حسین میسری (٢٠٠١)، زنجیرەی ڕەشەی پۆلیس، دەرهێنانی حسین میسری ٢٠٠٣) ئەم ژنانە بەشداربوون[٥].

ژنان هەوڵیانداوە ئازاری نەتەوە و ئازاری ژنبوون تێکەڵ بکەن، لەم سۆنگەیەوە هونەرمەند (ژیان ابراهیم) بەشداری چەندین کاری هونەری تری کردووە دیارترینیان (خولەپیزە) بوو، ڕۆڵی دایکی خولەپیزە دەبینێ، لەفلیمی (رام) ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت کەباس لەژیانی واقعی ناوچەی گەرمیان دەکات، باس لەزوڵم و زۆرداری و سیستەمی کۆمەلایەتی وسیاسی دەکات رۆلی(گەردە) باسی کێشەی ژنان دەکات[٦].

---

[1] ئاریان ئومێد: تورەبوونی تابلۆیەک، ڕێوان، ژ.(٩) سالی یەکەم، ٢٠٠١/٩/١٦، ل٤.

[2] بێ ناوی نوسەر: ژنانی شارەکەم، ڕۆژنامەی ژیانەوە، ژ.(٩٤) ساڵی پێنجەم، ٢٠٠٢/٥/١، ل٨.

[3]سروەعەباس سەعید: ساڵی( ١٩٤٧ ) لە گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی لەدایک بووە، پاش بەدەستهێنانی بڕوانامەی شەشەمی سەرەتایی دەست لە خوێندن هەڵدەگرێت، پاش ڕاپەرین دەست بەکاری هونەری دەکات. بڕوانە (زەکیە ڕەشید محەمەد ئەمین: بزووتنەوەی کچانی کورد لە سلێمانی ، ل١٢٦).

[4]شیلان عەبدوڵا رەسوڵ: ساڵی( ١٩٧٩) لە سلێمانی لەدایک بووە، هەر لە منداڵیەوە بەشداری لە فیلمی ·نێرگز بووکی کوردستان)ە کردووە. (بنار نەجمەدین: خۆشەویستیم بۆ هونەر وام لێدەکات هەموو ڕۆڵێک ببینم، ژیانەوە، ژ.(١٢١)ساڵی شەشەم، ٢٠٠٣/٦/١٥، ل٨.

[5] (زەکیە ڕەشید محەمەد ئەمین: بزوتنەوەی کچانی کورد لە سلێمانی،ل ١٢٦. ؛ بنار نەجمەدین: خۆشەویستی بۆ هونەر وام لێدەکات هەموو رۆڵێک ببینم، ل٨).

[6] تەلارنادر: ژیان وزامەکانی گەردە، ڕۆژنامەی ژیانەوە، ژ.(٧٠)، ٢٠٠٠/٨/١٩، ل٨.

لەم نێوەندە هونەریەدا ژن ڕۆڵی باش و بەرجەستەی بینیوە، هەمیشە هەوڵیداوە بەشداریی کاری نواندن بێت و هەستی بەوە کردووە نواندن بێ ژن ناکرێت، هەربۆیە ژنە هونەرمەند (نەرمین کاوانی[١]) یەکەم کاری شانۆی بەشداربووە تێدا شانۆ (شانۆگەری ئەنتیگۆنا) ساڵی (١٩٩٢_١٩٩٣)بوو، دەرهێنانی مۆفەق عارف لهۆنی بووە، هەروەها شانۆی (ئێمەوئەوان) لە دەرهێنانی هادی مهدی ڕۆڵی بینیوە، پاشان ساڵی (٢٠٠٠)، لەگەڵ گەزیزە عومەر تیپی شانۆی خۆشکانی گەزیزەیان زیندوو کردەوە چەندین ژنە هونەرمەندی دیکە تێداکاری شانۆییان ئەنجامداوە، یەکەمین کاری درامای (کاتێ خەم گوڵ ئەگرێت) لە دەرهێنانی ئەحمەد سالار لەساڵی (٢٠٠٣) دا بوو[٢].

**تەوەری سێیەم: ڕۆڵی ژن لە هونەری سینەمادا ساڵانی (١٩٩١_٢٠٠٣):**

هاتنی سینەما لەلایەن ئینگلیزەکانەوە، بە تایبەتیش پاش جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤_١٩١٨)، بەگشتی بۆ عێراق و بەتایبەتی بۆشاری سلێمانی بەشێک بوو لە داهێنانەکانی شۆڕشی پیشەسازی ئەوروپا، لەهەمان کاتدا دیاردەیەکی نوێ وگرنگی سەدەی بیستەم و هونەرێکی نوێ بوو. سلێمانی وەک یەکێک لەشارە زیندووەکانی هونەر و ڕۆشنبیریی و شارستانی، هەرلەسەرەتاوە زۆربە خێرایی پێشوازی لەم هونەرە کرد و لەماوەیەکی کەمدا سێ هۆڵی سینەما و هۆڵێکی شەوانەی تیداکرایەوە[٣].

سینەما (دڵشاد) دوونهۆم بوو، لەسەر شەقامی کاوە شوێنی ئێستای بازاڕی حاجی ساڵحی قاسم، سینەما (ڕەشید) لەناو بازاڕ لەسەر لاڕێی شەقامی مەولەوی لەشوێنی ڕەشەمۆڵی ئێستا بەرامبەر سەرا بوو، سینەما (سیروان) بەرامبەر سینەما ڕەشید بوو. هەموو فیلمەکان بیانی بوون کە نمایش دەکران[٤].

یەکەمین هەنگاو بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمی سینەمای بەزمانی کوردی لەباشوری کوردستاندا لەساڵی (١٩٨٩)دا و بە بەرهەمهێنانی فلیمی(مەم وزین) لەسەردەمی دەسەڵاتی سەدامدا دەستی پێکرد ، بەڵام ئەم فیلمە لەلایەکەوە بەهۆی تێچووی زۆر و گوشاری حکومی و چاودێری

[1] نەرمین کاوانی: ساڵی( ١٩٧٦ ) لەشاری سلێمانی لەدایک بووە، لەساڵی( ٢٠٠٠ ) پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی بەشی شانۆی تەواوکردووە. بڕوانە (هونەربەدرخان: نەرمین کاوانی ئەگەر لەنواندنا بگەمە لوتکەش غروری نامگرێ، ڕۆژنامەی بەدرخان، ژ.(١٠٨)، ٢٠٠٨/١٢/٢٢، ل٢.

[2] بەرنامەی گوڵنیشان: نەرمین کاوانی، لە ریکەوتی ٢٠١٩/٣/٢٢ بڵاوکراوەتەوە لەڕێکەوتی ٢٠٢٢/٥/٤وەرگیراوە لە وێبسایتی https://bit.ly/404tSP7.

[3] خالید حمە لاو: ڕیکلامی فلیمە سینەمایەکانی جاران، گۆڤاری فلیم، ژ.(٤)، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی، تەموزی ٢٠١٠، ل٥٨.

[4] شاهۆعوسمان سەیدقادر: کورتەباسێکی مێژووی سینەما لە سلێمانی،کوردستانی نوێ، ٢٠٢١/٨/١١،ل٦.

لەبەرهەمهێناندا و لەلایەکی دیکەوە بەهۆی دەستپێڕانەگەیشتن بەکەسانی لێزان لەبواری تەکنیکی سینەمادا و هەروەها دەستپێکی ئالۆزییەکانی شەڕی کوێت بەناتەواوی مایەوە. لەساڵی (١٩٩٠) هاوکات لەگەڵ شەڕی کوێت[1]، پرۆژەی فیلمی(نێرگز بووکی کوردستان) لەدەرهێنانی (جەعفەر علی) بوو بەرهەمهێنرا[2]. ئەکتەرە بەشداربووەکانی فیلمەکە، یەک دووانێکیان نەبێت هەموویان هونەرمەندانی شاری سلێمانی بوون لەوانە (بەدیعە دارتاش، حاجی مەکی، سمکۆ عەزیز، ئەحمەد سالار)[3].

لەدوای ڕاپەرینی بەهاری(١٩٩١)دا بەگشتی و ئازادکردنی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٣)بەتایبەتی، بەشێکی زۆری هونەرمەندانی کورد دەستیان کرد بەکاری سینەمای وچەندین فیلمی کوردیان بەرهەمهێنا[4]. لەدامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە تا ڕاپەرین، حکومەتەکان بایەخیان بە بەرهەمهێنانی هونەری سینەما لەکوردستاندا نەدەدا، بەڵام لەڕووی بازرگانیەوە بواریان بەکەرتی تایبەت دەدا بۆ دروستکردنی هۆڵی سینەما، هۆکاری ئەمەش بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ بەگەڕخستنی بازاڕی سینەمای عەرەبی. لەلایەکی تر بۆ ئاراستەکردنی جەماوەر بوو لەگەڵ ئەم دوو ئامانجەشدا کەلێنێک بۆنمایشی فلیمی جیهانی کرابۆوە، لەم کێشە کولتووریەدا، بینەری کورد لەسینەما دابڕاو نەبووە، بەڵام هونەرمەندی کورد بێ بەش بوو لە بەرهەمهێنانی فیلم. هەرچەندە لەدوای ڕاپەرین بەرهەمهێنانی فیلم بەسیستەمی ڤیدیۆ ونمایشی ناسراو بەسکرین لەکوردستان پەیدابوو، چەندین فیلم دروستکران[5]، لەوانە فیلمی (خولە پیزە)لە (ڕۆژی ٧ ئەیلولی ١٩٩٨)دا، ماوەی هەشت ڕۆژ نمایشکرا، دواتر لەڕۆژانی (١٤ هەمان مانگ تا ١٦ تشرینی یەکەم)، لەهۆڵی ڕۆشنبیری و سینەما ڕەشید نمایشکرا، ئەم فیلمە لە سیناریۆ و دەرهێنانی (جەلیل زەنگنە) و لەنواندنی (مستەفا ئەحمەد لە ڕۆڵی خولەپیزەدا، ژیان ئیبراهیم خەیات لە ڕۆڵی دایکی خولەپیزەدا، نەوال سەعید_خانم، رووناک مەحموود_ڕەحمە، سمکۆعەزیز_مینەرەش، تد...)، بەشدار بوون[6].

---

(1) خوسرە و سینا: کورتەیەک لەسەر مێژووی سینەمای کورد، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/٢٧ بلاوکراوەتەوە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٣/٧وەرگیراوە لەوێبسایتی https://bit.ly/3HDu7t1.

(2) مەسعودی مەلا هەمزە: کێشەوئازارەکانی کوردلە سینەمای جیهانیدا، گۆڤاری فلیم، ژ.(٥)، چاپخانەی پیرەمێر، ٢٠١٠، ل١١٠.

(3) عومەرعلی ئەمین: شانۆی جارانی شار فلیمی سینەمای کورد، گۆڤاری سلێمانی، ژ.(٣٥)، ٢٠٠٣ساڵی چوارەم، ل٤١.

(4) مەسعودی مەلا هەمزە: کێشە وئازارەکانی کورد لەسینەمای جیهاندا، ل١١٠.

(5) گولان میدیا: سینەمای کوردی لەساڵی ڕابردوودا گەڕانەوە بۆ ناوە و پاشەکشێی پرلە مەترسی، لە ڕێکەوتی ٢٠١٣/٣/٩ بلاوکراوەتەوە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٩/١٤وەرگیراوە لەوێبسایتی https://bit.ly/3Y1VsdU.

(6) بێ ناوی نوسەر: خولەپیزە هەڵۆیەک لەچیاکاندا، گەلاوێژی نوێ: ژ.(١٠)، تشرینی یەکەم، ساڵی١٩٩٨، ل١٤٦.

دواتر لە رۆژی (٢١ /٥/٢٠٠٠) فیلمی (بەهەشتێکی سوتاو)، لەدەرهێنانی (ئازاد ڕەشید) و سیناریۆی (عوسمان چێوار) بوو، لەنمایشێکی تایبەتدا بۆ هونەرمەندان و ڕوناکبیران لە سینەما ڕەشید پێشکەش کرا، ئەم فیلمە لە ساڵی (١٩٩٤) لە کوردستان وێنە گیراوە و لەساڵی (٢٠٠٠) لەئەمریکا تەواوبووە، هەریەک لە هونەرمەندان (مستەفا ئەحمەد، پەرۆش محەرەم، کەمال سابیر، ڤیان ئازاد، نەرمین قادر) و کۆمەڵێ ئەکتەری دیکە تێدا بەشداربوون. ئەم فیلمە باسی لە خۆشەویستیەکی بێگەردی بەئاکام نەگەشتوو و زوڵم و زۆرداری داگیرکەرانی کوردستان دەکات[1]. جگە لەوە فیلمی (گەڕانەوە) لەسەر شاشەی سینەما ڕەشید نمایش دەکرا، لەدەرهێنانی (کاوەجوتیار) و نواندنی (ژیان عوسمان، شیروان عەبدولا، نەرمین قادر، مەریوان ئیبراهیم....) چەندین ئەکتەری دیکە بەشداربوون[2].

گەر هەر توێژەرێک بیەوێت لە کۆمەڵگەیەک بکۆڵێتەوە ئەوا لە دەلاقەی ئەدەب و هونەرەکەیەوە تەماشای دەکات، هونەری سینەما لە دونیادا ناسنامەی نەتەوەیە، لە ڕێگەی سینەماوە مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەر میللەتێک لە میللەتەکانی دونیا نیشاندەدرێت. لەم بارەوە (خەسرە و حەمە کەریم) دەڵێت" سینەما گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەر وڵاتێک شارێک شارۆچکەیەک سینەمای نەبێت مرۆڤێکی بێ چاوە، هەر سینەمایەک بینەری نەبێت جەستەیەکە بێ ڕۆحە، چونکە سینەما گرتەی جوانییە لە ژیاندا، بۆگێڕانەوەی یان لە ئاوێنەدانی ڕابردوو و داهاتوو، سینەما جادوە، جادوی ئەو شاشەیە کەڕەنگەکانی خۆیمان لێ دەئالێنێت و لەگەڵ خۆیدا دەمانبات بۆ دونیای ڕاستی ودرۆ و خەیاڵ و ڕاستی"[3].

کوردیش وەک گەلانی دیکە هەوڵیداوە لەو هونەرە بێ بەش نەبێت، لەڕێگەی سینەماوە هەموو ئەو کارەسات و ناخۆشیانەی بە سەر نەتەوەی کورددا هاتووە بیخاتە سەر شاشەی سینەماکان، ئەگەر چی لەڕووی بەرهەم و کواڵێتییەوە لە ئاستێکی بەرزدانەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژنان و پیاوان شانبەشانی یەکتر توانیویانە خەم و ئازار و کولتووری کورد لەڕێگە فیلم و کورتە فیلمکان بە وڵاتان ئاشنابکەن.

(1) بێ ناوی نوسەر: ئەمڕۆ فلیمی بەهەشتی سووتاو نمایش دەکرێت، کوردستانی نوێ، ژ.(٢١٥١)، ساڵی نۆیەم، ٢٠٠٠/٥/٢١، ل١٢.

(2) مەریوان علی: فلیمی گەڕانەوە، کوردستانی نوێ، ژ.(٢٣٣٧)، ٢٠٠٠/١٢/١٤، ل١٢.

(3) خەسرەوحمەکەریم: سینەما گەرنرخی بدەینی، گۆڤاری فلیم، ژ.(٥)، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی، ٢٠١٠، ل١١٥.

## تەوەری چوارەم

## ڕۆڵی ژن لە گۆرانی و مۆسیقادا ساڵانی (١٩٩١-٢٠٠٣).

### یەکەم: ژن و بەشداریی لە هونەری گۆرانی.

ئەگەرجیاوازی سەردەمی پێش ڕاپەرین و دوای ڕاپەرین بکەین، دەکرێت بڵێین تاڕادەیەکی باش گۆڕانێکی زۆر خێرا ڕوویدا، ئەویش پەیوەندی بەگۆڕانی باری کۆمەڵایەتی وڕۆشنبیریی یەوە هەبوو، چونکە پێشتر هەندێ لە خێزانەکان پێیان شەرم بوو، بە سوکایەتیان دەزانی کە کچی خۆیان بنێرێنە سەرشانۆ چ بە مۆسیقا یا بوارەکانی تری هونەر، ئەمەش پەیوەندی بە ڕادەی تێروانینی کۆمەڵگەوە بوو بۆ هونەر. هەروەها هونەر و مۆسیقا کوردی لەزۆر کاتدا بەپێی بارودۆخ توانیویەتی بەرهەمی بەپێز پێشکەش بەجەماوەر بکات، لەم بەرهەمەشدا ژنان بێ بەش نەبوون ڕۆڵیان هەبووە[١].

بوونی تیپە هونەریەکان ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە پێشخستنی هونەری مۆسیقا و هونەری کوردی، هێنانە کایەی بەرهەمی سروود وگۆرانی و مۆسیقای کوردی بە فۆرمی جۆراوجۆر بەپێی سەردەمەکان و ڕەچاوکردنی ڕەسەنایەتی گۆڕاوە. جگەلەوەش تیپە هونەریەکان ڕۆڵێکی گرنگیان بینیوە بۆ هاندانی ژنان بۆناو دنیای هونەری، چەندین کچان و کوڕانیان گەیاندۆتە ئەوئاستەی کەناویان لەنێودنیای هونەری کوردیدا دەرەوشاوەتەوە[٢].

لەدوای ڕاپەرینی ئازاری (١٩٩١)دا، تیپی مۆسیقای سلێمانی بەپێکهاتەی تازەوە هاتنەوە سەر شانۆ و کۆمەڵێک هونەرمەند و گۆرانیبێژی تازەیان لەخۆگرت و یەکەمین فیستیڤاڵیان سازکرد، کە تایبەت بوون بە سرود و گۆرانی و مۆسیقا لەڕۆژی (١٨_١٩٩١/٩/٢٤) لەسەرشانۆی ڕۆشنبیریی جەماوەر لەژێر دروشمی (فیستیڤاڵی سروود و مۆسیقا و گۆرانی) یەکەمین فیستیڤاڵی دوای ڕاپەرین بوو. یەکێک لەبەرهەمەکانی گۆرانی (چرا هەڵکەن، لە هۆنراوەی ئەحمەدسالار و ئاوازی ئەنوەرقەرەداغی و وتنی پەیمان عومەر)بوو[٣].

لەڕۆژی(١٩٩٢/٤/١١) تیپی مۆسیقای سلێمانی فیستیڤاڵێکی تری لەژێر دروشمی (بۆئاشتی بۆ ئازادی بۆ کوردستان) سازکرد، کە چەندین گۆرانی و سروودی لە خۆگرتبوو. لە ڕێکەوتی (٢"١٩٩٤/٤/)دا و لەژێر دروشمی (لەپێناوگەشەپێدان و پاراستنی ئاواز و گۆرانی کوردی ڕەسەن)دا، فیستیڤاڵێکی گۆرانی و فۆلکلۆری لەهۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی گێڕا. پاشان لە ڕێکەوتی (١٩٩٤/١١/٢٨) ئاهەنگێکی جەماوەری گەورەیان لە هەولێر لە هۆڵی میدیا سازدا، کە چەندین

---

(1) سەردار خدرحسین: ئافرەت لە مۆسیقاوگۆرانی کوردیدا، ل٢٢.

(2) کاشان وژیما: تیپی مۆسیقای سلێمانی ..گەوهەرێک لەهونەری کوردیدا، لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٥/٢٣، بڵاوکراوەتەو لەڕێکەوتی٢٠٢٢/٩/٢٧وەرگیراوە لە وێبسایتی https://bit.ly/3HakOzs.

(3) بێ نوسەرو ناونیشان: گۆڤاری ڕامان، ژ.(٧٦)، سلێمانی، ١ تشرینی یەکەمی ٢٠٠٢، ل١٣٨-١٣٩.

گۆرانی پێشکەشکرا وەک :(حەریرە و ئامانە لە وتنی تارا رسول، ئازیز لە وتنی پەیمان عومەر، دەریا لە وتنی ئەمەل سەعید کوردە، هانا لە وتنی عوسمان عەلی، میحرابی عیشق لە وتنی محەمەد ڕەووف کەرکوکی و گەردەلول لە وتنی دانا غەنی)[١].هەروەها لە کارەکانی تری تیپی مۆسیقای سلێمانی گۆرانی (تۆئەی گولّم)بوو، لە وتنی پەیمان عومەر، و شعری فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی وئاوازی سەلام رۆوف بوو[٢].

لەلایەن تیپی مۆسیقای مەولەوی لەساڵی (٢٠٠٠) بەدواوە چەندین کاری هونەری ئەنجامدران، لەوانە: بڵاوکردنەوەی سی دی یەک کەپێکهاتبوو لە (٩) گۆرانی بۆ هونەرمەندان (ئیبراهیم خەیات، شیلان عوسمان، جەمال حەسەن، حەمە ڕەووف کەرکوکی، حەمەی نێرگز)، جگەلەوەی چەندین فیسیڤاڵ و بەرنامە یان بۆ هونەرمەندان سازکردووە[٣].

دواتر لەلایەن (تیپی مۆسیقای فۆلکلۆری کوردی)وە[٤]چەندین بەرهەم بۆ هونەرمەندان تۆمارکراوە لەوانە : گۆرانی (هەناسەیەک) بۆ هونەرمەند (ئاڤان جەمال) کە هۆنراوەی (ئەحمەد محەمەد و ئاوازی سەباحی سەنتور) بوو[٥]، گۆرانی (مریەم باوانم) لە ساڵی (١٩٩٥)بۆ هونەرمەند (نەرمین ڕەزا شەمسەدین) و لە ئاواز وهۆنراوەی فۆلکلۆر و ئامادەکردنی (سەباح سەنتور) بوو، گۆرانی (ئەسمەر یارم جوانە) لە ساڵی (١٩٩٦) ئاواز و هۆنراوەی فۆلکلۆر و ئامادەکردنی (ئاکۆ عزیز عینایەت)بوو، دواجار لەگەڵ کۆمەڵێ لە هونەرمەندانی تر لەوانە (تارا رەسول، پەیمان عومەر، ئەمەل سەعید کوردە، کۆنسێرتیان سازکرد[٦].

بوونی تیپە هونەریەکان ڕێگە خۆشکەربوون بۆ ژنان بۆئەوەی چەندین کاری هونەری لە تیڤیەکان و بۆنەکاندا تۆماربکەن و بڵاوبکەنەوە. هونەرمەند (ئاڤان جەمال) لەساڵی (١٩٩٥) یەکەمین

---

(1) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(2) قادربەرزنجی: دوای سوتان، خۆشەویستی گەلەکەم هێنامیەوە کۆڕی هونەری، کوردستانی نوێ، ژ.(٤٠٩)، ١٩٩٣/٦/١٠، ساڵی دووەم ،ل٨.

(3) سیروان محەمەد: تیپی مۆسیقای مەولەوی مێژوویەکی درەوشاوەی هونەری وخەرمانێک لە ئاوازوگۆرانی کوردی، گۆڤاری سلێمانی، ژ.(٤١)، دیسەمبەری ٢٠٠٣، ساڵی چوارەم، ل٤٢.

4. تیپی مۆسقای فۆلکلۆر کوردی: لە ساڵی( ١٩٩٤ ) دامەزرا، یەکەمین بەرهەمەکانی ئەم تیپە بریتییبوون لە: بێکەسی، بۆئەوین، ئاهەنگی ڕۆح، دامەزرێنەرانی (سەباح سەنتور، حوسێن حەمەدەمین، داناغەنی، سەباح شێخانی، فەرهاد محمەدسالّح، خالیدمەجیدفەرەج).وەرگیراوە لە: (سروشت ناجی: تیپی مۆسیقای فۆلکلۆری کوردی، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٥/٢٨ بڵاوکراوەتەوە لەڕێکەوتی ٢٠٢٢/١١/٧وەرگیراوەلە وێبسایتی https://bit.ly/3wDezws.

(5) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئاڤان جەمال ئەحمەد)،سلێمانی، ٢٠٢٢/٩/١١؛ ساڵی ( ١٩٧٧ ) لە شاری سلێمانی گەڕەکی چوارباخ لەدایک بووە، سەرەتای کارکردنی بۆ ساڵی( ١٩٩٣) دەگەڕێتەوە، ساڵانی( ١٩٩٧_١٩٩٨ ) پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەشی شێوەکاری تەواوکردووە. (سەردار خدر حسین: ئافرەت لەمۆسیقا وگۆرانی کوردیدا، چ١، چاپخانەی هەواڵ، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٤٤).

(6) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ( نەرمین ڕە زا شەمس الدین) ،سلێمانی،٢٠٢٢/٨/٢٢.

گۆرانی (حەریرە) لەئامادەکردنی (فەرهاد موحەمەد سالح) لەکەناڵی گەلی کوردستان بڵاوکرایەوە. بەشـداری زۆر ئاهـەنگ و بۆنـەکانی کـردووە وەک یـادی سـاڵرۆژی تیپـی فۆلکلـۆری کـوردیی، بەرهەمێکی بۆ هەڵەبجە هەیە لە ئامادەکردنی فەرهاد حەمە ساڵحە و بەرهەمێکە تر بەناو (کۆچ) لـە ئاواز و ئامادەکردنی سەباح شێخانی، هەیە[1]. ناوبراو بەشدارییی ئاهـەنگی تیپی نەتـەوەی میللی کردووە، لەیەکەم ئاهەنگەکاندا ساڵی (١٩٩٨)سازکرا، وەک میوان بەشداربووە، بەشدارییی یادی سەدساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردیی کردووە، بۆ یادی نەورۆز لەگەڵ هەردوو هونەرمەند (ڕازاو عومەر) و (عەبدولقادر حەسەن)، بەشداربووە، لە هەمان ساڵدا، شیلان عوسمان چواربەرهەمی بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن تۆمارکردووە، هاوکات دوابەرهەمیشی فرمێسکباران بووە لەساڵی (١٩٩٨)، لەبۆنە و ئاهەنگەکان و یادەکان بەشداربووە [٢].

ژنان گۆرانی و سرووديان بۆ بۆنـە و کارەساتی هەڵەبجـە و ئـەنفال و بۆنـە نەتەوەییـەکان و سـەری سـاڵ و کـۆچ کـردن وتـووە، هەریەکـە لـەو گۆرانیانـە دەربڕینـی هەسـت و نـاخی ژنـە گۆرانیبێژەکان بوون لەوانە (تارا رسول) لەو ژنە هونەرمەندانەیە سرودی هەڵەبجەی شەهیدی لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی تۆمارکردووە، دواتر هەرلەگەڵ ئەو تیپە گۆرانی (با بچینە سەر وەیس، دیسان دڵی شەیدای من لە ئاوازی ساڵح رۆوف، گوڵاڵە سورە فۆلکلۆر، ڕەهێڵە و گۆرانی مـەڕۆرەوەی تۆمـارکرد)وە، لـە بۆنـەکانی ڕاپـەرین و ئـەنفال و بەشـداری کـردووە، گـۆرانی بـۆ پێشــمەرگە و ڕانیــە و قــەڵادزێ تۆمــارکردووە، جگەلــەوەی لەچەنــدین کۆنســێرت و یــادی ژنـان(٨)مـارس و کـۆنفرانس بەشـداری کـردووە و چۆتـە بەندیخانـەی ژنـان ئاهـەنگی تایبـەتی بۆکردوون، واتە لە ساڵانی(١٩٩١_٢٠٠٣) وەک ژن ڕۆڵی هەبووە و ڕۆڵی دیار و بەرچاو بووە، لە سـاڵی (١٩٩٧) چۆتـەدەرەوە لـە سـوریا لـەیادی ژنـان بەشـداری کـردووە و گـۆرانی سیاسـی تۆمارکردووە و ناردوویەتی بۆکوردستان[٣].

ژن لـەو دەمـەدا توانیویـەتی لـە پرۆسـەی ئاشتەوایی و نـەیاربوونی بـۆ شـەڕی براکوژی ڕۆڵـی بەرچاوی هەبێت، لـەم سـۆنگەیەوە هونـەری کردووە بە سـەکۆیەک بۆ گەیاندنی پەیامی ئاشتیانە هــەروەک هونەرمەنــدان (نــەرمین ڕەزا و ئــەڤین عوســمان) ســرودێکیان بــۆ وەســتاندنی شــەڕی براکوژی وتووە و لە ڕادیۆەکانەوە ئەم سرووده پەخش دەکرا، کەباسی لەوە دەکرد شەڕ چەند

---

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئاڤان جەمال)، سلێمانی،٢٠٢٢/٩/١١.

سەردار خدر حسین: ئافرەت لەمۆسیقا وگۆرانی کوردیدا ،ل٤٦.

[3] چاوپێکەوتنی توێژەر لەڕێگەی واتس ئەپەوە لەگەڵ (تارا رسول)،سوید ،٢٠٢٢/٨/٢٠. تارا رسول: لەدایک بووی سـاڵی ( ١٩٧٥ ) لەسـلێمانی لەگـەڕەکی سەرشـەقام، هـەر لـە منداڵیـەوە خولیـای هونـەربووە، نـەیتوانیوە بخـوێنێ لەتەمـەنی( ١٦ )سـاڵیدا دەچێتـە لای ئـەنوەر قـەرەداغی بەمەبەسـتی گۆرانی وتـن لە سـاڵی( ١٩٩١) دەسـتی بـەکاری هونەری کردووە، چەندین گۆرانی لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی تۆمارکردووە. (چاوپێکەوتنی توێژەر لە ڕێگەی واتس ئەپەوە لەگەڵ (تارا رسول)، سوید،٢٠٢٢/٨/٢٠).

ناپەسەندە و بەهۆیەوە سەدان گەنج وا لەژێر خاکدان و چەندین پەیامی تری گەیاندووە. نەرمین ڕەزا جگەلەوەی بۆ هەڵبژاردن و بۆنە سیاسیەکان هەوڵیداوە وەک ژنێ کاربکات و هەروەها لەڕێگەی سرودەکانیشەوە هەوڵیداوە کەوا لە خەڵک بکات نەتەوەی خۆش بوێت، سالی(۲۰۰۰_۲۰۰۱) گۆرانی نەورۆز لە ئاوازی مامۆستا باکوری لەلایەن (ی.ژ.ک) گۆرانیەکەی تۆمار کردووە[1].

بەهۆی سەختی بارودۆخی ئابووری و شەڕی ناوخۆ و کۆچی گەنجان بۆ دەرەوەی وڵات ، هەموو ئەو ڕووداوانە کاریگەری نەرێنی لە سەر تاکی کورد دروست کرد ژنانیش وەک هەمیشە پشکی شێریان بەرکەوتووە، ژنانی هونەرمەند لە ژێر کاریگەری کۆچ لەڕێگەی وتنی گۆرانیەوە ناخی خۆیان دەردەبڕی، لەوانە هونەرمەند (ئەمەل سەعیدکوردە)بوو، لەڕێگەی گۆرانی (سنورئارام بە) کاریگەریی لەسەرخەڵک هەبوو چونکە هەریەکە و ئازیزێکی لەو کاتەدا کۆچی کردبوو[2].

جگەلەمانە هونەرمەند (ئەمەل) خاوەنی چەندین بەرهەمە بەناوی (دەریا) لەئاوازی (ئەنوەر قەرەداغی و شیعری ڕەووف بێگەرد)ە، هەروەها لە چەندین فیستیڤاڵ بەشداری کردووە، هەروەها گۆرانی بۆپێشەکی فیلم کارتۆنی (نێلز) وتووە، دواتر لە درامای تەلەفزیۆنی (ئەندێشەی زامێکی قوڵ) و (فرمێسکی ڕەش)، (قوربانی)، (خەمی چۆلەکەکان) گۆرانی تۆمارکردووە[3]، هەروەها گۆرانی (ژوانی دڵ) لە ئاواز و دەرهێنانی ئەنوەرقەرەداغی تۆمار کردووە[4].

بێگومان لە سالانی دوای ڕاپەڕین چەندین گۆرانیبێژ دەرکەوتن بۆئەوەی بوونی خۆیان بسەلمێنن لەکۆمەڵگەدا و سەرەڕای ئەوەش ئارەزوویان بۆ گۆرانی وتن بەربەستەکانیان تێک شکاند لەوانە: (نیان عبدالله[5]) لەسالانی(۱۹۹۵_۱۹۹٦) دەستی بەکاری هونەریی کرد، یەکەم کاری (جێم مەهێڵە)لە هۆنراوەی نەجم هۆگر و ئاوازی ئیبراهیم سابر بووە[6]، دواتر گۆرانی (شەنگەگوڵ) ئاوازی نەجم هۆگر و ئاوازی توانا جەمال بوو[7]. پاشان گۆرانی (گوڵی ئەوین و ساباتی خۆشەویستی)چڕیوە،

---

(1) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (نەرمین ڕەزا شمس الدين)، سلێمانی،۲۰۲۲/۸/۲۲.

(2) ئەمەل سەعیدکوردە: ڕادیۆی خاک، لە ڕێکەوتی ۲۰۲۲/۹/۲۷، بڵاوکراوەتەوە لە ڕێکەوتی ۲۰۲۲/۱۲/۱۱وەرگیراوە لە وێبسایتی https://bit.ly/3XCWfCh.

(3) دڵشاد: هونەرەجوانەکان ودەنگێکی نوێ، کوردستانی نوێ، ژ.(٦٦٠)، ۱۹۹٤/٤/۱٤، ل۸.

(4) ئەمەل سەعیدکوردە: بڕوانە ئەی یار، لە سالی ۲۰۲۱، بلاوکراوەتەوە لە یوتوب https://bit.ly/3JmSQDa.

(5)نیان عبدالله: لە سالی( ۱۹۷٥ ) لەسلێمانی لەدایکبووە، لەخێزانێک بووە براکانی خولیای مۆسیقا بوون، و ئارەزووی گۆرانی وتن بووە هەرلەقۆناغی ناوەندییەوە لەئاهەنگەکانی قوتابخانەدا بەشداری دەکردوهاوڕێکانی هانیان دەدا، براکانی هاوکاری بوون .(سەردارخدرحسین: ئافرەت لەمۆسیقاوگۆرانی کوردیدا، ل٤۲).

(6) ساکارعەبدولا: چاوپێکەوتنی نیان عبدالله، بەرنامەی گوڵنیشان، لە سالی ۲۰۱۹ لە یوتوب بلاوکراوەتەوهلە ڕێکەوتی ۲۰۲۲/٥/٤وەرگیراوە لە https://bit.ly/3XM9QqO.

(7) ژیان نوری: گۆرانی شەنگەگول لەهەموو گۆرانیەکان خۆشتردەوێ، پشوی کوردستانی نوێ، ژ.(۷)، ۲ی تشرینی تشرینی ۱۹۹۹، ل۲۲.

بۆیەکەمجار کۆنسێرتێکی تایبەت بەخۆی ئەنجامدا، سەرجەم هۆنراوەکانی (تواناجەمال)ی کردووە بە گۆرانی و لەهۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی پێشکەشی کردووە وەک گۆرانیی (بیرەوەری باڵندەی ڕۆح، دیلی ئەوین، ڕەشماڵ ژوان، هێلانەی دڵ، هەڵە، زریانی داخ)[(1)]. یەکێکیتر لەو ژنە هونەرمەندانەی لەو کاتەدا ڕۆڵی هەبوو لە بەرەوە پێشبردنی ڕەوتی ڕۆشنبیریی و هونەری لە سلێمانی هونەرمەند (دڵنیا قەرەداغی[(٢)]) بوو، سەرەتای کاری هونەری دەگەڕێتەوە بۆساڵی (١٩٩٢)، یەکەمین کاری (ئەی یاران چاوەڕوانی) لەئاوازی ئەنوەرقەرەداغی بوو، لە فیستیڤالی گۆرانی و میوزیکی کوردیی لەسلێمانی ئەو گۆرانیەی پێشکەش کردووە[(٣)].

**دووەم: ژن و بەشداری لە مۆسیقادا:**

تێگەیشتنی گشتی بۆ مۆسیقا ئەوەیە کە ئامانج لێی چێژە، بەڵام جگە لە چێژ و ڕێگە چێژبەخشەکە، مۆسیقا کەرەستەی دەربڕینی هەست و سۆز و ئاودێری ڕۆحی مرۆڤە[(٤)]. ئەوەی گرنگە لەهونەری مۆسیقا بۆ تێگەشتن و چێژ وەرگرتن لێی تەنها گوێگرتنە، واتە (مۆسیقا ئەو هونەرەیە کە لەبنەماوە پەیوەستە بە کاتەوە لێرەوە هاوشێوەی چیرۆکە، بەڵام لە چیرۆکدا ئاسانترە چونکە زۆر بەزووی خوێنەر یان بینەر هۆگری ڕووداوەکان دەبێت و وەریدەگرێت. لەبەرئەوەی ڕووداو و بەسەرهاتی ناوچیرۆک شتی سادەی ناوژیانی کۆمەڵ و خودی مرۆڤە کە بەئاسانی دەتوانرێت بگەڕێنەوە بۆساتەکانی پێش خۆمان. بەڵام لە مۆسیقادا ئەمە پابەندە بەئەندێشەی خەیاڵ و بەستنەوەیان بە ڕووداوەکانی پیش خۆی و دوای خۆی کارێکی ئاسان نیە چونکە لەمۆسیقادا پێویست لەسەر گوێگر ئاوازەکە بناسیت وپێی ئاشنابێت[(٥)]. چەندین ژن لەڕێگەی پارچە مۆسیقایەک مۆسیقایەک هەوڵیانداوە ئازار و خەمەکانی ژن دەرببڕن، لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری (١٩٩١) ژمارەیەک لە ژنان لە تیپە مۆسیقایەکان دەرکەوتن لەوانە (نەوژین محمد عبدالكریم[(٦)])بوو، ئەو ژنە

---

[(1)] سەردارخدرحسین: ئافرەت لە مۆسیقاو...، ل٤٣.

[(2)]دڵنیا حسین ساڵح قەرەداغی: لە (١٩٧٦ )لەدایکبووە، لەمنداڵیەوە خولیای هونەر و گۆرانی وتن بووە، ئەوەی هاندەر بووە هاتنە نێودنیای هونەری و بۆگۆرانی وتن (ئەنوەرقەرەداغی بووە).. (سەردارخدرحسین: ئافرەت لە مۆسیقا...، ل ٤٢).

(٣).شارا ئیبراهیم: چاوپێکەوتنی دڵنیا قەرەداغی، بەرنامەی شارا، لە ساڵی ٢٠١٨ لە یوتوب بڵاوکراوەتەوە لەڕێکەوتی ٢٠٢٢/٩/٢٢وەرگیراوە لەلەhttps://bit.ly/3HNUm0h.

[(4)] سادق حاجی ڕۆستەمی: مۆسیقای کوردی لەڕابردووەتا ئێستا،لەڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٢/٦وەرگیراوە .http://haje.ir/newsdetails.aspx?itemid=9436

[(5)] ئارۆن کۆپلاند: چۆن چێژ لەمۆسیقا وەربگرین؛ وە: عادل محەمەدکەریم، چ١، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١١، ل١٩- ٢٠.

[(6)]چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (نەوژین محەمەدعبدول کەریم)،سلێمانی، ٢٠٢٢/٨/٨. نەوژین محمدعبدالكریم: ساڵی( ١٩٧٣ ) لەگەڕەکی ی سەرکارێز لە سلێمانی لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتای لەقوتابخانەی ئەمین زەکی وقوتابخانەی هەردی تەواوکردووە، لەناوەندی کوردستان وبەختیاری تەواوکردووە لە ساڵی( ١٩٨٩-١٩٩٠) لە

ژنە بە توانایەیە کە هەوڵیداوە خەمەکانی و ناخۆشیەکانی ژیانی لەڕێگەی ژەنینی (کەمانچە)کەی لەبیر بکات و بەردەوامی بە هونەرەکەی بدات ولەڕێگەی ئاوازەکانیەوە خەمی ژنان و ئازارەکانی ژنان بخاتەڕوو. لەقۆناغی یەکەمی پەیمانگا بەشداری چالاکی ناوپەیمانگا و دەرەوەی پەیمانگای کردووە، دواترلەسەرجەم گروپەکان کاری کردووە لەساڵی (١٩٩٦)دا، ناوبراو لەدەستەی دامەزرێنەری تیپی مۆسیقای فۆلکلۆری کوردی بووە. ئەندامی تیپی مۆسیقای سلێمانیی بووە، یەکەم کاری ئاواز دانانی لەساڵی (١٩٩٦) بووە، کاری بۆ ژنە گۆرانیبێژەکان کردووە [1].هەروەها (جوان عومەر مەجید[2])، لەسەرجەم فیستیڤاڵەکانی پەیمانگا بە کۆرس یان بە ژەنیی ئامێری کەمانچە بەشداری کردووە، دوای تەواوکردنی پەیمانگا بۆتە مامۆستای مۆسیقا لە قەزای دوکان و بەهاوکاری تیپی مۆسیقای دوکان بۆ نەورۆز لە (٢٢ /١٩٩٩/٣) ئاهەنگێکیان سازکردووە، هەروەها هەریەک لە هونەرمەندان (سهام محەمەد ئەمین بە ژەنینی کەمانچە، فاتمە عەبدوڵا محەمەد بە ئالەتی عود بەشداریی کار و چالاکیەکانییان کردووە، بە تایبەت فاتیمە محەمەد چەند چالاکیەکی هەبووە لەوانە لەساڵی (١٩٩٤)دا لەگەڵ تیپی مۆسقای مەولەوی بەئامێری کەمان و لە (١٩٩٤/١٢/٢١) لەگەڵ هەمان تیپ لە فیستیڤاڵی هونەری شێوەکاریی و مۆسیقا و شانۆ بەشداریی کردووە، دواتر لەڕێکەوتی (٩/١/ ١٩٩٥) لەفیستیڤاڵی گۆرانی و مۆسیقای کوردی لە سلێمانی بەشداربووە، هەروەها لە لە ساڵانی (١٩٩٥_١٩٩٦) بەشداریی فیستیڤاڵی هەڵەبجەی شەهیدی کردووە، ناوبراو لە رۆژی (٣/١١/ ١٩٩٩) لەکۆنسێرتی (نیان عەبدوڵا) بەشداربووە، جگەلەمانە لەچەندین کار و چالاکی تر جێ دەستی دیاربووە[3]. ژنان لە فێرکردنی منداڵان و خاوەن پێداویستی تایبەت ڕۆڵیان هەبووە لەوانە (نازەنین عەلی ئیبراهیم[4]

---

پەیمانگەی هونەرەجوانەکان بەشی مۆسیقا وەرگیراوە، لە (١٩٩٤-١٩٩٥ ) تەواوی کردووە، فەرمانبەرە بووە لەبەرێوبەری هونەرەکانی موزیک سەربە وەزارەتی ڕۆشنبیری. (سەردار خدرحسین: ئافرەت لەمۆسقا وگۆرانی کوردیدا، ل٥٨.)،

[1]سەردار خدرحسین: ئافرەت لەمۆسقا وگۆرانی کوردیدا، ل٥٨.

[2]جوان عومەرمەجید: ساڵی ١٩٧٨ لەشاری سلێمانی لەدایکبووە، هەرلەمنداڵیەوە خولیای مۆسیقا بووە، خاڵیهاندەری سەرەکی بووە چونکە مۆسیقاژەنبووە لە بەشی مۆسیقای کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی، دوای تەواوکردنی قۆناغی ناوەندی ساڵی ١٩٩٣چۆتەپەیمانگای هونەرەجوانەکان بەشی مۆسیقا.(سەردارخدرحسین: ئافرەت لەمۆسیقاوگۆرانی کوردیدا، ل٤٧).

[3] سەردارخدرحسین: ئافرەت لە مۆسیقاوگۆرانی کوردیدا ، ل٤٧- ٥٣.

[4]چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (نازەنین عەلی ئیبراهیم)،سلێمانی، ٢٠٢٢/٨/٢٣؛ لە ( ١٩٦٧/١/٤) لەسلێمانی لەدایک بووە.ساڵی( ١٩٨١-١٩٨٢ ) دەستی بەکاری هونەری کردووە لەچالاکی قوتابخانەکان بووە، دوای ئەوە ساڵانی ( ١٩٨٦-١٩٨٧) چوەتە پەیمانگای هونەرەجوانەکان لەبەشی مۆسیقا بە ئامێری چەلۆی بەشداری ئیشی هونەری زۆری کردووە.

)[1] وەک ژنێک چووەتە کاروباری کۆمەڵایەتی لە پەیمانگای هیوای نابیستان وەک مامۆستای مۆسیقا کاری لەگەڵ کردوون و نابینای فێری میوزیک کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی خویندکارەکانی لە ڕەگەزی کچ بوون و هەوڵیداوە فێریان بکات بۆئەوەی هەست بەکەمی نەکەن دەستی گرتوون و هاوکاریان بووە[٢].هونەری مۆسیقا وەک کایەکی چێژبەخش و رۆحی و پڕاوپڕ لە هەستی جوانی و ئەندێشەی پاکە، ڕۆڵی کاریگەریی هەیە لە بەرەوپێشبردن و گەشەپیدانی ڕەوتی هونەری و ڕۆشنبیریی، ژن لە سلێمانی بەخێرای خۆی فێری ئامێری مۆسیقیەکان کردووە و بەشداربووە لە فیستیڤاڵ و کار و چالاکیە هونەرییەکان، ئەم بەشداریانەی ژنان لەسەروە ئاماژەمان پیکرد نیشانەی زیندویەتی و ڕەچەشکێنی و بەرخودان و تێکۆشانی ژنانی کوردبووە لەو قۆناغەدا، هەروەها سیمای گەشەی پێشکەوتن و هەوڵی بێوچانی چەندین ژن بووە لە شاری سلێمانی.

---

1 .

(2) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (نازەنین عەلی ئیبراهیم)،سلێمانی، ٢٠٢٢/٨/٢٣.

## باسی سێیەم

## ڕۆڵی ژن لە بواری ڕاگەیاندن لەشاری سلێمانی ساڵانی(١٩٩١_٢٠٠٣)

ڕۆژنامەگەری کوردیی کە بەچەندان قەیرانی سەخت و ناهەمواریی سیاسی و نەتەوەیی تێپەڕی کردووە، بەهۆی دەسەڵاتە یەک لەدوایەکەکانی حکومڕانی ئەو وڵاتانەی کوردییان بەسەردا بەشکراوە، هەردەم بۆ تێکدان و شێواندنی ناسنامەی کورد هەزاران شێوازی جۆراوجۆریان پەیرە وکردووە، نەیانهێشتووە کورد ئازادبێت تەنانەت بە زمانی کوردی بدوێ و بنوسێ بۆیە فشارخستنە سەر ڕووناکبیرانی کورد لەبواری کاری ڕۆژنامەگەریدا ئەمەش بۆ نەزۆککردنی ئاستی هۆشیاری نەتەوایەتی بووە. واتە پێش ڕاپەرین دەبوو نووسین و بابەتەکان ئامانج وسیاسەتی ڕژێمی بە عسی تێدا ڕەنگی بداتەوە. بەڵام ڕاپەرین شۆڕشێکی ڕۆشنبیریی لەکوردستاندا بەرپاکردوو، گەر بەراوردی ڕابردووی ڕۆژنامەگەریی کوردی بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە هێندەی سەدساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی بەقەد ئەم چەند ساڵەی ئازادی ڕۆژنامە و گۆڤارو بڵاوکراوەی جۆراوجۆر بەشێوەیەکی ئازادانە دەرنەچوون و ئازادنەبوون[١].

ڕاگەیاندن لەدوای ڕاپەڕین بەدوو قۆناغدا تێپەڕی، قۆناغی پێش هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ، بەشێکی پێش هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان و پێکهێنانی حکومەتی هەرێم و سەردەمی حکومڕانی بەرەی کوردستانی تا ساڵی (١٩٩٥)، لەو قۆناغدا ڕۆژنامەگەریی پێینایە قۆناغێکی نوێ لە ڕۆژی (١٩٩١/١١/١٢) ژمارە سفری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ خاڵی وەچەرخان بوو لەوبوارەدا بە بەراورد بە پێش ڕاپەڕین، چونکە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ یەکەم ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردییە. بەستەڵەکی دەیان ساڵەی بەردەمی ڕۆژنامەگەری کوردی شکاند و سەرەتایەک بوو بۆ بەدوایەکدا هاتنی ڕۆژنامەی تری هەفتانە و مانگانە[٢].

لە سایەی ڕاپەرینی (١٩٩١) ڕۆڵی ژنان زیادی کرد، بەهۆی کاری ڕێکخراوەکانی ژنانەوە، بەتایبەت لەبواری ڕۆژنامەگەریدا، لەسەرەتادا سیمایەکی ئەدەبی پێوە دیاربوو، بەڵام لەساڵانی دوایدا کۆمەڵی ژن لەبواری ڕۆژنامەگەرییدا وەک ڕۆژنامەنووس دەرکەوتن ئامانجیان ئەوەبوو وەک پسپۆڕێک لەوبوارەدا کاربکەن ئەمەش دەرگای کردەوە بۆ نوسینی چەندین بابەت لەسەر مەسەلەی ژنان وکێشە و گیروگرفتیان[٣].

خاسیەت وتایبەتمەندی ڕۆژنامەوانی کوردی دوای ڕاپەرین، لەڕووی ئیمتیازو زۆربوونی بڵاوکراوەی ڕۆژنامەوانی حزبی، لەڕووی پسپۆڕییەوە زیاتر ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بەرەو

---

(1) تابان گەرمیانی: ژنانی باشوری کوردستان، ل٧١- ٧٢.

(2) ئەرسەلان بایز ئیسماعیل: سیمای شیعری کوردی دوای راپەرین(١٩٩٢-٢٠٠٢)، ل٤١-٤٠.

(3) کۆرال توفیق: ژن ورۆژنامەگەری، ڕۆژنامەی ژیانەوە، ژ.(١٥)، ١٩٩٨/١٠/١٩، سالی یەکەم، ل٤.

پسـپۆڕی چـوون، زۆربـوونی ژمـارەی ڕۆژنامـەوان و کارمەنـدانی چاپەمـەنی، بـەکارهێنانی تەکنـەلۆجیای نـوێی چاپەمـەنی و ڕۆژنامـەوانی کـەزیاتر جوانکـاری بـە ڕۆژنامـەوانی بەخشـیوە لەڕووی هونەریەوە[١].

دەیان ناوی ژنانی کورد هاتنە مەیدان، تەنانـەت چەندان گۆڤار و ڕۆژنامـەی ژنـان دەسـتیان بـە دەرچـوون کـرد، لەوانـە: (دەنگـی ئـافرەت، دەنگـی ژنـان، تـەوار، تروسـکە، سـنور، ژیانـەوە، ئاینـدە ژین......)ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە بارودۆخی دوای ڕاپەرین ئەوەی سەلماند کە گرنگترین هۆ یان کۆسپ لە پێش کەوتنی ڕۆڵی ژنان لە ڕۆژنامەوانی کوردی یان ڕاگەیاندنی کـوردی بـە شـێوەیەکی گشتی نەبوونی ئازادی سیاسی بۆ گەلی کورد و داگیرکراوی نیشـتیمانەکەیەوە بـووە، هەلومـەرجی دوای ڕاپەرین بۆ توانای ژنان هەلومـەرجێکی نـوێ ڕەخسـان بـۆ ئـەوەی ژمارەیـەکی زۆر لـە ژنـان بێنە بواری ڕاگەیاندن[٢].

لـەدوای ڕاپـەرین ڕادێوکـان وەچـەرخانێکی گـەورەیان بـە خـۆوەبینی ژمارەیـان بەڕادەیـەک زۆر زیادی کرد، هـەر حزبـە و ڕادێویەک یان زیاتری هەیە، ڕۆڵـی ژنـانی کـورد لـە ڕادێـودا لەسـەرەتاوە ڕۆڵێکـی دیـارتربووە ئەگـەر بـەراورد بکرێـت لەگـەڵ ڕۆژنامەوانیـدا[٣] تەلەفزیونیـەکانی کوردسـتان وەکـو هۆیـەکانی ڕاگەیانـدن ڕویـان لـە زیـادی کـرد لـە (١٩٩١/٩/١١) ،یەکـەم پەخشـی تەلـەفزیۆنی کوردی لە سلێمانی دەستپێکرا بەناوی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان لە دوای سـاڵی (١٩٩٢)، چەنـد کەنالێکی تر چوونە پاڵ ئەو کەناڵە[٤].

بـە وێنـە یـەکێک لـەو ژنانـەی کـە خۆشـی جێدەسـتی دیـاربووە و بـاس لـەو قۆناغـە دەکـات ، (ئیبتسـام ئیسـماعیلە)، نـاوبراو لـەو بـارەوە دەڵێـت" لـە سـاڵانی نەوەدەکانـدا لـە بـواری ڕاگەیانـدندا کارمکردووە و بەتایبەت لە ڕۆژنامەی (الاتحـاد) کـە بـە زمـانی عـەرەبی دەرچـووە و لـە ڕۆژنامـەی هەرێمیشدا کارمکردووە و دواتر ئامادەکاریم دەکرد لە رادیۆی مەڵبەند بۆ بابـەتی تایبـەت لەسـەر پرسەکانی ژنان، کە زۆر گرنک بوون بۆ هۆشیارکردنەوەی ژنان لە ڕێگەی ئێزگە و ڕادیۆکانەوە[٥]
".

---

[1] هیمدات حوسین: ڕۆژنامەوانی وئەدەبیاتی نوێی کوردی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٣١٧.

[2] نادیە عومەر کاکەسوور: ڕۆڵی ئافرەتانی کورد لەڕاگەیاندنی کوردیدا، نامەی ماستەرە پێشکەشی کۆلێجی ئاداب لەزانکۆی سەلاحدین کراوە ،هەولێر، ٢٠٠٤، ل٨١-٨٢. (بڵاونەکراوە).

[3]نادیە عومەر کاکەسوور: ڕۆڵی ئافرەتانی کورد لەڕاگەیاندنی کوردیدا ،ل٨٧.

(٤) هەڤاڵ ئەبوبکر: ڕاگەیاندن وڕاگەیاندنی کوردی، چاپخانەی تیشک، سلێمانی،١٩٩٦، ل٤٥.

[٥]. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئیبتیسام ئیسماعیل قادر)، سلێمانی، ٢٠٢٢/٣/٢٧.

**تەوەری یەکەم: ڕۆڵی ژنان لە بواری تەلەفزیۆنیدا:**

ژن لەم کایەدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە، چەندین ژن وەک بێژەر و پێشکەش کار هاتنە مەیدان، لە کەناڵە ناوخۆییەکان چ لەکەناڵە ئاسمانیەکان، ڕۆڵی ژنان سەرمەشق بووە، چەندین بەرنامەی ڕێکوپێک لەسەر ژنانی کورد و دۆزی کورد پێشکەشکراون، هەموویان کاریگەری بەرچاویان هەبووە لە پێشخستنی ڕۆڵی ژنان لە ڕاگەیاندنی کوردیدا[١].

کارکردنی ژنان لە بواری ڕاگەیاندندا دەرفەتێکی باشە بۆ خزمەتکردنی ژنان وخزمەتکردنی کۆمەڵیش چونکە ئەگەر کارەکە تایبەت بێت بە باسکردنی کێشەی ژنان ئەوا ژن باشتر لە ئازارەکانی خۆی تێ دەگات[٢]. لەو پۆلە ژنانەی کەهاتنە دنیای ڕاگەیاندن وبە تواناو چالاکیەکانیان توانیان بەربەسەکان بشکێنن وڕووبەڕووی کەلتور و داب و نەریتی کۆمەڵگەی کوردی ببنەوە لەو ژنە بە تواناییەی کە ڕێگە خۆشکەربوون بۆ هاتنە کایەی ژنان بۆ بواری ڕاگەیاندن سەرەرای ئەوەش یەکێک بوولەو ژنانەی بەردەوام خولیاوو خەونی کاری بێژەری بووە لە تەلەفزیۆن، (زریان محمود)ە لەساڵی (١٩٩٢) بەدامەزراندنی کەناڵی گەلی کوردستان دەستی بەکارکردن کرد، هەواڵی ناوخۆی دەخوێندەوە دواتر بەرنامەکانی (پرسیار و دیاری، بەرنامەی پێشبڕکێ، بەرنامەی ڕۆژانی ڕەمەزان، بەرنامەی سۆلیداریتی، دەروازەی زانست، بەرنامەی سایەو فۆتۆگرافی پێشکەشکردووە، زۆر بە بوێرانە کارەکانی ڕادەپەڕاند و بەدەنگە بەسۆزەکەی بەرنامەکانی پێشکەشدەکرد[٣]. هەروەها(هێرۆعزیز)یەکێکی تر لە بێژەرە سەرکەوتووەکانی ڕاگەیاندنی کوردی، ڕێگە خۆشکەربووە بۆ ژنان بۆئەوەی بێنە بواری ڕاگەیاند، لەسەرەتادا لە (تەلەفزیۆنی هەرێم) بێژەربووە، دواتر(١٩٩٤) لەبەر زیرەکی ولێهاتووی لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان وەرگیراوە[٤]. هێرۆعزیز کاریگەری لەسەر ژنانی تر هەبووە بۆئەوەی بێنە بواری ڕاگەیاندن لەوانە (بەناز عومەر سەعید)بووە، لەساڵی (١٩٩٥) دەچێتە گەلی کوردستان لەڕێگەی بەرنامەی (ئاویزە)وە بووە بە بێژەر و بۆماوەی پێنچ ساڵ ئەوبەرنامەیە پێشکەش دەکات[٥].بەردەوام بوونی ژنان و هاتنە ناو کاری بێژەرییەوە توانیان ڕۆڵی خۆیان ببینن چونکە ڕاگەیاندن ئەو بڵندگۆیەیە کە ژنان دەتوانن لەڕێگەیەوە داکۆکی لەمافەکانیان وڕاستی بکەن، (ساکارعلی) لە ساڵی (١٩٩٥) لەکاری ڕاگەیاندن

---

(1) نادیە عومەر کاکە سور: ڕۆڵی ئافرەتی کوردلەڕاگەیاندنی کوردیدا، ل٨٩– ٩١.

(2) ڕێوان: بێژەری خەونێک بوو هەرگیز بروام نەدەکرد بێتەدی، ژ.(٣٩) ، سلێمانی، ٢٠٠٢/١٢/١٦ ، ل٨.

(3) محمد ڕەزا: tvگەلی کوردستان بە شێکە لەژیانم، کوردستانی نوێ، ژ.(٢٣٣٢)، ٢٠٠٠/١٢/١٨، ساڵی نۆیەم، ل١٢.

(4) دڵسۆزحمەکەریم: ئەوبێژەرەی باوەڕی بە تواناکانی ژن هەیە، کوردستانی نوێ، ژ.(١٧٤٦)، ساڵی حەوتەم، ١٩٩٨/١١/٢٢، ل٨.

(5) پشتیوان گوڵپی: ژنان پێویستە بجوڵێن، بگۆڕین، تا پەندە باوەکانی ڕۆژگاربەسەریاندا نەسەپێنن، ڕێوان، ژ.(٣٧)، ٢٠٠٢/١١/١٦، ل٨.

بەردەوام بووە، لەسەرەتادا کاری بێژەری لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان کردووە، لەڕێگەی بەرنامەی (ئاوێزە و سینەما و هەواڵەکان)، خەڵک ئاشنابوون پێی[١].

(لەیلا عەلی[٢]) لەساڵی (١٩٩٧) بووە بە(بێژەر[٣]) لەکەناڵی تەلەفزیۆنی خاک[٤] لەشاری سلێمانی دواتر بوو بە بێژەری (کەناڵی کوردسات[٥]) یەکێک بوو لە بێژەرە دیار و بەتواناکان و ڕۆژنامەنوسێکی سەرکەوتووی ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوو[٦]. ناوبراو خاوەن زمانێکی ئەدەبی بووە، هەر ئەم زمانە ئەدەبیی هێنایە ڕاگەیاندنەوە، یەکەم بێژەری هەواڵ بووە لە خاک تیڤی، توانی بە سەرکەوتووی کارەکانی بکات لە بواری مۆنتاژکردن و ئامادەکاری ونووسین و دۆبلاژکردن و پێشکەشکاریدا و لە خاک بەردەوام بووە. دواتر چۆتە کوردسات کە لەناو خاک دامەزراوە هەربەهەمان ستاف بەردەوام کارەکانیان ڕادەپەڕاند، زۆر سەرکەوتوانە لە کوردسات بەرنامەی ئامادە دەکردو و پێشکەشی دەکرد، سۆران عوسمانی لەبارەی لەیلاعەلی دەڵیت" ژنێکی سەرکەوتوو ئازاو بوێر بووە، قسەی لەسەر هەموو شتێک دەکرد کە لە بەرژەوەندی کۆمەڵگە بوایە و کاری بکردایەتە سەر هۆشیاری کۆمەڵگە"، لەیلا عەلی نەدەترسا بەرنامەی هەستیار ی هەڵدەبژاردو و قسەی لەسەردەکرد، لە ڕاگەیاندنی سیاسیشدا کاری کردووە، جگەلەمانە بەردەوام داهێنانی دەکرد بۆ ژنانیتر ببووە نموونەی ئازایەتی و هاندەری ژنانی تر بۆئەوەی بێنە بواری

---

[1] کۆچەرعومەر: ڕاگەیاندن ئەو بڵندگۆیە کە ئێمەی ژنان دەتوانین لەڕێگەوە داکۆکی لە مافەکانمان وحەقیقەت بکەین، ڕێوان، ژ.(٣٨)، سلێمانی، ٢٠٠٢/١٢/١، ل٨.

[2] لەیلاعەلی: لە (١٥ ئایاری ١٩٧١ ) لەگەڕەکی شیوی قازی لە سلێمانی لەدایکبووە، لەساڵی( ١٩٨٩) لە پەیمانگەی پزیشکی دەرمانسازی وەردەگیرێت، لەساڵی( ١٩٩٢ ) ژیانی هاوسەری پێکدێنێت، لەیلا ژنێکی زیرەک ووریا بووە ، هەم شاعیر و ڕۆژنامەنووس وبێژەربووە. (چاوپێکەوتنی ڕەوا: لەیلا عەلیی بێژەر، گۆڤاری پشوی کوردستانی نوێ، ژ.(١)، ١٩٩٩/٧/١٠ ، ل١٤.

[3] بێژەر: ئەوکەسەیە خووێندنەوە و بڵاوکردنەوەی نووچە دەگرێتە ئەستۆ، ئەوکەسەی پراکتیزەی ئەوپیشەیە یان ئەوکارە دەکات پێ دەوترێت بێژەر. بڕوانە (ئاڤان فارس جاف: کارامەیی بێژەری ژن، گۆڤاری (شیکار)، ژ.(١٩)ساڵی پێنجەم، ٢٠١٧، ل٣٨).

[4] تەلەفزیۆنی خاک: لەساڵی( ١٩٩٧ ) لەلایەن (هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد وە دامەزرا، ناوەندی خاک وەک ناوەندێکی ڕاگەیاندن ومیدیاکاران وتەلەفزیۆن... وەک کەناڵێکی سەربەخۆ ودوور لەسیاسەت، ئیش وکارەکانی خۆی لەهونەروئەدەب ومێژوو، ڕووهەڵماڵینی تاوانەکانی ڕژێم وبەسەهاتەکانی کوردستان چڕکردبووەوە.(محمەد سابیر: هێرۆخان لوتکەی خەبات وتێکۆشان، ل٢٥).

[5] کەناڵی کوردسات: ساڵی( ٢٠٠٠) لەلایەن یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە دامەزرا، وەک دووەم سەتەلایتی جیهانی بەزمانی کوردی کە لە کوردستانی عێراقەوە پەخشی دەستپێکرد، هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد سەرپەرشتیارو داڕێژەری بەرنامەکانی بووە، وەک کەناڵێکی سەربەخۆ و سیاسەتی کەلتووری هونەری کاریکردووە. (محمەدسابیر: هێرۆخان لوتکەی خەبات وتێکۆشان، ل٢٦).

[6] هاناعلی: ئەو ژنانەی نابێت لەیادبکرێت، گۆڤاری سەردەمی ژن، ژ.(٣)، ، سلێمانی ،٢٠١٥ ، ل٢٨٨.

ڕاگەیاندن[١].یەکێکیتر لەو بێژەرە سەرکەوتوانەی کە لەبواری ڕاگەیاندن ئازایانە هاتنە پێشەوە لەگەڵ ئەوەی بۆ کۆمەڵگەی کوردی کارکردنی ژنان لەم بوارە هەستیارە زەحمەت بوو، بەڵام چاونەترسانە و بێسڵکردنەوە لە کاردانەوەی کۆمەڵگە بە شێوەیەکی چالاک هاتنە مەیدان، لەوانە (تاڤگە محمدنوری[٢]) بوو، لە کۆتاییەکانی ساڵی (١٩٩٦) لە خاک تیڤی دەستی بەکارکردن کردووە، دواتر لەساڵی (٢٠٠٠) چۆتە کوردسات، ناوبراو بەرنامەیەکی هەبوو بەناوی (گۆڤاری ڕۆشنبیری)، بینەرێکی زۆری هەبوو، یەکێک بوو ولەوبەرنامانەی جێگەی خۆی کردبووە، ببووە نموونەیەکی باش بۆئەوانەی سەردەمی خۆی و دوای خۆی پەیامی ئەوەبووە، کە چەکی دەستی ژنان تاوەکو ڕاگەیاندکارێک و میدیاکارێکی سەرکەوتووبێت ڕۆشنبیری و باندگراوندێکی پڕ زانیاریەکەیەتی[٣].

هەروەها (فریشتە مستەفا) بێژەرێکی کاریگەر بوو، بەردەوام بەرنامەکەی جێی سەرنجی بینەران بووە توانیویەتی جەماوەرێکی زۆر بینەری بەرنامەکانی بن، سەرەتا لە ڕادێوی هەرێم بەرنامەی (میوانی ستۆدیۆی هەرێم) پێشکەش دەکرد، پاشان لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان بەرنامەی (گوڵە ئەستێرەکانی) پێشکەش دەکرد[٤].

بێگومان بوونی ژنانی ڕاگەیاندکار لەسەرەتای نەوەدەکانەوە تا ڕووخانی ڕژێمی سەدام، وەچەرخانێکی نوێ و بوێریەکی بێهاوتا بوو لە چەند لایەکەوە، وەک دەرخستنی تواناکانی ژنان و ڕەنگدانەوەی هاوسەنگی نێوان ڕەگەزی نێر و مێ، هەروەها پێشکەشکردنی وێنایەک پڕاوپڕ لەهەستکردن بە بەرپرسیارێتی و ڕاکێشانی سەرنجی ژنانی دیکە بۆکایەی هونەر و ڕاگەیاندن بەگشتی. (سەوسەن عومەرنوری[٥]).

---

[1] لەیلا عەلی: بەرنامەی بیرەوەری، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١١/٢٠ بلاوکراوەتەوە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٢/١١وەرگیراوە لە وێبسایتی https://bit.ly/3Y7JSxJ.

[2]تاڤگە محمد نوری: لەساڵی ١٩٧٤ لەشاری سلێمانی لەدایکبووە، دەرچووی پەیمانگەی تەکنیکی بەشی کارگێڕیە، هەر لە منداڵیەوە خولیای ڕاگەیاندن بووە، (چاوپێکەوتنی دالیاجەزا: بێژەری نا ڕۆشنبیروەک سەربازی بێ چەکە کاتی جەنگ،پشوی کوردستانی نوێ، ژ.(١١)، ٢٠٠٠، ل٦).

(٣) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (تاڤگە محمد نوری)، سلێمانی،٢٠٢٢/٧/٢٦.

[4] پەیامنێری پشوو: هەموو شتێکی جوان سەرچاوەکەی خۆشەویستیە، پشووی کوردستانی نوێ، ژ.(٢٥)، تشرینی تشرینی یەکەمی ٢٠٠١، ل٢٦.

[5]چاوپێکەوتنی توێژەر: لەگەڵ (سەوسەن عومەر)،سلێمانی، ٢٠٢٢/٧/٢٢ . سەوسەن عومەرنوری ١٩٧٧/٧/١٢ لەشاری سلێمانی لەدایکبووە، دەرچووی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانە بەشی شانۆ.

) لەبەشی دۆبلاژ لەخاک تیڤی دەستی پێکردووە، ئەو ژنە بەتوانایەی کە شانۆ و فلیم وکارتۆنی جۆرجی وشنەی خاک بەخەڵکی ناساند[1] ،لە ساڵی (١٩٩٧) بەرنامەی (گۆرانی داواکرا و وبەرنامەی پێشبڕکێ) پێشکەش کردووە، دواتر چۆتە کەنالی کوردسات بەرنامەی هونەری و (هەفتەنامەی ڕووناکبیری) پێشکەش کردووە. ژنان جگەلە کارکردن لە بەشی هەواڵ و بەرنامەی کۆمەڵایەتی خزمەتیان بە منداڵان کردووە و بەرنامەی منداڵانیشان پێشکەش کردووە (بەیان زەریفی) بۆماوەی یانزە ساڵ ئامادەکار و پێشکەشکار بووە لە بەشی منداڵان لەتەلەفزیۆنی گەلی کوردستان چەندەها بەرنامەی جۆراوجۆری بەسەرکەوتوویی پێشکەش کردووە. لەوانە (سەرنجبدە، شەترەنج، ئایائەزانی؟، دەست ڕەنگینی، گەشتی زانستی، مەتەڵ، جەژنی لەدایک بوون، چیرۆک، گەشتی باخچە، زارۆڵەکان)، دوو دۆبلاژ، چوارفلیمی کارتۆنی درێژو (گێرانەوەی حەفتا چیرۆک بەدەگی خۆی) لەگەڵ چەندین بەرهەمی تر[2].

ڕۆڵی ژنان لەڕاگەیاندا، ئەوەی سەلماند کە ژنان دەتوانن لە ڕێگەی ڕاگەیاندوە بوونی خۆیان لەکۆمەڵگەدا بسەلمێن و خەڵک هۆشیاربکەنەوە بۆئەوەی چیتر کۆمەڵگە نەبنە ڕێگر لەبەردەم توانای ژنان لەڕێگەی بەرنامەکانیانەوە کە پێشکەشیان دەکرد یاخود ئامادەکردنی ئەو بەرنامانەی کەکاری دەکردە سەر کۆمەڵگە. (چیا ئیسماعیل)، یەکێکی ترە لەو ژنە ڕەچەشکێنانەی لەساڵی (١٩٩٩) لەدەنگی یەکگرتوو رادیۆی سلێمانی وەک بێژەری هەواڵەکان کاری کردووە، لەڕەمەزاندا (بەرنامەی ئەسرینی تەوبەکان) پێشکەش دەکرد، هەروەها ئامادەکارو پیشکەشکاری بەرنامەی (سرەوتی ڕۆح)بووە[3].کارکردن لە ڕاگەیاندندا بووە فەرهەنگ و کولتوورێک کە زۆربەی ژنەکان خەونیان بوو رۆژێک ئەو خەونەیان ببێتە ڕاستی، ئەم کاروانە بەردەوامی هەبوو هەر بۆیە (نینا حەمە ساڵح محەمەد) هەوڵیدا خەونەکەی بەدیبهێنێ و لە کەناڵی ئاسمانی کوردسات لەبەشی عەرەبی دەستی بەکاکردن کرد، بەرنامەیەکی تایبەتی هەبووە بەناوی (من التراث الكردى) لەئامادەکردن و دەرهێنای خۆی بووە، جگە لەوەش بەرنامەی تایبەتی بەبۆنەکان پیشکەش کردووە. پێشتر بۆماوەی سێ ساڵ زیاتر لەهەفتەنامەی (الاتحاد)کاری کردووە لەوێ لەبەشی کۆمپیتەر بووە[4]. جگە لەکاری بێژەری ژنان هەستیان بەکەموکورتی کردووە لەکاری هونەری ڕۆژنامەنوسیدا، ئەمەش وایکرد (نەزیرە ساڵح[5]) کارکردنی لە کۆمپیوتەر و نەخشەسازی

---

[1] چاوپێکەوتنی شەهێن حەمەنوری: سەوسەن عومەر لە جۆرجیەوە بۆلوسی، ڕێوان، ژ.(٢٠)، ٢٠٠٢/٣/٨، سلێمانی، ل٨ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر: لەگەڵ (سەوسەن عومەر)، سلێمانی،٢٠٢٢/٧/٢٢).

[2] زەکیە ڕەشید محەمەد ئەمین: بزوتنەوەی کچانی کورد لە سلێمانی، ل١٣٥.

[3] رۆژنامەی ئایندە: دیمانە لە خوشکێکی بیژەردا (چیا ئیسماعیل)،، ئایندە، ژ.(٥٢) ساڵی پینجەم، ٢٠٠٢، ل٨.

[4] پشتیوان گوڵپی: لەوەڵامی دووپرسیاردا، ڕێوان، ژ.(٢٨)، ٢٠٠٢/٧/١، ل٨.

[5]نەزیرە سالح: ئەندامی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستانە، دەرچووی ئامادەی بازرگانیە.٠رۆژنامەی ئایندە، ژ.(٥٦)ساڵی شەشەم، ٢٠٠٣، ل٨).

دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٩٦) بەشداری لە خولێکی بەرنامەی بەیسک کردووە، دواتر لە (تشرینی یەکەمی ١٩٩٨) یەکگرتووی خوشکان دەستنیشانیان کردوو هاندەری بوون بۆ بەردەوام بوون لەم بوارەدا، لە بواری نەخشەسازی لە نامیلکەیەکەوە دەستی پێ کرد پاشان لە ئازاری (٢٠٠١) لە ژمارە (٤٠) ڕۆژنامەی ئاینده کاری نەخشەسازی بۆ ڕۆژنامەی ئاینده کرد، داینەمۆی کارکردنی لەبواری ڕۆژنامەنوسیدا لەوەوە سەرچاوەی گرتووە مەبەستی بووە وەک ژنێک ئەوەبخاتە ڕووکە پێویستە کارەکانی ژنان ڕەنگدانەوەی بۆچون وهزری ژنانە بێت، هاوکات کارەکان ڕاپەڕێن بەزەوق وبیری ژنانە بتوانن گوزارشت لەخۆشی وناخۆشی ژنان لەبڵاوکراوەکانی ژنان بکەن چونکە ژنان بە شارەزابوون وڕۆشنبیریان لەسەر زانستە هەنوکەییەکان ومامەڵەکردن لەگەڵ ژیان دەتوانن ڕۆڵیان لەکۆمەڵگەدا وەربگرنەوە و بوونی خۆیان بسەلمێنن[١].

زۆرجار ژنان دەستیان بردووە بۆ کارێک کە نەنگی بووە ژن ئەوکارە بکات، چونکە کۆمەڵگە پێ وابووە کاری وێنەگرتن و کامێرامان ئیشی پیاوە، بەڵام سەرباری ئەوەش (پەیمان عیزەددین) لە سالانی (١٩٩١_١٩٩٩) لەبواری ڕاگەیاندن کاری وێنەگرتنی کردووە، چونکە پێوابووە کە دەبێت دەستبداتە کارێک کە پێشتر تاقی نەکراوەتەوە و بۆئەوەی ببێتە ڕەچەشکێن و تاقی بکرێتەوە، وە پیشانی بدات ژنانیش لەتوانای هەیە هەموو کارێک بکات[٢].

یەکێکی تر لەو ژنانەی کە جێدەستی دیاربووە لە خزمەت کردن بە مەسەلەی ژنان (کنێرعەبدوڵا)یە، ئەو لەدوای ڕاپەرین خولیای ئیشیکردنی هەبووە بۆ مەسەلەی ژنان، لەڕاگەیاندنی (ی.ژ.ک)دەستی پێ کرد، بەرنامەی تەواری پێشکەش دەکرد، ئەو بەرنامەیە تایبەت بوو بە کاروکێشەی ژنان، دواتر لە ساڵی (٢٠٠١) هەر لەبواری ژنان دەستی بە نووسین کردووە، بەوتاری کورت دواتر بووە گۆشەی هەفتانە دووهەفتەجارێ بڵاودەکرایەوە لە ڕۆژنامەکاندا، دواتر دەستی بە توێژینەوە کردووە[٣]. ڕۆڵی ئەوژنانەی کە هەڵیانداوە لەڕێگەی کارکردن لە ڕاگەیاندن و نووسینەکانیانەوە ئازایانەو بوێرانە بەربەرچی کۆمەڵگە بدەنەوە، هەموو ئەوناهەقیانەی کە بەرامبەر بە ژنان دەکرێ بخاتەڕوو (هانا شوان) نموونەی ئەو جۆرە ژنانەیە، کاری لەسەر مەسەلەی کوشتنی ژنان کردووە، کە زۆرجار بە ناهەقی ژن کوژراوە، ناوبراو هەوڵیداوە لەڕێگەی گێرانەوەی چیرۆکی خەمناوی کوشتنی ژنانەوە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە دروست بکات، بۆئەوەی ڕووداوی کوشتنی ژنان دووبارە نەبێتەوە، کات هەبووە لەسەر نووسین وبڵاوکردنەوەی سەرژمێری و واژۆ کۆکردنەوە بۆئەوەی ئاشتەوای خێڵەکی نەکرێ و کچ لە خوار ١٨ ساڵ بەشوو

---

(1) نەزیرە سالح: ئەندامی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستانە، دەرچووی ئامادەی بازرگانیە.٠ڕۆژنامەی ئاینده، ژ.(٥٦)ساڵی شەشەم، ٢٠٠٣، ل٨).

(2) چاوپێکەوتنی توێژەر: لەگەڵ (پەیمان عیزەدین)، سلێمانی،٢٠٢٢/٣/١٤.

(3) چاوپێکەوتنی توێژەر: لەگەڵ(کنێرعەبدوڵا)،سلێمانی، ٢٠٢٢/١/٢٦.

نەدرێت، ڕووبەڕووی کێشە و گرفت بۆتەوە ئەمانە بابەتێکن کۆمەڵگە قبوڵی ناکات، تەنانەت لە سەر نووسینێک کە لەسەر کادیرێکی ئاسایش نوسیویەتی بەهۆی ئەوەی لە ژنەکەی خۆیداوە دووساڵ حکوم دراوە بە بیانووی ئەوەی بەهۆی ئەو نوسینەوە ئاسایشی سلێمانی لەکەدارکردووە، بەڵام کۆڵی نەداوە بەردەوام بووە لەسەر خزمەتکردن بە کێشەی ژنان[1].

## تەوەری دووەم: ڕۆڵی ژن لە بواری ڕۆژنامەگەرییدا

ڕۆژنامەگەریی دیاردە و پرۆسەیەکی شارستانی کۆمەڵایەتیە و لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵی شارستانی و لەچەرخی پێشکەوتندا هاتۆتە ئاراوە، ڕۆژنامەگەری مێژوویەکی دێرینی هەیە بە پێی بەرەوپێشچوونی مرۆڤایەتی کاروانی ڕۆژنامەگەری بەگشتی و ڕۆژنامە بەتایبەتی تووشی چەندان ئاستەنگ و بەربەرەکانی کردن هاتووە تا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی خۆی بسەلمێنێ بە (دەسەڵاتی چوارەم) ناوزەندبکرێت[2].

لەدوای ڕاپەرینەوە دەیان گۆڤار و ڕۆژنامەی تایبەت بە ژنان دەرچوون[3]. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، لەدوای ساڵی (١٩٩١) وەک یەکەم ڕۆژنامەی سیاسی بۆیەکەمجار لاپەڕەیەکی تایبەتی بە ژنان کردەوە، ئەمەش گرنگی خۆی هەبوو تاوەکو ژنان هەفتانە ئاگاداری گۆڕانکاری و جوڵانەوەی سیاسی وکۆمەڵایەتیەکان و دید و بۆچوونی ژنانی ئەم بەشە ڕزگاربووەی کوردستان بن کە پەیوەندی بە ڕەگەزی ئەوانەوە هەیە. کوردستانی نوێ دەستپێشخەر بووە لە دەرچوونی لاپەڕەیەکی تایبەت بە ژنان و توانیبوی کە چەندین ژن وەک نووسەر و ڕۆژنامەنوس و پەیامنێر و لێپرسراوی لاپەڕەو سکرتێری نوسین پێبگەیەنێت[4].

هەروەها ڕۆژنامەی (ڕێگای کوردستان) وەکو زمانحاڵی حزبێکی پێشکەوتووخواز کە حیزبی شیوعی کوردستانە، کەسەرەتا بە (٢٠) ڕۆژ جارێک دەردەچوو، دواتر بووبە هەفتانە، لە ژمارە پێنجەوە کە لەسەرەتای حوزەیرانی(١٩٩٢) دەرچووە لەماوەی ساڵێکی تەمەنیدا (٨٨) ژمارەی لێدەرچووە، لەوژمارانەشدا (١٠) وتار و لێکۆڵینەوەی بەپێزی لەسەرمەسەلە و کێشەی ژنان

---

(1) چاوپێکەوتنی توێژەر: لەگەڵ(هانا شوان)،سلێمانی، ٢٠٢٢/٣/١١.

(2) سۆزان مامە: ژن وگەڕان بەدوای ناسنامەدا، چاپ وبڵاوکردنەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل١٢٧.

(3)ڕۆژنیوز: پاشەکشەی ڕۆژنامەگەری ژنان لەنێوان نەبوونی فکروقەیرانی دارایدا، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٢/٢٤ بڵاوکراوەتەوە لەڕکەوتی ٢٠٢٢/١/٢٩وەرگیراوە لە وێبسایتی: https://bit.ly/3RhLByp

(4) تابان گەرمیانی: ژنانی باشوری کوردستان، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٢١، ل٢٦١- ٢٦٢.

تێدایە وهیچ چاوپێکەوتنێکی ژنان لەدوالاپەڕەی ئەو ڕۆژنامەیەدا نیە بەڵام دەتوانرێت بە پێشەنگی ئەورۆژنامانە دابنرێت کە لەیەکەم هەنگاوە بایەخی بە کێشەی ژن داوە[1].

بڵاوکردنەوەی گۆڤار و ڕۆژنامە لەبواری ژناندا بەشێوەیەکی تایبەتی کاریگەری هەیە لەسەر بزوتنەوەی هۆشیاری ژنان، ژنان دەتوانن سود ببینێ لە خوێندنەوەی گۆڤارو ڕۆژنامەکان بۆ ئاگاداربوون لە گۆڕانکارییەکان لەسەر ئاستی ناوچەی و جیهانی، دواتر دەتوانێ خۆی پێ ڕۆشنبیربکات لە هەموو بوارەکاندا، بەهۆی ئەو ئازادییەی کە لەدوای ڕاپەڕین دروست بووە چەندین گۆڤارو ڕۆژنامە هەفتانە و ڕۆژانە ساڵانە دەردەچوون ژنیش دەتوانێ لەڕێگەی خوێندنەوەیانەوە و لەڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە پیادەی مافەکانی خۆی بکات، کاتێ ژنێ لەڕۆژنامە یان گۆڤارێ کاردەکات حەتمەن ڕۆشنبیردەبێت، چونکە کارکردن لەڕۆژنامەدا دەبێتە زیاتر هۆشیاری ژنان[2].

**گرنگترین ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی تایبەت بوون بە ژنان لە سساڵانی (١٩٩١_٢٠٠٣)**

ڕۆژنامەوانی ژنان بە ڕۆژنامەوانیەکی تایبەتمەند دادەنرێت، چونکە بابەتەکانی تایبەتە بەتوێژێکی دیاریکراوو باس لەبۆچوونی ژن دەکات، ڕۆژنامەوانی ژنان باس لە کێشە وگرفتی ژنان دەکات و تیادا ژن دەتوانێت بیروڕاکانی خۆی لەهەموو ئەوبابەتانەی مەبەستیەتی دەربڕێت[3].

**١_گۆڤاری تەوار:** گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتی کۆمەڵایەتی وەرزییە و یەکێتی ژنانی کوردستان دەریدەکات[4]. پاش دامەزراندنی (ی.ژ.ک) لە( ٤ ) تشرینی دووەمی(١٩٨٩)لەشاری سەقز لیژنەی ڕاگەیاندن بەسەرپەرشتی (هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد) پێک هێنرا، ئەو لیژنەیە ئەرکی دەرکردنی گۆڤارەکەی گرتە ئەستۆ، خولی یەکەمی گۆڤارەکە تەنها دوو ژمارەی لێ دەرچووە هەردووکی لە چاپخانەی (برایم عەزۆ) لەشاری سەقز چاپ کراون، ژمارە یەکی لە ئازاری (١٩٩٠) دەرچووە (٥٥) لاپەرەبووە، ژمارەی دووەمی لە(کانونی یەکەمی ١٩٩٠)دەرچووە، (٦٢) لاپەڕەبووە. بابەتەکانی هەردوو ژمارە تایبەت بوون بە کاروباری ژنان و دەرفتێکی باشی تێدایە بۆ بابەتی وێژەیی[5]. یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی گۆڤاری تەوار ئەوەبوو کەتوانیویەتی بەشێوەیەکی

---

[1] کازیوە ساڵح: ژنی کورد لەدەروازەی هەزارەی سێیەمدا، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ل١٣٦.

[2] تارا حسین صالح: چاوپێکەوتن لەگەڵ (ابتسام اسماعیل) (مامدیات تأثیر المنشورات علی توعیة المرأة الکردستانیة)، ملحق ریوان العربی، العدد(١٦)السنة الاولی، ٢٠٠٢/١/١، ص١.

[3] جوان جەلەلادین محێدین، قەڵەمی ژنی کورد لەڕۆژنامەوانەی کوردیدا، گۆڤاری تەوار، ژ.(٣١)، ٢٠١٠، ل١٤٩-١٥٠.

[4] تابان گەرمیانی: دەستکەوتەکانی ژنانی باشوری کوردستان، ل١٩٦.

[5] فەرید ئەسەسەد: ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، چ٤، ب١، چ٤، دەزگاوچاپ و بڵاوکردنەوەی سەروەری، سلێمانی، ٢٠٢١، ل٥٣٤.

ئیرادە گەرییانە و ئەرێینانە ئەرکەکان بگوازێتەوە لە کەسێکەوە بۆ ئەویتر، ئیدی لەئاست گۆرانکارییەکان بووبێت لەدەستەی نوسەران یان لەئاست سەرنوسەرەکاندا. یەکێکی تر لە تایبەتمەندیەکانی گۆڤاری تەوار بریتیبووە لەوەی بەدەر لە ڕەچاوکردنی هێڵەگشتیەکانی گۆڤار، هیچ کات هێڵی سووری نەبووە بۆخاوەن قەڵەمەکان بەو واتایەی هەر نوسین و بابەتێک لە خزمەتی ئامانجی مەسەلەی ژنان بوبێت، دەرگای گۆڤارەکە والابووە بۆنوسەران، بێ ئەوەی هیچ سانسۆر و بەربەست و جیاوازییەک بکرێت لەڕووی ڕەگەزی، ئایدۆلۆجی جوگرافی و سیاسی، کە ئەمەش بۆخۆی دەریدەخات کە ئامانجە گەورەکە ژنە، وەک مەسەلەیەکی کۆمەڵگەیی[1].

**٢.گۆڤاری پەیامی خوشکان**: لە ناساندنەکەیدا نووسراوە، گۆڤارێکی ئیسلامی گشتی ژنانەیە ویەکێتی ئافرەتانی موسوڵمان دەریکردووە. خاوەنی ئیمتیاز: (سوعاد عوسمان سەعید)، سەرنوسەر: ئامینە سدیق عەبدولعەزیز. ژمارە(١) لەساڵی (١٩٩٢)دەرچووە، ژمارە (١) ساڵی پێنجەمی لەساڵی (١٩٩٧) دەرچۆتەوە، بەهەمان خاوەنی ئیمتیاز و سەرنوسەر جێگر و دەستەی نوسەران. ژ (١٩) لەساڵی (١٩٩٨) بەڕەنگی ڕەش وسپی لەشاری سلێمانی دەرچوو[2].

ئەم گۆڤارە زیاتر بابەتەکانی (پەروەردەیی، ئاینی، زانستی و فیکری). ئامانجی ئەوەیە کەپەیامی ژنانی کورد بدات بەخەڵکی لەڕێگەی نوسین و ووتارەکان کە لە گۆڤارەکە بڵاودەکرێتەوە، ئەم گۆڤارە بەبەردەوامی و لەگەڵ ئەو هەموو بێ ئیمکاناتیەدا تا ساڵی (١٩٩٩) دەردەچوو، ساڵ بەساڵ پێشکەوتنی زیاتری لە چەندێتی وچۆنێتی دا بەخۆیەوە ئەبینێ پاش ئەوەی کەبزوتنەوەی ڕاپەرینی ئیسلامی لەگەڵ بزوتنەوەی ئیسلامیدا یەکبوونیان پێکهێنا بە حوکمی ئەو یەکبوونە ((یەکێتی ئافرەتانی موسوڵمانی کورد لەگەڵ خوشکانی بزوتنەوە یەکیان گرت و بڕیاری ڕاگرتنی پەیامی خوشکان درا)).بەڵام دەستەی دامەزرێنەری پەیامی خوشکان ئیشیان کرد بۆ زیندووکردنەوەی پەیامی خوشکان لەڕۆژی (٢٠٠٧/٩/١٧)[3].

**٣.گۆڤاری سنور**: لە ناساندنەکەیدا هاتووە کە گۆڤارێکی ئیسلامی گشتی مانگانەیە، شورای خوشکانی مەکتەبی ڕێکخستنی بزوتنەوەی ئیسلامی دەریدەکات. ژمارە (١)تشرینی ١٩٩٥ دەرچووە[4]. زیاتر بابەتەکانی لە چوارچێوەی ئاینیدا بووە، لەگەڵ باسکردن لە فەرموودە و پەیامە دینیەکان.

---

(1) کنێر عەبدولا: تایبەتمەندێتییەکانی گۆڤاری تەوار، تەوار، ژ.(٧٩)، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٢٢، ل١٤٣-١٤٤.

(2) تابان گەرمیانی: دەستکەوتەکانی ژنانی باشوری کوردستان، ل١٩٥-١٩٦.

(3) پەیامی خوشکان: پەیامی خوشکان بۆچی دەست پێ ئەکاتەوە، ژ.(٢١)، ساڵی ٢٠٠٧، ل١.

(4) گۆڤاری سنور: ژ.(١)، ساڵی ١٩٩٥.

**٤.دەنگی ژنان**: بڵاوكراوەیەكی ڕۆشنبیری مانگانەیە، ڕاگەیاندنی یەكێتی ژنانی كوردستان لقی سلێمانی دەریدەكات، ژمارە (١) لە ڕێكەوتی (١٩٩٥/٨/٣) دەچووە[1]. ڕێبازی بڵاوكراوەكە بانگەشەكردنە بۆ چاككردنی ڕەوشی ژنانی كوردستان و بەدیهێنانی یەكسانی لە نێوان ژن و پیاودا [2].

**٥. ڕۆژنامەی ژیانەوە**: ڕۆژنامەیەكی ڕۆشنبیریی بووە، سەنتەری ڕاگەیاندنی (ی.ژ.ك) مانگی دووجار دەریكردووە، خاوەنی ئیمتیاز: شەمام شەوقی، سەرنوسەر: هاوژین مەنمی، جێگری سەرنوسەر: ڕووناك فەرەج بووە. ژمارە یەكی لە ناوەڕاستی حوزەیرانی (١٩٩٧/٦/١٩) دەرچووە. ژمارەی لاپەڕەكانی (٨) لاپەڕە بووە.ئامانجی دەركردنی ڕۆژنامەكە (هانی ژنان بدرێت كەبێتە ناو بواری میدیاوە و لەم ڕێگەیەوە حەزەكانی ژن بخرێتەڕوو، هەروەها كۆمەڵێك ڕۆژنامەنووس لەبواری ژناندا كاربكەن). پاش دەرچوونی ژمارە (٨٥)ی ڕۆژنامەكە بەشێك لەدەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەكە جیابوونەوە و بەشێكیتر لە دەستەی نوسەران وەك ڕاگەیاندنی (ی.ژ.ك)درێژەیان بەدەرچوونی ڕۆژنامەكەدا، تا بەرواری (٢٠٠١/١/١) ژمارە(٨٦)ی ڕۆژنامەكە دەرچوو[3].

**٦.ڕۆژنامەی ڕێوان**: ڕۆژنامەیەكی ڕووناكبیری سەربەخۆیە (سەنتەری ڕاگەیاندن و ڕووناكبیری ژنان دەریدەكات. خاوەنی ئیمتیاز: ڕووناك ڕەئوف، سەرنوسەر، هاوژین مەنمی، جێگیر سەرنوسەر، ڕووناك فەرەج ڕەحیم. ژمارە (١)لە ٢٠٠١/٥/١٦ بە (٨)لاپەرەی گەورە و وینەدار لەگەڵ هەر ژمارەیەكدا پاشكۆیەكی (٤) لاپەڕەی بە زمانی عەرەبی لێ دەرچووە لە سلێمانی[4].

**٧.ڕۆژنامەی ئایندە**: ڕۆژنامەیەكی مانگانەی ڕۆشنبیری گشتی یە، یەكگرتووی خوشكانی ئیسلامی كوردستان كردووە، (خاوەنی ئیمتیاز: بەیان نوری تۆفیق)، سەرنوسەر، هەتاومحەمەد ساڵح) ژمارە (١) لەساڵی (١٩٩٦) دەرچووە[5].

**٨.گۆڤار دەنگ_دەنگێك**: گۆڤارێكی ڕۆشنبیری وەرزی سەربەخۆیە، لە ئازاری (١٩٩٦)دا یەكەمین ژمارەی دەرچووە، دوا ژمارەی لە شوباتی(١٩٩٧) دەرچووە[6].

---

[1] ئەمیرە محمد: ژنان ونوسین، دەنگی ژنان، ژ.(٣٢)، ساڵی چوارەم، ٣ ئابی ١٩٩٨، ل٢.

[2] فەریدەئەسەسەد: ئینسكلۆپیدیای یەكێتی نیشتیمانی كوردستان، ل٨٤٠.

[3] بێگەرد عەلی: ڕۆژنامەنووسی تایبەتمەند لەكوردستاندا، رۆژنامەی ژیانەوە بەنموونە، گۆڤاری تەوار، ژ.(٢٣)، چاپخانەی تەوار، ٢٠٠٨، سلێمانی، ل٣٠_ ٣٢.

[4] تابان گەرمیانی: دەستكەوتەكانی ژنان لە باشوری كوردستان، ل ١٧٧.

[5] ڕۆژنامەی ئایندە: ژ.(٦٠)، كانونی یەكەمی ساڵی ٢٠٠٣، ساڵی حەوتەم، ل١.

[6] محمود: لەكورستاندا لەپێناو برەودان بەمەسەلەی ژنان لەڕێگەی ڕاگەیاندنەوە، گۆڤاری دەنگێك، ژ.(٣)، ساڵی دووەم، تەموزی ١٩٩٧، ل٩.

**٩.گۆڤاری بانگەشەی ڕاستی** : گۆڤارێکی ئیسلامیە، دەستەیەک لە ژنانی ئیسلامی دەریان کردووە، خاوەنی ئیمتیاز (شەهلا خالید مستەفا)، سەرنوسەر(بەیان فاتیح محەمەد)، ژمارە (٤)ساڵی ١٩٩٨)بە (٥٤) لاپەڕە لەشاری سلێمانی دەرچووە.

**١٠.گۆڤاری نڤار**: گۆڤاریکی ڕۆشنبیری گشتی وەرزییە، خاوەنی ئیمتیاز(ڕێکەوت عوسمان مجید)، سەرنوسەر(کازیوە سالح)، ژمارە (١) لەمانگی(٣ی ١٩٩٨)دەرچووە، لەدوای ژمارە (٨) گۆڤاری نویکار شوێنی گرتەوە لە شاری سلێمانی دەرکراوە و دواتر ڕاگیراوە[1].

**١١. بڵاوکراوەی ڕاسان**: لە سساڵی (١٩٩٦)دەرچوێندراوە، بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری گشتی ئافرەتانە ڕێکخراوی ئافرەتانی کوردستان دەریدەکات، ژمارە (١) لە (حوزەیرانی ٢٠٠١)، بە (٨) لاپەڕەی بە ڕەش وسپی لەشاری سلێمانی دەرچووە، ).

**١٢. بڵاوکراوەی ئاسودە**: مانگانەیەکی یەکێتی ئافرەتانی سەربەخۆی کوردستان دەریکردووە، ژ(١٣)ی لەشوباتی ٢٠٠١ بە (٨)لاپەڕە لە سلێمانی دەرچووە).

**١٣. ڕۆژنامەی پێگە**: ڕۆژنامەیەکی گشتی ژنانی ئەهلی ئازادە، دووهەفتەجارێک دەرچووە ژمارە(٠)ی لە ٢٠٠٠/٣/٨ بە رەش وسپی لەشاری سلێمانی دەرچووە).

هەندێکی دیکە وەک (بڵاوکراوەی دەنگی خانمان، بڵاوکراوەی یەکسانی، گۆڤاری هانای ژنان، گۆڤاری مێخەک)[2].

ئەو بڵاوکراوانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا زۆربەیان لەساڵی (١٩٩٢) بەدواوە دەرچووە یان سەرلەنوێ دەرچۆتەوە، ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئازادی ودیموکراتیانەی کەلە لەدوای ڕاپەڕینەوە دروست بووە، ڕووناکبیران بەگشتی وژنانی ڕۆشنبیر بەتایبەتی بەدەرفەتیان زانیوە لەوهەلومەرجەدا چالاکی لەم بوارەدا بگێرن. سەرەرای ئەوەش بەشێکی زۆری ئەوبڵاوکراوانەی کە بەردەوام نەبوون لە دەرچوونیان هۆکارەکەی بۆ بارودۆخی نائاسایی کوردستان وشەڕی ناوخۆ دەگەڕێتەوە کە لەسایەی حزبەکان ڕێکخراوەکانی ژنان وئافرەتان زیاتر سەرقاڵی ڕوشی سیاسی بوون لەسەر حسابی رەوشی ژنان[3]. لەهەمان کاتدا ئەوبەردەوام نەبوونە راستیەکمان بۆدەردەخات کە مەسەلەی ژنان دەکرێ بە قوربانی مەسەلەی دیکە وحزبە سیاسیەکان مەسەلەی ژنانیان بە مەسەلەی ژمارە یەک وبابەتێکی گرنگ دانەناوە[4].

بڵاوکراوەکانی ژنان بە هەمان شێوەی ڕێکخراوەکانی ژنان هەریەکەیان وابەستەی لایەنێکن، گوزارشت لەفیکرو ئایدۆلۆژیایەکی تایبەت دەکەن کە لەهەندێ حاڵەتدا دژبەیەکن. شیرین ک،

---

[1] تابان گەرمیانی: دەستکەوتەکانی ژنانی باشووری کوردستان ، ل١٨٦-١٩٤.

[2] تابان گەرمیانی: دەستکەوتەکانی ژنانی باشوری کوردستان، ل١٧٥، ١٧٣-٢١٣.

[3] هادی محمود: لە کوردستاندا لەپێناو برەودان بە مەسەلەی ژنان لەڕێگەی ڕاگەیاندنەوە، گۆڤاری دەنگێک، ژ.(٣)، ساڵی دووەم، تەموزی ١٩٩٧، ل٩.

[4] هەمان سەرچاوەی پیشوو.

لێپرسـراوی پاشـکۆی ئـەدەب وهونەر(لـە ڕۆژنامـەی کوردسـتانی نـوێ)، دەڵێـت:" بڵاوکراوەکـانی ژنـانیش بەهـەمان شـێوە گوزارشـت لـە بیـرو ئایدۆلۆژیایـەکی تایبـەت دەکـەن، ڕەنگـە هەنـدێکیان خزمەت بە مەسەلەی بزوتنەوەی ژنان بکەن و هەندێک تریان بە پێچەوانەوە، بەڵام لەهـەمان کاتدا بوونی ئەوبڵاوکراوانە (ڕۆژنامە، گۆڤارو) خۆی لە خۆیدا دیاردەیەکی شارستانی یەو کەم و زۆر دەتوانێ خزمەت بە مەسەلەی ژنان بکات)[1].

هـەبوونی ئـەو هـەموو گۆڤـار و ڕۆژنامەنـە لـەو مێژووەدا، نیشـانەی زیندویـەتی و چـالاکی ژنـی کـورد بـووە لـەو قۆناغـەدا، بـە تـەواوی ڕەنـگ و دەنگـە جیاوازەکانـەوە، هەرچەنـدە ڕۆژنامـە و گۆڤارەکان بەر لەوەی زمانحاڵی ژن بن، زمانحاڵی پارتە سیاسیەکەیان بوون بەڵام ئەمە بەو واتایە نایەت کە هیچییـان بـۆ پرسـی ژن نـەکردووە بە پێچەوانـەوە خزمـەتێکی گەورەیـەان بـە مەسـەلەی ژنان کردووە و ڕۆڵێکی کاریگـەرییان هـەبوە لـە هۆشـیارکردنەوەی ژنـان و بڵاوکردنـەوەی پرسـی ئازادی و دیموکراسی و ژیانی شارستانیدا.

**تەوەری سێیەم: ئاستەنگەکانی بەردەم ژنان لە بواری ڕاگەیاندندا.**

بەشـێوەیەکی گشـتی دەکرێـت ئامـاژە بـەو ڕاسـتیە بکـەین کـەکارکردن و ڕۆڵـی ژنـان لەکایـە جیاوازەکانی ڕاگەیاندندا بێ ئاستەنگ و بەربەست نەبووە و نابێت، بـەڵکو چ لەسـەر ئاسـتی خـودی ژنان خۆیـان و چ لەسـەرئاستی کۆمەڵگە ڕووبـەڕووی گرفت و ئاسـتەنگی توند بوونەتـەوە.لایـەنی کۆمەڵایەتی وکەمتوانای ژن و کولتوور، هۆکاربوون. زۆر جار پیاوانی ئاینی و کۆمەڵگە و قسـەی خەڵک و پیاوانی حزبـەکان بەربەسـتەبوون. حکومـەت و گرنگی نـەدان بـە پـەروەردە وڕۆڵـی ژن و بچوککردنەوەی ڕۆڵی ژن بەربەست بوون لەو دەمەدا[2].

ژنان زۆربەی بوارە کۆمەڵایەتیەکانەوە خەریکن، ئەگەرچی بواری کۆمەڵایـەتی و خێزان ئـەرکی ژنانە و حەز و خولیای ژنە چونکە هەمیشە ژن بەشێکی سەرەکی ژیانی بەهی خێزان و منداڵەکانی دەزانێ ئەمەش بوارێکی گرنگە لەژیان، سەرەڕای ئەوانەش تواناکانی ژنان لـەوە فراوانترە کەتـەنها لەو بوارەدا خۆیببینێتەوە، ئەتوانێ گرنگی بە بوارە گشتی یەکانیش بدات[3].

نەبوونی ڕۆڵی کاریگەری ژن لە سازاندنی ئـەو پەیامـەی کەلـە میدیادا خـۆی دەیگـەنێت، چونکە زیاتر و زۆرتر پیاو پەیامسازە، ژن تەنها هۆکاری گەیاندنـە، بەمـەش ئـەدای ژن لاواز بووە وهـەر

---

(1) دڵسـۆز رضـا، نیعمـەت کـەریم: قەڵەمـەکانی ژنـان لـە ڕۆژنامەگـەری ژنـان دەدوێن، دەنگـی ژنـان، ژ.(٣٠)، سـاڵی سێیەم، ٢٢نیسانی ١٩٩٨، ل٣.

(2) چاوپێکەوتن توێژەر: لەگەڵ (پەیمان عیزەدین)،سلێمانی، ٢٠٢٢/٣/١٤.

(3) چاوپیکەوتنی توێژەر: لەگەڵ(بەهار عبدالرحمان محەمەد) سکرتیری یەگکرتوی خوشکان، سلێمانی، ٢٠٢٢/٢/٢٨.

زوو لـەو کـارەی خـۆی دوور کەوتۆتـەوە یـان نەگونجانـدنی بۆچوونـەکانی ژن لەگـەڵ پـەیامی سازدراودا، کەوا لەژن دەکات زوو لەکاری میدیا دەردەکەوێت[1].

سیسـتەمی پـەروەردە هۆکارێـک بـوە بـۆ دواکـەوتنی ژن چ لـەڕووی ئـەوەی کـە کـاری ڕۆژنامەنووسـی بۆ ژن نەکردۆتـە پیشـەکی دروسـت و جـوان چ وەک ئـەوەی وەک شـۆڕبوەوەی زانسـتەکانی نـاو زانکۆ بۆ ئامادەیـەکان بابـەتی میدیا نەخوێندراوە لـە قۆناغـەکانی ئامـادەی تـاکو خویندکار وەک بابـەتێکی گرنگ سـەیری کات وخۆی بۆ ئامادەدەکات بۆ زانکۆ، چ وەک ئـەوەی خوێندنی میدیای لە هەرێمی کوردستان مێژوویەکی کەمی هەیە بە بەراورد بەوڵاتان[2].

ترسی ژن لەکارکردن لەدەرەوە، کە لە شـەرمنی و زاڵبوونی نەریتە کۆمەڵایەتیەکانـەوە هـاتووە، هەموو کات ژنی کورد پەیوەستە بە خێزان ودواتر کۆمەڵگە، هـەرکارێک دەکات چەند لێکدانـەوەی بۆدەکات، دواتر هـەموو ئەمانە دەبنە ترس لـەکارکردنی بەتایبـەتی لـە بواری ڕۆژنامـەوانی کـە تـا ئێستاش بە چاوێکی نەریتی تەماشای ئەو ژنانە دەکرێت کە لەوبوارەدا کاردەکەن[3].

حیزبە سیاسییە کوردیەکان لەو قۆناغە مێژوویـەدا کۆنترۆڵی تـەواوەتی کایـەی رۆژنامـەوانی و میدیای کوردییان کردبوو، ئەوەی هەبوو راگەیاندنی ئەوان بوو، هەمیشـە ئـەو حیزبـە کوردیانـەش حیزبگەلێکی پیاو سالار و نێرینە پەرست بوون بۆیـە بـە کـەم توانـا تەماشـای ژنیـان کـردووە، گـەر بیریـان لـە بەشـداری و ڕۆڵـی ژن کردبایەتـەوە ئـەوە لەبـەر پـرس و مافـەکانی ژن نـەبوو بەڵکـە بـۆ کۆکردنـەوەی ئینتمـای سیاسـی چینێکـی گرنگـی کـۆمەڵگە بـوو بـۆ خـۆیـان، ئـەم دیـد و تێڕوانینـە گەورەترین بەربەست بوو لەبەردەم گەشەسەندنی تواناکانی ژنان لە بورای ڕاگەیاندا.

---

(1) ئاڤان فـارس جـاف: کارامـەیی بێژەری ژن، لەکەناڵـە ئاسـمانییە کوردییەکانـدا، گۆڤـاری شـیکار، ژ.(١٩)، سـاڵی پێنجەم، پەیمانگەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان دەریدەکات، ٢٠١٧، ل٥٥.

(2) نەزاکـەت حسـێن: ژن لەڕاگەیانـدنی کوردیـدا، گۆڤـاری تـەوار، ژ.(٦٨)، چاپخانـەی کوردسـتان، سلێمانی، ٢٠١٩، ل١٠٤.

(3) جوان جەلالەدین محێدین: قەڵەمی ژنی کورد لەڕۆژنامەوانی کوردیدا، گۆڤاری تەوار، ژ.(٣١)، ٢٠١٠، ل١٤٦.

# باسی چوارەم

## کاریگەری ڕوداوە سیاسیەکان لەسەر ڕەوتی ڕۆشنبیری ساڵانی(١٩٩١_٢٠٠٣)

ساڵانی (١٩٩١_٢٠٠٣)، ئەرکی ئەدەب و ئەرکی ڕۆشنبیری کوردی، گۆڕانی بەسەرداهات. ئەرکی ئەدەب و ڕۆشنبیریی ئەرکێکی دیاریکراو نەبوو، بەڵکو ئەرکێکی پەرش وبڵاو و کەسیی و هەندێک جاریش گروپی بوو. واتە هەر نووسەرێک بەگوێرەی بۆچوونی خۆی لە ئەرکی ئەدەب و ڕۆشنبیری ڕوانیوە و هەرگروپێکی ئەدەبیش لەڕێگەی بەیاننامەی تایبەتی خۆیەوە ئەم ئەرکەی دیاریکردووە. لەپێش ڕاپەرین ئەرکی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی ئەرکێکی دیاریکراوبوو، بەگشتی بریتیبوو لە ئەرکی بەرگری نەتەوایەتی و نیشتیمانی لەپاڵ هەندێ خەونی خودی هەندێک نوسەر و ئەدیبدا، بەڵام دوای ڕاپەڕین وردەوردە ئەم ئەرکە نیشتیمانی وسیاسی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی گۆڕا بۆ فرە ئەرکی وفرە بیرکردنەوەی جیاواز[(١)].

لەسیما گرنگ و دیارەکانی سەرەتای ڕاپەرین (١٩٩١_١٩٩٢)، ئازادی ڕادەربڕین خاسیەتێکی هەرە دیار و سەرنجراکێشی ئەدەبیاتی ئەوساڵانەیە بەتایبەتیش دەربڕینی هەستی پەنگخواردووی نەتەوەیی و ئازادیخوازی نیشتیمان (کوردستان)، ئینجا دەربڕینی هزرە دیموکراتی و بۆچوونە چەپگەرا جۆراوجۆرەکان کە لەسەردەمی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعسدا بەتەواوەتی قەدەغەبوون وسەرکوتکران. لەدوای ڕاپەرین زیاتر لە (١٧)حزب و ڕێکخراو کەوتنە مەیدان هەرحزبێک ڕۆژنامەو ئۆرگان وگۆڤار و ڕۆژنامە و دەزگای ڕاگەیاندنی خۆی هەبوو، بۆنموونە لە ساڵی (١٩٩١) لە سلێمانی (٢٣)ژمارە ڕۆژنامە و گۆڤار دەرچوون، لە ساڵی (١٩٩٢) بووە (٢٥)ژمارە ڕۆژنامە و گۆڤار بەڵام لەساڵی (١٩٩٣) ژمارەی ئۆرگان و گۆڤار و ڕۆژنامە کەمبوونەوە لە سلێمانی ژمارەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان بۆتە (١٨)[(٢)].

لەگەل یەکەمین تەقەی شەڕی ناوخۆی نێوان حزبە کوردستانیەکان (ی.ن.ک)،(پ.د.ک) لەساڵی (١٩٩٤) قۆناغێکی نوێ (ئەدەبیاتی ڕاپەرین) دەست پێ دەکات، قۆناغی دابەشبوونی کولتووری و قۆناغی بەتاڵبوونەوەی هەستی شۆڕشگێڕی و نا ئومێدبوونی ئایدیۆلۆژییە[(٣)]. ئەمەش بەهۆی گرژی و ناسەقامگیری بارودۆخی سیاسی لەکوردستاندا، بەتایبەتیش بەردەوامی گرژی و ئاڵۆزی شەڕی ناوخۆ، تا دوای ئەو شەرەش هەلێکی وانەڕەخسا بوو بۆ ئاوڕدانەوە لەکاری ڕۆشنبیریی و

---

(1) ئەحمەد میرە: کاریگەری بزوتنەوەڕۆشنبیری وئەدەبیە کوردییکان لەسەر کۆمەڵگەی کوردی باشوری کوردستان١٩٧-٢٠٠٣، چ١، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٢٥٩.

(2) فەرهادپیرباڵ: ئەدەبیاتی دوای ڕاپەرین ١٩٩١-١٩٩٩، گۆڤاری ڕۆشنبیری کوردستانی، ژ.(١)، تشرینی دووەمی ١٩٩٩، سەنتەری ڕۆشنبیری میللی دەریدەکات، ل٢٦- ٢٧.

(3) هەمان سەرچاوە، ل٢٧.

چالاکی ڕۆشنبیرییان[١]. شەڕی ناوخۆ کەشێکی نائومێدی بەسەر ژیانی خەڵکەوە دروست کرد، بەشی زۆری ئەو نائومێدیەش بەر ژیانی کەلتوری لەکوردستان و بەتایبەتیش شاری سلێمانی کەوت، دۆخێکی وا دروست بوو خوێنەر لەکتێب تۆرا و بینەری لەشانۆ زیزکرد و گوێ لەمۆسیقا نەدەگیرا. بەشێکی زۆر لە نوسەران لەنێوان هەردوولایەنی شەڕەکەدا دووکەرت بوو بوون، بەشە کەمەکەشی کە گروپێک گەنجی لەهەمووشت تووڕە و پەراوێزخراو بوون، بێزاری لەو ڕەوشە گەییووە بینەقاقایان، بەدوای دەروویەکدا دەگەڕان تا لەوڵات دەرچن و لەوپێناوەشدا خۆیان بەڕێگەی هات و نەهات و چارەنووسی نادیار دەسپارد[٢].

نوسەرو هونەرمەندانی کورد یەکڕیزیان لەدەستدا و بەسەر ناوچەی دەسەڵاتی هەردوو حیزبەکەدا (پارتی_یەکێتی)دا، دابەش بوون. یەکێتی نووسەرانی کوردیش هەر لە ژێر کاریگەری شەڕی ناوخۆ تەواو ببوون بە دوو بەشەوە.[٣] ئەمەش زیانی گەورە بە ڕۆشنبیران گەیاند، چونکە شتێک نەبووە لەناو کایەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان حیزبی بێت، ئەوەی پێ دەوترێت حیزب هێزێکی ڕێکخراوبووە لە پێناو کۆمەڵێک ئامانجدا. ئەم هێزە ڕێکخراوە خاوەنی بیرو ئایۆلۆژیای وکادیر و مەعریفە و پرۆسەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و کارکردن بە داتا نەبووە، بۆیە ڕۆشنبیر لەم هەناوی حیزبەدا بەگشتی و لەکاتی کپبوونی شەڕی ناوخۆ دەبێتە بڵندگۆی باڵێکی ناوحیزب، لەکاتی کڵپەی شەڕی ناوخۆشدا دەبێت بڵندگۆی حیزب یان لایەنێ. ئەو دۆخەش وادەکات کە ڕۆشنبیری نزیک لە حیزب هەمیشە تەنها نزیکایەتیەکی بەس بێت بۆئەوەی ببێت بە کەسێکی نەخوازرا و لەلایەن ئەوانەی لەدەرەوەی حیزبن[٤].

یەکێک لە دەرکەوتەکانی ئەم واقیعە ڕۆشنبیرییەش، لە دایکبوون و مردنی کتوپڕی ژمارەیەکی دیاری گۆڤارو ڕۆژنامەی بەرهەمهێناوە، دوور لەهەموو هەڵسەنگاندنێکی فیکری بۆ ناوەڕۆک و ئاستی ڕۆشنبیری و ڕێبازی ئەو بڵاوکراوانە، دەتوانین بڵێین جگە لە چاپەمەنییانەی حیزب و ڕێکخراوەکان دەریدەکەن، هیچ یەکێک لەو کۆششە ڕۆشنبیرییە سەربەخۆیانەی تر نەیانتوانیوە بەپێی بەرنامەیەکی داڕێژراو و پشت بەستوو بە زەمینەیەکی پتەو بەشێوەیەکی گونجاو دەربچن

---

(1) ئازاد بەرزنجی: مێژووی دامەزراندنی بنکەی ڕووناکبیری گەلاوێژبیلۆگرافیای چالاکی وبەرهەم، چ٢، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٨، ل١١.

(2) دلاوەر قەرەداغی: مێژووی دامەزراندنی بنکەی ڕووناکبیری گەلاوێژ، ل١٦.

(3) ڕەئووف بێگەرد: مێژووی دامەزراندنی بنکەی ڕووناکبیری گەلاوێژ، ل١٨.

(4)سەردارعەزیز: وەڵامی چەندپرسیارێک دەربارەی ڕۆشنبیر، ئاوێنە، لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٢/٩ بڵاوکراوەتەوە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٠/٥وەرگیراوە‌لە٢٠٢٢/١١/١٠وەرگیراوە لە وێبسایتی: https://www.awene. https://bit.ly/3kTk6yV

وبەردەوامبوونی خۆیان بپارێزن[١]. بەگشتی دوای ڕاپەڕین ڕۆشنبیری کورد دابەش دەبێت بەسەر دوو پۆلدا: (ڕۆشنبیریی حیزبی)، کاری تەنها ستایشکردنی دەسەڵات و گەڕانەوەیە بۆ باسکردنی ڕابردووی شۆڕشگێرانە، هەمیشە لە ڕابردوودا دەژی ئەم پۆلە ڕۆشنبیریە هیچ کات بەشدار نییە لەوەی دەگۆڕێت لەکۆمەڵگەی کوردییدا، بەڵکو بەردەوام هۆکاری مانەوەی ئەوەیە کەهەیە. (ڕۆشنبیری دەرەوەی حیزب)، ئەم ڕۆشنبیرە سەرەڕای هەندێک کەموکورتی لە سەرچاوەی ڕۆشنبیری و ڕاستەوخۆ کەوتنە ژێرکارتێکەری ڕۆشنبیری دەرەکییەوە[٢].

لە (٣١ ئابی ١٩٩٦)بەدواوە بەهۆی دابەشکردنی نوێی دەسەڵاتی ڕامیاری و لەئەنجامی ململانێی ڕامیاری نێوان زۆنی (سەوزو زەرد)، بوژانەوەیەکی کولتووری سەرلەنوێ لە هەردوو مەڵبەندی (هەولێر_سلێمانی)، دەست پێ دەکاتەوە. لە سالانی (١٩٩٨_١٩٩٩) گۆڕانێکی چەندایەتی و چۆنایەتی بێ هاوتای بەخۆوە دیوە، بۆنموونە لە سلێمانی زیاتر لە (٣٧) گۆڤاری جۆرا و جۆربڵاودەکرێتەوە گرنگترینیان گۆڤاری (گەلاوێژ نوێ، ئێستا، شاکار، سیخورمە، پەیڤین، پەپولە، سیاسەتی دەولی...)، وە ژنانیش ڕۆڵ وجێ دەستیان دیاربووە و نوسین و شیعریان بڵاوکردۆتەوە لەوانە (ئەرخەوان، کەژال ئەحمەد، کازیوە سالح، شیرین.ک، ).[٣]

بەگشتی ڕۆڵی ژن لەڕووی ڕۆشنبیرییەوە لەدوای ڕاپەڕینی (١٩٩١) لاواز بووە. لەوبارەوە مەلا بەختیاردەڵێت" لەو سالانەدا حەماسی سیاسی و ئایدۆلۆجی حیزبایەتی زاڵ کرا، هەستی سەرکەوتن هەستێکە ئەزموونەکان دائەمرکێنێتەوە، ئەوەندەی خەڵکی بێ ئەزموون دێتە پێشەوە، خەڵکانی بەئەزموون خەفە دەکات، بۆیە لە (١٩٩١_١٩٩٤)هەموو حەماسی سەرکەوتنی بەردەم بارەگاکان بوو، دواتر شەڕی ناوخۆ و گەمارۆکانی حکومەتی عێراق هاتە پێشەوە، هەمووئەمانی کاریگەری خراپی هەبوو لەسەر فیکر و عەقڵ بۆیە دۆخێکی نالەباری دروست بوو(١٩٩٤ _١٩٩٧)، هەر لەوماوەیەدا بزوتنەوەی سەلەفیەکان و ڕەهەندییەکان بەهێزبوون)[٤].

واتە لەو سالانەدا زیاتر لایەنی سیاسی و ململانێ حیزبی و جۆرێک لەململانێ و دژایەتی لەنێو خەلکدا دروست بوو کەمتر گرنگی بە مەسەلەی ڕۆشنبیری دراوە، ئەوەشی کەهەبوو لەو سالانەدا لەئاستی نووسینی وتاری ڕۆژنامەوانییەوە (شەڕی ناوخۆ) بووەتە بەشێک لە ڕۆشنبیریی کوردی لەو قۆناغەدا، زۆرێک لەقەڵەمەکانی شەڕی ناوخۆ کتێبیان بۆ شەڕی ناوخۆ نوسیوە[٥].

---

(1) پانۆرامای (ڕەهەند): تەوەرێک دەربارەی (نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی: لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٢/٥ بلاوکراوە لەڕێکەوتی ٢٠٢٢/١١/١٠وەرگیراوە لە وێبسایتیhttps://bit.ly/3Rnp03x

(2) ئەحمەدمیرە: کاریگەری بزوتنەوە ڕۆشنبیری وئەدەبیەکوردییەکان لەسەر کۆمەڵگەی کوردی باشوری کوردستان، ل٢٦١.

(3) فەرهاد پیربال: ئەدەبیاتی دوای ڕاپەڕین، گۆڤاری ڕۆشنبیری کوردستانی، ژ.(١)، ل٢٩-٣٥.

(٤) چاوپێکەوتنی توێژەر: لەگەل(مەلابەختیار)،سلێمانی، ٢٠٢٢/٣/٢٧.

(5) مەلابەختیار: لەخزمەتی ئەدەبدا، کۆکردنەوەی ئازاد توفیق، چ١، چاپخانەی داناز، سلێمانی، ١٩٩٨، ل١٣١.

کاریگەرییەکانی ڕووداوە سیاسیەکان کاری لە هەموو لایەنەکانی ڕۆشنبیری کردووە، چونکە هونەرمەندان وشێوەکاران و نوسەرو شانۆکارانی ژن بەهۆی ناسەقامگیری دۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە، نەیانتوانیوە کارەکانیان بکەن و داهێنان بکەن جگەلەوەی دووبەرەکی و لێک جیابوونەوە لەنێو هونەرمەندان و ڕۆشنبیران بەهۆی جیاوازی فیکرو ئایۆلۆجی یەوە دروست بوو[١].

(تارا رسول) پێیوایە کە شەری ناوخۆ کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر ڕۆشنبیری لایەنی دەروونی هونەرمەندان چونکە شەڕی کورد و کورد بووە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر هونەرمەندان و کارە هونەریەکان هەبووە[٢]. چونکە شەڕ لە هەرولاتێکدا هەبێت ڕۆشنبیران بەگشتی و ئاواز دانەر و هۆنراوەنوس و گۆرانیبێژ هەموو خەیاڵ و هەستی بۆ ئەوەیە چۆن هۆنراوەیەک بنوسێ کەباس لە وەستاندنی شەڕ بکات، کەشی شەڕ نائارامی دروست دەکات و نائارامیش خەیاڵ دەکوژێت، داهێنان دەکوژێت ئەگەر داهێنانیش نەبێت ئاستی ڕۆشنبیری کەم دەبێتەوە، بەکەمبوونەوەی ڕۆشنبیری وڵات دووردەکەوێتەوە لە پاراستنی ئەو کولتوورەی کە هەیەتی (شانۆ، هونەر، دراما..) ئەمانەش کار لە ڕۆشنبیری دەکات[٣].

کێشەو ململانێ نیوان حیزبە سیاسیەکان کاری لە هونەر و شانۆش کردووە، بۆتە هۆی دروست بوونی چەندین پرسیار لە ناخی هەرتاکێک بەرامبەر دەسەلات و حکومەت و کۆمەڵگە. جگەلەوە ئەو بەها دیموکراسی وئازادییە وایکرد هەندێ پێگە و بەها نەمێنێ بۆ چین و توێژەکان بێ سەروبەریەک دروست بوو ئەم بێ سەرو بەریە وایکرد نە سیستەمێ هە بێت بۆکارکردن نە پرۆژەکان بە سیستامەتیک بڕوات بەڕێوە چونکە وەزارەتی ڕۆشنبیری هەر چوار ساڵی بەدەست حزبێکەوە بووئەمەش وای کرد کە لەسەرەتاوە دەست پێ بکەیتەوە و نەتوانی بە یەک سیستەم کاربکات[٤].

جگەلەوەی زۆربەی هونەرمەندە بەهرەمەندەکان کۆچیان کرد بۆ هەندەران، قۆستنەوەی زۆربەی هونەرمەندە بەتواناکان لەدامودەزگا حزبیەکاندا بۆ مەبەستی ڕاگەیاندنی خۆیان، ئەوبارودۆخە تا ساڵی (٢٠٠٠)، بەوجۆرە مایەوە دواتر خەڵکی وردورده بەئاگا هاتنەوە و کەوتنە جموجۆڵ[٥].

توندوتیژی سیاسی لە کۆمەڵگەی کوردی کاریگەری لەسەر بەرهەم و گوتارو فیکری ڕۆشنبیران هەبووە، ئەگەر گوتاری ڕۆشنبیرانی کورد توند و تیژ بێت ئەوا دەرئەنجامی

---

(1) چاوپێکەوتنی توێژەر: لەگەڵ(نەرمین ڕەزا شەمسەالدین)، سلێمانی،٢٠٢٢/٨/٢٢.

(2) چاوپێکەوتنی توێژەر: لەرێگەی واتس ئەپەوە لەگەڵ (تارا ڕەسول)، سوید،٢٠٢٢/٨/٢٢.

(3) چاوپێکەوتنی توێژەر: (نەوژین محەمەد)،سلێمانی، ٢٠٢٢/٨/٨.

(4) چاوپێکەوتنی توێژەر: لەگەڵ (گەزیزە عومەر)،سلێمانی، ٢٠٢٢/٩/١١.

(5) بەدیعە دارتاش: بەدیعەدارتاش دایکی سینەماوشانۆی کوردی)، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٢٢، ل١٥٧.

توندوتیژی داگیرکەرانی کوردستان بەرامبەر بە کورد بووە، ڕۆشنبیران بە حوکمی نزیکی و کاریگەربوون بە ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری دەبنە بەشێک لە شەڕی (ناوخۆ)ی حیزبە کوردییەکان ئەمەش وادەکات بەرهەم و گوتاری ڕۆشنبیران دیسان توندوتیژی لە خۆدەگرێت لەو دۆخەش ڕۆشنبیران دابەشی سەر حیزبە سیاسیەکان دەبن[١]. بۆیە لە کۆمەڵگەی کوردیدا، ڕۆشنبیران لە پەراوێزدان و ناگەنە ناوەندی بڕیاردان و هیچ ڕۆڵێکیان نیە لە ڕوودان یان ڕوونەدانی کارەساتەکان، نەبوونی دەسەڵاتی ڕۆشنبیری ڕێگە خۆشکەر بووە بۆ ڕوودانی شکستەکان[٢].

ئەو ئاستەنگانەی کەوا دەکات ستراکتۆری کۆمەڵگەی کوردی بەرهەمی بیری ڕۆشنبیران پەسەند نەکردبێت لەو قۆناغەدا، بەهۆی جیاوازی فکر وگوتاری ڕۆشنبیران بووە چونکە ، ڕۆشنبیری ئاینی و نائاینی واتە عەلمانی هەبوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر ستراکتۆری کۆمەڵگە جیاوازبووە. جگەلەنەبوونی گروپێکی ڕۆشنبیری بەهێز بۆئەوەی بتوانن بەرنامە و گوتاری بەهێزیان هەبێت لەدەرەوەی حیزبە سیاسیەکان و دەسەڵات لەپێناو گۆرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەرە و دۆخێکی باشتر. هەروەها کاریگەری ئاین لەسەربڵاوکردنەوەی گوتار و بەرهەمی ڕۆشنبیران هەبووە، واتە چاودێری کردنی بەرهەمی ڕۆشنبیران لەلایەن ئیسلامیە ڕادیکاڵە کانەوە، یەکێکە بووە لە گەورەترین بەربەست لەبەردەم ڕۆشنبیران کەنەتوانن بەئازادی بیروڕاکانی خۆیان دەربڕن، سەرەڕای ئەوانەش غیابی ڕۆشنبیران لەنێودامەزراوە ئەکادیمیەکان، ئەمەش وادەکات کە کۆمەڵگەی کوردی بەرهەمی ڕۆشنبیران قبوڵ نەکات[٣].

لە دوای ڕاپەڕین ئومێدێکی گەورەی خەڵکی کوردستان بە دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و مافی ئازادی ڕادەربڕین لە گۆڕنرا، هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری کوردستان بەخێرای بەها دیموکراسیەکانیان خستە ژێر پۆستاڵەکانیانەوە و چەندین نووسەر لەسەر ئازادی بیروڕا خرانە نێو زیندانەکانەوە یا تیرۆر کران. نەبوونی فەرهەنگی خوێندنەوە و نووسین و پەلهاوویشتنی جووت حیزب بۆ داگیکاری و چاوچنۆکی ئابوری هۆکاری پاشەکشەی ڕەوتی ڕۆشنبیریی بوو لە شارەکانی کوردستان بەتایبەتی لە کەشی شەڕی ناوخۆدا ماڵوێرانیەکی دیکەیان خستە سەر نەهامەتیەکانی ئەم میللەتە. پارتی و یەکێتی نەک هەر ڕۆشنبیر و نووسەرەکانیان لە نێوخۆیاندا دابەش کردبوو، بەڵکە تەواوی خانەوادەکان و ژن و مێرد و برا و هاوسەرەکانیان دابەشی ڕەنگی

(1) شەونم یەحیا: ڕۆشنبیر ودەسەڵات، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٢/٢٩ بڵاوکراوەتەوە لەڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٢/١١وەرگیراوە لە وێبسایتی https://bit.ly/3XMslvh

(2) پەیامنێری ئالای ئازادی: نوسەرورووناکبیروهونەرمەندان دەربارەی خیانەتی (٣١)ئاب، دەدوێن، ئالای ئازادی، ژ.(٢٤٤)، ١٩٩٧/٨/٢٥، ل٥.

(3)شەونم یەحیا: ڕۆشنبیر ودەسەڵات، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٢/٢٩ بڵاوکراوەتەوە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٢/١١وەرگیراوە وێبسایتی https://bit.ly/3XMslvh

سـەوز و ڕەنگـی زەرد کردبـوو، لـە کەشـێکی لـەم جـۆرەدا ژنـیش قوربانیـەکی دیکـەی ئـەم ئایدۆلۆجیسـت و بیرتەسـکانە بـوو. ژن کاتێـک بانگهێشـتی کـارێکی ڕۆشـنبیریی و هونـەری و فەرهەنگی دەکرا، دوو بەربەستی گەورە لەبەردەمیدا بوو دانەیەکیان بەربەستی کولتووری و ئەوی تریـان بەربەسـتی سیاسـی و کـەڵ و نێرینـە سیاسـیەکان بـوو، کـە نـەک تواناکـانی ژنیـان لـە ژێر پێیەکانیان دادەنا بەڵکو بە چاوێکی سوک و نزمەوە بۆ کاری ژنیان دەڕوانی و تەنها لەو کاتەدا ژن گرنگ بوو لایان کە خزمەتی ئەجێندای حیزبی کردبایە. ڕەوشی شەڕی ناوخۆ پریشکی ئاگرەکەی چەکدارەکان بـوو بـەڵام ئـەوەی بـەردەوام قەتماغـەکانی ئـەم برینـەی هەڵدەدایـەوە و فـووی لـە ژیلـەمۆی ئاگرەکـە دەکـرد ڕۆشـنبیر و نووسـەرەکانی هـەردوو حیـزب بـوون و ژن و نووسـەرە ژنەکانیش لەم نەهانەتیە بەشدار بوون. ئەو کرانـەوەی لـەدوای ڕاپەڕینـەوە هاتـە گـۆڕێ بـۆ کـاری میدیای و دەرچـوونی گۆڤـار و ڕۆژنامـە سروشـتێکی سـاختە هـەبوو، چونکـە ئـەوەی سپۆنسـەری دەکردن حیزبی سیاسـی بـوو بۆیـە حیزبـی سیاسیش هەمیشـە ئەجێندای خـۆی و ئامـانجی خـۆی جێبەجێ دەکات و سـەربەخۆ نـەبوون، هەرچەنـدە دواتـر بـەناوی ڕۆژنامەگـەری ئازادەوە هەنـدێک هەڵـە هـەبوون بـەڵام بـە خێـرای ڕووی ڕاسـتەقینەی ئـەوانیش دەرکـەوت کـە بـۆ بازرگـان و سەرمایەدار و بەرپرسی سیاسی کاردەکەن.

# ئەنجام

**ئەنجام:**

لە ئەنجامی خوێندنەوە و ڕاڤەکردنمان بۆ سەرچاوەکانی نووسینی ئەم توێژینەوە و شیکاری چاوپێکەوتنەکاندا، بەم ئەنجامانەی لای خوارەوە گەیشتین:

١- کاردانەوەی شکستی شۆڕشی ئەیلول قۆناغێکی نوێی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیدا هینایە ئاراوە، چونکە بە دامەزراندنی (ی.ن.ک)و چەندین ڕێکخراو و بیروباوەڕی سیاسی و پارتی نوێ هاتنە مەیدان و جارێکی دیکە شۆڕش لەسەردەستی پێشمەرگە دەستی پێ کردەوە، لەم نێوەندەدا دیارترین تایبەتمەندی شۆڕش خۆی لەوەدا دەبینییەوە کە بە پیچەوانەی شۆڕشی پێشوو، ژنان لەم قۆناغەدا شانبەشانی پیاوان ڕۆڵی بەرچاویان لە شاخ و ریکخستنەکانی ناو شاردا بینیوە.

٢- ژنانی کوردستان لە سایەی حکومەتی عێراقیدا، کە لە قۆناغی(١٩٧٥_١٩٩١)دا هەژموونی بەسەر سیاسەتی عێراقەوە هەبوو، لە بارودۆخیکی دژواری سیاسی و ئازادییە کۆمەلایەتییەکانیاندا دەژیان، هاوکات لەبەرهۆکاری (باوک، برا، هاوسەر) و کەسوکاری پێشمەرگەیان تووشی ئازار و ئەشکەنجە و سزای سەخت دەبوونەوە، یاخود لەبەر هاوکاریی کردنیان بۆ شۆڕش تووشی چاودێری و لێپێچینەوە و زیندان دەبوونەوە، ئەمە هۆکارێک بوو تاوەکو زیاتر ڕووبکەنە دەرەوە و پەیوەندی بە ڕیزەکانی پارتە سیاسییە کوردییەکانەوە بکەن لە ناو شۆڕشدا.

٣- ڕۆڵی ژنان، بەتایبەتی ژنانی سلێمانی لە ناو ڕیزەکانی شۆڕشدا، بەشیوەیەکی زۆر سنووردار بوو، چونکە زەمینەی پەیوەندیکردن و دەرفەتی مانەوەیان لەناو شۆڕشدا بەتەواوی فەراهەم نەکرابوو، ئەوەیش پەیوەندیدار بوو بە مانەوەی هەندیک لە رایەڵە نەریتی و خێڵەکییەکان لەناو زۆربەی پارتە سیاسییە کوردییەکاندا، ئەم ڕەوشە بەجۆریک بوو تەنانەت بەشیک لە سەرکردەکانی کۆمەڵەیشی گرتبوویەوە.

٤. ژنانی سلێمانی بەشیوەیەکی بەرچاوتر لەناو ڕیزەکانی شۆڕشدا چ لە شاخ و چ لەناو ڕیکخستنەکاندا پەیوەندییان هەبوو، ئەرکی ئەوان زیاتر پەیوەستبوو بە ئامادەکاریی و ئاسانکاری لەبواری دروستکردنی خواردن و کاری برینپێچی و دابینکردن و ڕەوانەکردنی دەرمان و چەک و تەقەمەنی پێویست بۆ دەست هیزەکانی پیشمەرگە، هاوکات لە بواری ئالوگۆڕی نامە و بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامە و کاری تەتەرییدا ڕۆڵیکی ئێجگار گرنگیان دەبینی.

٥. ژنانی سلێمانی لە قۆناغەکانی شۆڕشدا، کایەی هونەر و مۆسیقا و گۆرانی، شیعر و چیرۆک و ئەدەبیان وەک دەرفەتیک دەقۆستەوە بۆ گەیاندنی پەیامی نەتەوەیی و دەربڕینی دنیابینی نەتەوەی کورد لەبەرانبەر ژێردەستەیی و ئازار و ئەشکەنجەی نەتەوەکەیان. لەم پێناوەدا بەرێژەیەکی زۆر سنووردار، چەندین ژن و کچی کورد توانیان هەم ڕەچەی کۆمەڵایەتی بشکێنن، هەمیش لە بەرانبەر هەڵوێستنواندنی سیاسیدا ئەرکی میژوویی و مرۆیی خۆیان بەئەنجام بگەیەنن.

٦. له ساڵی ١٩٨٠دا له شاری سلێمانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان دەکرێتەوە، ئەم هەنگاوە وەک وەرچەرخانێکی دەگمەنی هونەری لە ژیانی هونەری ژنانی سلێمانیدا ڕەنگدەداتەوە، چونکە بۆ یەکەمجار ژن لە سلێمانی بەشێوەیەکی زانستی هونەریان خوێند و کاروچالاکی هونەرییان بە شێوەیەکی ئەکادیمی ئەنجامدا.

٧- لە سالانی( ١٩٧٥_١٩٨٠)دا، لایەنی ڕۆشنبیری لە سلێمانی بەهۆی ڕووداوە سیاسی و کۆمەلایەتییەکان، نەبوونی ناوەندی ئەکادیمییەکان کە ژن تێدا دەرکەوێت لاواز بووە. بەلام هەوڵەکان خامۆش نەبوون و وردە وردە بوژانەوە.

٨- ژمارە و ستایلی کاری ژنە شێوەکارەکانی شاری سلێمانی وادەکات کە وەک تەوژمێک ببینرێت. ئەمەش بەتایبەت لە دوای کردنەوەی پێشانگای شێوەکارانی کورد لە هۆڵی کۆمەڵەی هونەرمەندانی عێراقی لە ساڵی ١٩٧٤.

٩- هەستی نیشتیمانی و خۆشەویستی بۆ پێشمەرگە، هەوڵدان بۆ پشتگیری لە دۆزی رەوای کورد و برەودان بە بەرخودان لە نووسینی ژنە نووسەرەکاندا ڕەنگیداوەتەوە، شاعیر و ژنە نووسەرەکان بەشیعر و نووسین و ئەدەبی بەرگری خۆیان سەلماندووە.

١٠- لە قۆناغی ڕاپەرینی بەهاری( ١٩٩١ ) ژنان شانبەشانی پیاوان بەشداریان لە ڕاپەریندا کردووە و پیشوەختە ئاگادارکراونەتەوە کە ڕاپەرین دەکرێت و ئامادەکاری بکەن.

١١- ژنان لە ڕاپەڕیندا ڕۆڵیکی بەرچاویان هەبووە لە هاندانی خەڵکی و هێزی پێشمەرگە و لەتیمارکردنی بریندارەکان و ئامادەکردنی چەک و تەقەمەنی بۆ پێشمەرگەکان.

١٢- لە پرۆسەی هەڵبژاردن و پێکهینانی یەکەمین ئەزموونی پەرلەمانیدا لە باشووری کوردستان، ژنان ڕۆڵیان هەبووە و وەک هەر تاکێکی کۆمەڵگەی کوردی بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنیان کردووە، بەلام بەهۆی عەقڵییەتی خێلایەتی و دابونەریت و نیرسالاری ڕێژەی ژن کەمبووە، چونکە پێیان وابوو سیاسەت کاری ژنان نییە، لەگەڵ ئەوەشدا ژنان داکۆکیان لەو مافەی خۆیان بە شێوەیەکی زۆر سنووردار کرد.

١٣- هۆشیارکردنەوەی ژنان بەماف و ڕۆڵیان لە کۆمەڵگە و نەهێشتنی توندوتیژی و هەمووارکردنەوەی یاسای (٥٩_٦٢)، هەوڵدان بۆ نەهێشتی فرە ژنی و گەورە بە بچووک لەلایەن ڕیکخراوەکانی ژنان و هەوڵدانیان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیرییان و کردنەوەی خولی خویندەواری و کردنی سیمینار و ۆرکشۆپ چەندان خولی تر ڕۆڵیان هەبووە لەبەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری ژنان.

١٤- ڕیکخراوەکانی ژنان لەڕیگەی ڕاگەیاندن و بڵاوکراوەکانیان توانیان کێشەکانی ژنان بخەنە ڕوو، خەڵکە بەئاگابێننەوە لەو تاوان و توندوتیژیانەی بەرانبەر ژن دەکریت، جگە لەوەی ڕیکخراوەکان لە پرۆسەی سیاسی و بۆنە نەتەوەی و نیشتیمانیەکان هەڵویستیان هەبووە لە ڕێگەی دەرکردنی بەیاننامەو چالاکیەکانیان بەشداریان کردووە، لە شەڕی ناوخۆو ٣١ئاب ژنان

پەیامی ئاشتیان هەڵگرتبوو بە ئەنجامدانی ڕێپێوان و دەرکردنی بەیاننامە هەوڵیان داوە هەڵوێستیان هەبێت وچیتر دووبەرەکی وململانی دروست نەبێ وکورد کورد نەکوژێت.

١٥- ژنان لە ڕووی ڕۆشنبیریشەوە لەدوای ڕاپەرینە ڕۆڵیان بینیوە لەڕێگەی کارەکانیانەوە باسیان لە ئازارەکانی ژن بوون و نیشتیمان کردووە، جگەلەوەی سرود و گۆرانیان بۆ ڕاپەرین و ئەنفال وکیمیابارانی هەڵەبجە گوتووە، بەهۆی ئازادی وکرانەوەی کوردستان بەڕووی دەرەوە ژنان زیاتر ڕۆڵیان لەسەرجەم لایەنەکان ڕۆشنبیریدا بینوە (شانۆ، ئەدەب، راگەیاندن، مۆسیقا، هونەر....).

١٦- سەرەڕای فەراهەم بوون کەشی ئازادی ودەرکردنی ژمارەیەک بڵاوکراوەو ڕۆژنامە بەڵام قەڵەمی ئازاد کەم بووە، ژنان ناتوانن بێلایەنانە بۆچوونی خۆیان دەرببڕن. کاریگەری شەری ناوخۆ کاریکردە سەر لایەنی ڕۆشنبیری ودابەشی کردن بەسەر دوو بەرەدا، ئەمەش وایکرد قەڵەمەکان نەتوانن بەئازادانەو دوور لە حیزبایەتی بنووسن.

١٧. لەبواری نواندندا، ژن ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە، بەتایبەت هونەری شانۆ، بوونی ئەو ژمارە لە ژن لە سەر تەختەی شانۆ بۆ خۆی بەرپەرچدانەوەی نەریتە کۆنەکان بوو.

# لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم/ بڵاوکراوەکانی حکومەت و ڕێکخراوەکان:**

١. بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان/عێراق، کۆنگرەی چوارەم، تشرینی دووەمی ٢٠٠٧.
٢. بەرهەمی ڕێکخراوی ڕاگەیاندن و روناکبیری ژنان: مێخەکبەندێک لە وشە، چاپخانەی کەلۆن، سلێمانی،٢٠١٤.
٣. بێ نووسەر، شەڕی ناوخۆی کوردستانی عێراق، چۆن دەستی پێ کردوکێ لێی بەرپرسیارە، ب١، چ١، دیراسەی ژ(٢٩)، پارتی دیموکراتی کوردستان مەکتەبی سیاسی، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندی دیراسات وتوێژینەوە، ١٩٩٧.
٤. پێگەی ژن لە ناوەندەکانی بڕیاری ئەحزابی کوردی، ئامادەکردنی: ڕێکخراوی بەهرەی ژنان، بێ چاپ و شوێن، ٢٠١١.
٥. چالاکی بەشەکانی لقی سلێمانی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان لە ماوەی ١٩٩٩/١٠/٢٦، ٢٠٠٠/١٠/٢٦، ئامادەکردنی بەشی ڕاگەیاندنی لق.
٦. چالاکیەکانی لقی سلێمانی یەکگرتوی خوشکانی ئیسلامی کوردستان، ئامادەکردنی: ڕاگەیاندنی لقی سلێمانی، ساڵی ٢٠٠١-٢٠٠٢.
٧. یاسای کاری ڕێکخراوە ناحکومیەکان، بڕیاری ژمارە (٢٩٧) لە ١٩٩٩/١٢/٢٥، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران وەزارەتی پەیوەندی و هاوکاری، سلێمانی.
٨. چالاکییەکانی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان، ساڵی ١٩٩٨. بەشێوەی نامیلکە و بڵاوکراوەتەوە، بێ ژمارە وچاپ و شوێن وناوی چاپخانە.

**دووەم/ بیرەوەری:**

٩. درەخشان حەفید زادە: بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی ئافرەتانی کوردستان و هەندێ لە بیرەوەریەکانم، چ١، چاپخانەی شڤان سلێمانی، ٢٠١٠.
١٠. بەدیعەداتاش: یادەوەرییکانم لەڕۆژە سەختەکانا، چاپخانەی تەژنە، سلێمانی، ٢٠٢٢.
١١. محمد حاجی محموود: ڕۆژمێری پێشمەرگەیەک، ب٣، چ١، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠١.

**سێیەم/ نامە زانکۆییەکان:**

**أ- بە زمانی کوردی:**

١٢. ئەسرین زرار قادر: ڕۆڵی سەنتەری ئافرەتان لە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکانیان، نامەی ماستەرە پێشەکەش بە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین کراوە، هەولێر، ٢٠٠٦. (بڵاونەکراوە).

١٣. ئەرسەلان بایز ئیسماعیل:سیمای شیعری کوردی دوای ڕاپەڕین(١٩٩٢_٢٠٠٢)، نامەی ماستەرە پێشکەش بەکۆلێجی زمانی زانکۆی سلێمانی کراوە، ، سلێمانی، ٢٠٠٢. (بڵاونەکراوە).
١٤. ئاراز علی عەبدولرەحمان: ڕەوشی ڕۆشنبیری شاری سلێمانی (١٩٧٠-١٩٩١)، نامەی ماستەرە پێشکەشی بەشی مێژووی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی ڕاپەڕین کراوە، ڕاپەڕین، ٢٠١٦.( بڵاونەکراوە).
١٥. بەختیار خدر عەبدوڵا: شاری سلێمانی ١٩٦٨_١٩٧٩، توێژینەوەیەکی مێژووی سیاسیە، نامەی ماستەرە پێشکەشی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان زانکۆی سلێمانی کراوە، سلێمانی، ٢٠١٦. (بڵاونەکراوە)
١٦. توانا رەشید کەریم: سلێمانی لەنێوان ساڵانی(١٩٤٥_١٩٥٨) لیکۆڵینەوەیە لە بارودۆخی ڕامیاری و ڕۆشنبیری، نامەیەی ماستەرە پێشکەشی کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین کراوە ، هەولێر ٢٠١٠. (بڵاوکراوە).
١٧. سروشت عومەر عنایەت: کاریگەری ماتریاڵ لەسەر هونەری پەیکەرسازی هاوچەرخ لە هەریمی کوردستاندا، نامەیەی ماستەرە پێشکەشی کۆلێجی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە ، سلێمانی، ٢٠١٧. (بڵاونەکراوە)
١٨. شۆخان محمودحسین: کاریگەری ململانێ سیاسیەکان لەپێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورددا توێژینەوەیەکی مەیدانیە لەشاری سلیمانی، تێزی دکتۆرایە پێشکەشی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، سلێمانی، ٢٠٢٢. (بڵاونەکراوە)
١٩. عومەرعلی ئەحمەد: ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەپاراستنی مافەکانی ژناندا، نامەیەی ماستەرە پێشکەشی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، سلێمانی، ٢٠١٢. (بڵاونەکراوە)
٢٠. فاتیمە مرادملا: گۆڕانی کۆمەڵایەتی وپەیوەندی بەپێگەی ژن لەخێزانی کوردیدا (توێژینەوەیەکی مەیدانیە لەشاری هەولێر)، نامەیەی ماستەرە پێشکەشی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحدین کراوە، هەولێر، ٢٠٠٩. (بڵاونەکراوە).
٢١. نادیە عومەرکاکەسور: ڕۆڵی ئافرەتی کورد لەڕاگەیاندنی کوردیدا، نامەی ماستەرە پێشەکەش بە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین کراوە، هەولێر، ٢٠٠٤. (بڵاونەکراوە).
٢٢. مەسعود مەحمود حەسەن: شاری سلێمانی(١٩٨٨_٢٠٠٣) توێژینەوەیەکی مێژووی سیاسییە، ، نامەی ماستەرە پێشکەشی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان زانکۆی سلێمانی کراوە، سلێمانی، ٢٠١٨. (بڵاونەکراوە).

٢٣. ئاوات عبدالله عبدالقادر:سیاسەتی حکومەتی سوریا بەرامبەر بە پرسی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان(١٩٧٠-٢٠٠٤) توێژینەوەیەکی مێژووی سیاسییە، ، نامەی ماستەرە پێشکەشی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان زانکۆی سلێمانی کراوە،سلێمانی،٢٠٢٢.(بڵاونەکراوە).
٢٤. ڕێبوارخالدمصطفی:پارێزگای سلێمانی(١٩٦٨-١٩٨٨)توێژینەوەیەکی مێژووی ئابورییە،نامەی ماستەرە پێشکەشی کۆلێژی ئەدەبیات زانکۆی سەلاحدین هەولێر کراوە،٢٠١٤.

**ب- بە زمانی عەرەبی:**

٢٥. علي بن سليمان بن سعيد الدرمكي: التنمية السياسية ودورها في الاستقرار السياسي في سلطنة عمان (١٩٨١_٢٠١٢)، رسالة الماجستير في العلوم السياسية، جامعة شرق الاوسط، كلية الاداب والعلوم، قسم العلوم السياسية، الاردن، ٢٠١٢. ( غير منشور).
٢٦. ميسون وائل يوسف العتوم: مفهوم المرأة في خطاب التقليدى والحداثي في مجتمع مدينة عمان دراسة في علم الاجتماع الثقافي، اطروحة دكتوراه تقديمه الى مجليس كلية دراسات العليا، جامعة الاردنية، عمان، ٢٠١٠.(غير المنشوره).

**چوارەم/ کتێبەکان:**

**أ- بە زمانی کوردی:**

٢٧. ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا: ڕاپەرینی ئاداری ١٩٩١ لەباشوری کوردستان، چ١، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٩.
٢٨. ئاراس محمد سالح: هۆیەکانی گەشەکردنی بزافی ڕۆشنبیریی لەشاری سلێمانیدا (١٧٨٤_١٩٥٨)، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٥.
٢٩. ئارۆن کۆپلاند: چۆن چێژ لەمۆسیقاوەربگرین، وەرگێڕ: عادل محەمەدکەریم، چ١، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١١.
٣٠. ئاری ڕەفیق: ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی چ١، بڵاوکراوەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، هەولێر، ٢٠١٣.
٣١. ئازاد بەرزنجي: مێژووی دامەزراندنی بنکەی ڕووناکبیری گەلاوێژ ببلۆگرافیای چالاکی وبەرهەم، چ٢، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٨.
٣٢. ئاڤان فارس جاف: هاندانی بەشداری ساسی ژن لەگوتاری ڕاگەیاندندا، شەشەمین کۆنفراسی نێودەوڵەتی پلاتفۆری دابڕان وچوارەمین کۆنفراسی فیمنیزمی ڕۆشنگەری، وچاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٢١.

٣٣.ئاكۆ عەبدولكەریم شوانی : شاری سلێمانی(١٩١٨_١٩٣٢)چ١، چاپخانەی زانست، سلێمانی، ٢٠٠٢.
٣٤.ئەحمەد حەمەدئەمین: بارودۆخی سیاسی باشوری كوردستان (لەماوەی دانوستانەكانی یەكێتی نیشتیمانی كوردستان ورژێمی بەعسدا ١٩٨٣_١٩٨٥): چاپخانەی تاران، چ١، هەولێر، ٢٠٢١.
٣٥.ئەحمەد مەحموود عەبدوللا: سوریالیزم لە شیعری كوردیدا (دوای راپەرین-١٩٩١)، چاپخانەی بینای، سلێمانی، ٢٠١٣.
٣٦.ئەحمەد میرە:كاریگەری بزوتنەوەرۆشنبیری وئەدەبیە كوردییەكان لەسەر كۆمەڵگەی كوردی باشوری كوردستان١٩٧_٢٠٠٣، چ١، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ٢٠١٢.
٣٧.ئومێد خەتاب وهاب: راپەرینی ناوچەی چەمچەماڵ (توێژینەوەیەكی مێژووییە)، ٣/٧-١٩٩١/٥/٤، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی/ سلێمانی، ٢٠٢٠.
٣٨.ئیسماعیل كوردە: ژیان وخەباتی سیاسی د.ئەرسەلان بایز، چ١، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٩.
٣٩.ئیمام عەبدول فەتاح ئیمام: ئەفلاتون و ژن، و: هاوار محەمەد، خانەی موكریانی بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە، چ١، هەولێر، ٢٠١٣.
٤٠.بەختیار سەعید: ژنانی شێوەكار لە باشوری كوردستان، چاپخانەی تەوار، چ١، ، سلێمانی، ٢٠١١.
٤١.بەدیعە دارتاش: بەدیعەدارتاش(دایكی سینەماوشانۆی كوردی)، چ١، چاپخانەی كارۆ، سلێمانی، ٢٠٢٢.
.١٧
٤٢.بورهان قەرەداغی : شانۆی مناڵ(مێژوو، بیلۆگرافیا، تیۆر، پراكتیک)، چ١، چاپخانەی كارۆ، سلێمانی، ٢٠١١.
٤٣.بورهان قەرەداغی : شاروشانۆ، چ١، لەبڵاوكراوەی فیستیڤاڵی شانۆی نێودەوڵەتی، هەولێر، بێ ساڵ.
٤٤.تابان گەرمیانی: دەستكەوتەكانی ژنانی باشوری كوردستان لەنێوان ساڵانی ١٩٩٢ – ٢٠١٤ز، چ١، ب١، چاپخانەی كارۆ،سلێمانی، ٢٠١٥ .
٤٥.حەمە كەریم هەورامی، درامای كوردی لەناو درامای جیهاندا، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١.
٤٦.خالید عەبدولكەریم حمەلاو: هەڤپەیڤین لەگەڵ مهاباد قەرەداغی، چ١، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٤٧. خەسرەومیراودەلی :فیستیڤاڵی گەلاوێژو شیعری دوای ڕاپەرین، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٢٢

٤٨. خەڵـەف غـەفور: لـەڕێگای گەیشـتن بەئاسـۆ، کۆدیـدارێک لەگـەڵ نـەرمین عوسـمان، چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٣.

٤٩.

٥٠. دیڤید ماکداول: مێژووی هاوچـەرخی کورد؛ وەرگێڕ: ئـەبوبکر خۆشـناو، ب٢، بێ شـوێن و دەزگای چاپ ١٩٩٥.

٥١. روخۆش عەلی: مێژووی تێکۆشانی مێینەی کورد لە مەلەکیەتەوە تا دوای راپەڕین، چ١، بێ ناونیشانی چاپخانە، سلێمانی، ٢٠١٥.

٥٢. ڕوخۆش علی: بیرەوەریەکانی ژنانی شاخ، چاپخانەی تەوار، لەبڵاوکراوەکانی یەکێتی ژنانی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٥٣. ڕوخـۆش علی:یادەوەریی تەمـەنێک لەئـەزموون، چ١، چاپخانـەی سـەردەم، سـلێمانی،٠ ٢٠١ زەکیە ڕەشیدمحمدئەمین: بزوتنەوەی کچانی کورد لە سلیمانی، چاپخانەی سەردەم، ٢٠١٣، سلیمانی.

٥٤. سـاـمان محەمـەدعلی: نوێکردنـەوە لـە چیرۆکـی هونـەری کـوردی کوردسـتانی باشوور(١٩٩١_٢٠٠٣)، مطبعة الوقف الحديث، بغداد، ٢٠١٢.

٥٥. سەردار خدرحسین: ئافرەت لە مۆسیقاوگۆرانی کوردیدا، چ١، چاپخانـەی هـەواڵ، سـلێمانی، ١٩٩٩.

٥٦. سـەروەر عەبـدولرەحمان عومـەر، مێـژووی یـەکێتی نیشـتیمان کوردسـتان١٩٧٥_١٩٧٦، دامەزراندن و دەست پێکردنەوەی شۆڕش ب١، چ٢، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١١.

٥٧. سەفەر کەریم هاوار:ڕۆڵی ئافرەت لـەقۆناغی پێشـمەرگایەتیدا، چاپخانـەی شـەهاب، هـەولێر، ٢٠١١.

٥٨. سەلاح رەشید:مام جەلال دیداری تەمەن لەلاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆمار، ب١، چ٤، ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان، ، سلێمانی، ٢٠١٩ .

٥٩. سـۆزان مـامە: ژن و گەڕان بەدوای ناسـنامەدا، چـاپ و بڵاوکـردنەوەی وەزارەتـی رۆشنبیری، ، سلێمانی، ٢٠٠٢.

٦٠. شـەریف هـەژاری: جوڵانـەوەی نەتـەوەی باشـوری کوردسـتان ١٩٦١_١٩٧٧، لەبەڵگە نهێنیەکانی وەزارەتی دەرەوەی بـەریتانیا، وەرگێر: یاسـار شـێرکۆ، چ١، چاپخانـەی پەنجەرە، سلێمانی، ٢٠١٦.

٦١. عزالدین عبداللەیاسین: ئافرەت ویاسا، چ٢، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٢.

٦٢. عــەلی خەزنــەدار: ئافرەتــە ناودارەکــانی کــورد (هێزێکــی بــەتوانا لەبــەرگریکردن لەنیشتیمانەکەیان)، چاپخانەی کارۆخ، سلێمانی، ٢٠١٧.
٦٣. بڵند شاڵی: کاروانی ٣٨ شۆڕشگێڕەکە، وەرگێرانی: بورهان حاجی سلێمان، چ١، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٢١.
٦٤. غــەفور عەبــدوڵا: بیلۆگرافیــای یــۆبیلی زێڕینــی کۆمەڵــەی هونەرەجوانــەکانی ســلێمانی، چاپخانەی کارۆ، ٢٠١٩.
٦٥. فایــەق عومــەر تۆفیق:شــانۆنامەکانی کۆمەڵــەی هونــەرەجوانــەکانی کــورد١٩٧٩_١٩٨٤، چاپخانەی نەورەس، سلێمانی ١٩٨٥.
٦٦. فەریدئەسەسەد: ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، ، ب١_٢، چ٤، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی سەروەری، سلێمانی، ٢٠٢١.
٦٧. فوئاد تاهیر: ڕۆشنبیرییمان، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٨.
٦٨. فوئاد عەلی: ڕاگەیاندنی لۆکاڵ(NGO) کان لە هەرێمی کوردستان – سلێمانی بەنموونە)، چ١، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، ٢٠٠٩.
